www.pertwk.com

# ئەفغانستان و

# پێنج ساڵ دەسەڵاتی تالیبان

نووسینی

وحید مژده

وەرگێڕانی

عەلی بیروەندی



حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری

بەرێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێران

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب: ئەفغانستان و پێنج ساڵ دەسەڵاتی تالیبان
- ناوی نووسەر: وحید مژده
- وەرگێرانی: عەلی بیروەندی
- بابەت: سیاسی
- تایپ و نەخشەسازی کۆمپیوتەر: نازەنین ساڵح
- نەخشەسازی بەرگ: نازەنین صالح
- زنجیرە: 83
- تیراژ: 1000
- ژمارەی (5)ی وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی پێدراوە.
- چاپ: چاپخانەی لیرە

www.pertwk.com

## باسێك دەربارەی نووسەر

(ئەحمەد وحید مژدە)، چل و هەشت ساڵ پێش ئێستا لە (بغلان)ی باکووری ئەفغانستان هاتووەتە دونیاوە، خوێندنی تاقۆناغی دیپلۆم لەخوێندنگای باڵای (حەبیبیە)ی لەکابوڵ تەواوکردووەو لەزانکۆ وەرگیرا، لەساڵی 1977 زاینی لەکۆلیژی ئابووری زانکۆی کابوڵ بڕوانامەی (ماستەر)ی وەرگرت.

لەکودەتای کۆمۆنیستەکان، ئەفغانستانی بەجێهێشت و چووە ریزی بەرگری کردنەوە لەخەباتی چەکدارانەدا رۆڵی هەبوو، چەندین ساڵ لەبەشە جیاجیاکانی (کەلتوری و سەربازی و سیاسی) راپەڕینی بزوتنەوەی ئەفغانیەکان دژی دەستدرێژیەکانی روسیا چالاکی نواندوە، لەو سەردەمانەدا هاوکاری (حزبی ئیسلامی و یەکێتی ئیسلامی و نوسینگەی خزمەتگوزاری خەباتگێڕانی) کردووە، رۆژنامەی (شەهادەت) کەئۆرگانی حزبی ئیسلامی بوو، ماوەیەك بەچاودێری ئەو لەپیشاوەر بەچاپئەگەیەنرا، (وحید مژدە) جگە لەکۆمەڵە وتارێکی جۆراوجۆر لەبڵاوکراوەکاندا، کۆمەڵە شیعرێکی بەناوی (شەڕ لەگەڵ تۆفان) بڵاوبوەتەوە، وەحید مژدە لەسەردەمی حوکمڕانی تالیباندا گەڕایەوە بۆ کابوڵ و لێپرسراوێتی راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی



لەوەزارەتی دەرەوە گرتە ئەستۆ، تاسەردەمی روخانی تالیبان لەبەشە جیاجیاکانی وەزارەتی دەرەوە کاری دەکرد، دوای ئەوە بەسوود وەرگرتن لەکاتی فەراغ. لەسەرەتادا یاداشتەکانی (عبدالمجید زابولی) وەزیری پێشووی ئابووری ئەفغانستانی کۆکردەوەو دوبارە نوسینیەوەو بەچاپی گەیاند، زابوڵی لەم یاداشتانەدا باسی شتە خراپەکانی لێپرسراوانی ئابووری و سیاسی لەسەردەمی رژێمی پاشایەتی لەئەفغانستان و بەرهەمی ئەزموونەکانی ئەو بۆ دوا رۆژی وڵات باس دەکات کتابی (ئەفغانستان و پێنج ساڵ دەسەڵاتی تالیبان) ئەزموون و تێڕوانین و روانگەو تێگەیشتنەکانی خودی نووسەرە لەسەردەمی دەسەڵاتی تالیباندا بەسەر ئەفغانستانەوە.

(پەیوەندی رامیاری ئێران و ئەفغانستان لەسەدەی بیستدا) کتابێکی ترە، کەوەحید مژدە بەکەڵك وەرگرتن لەبەدەست هێنانی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەفغانستان نووسیویێتی، کەبەم زووانە ئامادە دەکرێت بۆ بڵاوکردنەوە.. وەحید مژدە خێزاندارەو دوو کوڕی هەیە.

**وەرگێڕ**

www.pertwk.com

# پێشەکی

لەرووداوە نهێنیەکاندا هەڵکشان و داکشانێکی شاراوە هەیە، لەناخی مرۆڤدا ئارەزویەك هەیە کەئەیەوێ پەردە لەسەر رووداوە نهێنی و پڕ لەرازە شاراوەکان هەڵبداتەوەو ئەم ئارەزووە سروشتی‌یەیە کەپەرە بەهەوڵ و کۆششی مرۆیی دەدات.

تالیبان و دەرکەوتنیان لەرووداوە ئاڵۆزو نادیارەکانی مێژوی هاوچەرخی وڵاتی ئێمەیە، گروپێك کەلەسەرووی هەمویانەوە کەسانێك قووت بوونەوە کەلەدواکەوتوترین ناوچەکانی ئەفغانستاندا بوون راپەڕین و لافی راستگۆیی خۆیان لێدەداو پڕوپوچی هەرجۆرە بۆچوونێکی دیکەیان لەئیسلامدا رادەگەیاند لەدەوری کەسایەتیەکی نادیارو نەناسراو گردبوونەوە، لەبەرامبەر خواستەکانی کۆمەڵگەی جیهانی هەڵوێستێکی خراپ‌ودوژمنانەیان وەرگرت و وتیان (نەء)، بواریان بەدوژمنانی دیندا تابەپاڵپشتی کاروکردەوەکانی ئەوان، بدەن بەسەر ئیسلام و بیروباوەڕە ئاینییەکاندا بەناوی جێبەجێکردنی شەرعەوە بەقامچی کەوتنە گیانی خەڵکی و بەناوی جێبەجێکردنی فەرمانە ئاینیەکان، بەسەر میللەت و ئاینەوە تاڵاویان پێ چەشتن و لەکۆتایدا، هەتا نزیکترین هاورێکانیان وازیان لێیان هێنا.



ئەزمونی ئەم شکستە ئێمەی فێرکرد، کەهەندێ جار بەرژەوەندی گشتی، لەپێشەوەی هەموو بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژییەکانە. تالیبان لەو باوەڕەدا بوون کەدۆستە بەهێزەکانیان لەپاکستان بەتایبەت رێکخراوە مەزهەبی و سیاسیەکانی ئەو وڵاتە ناهێڵن دەسەڵاتدارانی پاکستان کودەتا لەدژی تالیبان بەرپا بکەن و هەرکاتێ وابکەن. تالیبانەکانی پاکستان بەڕاپەرینی چەکدارانە، ئەو وڵاتە بەرەو ئاڵۆزی و گۆڕینی دەسەڵات کێش دەکەن. بەڵام وانەبوو، چونکە مانەوەی پاکستان لەهەموو شتێك زیاتر بۆ ئەوان سودی هەبوو، ئەوان بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی وڵاتی خۆیان کاریان کرد. قسە لەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەییەو من بەبێ ویست و ئیرادە لاپەڕەیەك لەمێژوو دێتەوە یادم، کاتێك لەساڵی (1971دا گڕی دوا شەڕی نێوان هندو پاکستان سەری هەڵدا، لەکۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیرانی دەوڵەتی ئەفغانستاندا هەندێ لەوەزیرەکان پێشنیاریان کرد،لەهەلومەرجی ئێستا کەپاکستان لەبەشی پاکستانی خۆرئاوا دوچاری شەڕبووە، باشترین دەرفەت بۆ ئەفغانستان هاتوەتە کایە، بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ پاکستان راگەیەنێت و بەم شێوەیە سەرزەمینە لەدەست چوەکانی ئەودیوی (دیورند)دوبارە بەدەست بهێنێتەوە، مەسەلەی (پشتونستان) لەرێگای سەربازیەوە چارەسەر بکات.

زۆربەیان دژ بەم پێشنیارە بوون و وتیان لەهەلومەرجێکدا کەوڵاتێکی ئیسلامی تووشی کێشەیەکی گەورە بوەتەوەو لەبەردەم مەترسی جیابوونەوەدایە. هەستان بەکارێکی وا لەلایەن

www.pertwk.com

ئەفغانستانەوە، بەدەر لەوەی کەپەیوەندی ئێمەو جیهانی ئیسلامی لەکەدار دەکات، ئێمە وەکو خەڵکێکی ناجوامێر نیشان دەدات کەلەکێشەی دراوسێیەکی خۆمان سودمان وەرگرتووە.

لەم پەیوەندییەدا بەرژەوەندیگەلی بالآتر لەبەرژەوەندییە خۆماڵیەکان هەن کەئەبێ لەبەرچاوبگیرێت. شەڕی هندو پاکستان کۆتایی هات. ژەنراڵ (نیازی) فەرماندەی هێزە سەربازیەکانی پاکستان لەپاکستانی رۆژهەلأت چەکەکانی خۆی تەسلیم بەژەنراڵ (ئۆرۆرا)ی ژەنراڵی هندکردو بەخۆبەدەستەوەدانی هێزەکانی پاکستانی، (شێخ مجیب الرحمن) سەربەخۆیی بەنگلادشی راگەیاند.

رۆژی سێ شەممە (21/دی 1350) رێککەوتی (11، جەنیوەری 1972)، دەوڵەتی پاکستان بەسەفارەتی ئەفغانستان لەپیشاوەر رایگەیاند کە(زوالفقار علی بۆتۆ) سەرۆك کۆماری پاکستان نیازی وایە هەر ئەمڕۆ سەردانێکی کابۆڵ بکات، فڕۆکەی هێزی ئاسمانی پاکستان لەکاتژمێری 11.45 پێش نیوەڕۆ، لەگۆڕەپانی هەوایی کابولْ نیشتەوەو لەو جێگادا خودی (محمد زاهرشاه)ی پاشای ئەفغانستان، دوکتۆر (عەبدول زاهیر) سەرۆك وەزیران‌و (عەلی محەمەد) وەزیری بەرگری‌و دکتۆر (عبدالصمد حامد) جێگیری سەرۆك وەزیران‌و ژمارەیەکی تر، لەسەرۆك کۆماری پاکستان‌و هاوەلأنی پێشوازیان کرد. هاوەلأنی بۆتۆ لەم سەردانەدا بریتی بوون لە مارشاڵی ئاسمانی (رحیم خان لوی) لەریزی هێزی چەکداری پاکستان، مێجەر ژەنراڵ (غولام ئیسحاق خان) کەلەدوایدا بوو بەسەرۆك کۆماری پاکستان‌و ژمارەیەکی تر.



سەرۆك کۆماری پاکستان ماوەی 4 کاتژمێر لەکابوڵدا مایەوەو یادداشت نامەیەکی لەکۆشکی (گوڵخانە) نووسی، کەناوەرۆکی ئەو یاداشتە ئەمە بوو، (وەرگیراو لەبەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوە)

1- بۆتۆ رایگەیاند، بۆ ئەوە هاتووم بۆ کابولْ کەسوپاسگوزاری‌و رێزی خۆم بەپایەبەرز پادشای پیرۆزو دەوڵەت‌و میللەتی ئەفغانستان کەلەکاتی شەڕی گەورەی پاکستاندا لەبەرامبەر ولأتی ئێمەدا هەڵوێستێکی جوامێرانەیان نواند رابگەیەنم، ئەفغانستان لەشەڕی (1965)ی هندو پاکستان هەروەها هەڵوێستی هاوشێوەی وەرگرت‌و پاکستان ئامادەیە لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستە مەردانەیەی ئەفغانستان، تائەوەندەی لەتواناماندایە هەڵوێستێکی هاوشێوەو ئیجابی دەرببڕین.

2- بۆتۆ وتی: من ئێستا لەپاکستاندا سەرگەرمی ئەوەم تاناوچە دابڕاوەکانی ولأت دوبارە بەدەست بێنینەوە..

ئەمانەوێ لەولأت چاکسازی بنچینەیی ئەنجام بدەین، پەرلەمان چالاك بکەین دیموکراسی پیادە بکەین، لەبەر ئەوە پێکهاتەی ئێمە گەندەڵ‌و بەتاڵە، ئەبێ دوبارە بکەوینەوە گەڕ.

لەم کاتەدا من بەئەفغانستان (هیچ جۆرە) پەیمانێ نادەم‌و چونکی ئەمە کارێکی سەختەو ئەگەر پەیمان بدەم. ناتوانم جێبەجێی بکەم.

3- بۆتۆ وتی: لەهەموو سەردەمی خزمەتکردنمدا هەوڵمداوە بۆ ئەوەی هەردوو ولأت لێك نزیك ببنەوە، بەلأم لەم کاتە کورتەدا ناتوانم بەڵێنی بەتاڵتان بدەمێ، چون نامەوێ لەئایندەدا بەرامبەر

www.pertwk.com

میللەتی جوامێری ئەفغانستان سەرشۆڕبم، من رابوردوی کێشەی نێوان ئەفغانستانو پاکستان دەزانم، لێم گەڕێن.. ئومێدەوارم بەقۆناغێك بگەین کەبتوانین لەو ڕێگەدا هەنگاوێ بنێین..من هەست دەکەم کەئەفغانستان نیگەرانە لەبارەی (پەشتونەکان)ی پاکستانەوەو ئەیەوێ میللەتی پەشتونی بەخۆشبەختی بژین، من ئێوە دڵنیادەکەمەوە کەپەیوەندییەکانی ئێمە لەم بارەیەوە زۆر قوڵە.. ئیمرۆ ئەفغانیەکان حەقیان هەیە لەپاکستان گلەیی بکەن. ئێمە لەسەردەمی گۆڕانکاریەکانی گەورەی پاکستان، کارێکمان کرد کەپاکستان لەسەرهێڵی سنوری لەگەڵ ئەفغانستاندا کێشەیەکی نەبوو. بەڵام ئەوەتا (کچەکەی بۆتۆ) لەسەردەمی گۆڕانکاری گەورەی ئەفغانستان، چۆن بەڵێنی (کردەوەی هاوشێوە)ی باوکی پیادەکرد،راستیەکە روونو ئاشکرایە.

لەزنجیرەی ئەو هەوڵانەی کەبەدرێژایی مێژوو لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا بۆ جێگیربوونی رژێمێکی ئایدیۆلۆژی ئیسلامی هاتوەئاراوە، دوای (خەوارجەکان) تالیبان تەجروبەی دووەمی ئەم جۆرە گروپانەن، ئەوان لەچوارچێوەیەکی خەیاڵی نەگونجاو لەهەلومەرجی سەردەم خۆیان سنوردارو بێ پیشتوان کرد لەدو گۆڕەپاندا، لەلایەك لەگەڵ خەڵکەکەی خۆیانو لەلاکەی دیکە لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی لەشەڕدا بوون، وەسەیر ئەوەبوو لەم مەیدانی جەنگەدا چاوەڕوانی سەرکەوتن بوون. ئەوان چاوەڕوانی دەرکەوتنی پەرجۆیەك بوون کەسەری نەگرت. بەرزگارکردنی کابوڵ بەدەستی تالیبانو هەتا روخاندنی ئەوان لەماوەی (5) ساڵدا، من ئەو هەلەم بۆ رەخسا تالەگەڵ تالیبانی تازە پەیدا بوودا



پەیوەندی ببەستمو لەگەڵ زۆر لەلێپرسراوانی ئەم گروپە ئاشنایەتی پەیدا بکەم، لەرووداوە گرنگەکانی ئەو سەردەمە کەلەدوورونزیك ئاگام لێی بوو یادەمبینی، یاداشتم وەردەگرتو دەمنوسی بەوئومێدەی رۆژێك توانای بڵاوبونەوەی لەباربێتو سوپاس بۆخوا کەئەو هەلەڕەخسا.

سەبارەت بەتالیبان تائێستا پەرتوك گەلێك بەچاپ گەیشتوە، کەنوسەرەکانی ئەو پەرتوکانە لەدەرەوە سەرنجی ئەم دیاردە داپۆشراوەیان داوە، بەڵام ئەم پەرتووکە زۆرتر تێڕوانینو سەرنجدانی نێو خۆییە بەدیاردەی تالیبانو لەبەرئەم تایبەتمەندیە ئەتوانێ رۆشنکەرەوەی هەندێ خاڵ بێت کەتائێستا لەپشتی پەردە نادیارو پەنهانە ئەم کتابە یەکەمین جار لەساڵی (1381 لەرێگەی (ڕاپەڕینی میللی ئیسلامی ئەفغانستان) لەدوو هەزار وێنە بڵاوبوەوەو ئێستا چاپی دووەمی بەپیاچوونەوەو زیاتر کردنی بەچاپ دەگەیەنرێت.

**وحید مژده**

**زستانی** 1381

www.pertwk.com

## پێشەکی چاپی دووەم

چاپی یەکەمی کتابی (ئەفغانستان‌و پێنج ساڵ دەسەڵاتی تالیبان) کەلەدوو هەزار نوسخەدا بەچاپ گەیەنرا، لەلایەن خوێنەرانەوە پێشوازی لێکرا، گەورەترین پاداشتی نوسەرێك سۆزو سەرنجێکە کەدۆستان‌و هاورێیان بەبەرهەمەکەی ئەیبەخشن، لوتف‌و گرنگیدانی هاورێیانی ئازیزی ئێرانی کەئەم کتابە بەدەستیان گەیشت بۆمن نەك تەنها مایەی دڵگەرمییە کەلەهەمان کاتدا چاوەڕوان نەکراو نەبووە، چاوەڕوانی نەکراو لەوەی کەچاپی یەکەمی کتابەکە بەتیراژێکی کەم بڵاوکرایەوە کەلەپاکستان‌و ئەفغانستانیش خێرا نایاب بوو. جالەبەر ئەوە چاوەڕێ نەبووم لەئێراندا کاردانەوەیەکی لەو جۆرەی هەبێت، هەندێ لەهاورێیانی خاوەن ڕا کەکتابەکەیان بینی، کەم‌و کورتیەکانی کتابەکەیان دەست نیشانکرد بەدەربڕینی چاوەڕوانیم لەوەی کەلەکاتی چاپی دووەمدا بتوانم چاکسازی بکەم، لەوانە نەبونی وێنەی کەسانێك کەناویانم هێناوە، وێنەگرتنی ئەو بەڵگەنامانەی کەوەرگێراون لەپەرتوکەکەو ئەو خاڵە نادیارانەی کەسەبارەت بەپەیدا بوونی (القاعدە) لەئەفغانستان لەپەرتووکەکەدا هەیەو ئەم بابەتە پێویستی بەشیکردنەوەیەکی



درێژ هەیە، لەبارەی گەڕانەوەی (ئوسامە) لەسودان بۆ ئەفغانستان، راستیە نەگوتراوەکان ماون بەرۆڵی لێپرسراوانی پایەبەرزی دەوڵەتەکەی ئوستاد (رەبانی) لەم رووداوانەدا ئیشارەی پێ نەکراوە.

بەدەر لەکەموکورتیەکانی سەرەوە کەدۆستان دەستنیشانیان کرد، بابەتی هەوڵی روسەکان بۆ لێك تێگەیشتن لەگەڵ تالیباندا، دوبارە پێویستی بەرونکردنەوەی زیاترە، کەلەچاپی تازەدا هەوڵمانداوە ئەم کەم‌وکورتیانە نەهێڵین.

هیوادارم بەنەهێشتنی کەم‌و کورتیەکان، لەچاپی نوێدا، کتابەکە جێگەی رەزامەندی هەموو لایەك بێت.

**وحید مژدە**

www.pertwk.com

# دەرکەوتنی تالیبان

ئەوانەی کەئاگاداری ڕووداوە سیاسییەکانی ئەفغانستان لەکودەتاکەی ئەبریلی (1978وە تائیمڕۆن باش دەزانن کەهیچ بزوتنەوەیەکی سەربازی بەبێ پشتیوانو پاڵپشتی دەرەکیو دەست تێوەردانی دەرەوە، بواری گەشەکردنو کارابوونی لەئەفغانستاندا نەبووە، ئەم ڕووداوانە تائەو سەردەمە بەژیانو مانەوەی خۆیان لەگۆڕەپانو کێشمەکێشەکانی ئەفغانستان درێژەیان داوە، کەئەم پاڵپشتە لەئارادا بووەوە، بەکۆتایی هاتنی پشتگیری دەرەکی وەك دڵۆپە لەتێك هەڵچوونی شەپۆلی قەیراندا لەیەك ترازانو لەناوچوون. هەرلەحزبی دیموکراتی گەلەوە تاحزبی ئیسلامی بەڕابەری حیکمەتیار کەرۆژانێك لەجەنگدا دژی سوپای سووری ئەفغانستان، زۆرترین یارمەتی دەرەکی وەردەگرتو هەروەها هەندێ لەرێکخراوەکانی تری موجاهدین کەئەمڕۆ بەکۆتایی هاتنی پاڵپشتی دەرەکی، ئەوانە جگە لەناو هیچی تریان نەماوە. دەرکەوتنی تالیبان لەگۆڕەپانی گۆڕانکاریەکانی ئەفغانستان لەم چوارچێوەیە بەدەر نییەو ئەڵبەتە یەکەمین کەس کەدژی تالیبان دژایەتی خۆی ڕاگەیاند حیکمەتیار بوو، ئەو لەدوای گرتنی شاری (قەندەهار) لەلایەن تالیبانەوە، لە(21



نۆڤەمبەری 1994 وتی: (بزووتنەوەی تالیبان کودەتایەکی دەرەکییە، کەبەهۆی چەند میلیشایەکی بەکرێگیراوەوە سەری هەڵداوە ئامانجیان لەناوبردنی موجاهیدینە، تالیبانی ڕاستی خەڵکی باشو بەڵێندەر بەجیهادن.. ئاژاوەگێڕانی گروپی بەناو تالیبان، دوژمنی جیهادن، بەرنامەڕێژیو پیلانی ئەم بزووتنەوەیە لەرێگەی وڵاتێکی دەرەکیو سەفیری پێشووی بەریتانیا لەئیسلام ئاباد گەڵاڵە کراوەو هەروەها وڵاتێکی بەناو ئیسلامی هاوکاریان دەکات، ئەو یەکێك لەحزبە ئیسلامیەکانی پاکستانی دیسان بەهاوکاری لەم ڕووداوانە تاوانبار کرد، کەبەئاشکرا دەستنیشانی (کۆمەڵەی زانایانی ئیسلامی) بەرابەری مەلا (فەزل ڕەحمان) دەکات، (بەنازیر بۆتۆ) لەکاتی دەرکەوتنی تالیبان، سەرۆك وەزیرانی پاکستان بوو، دوای ڕووداوەکانی (11)ی سێپتەمبەر، وتی (تالیبان دەستکردی هاوبەشی بەریتانیاو ئەمریکاو isi، (دەزگای هەواڵگری پاکستان)ە

لەوکاتەی کەئەمریکا خۆی بۆ هێرش کردنە سەرئەفغانستانو سەرنگونکردنی تالیبان ئامادە دەکرد، هەندێ زانیاری دەرکەوت کەپێشتر بیسترا بوو، بەڵام هێشتا بڕوا پێنەکراو بوو، ئەمریکا ئەیویست لەرێگەی تالیبانەوە، هەموو چەکەکان کۆبکاتەوەو ئاسایش لەئەفغانستان دابین بکاتو لەم ڕێگەیەشەوە ئامادەکاری بۆ ئاسایشی ئاسیای ناوەڕاست دابین بکات کەنەبونی ئاسایش لەئەفغانستاندا ئەویش دەخاتە مەترسییەوە.

www.pertwk.com

ئامادەکردنەوەو تازەکردنەوەی هێڵی بۆریە نەوتەکان و گاز لەئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ دەریای هند لەم ڕێگایەوە بەگونجاو دەزانی.

بۆچی تالیبان بۆ ئەم ئامانجە هەڵبژێردرا؟ کێشمەکێشی بێ دەسکەوتی چەند ڕێکخراوێکی جیهادی بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، هەریەك لەهەوڵی لابردنی ڕکابەرەکانی خۆی لەگۆڕەپاندا بوون، کەبووە هۆی ئەوەی هەموویان لەلای خەڵکی ئەفغانستان بێ نرخ بن، هەریەك لەم ڕێکخراوانە بۆ راکێشانی خەڵك بۆ ناو ریزەکانیان لەناو هاووڵاتیاندا پروپاگەندەی نەتەوەگەرایی دەکەن. ئەوەی لەکابولْ بەناونیشانی پایتەخت رایدەبوارد، جێگەی سەرنج و تێڕامانی تەواوی خەڵکی ئەفغانستان بوو، شەڕی حیکەمتیار دژی رەبانی میدیاکان هەواڵنێرەکان لەئاستی نێونەتەوەیی بەشەڕی نێوان پەشتونەکان و دژەکانیان ناودەبرد، بەرپەرچدانەوەی گروپە چەکدارە نابەرپرسەکان لەبەرامبەر پەشتونەکان لەکابولْ، لەوناوچانەی کەپەشتونەکانی لێ نیشتەجێیە، کاردانەوەیەکی فراوانی هەبوو، راستیەکان لەگەڵ پڕوپاگەندەدا تێکەڵ دەبوو، وەزعەکە دەربڕی رەشبینی لەرژێمی رەبانی بوو لەناوچەکانی پەشتۆن نشین، بۆ پاکستان ئەم هەلەی رەخساند، تاخۆی وەکو پارێزەری پەشتۆنەکان ناوزەد بکات، لەکابولیشدا قارەمان ئەو کەسە بوو کەتوندتر لەدژی پاکستان قسە بکات.



میللەت لەم وەزعەدا لەگیانەڵادا بوون، شەڕی لایەنەکان هەر رۆژێ هاووڵاتیانی تیادەکوژرا، هەر رۆژەو یەکێتیەکی تازە دروست دەبوو، بۆ ئەوەی هاوسەنگی نێوان گروپە شەڕکەرەکان ڕاگرێت و شەڕ بەردەوام بێت، خەڵکی چاوەڕوانی کەسێك بوون رزگاریان بکات، ئیتر گرنگ نەبوو بۆیان کەئەم ڕزگارکەرە لەکوێ و کێیە.

پرۆژە نوێیەکەی پاکستان لەبارەی ئەفغانستانەوە لەسەر بنچینەی ناڕازی بوونی پەشتۆنەکان لەرژێمەکەی (ڕەبانی) لەکابولْ پشت ئەستوور بوو، پاکستان (حیکمەتیار)ی لەلابوو، بەڵام هەروەك (ئۆلیڤیەڕوە)، لێکۆڵەرەوەی فەرەنسی چەند ساڵ لەمەوپێش بەنوێنەری رژێمی (نەجیب)، لەتاران وتبووی: (ئەمریکا حیکمەتیاری دەرکردووە) راستیەکەی وابوو، لەهەمان کاتدا هەڵە سیاسییەکانی حیکمەتیار بەئەندازەیەك بوو کەناکرێ لەو قۆناغەدا مامەڵەی لەسەر بکرێ.

ئەگەر ئامانجی ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوا، دابین کردنی ئاسایشی رێگاکانی بازرگانی ئاسیای ناوەڕاست بۆ دەریای هند لەڕێگای ئەفغانستانەوە بووە، بۆ ئەم مەبەستە لەهاندانی تالیبان وەکو ئامرازێك سوودی لێ وەرگرت.

ئامانجی پاکستان تەنها لەیەك قۆناغدا لەگەڵ ئەم ئامانجە هاوڕێ بوو، بەڵام ماوەیەکی زۆر پاکستان ئامانجێکی زۆر خەیاڵاوی لەسەریدا دەخولایەوە.

www.pertwk.com

لە8/ مانگی مەی 1990 زاینی، رۆژنامەی ئینگلیزی (کابل تایمز) لەکابوڵ بەڵگەنامەیەکی نهێنی بڵاوکردەوە کەدەزگای هەواڵگری سەربازی پاکستان (ISI) بەناونیشانی (بانگەوازێك بۆ)، باڵوێزخانەکانی،(پیاوانی هەواڵگری) باڵوێزخانەکانی پاکستان لەسەرانسەری جیهاندا نارد، ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە ئەمەبوو:

بەڕێوەبەرێتی گشتی هەواڵگری سەربازی– ئیسلام ئاباد

ژمارە/4120/ ی 6 GiE

بەروار/22 فەبریوەری 1989

بۆ/ باڵوێزخانە سەفارەتی پاکستان

ب/ سەرەتاکانو ستراتیژی پاکستان

1– دەرچوونی لەشکری روسیا، هەلومەرجێکی نوێی بۆ چارەسەری کێشەی ئەفغانستان دێنێتە ئاراوە، دوای ڕوخانی رژێمی کابوڵ، باری ئابووریو سیاسی لەوڵاتدا هەتا بڵێی جدییە، هیچ حکومەتێکی ئیسلامی ناتوانێ بەبێ کۆمەکی فراوانی دەرەکی لەووڵاتا حوکمڕانی بکات، ئێمە بەتەواوی باوەڕمان وایە کەپاکستان تەنها شەریكو بگرە پارێزەری ئەفغانستانە، کەلەرێگای ئەوەوە هاوکاری دەرەکی دروست دەکرێت.

2– سیاسەتی ئێمە لەبەرامبەر ئەفغانستان بەندە بەسێ هۆکارەوە:



أ–دروستکردنی حکومەتێکی تازە کەهەرلەسەرەتاوە لەژێر فەرمانڕەوایی ئەفغانستاندابێت، ئەرکەکانی بەڕێوەبەری، ناسینی ژمارەیەکی زۆر لەوڵاتانو لەپێش هەموویانەوە وڵاتە ئیسلامیەکان بێت، ئێمە ئەبێ لەم حکومەتەدا کەمترین بەشداری کەسانی لایەنگری ئێران دابین بکەین، ئەرکێکی تر ئازادکردنی یەکێك لەشارەکانە، بۆ نموونە (جەلال ئاباد)بێ، کەلەو شارەدا حکومەتی نوێ جێگیر دەبێتو لەوێوە تەواوی وڵات ئەبرێت بەرێوە، موجاهدین، پێویستیان بەهەموو یارمەتیەکی شیاوی سەربازی ئەبێ، ئەبێت پسپۆرە سەربازیەکان یارمەتی ئەوان بدەن لەدروستکردنی شتێکی هاوشێوەی ئۆردویەکی رێكو پێك، هاتنە ناوەوەو شەریکی پاکستان پێویستەو تاهەلومەرجەکە کۆنترۆڵ بکرێتو سوودمەندیەکانی میللی ئێمە پارێزراو بێت.

ب– ڕوخانی رژێمی کابوڵ ئەتوانرێ لەدوو رۆژدا جێبەجێ بکرێت، ئەم کارە ئەبێ لەرێگەی گەمارۆی کابوڵو چاودێری کردنی، هێرشی راستەوخۆ یالەرێگەی گەمارۆی تەواوی ئابووری، کەببێتە هۆی لەناوچوونی رژێمی کابوڵ، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە ئەبێ هەوڵ بدەین تالەریزەکانی سەربازی کابوڵ نفوز پەیدا بکەین، زۆر گرنگە کەنفوزی ئێمە لەحکومەتی تازەدا سەربگرێو کەسانی جێگەی متمانەی ئێمە لەوێدا جێگەیان بێتەوە، ئەوەی زۆر گرنگە هێنانەکایەی هەلومەرجێکە کەکارکردە سەرەتاییەکانی ئەم حکومەتە، رێك لەکاتی ئامادەبوونی نوێنەرانی ئێمە دروست ببێ.

ج–گەڕانەوەی ئاشتیو دوبارە دەستپێکردنەوەو ئاوەدان کردنەوەی وڵات، پرۆسەیەکی درێژخایەنو دژوارە، ئێمە ئامێری پێویستمان لەبەردەستدایە، بۆ ئەوەی نەك تەنها ئەم پرۆسەیە

www.pertwk.com

کۆنترۆڵ دەکەین، بەڵکو دەتوانین لەداهاتوودا بەتێهەڵکێش کردنی هەنگاو بەهەنگاوی شێوازی ئابووریو سیاسی بەجۆرێك دابین بکەین، بێتە هۆی یەکگرتنی نزیکی نێوان پاکستانو ئەفغانستانو ئەم کارە ئەتوانیٚ کۆنفدراسیۆنی ئەفغانستانو پاکستان پێکبێنیٚ، ئەم بیرکردنەوەیە پشتگیری فراوان لەنێوان سەربازەکانوگشت خەڵکدا دروست دەکات، بەم شێوەیە چالاکیەکی زیرەکانەی راگەیاندن پێویستە بۆ ئەوەی فکری هەموو خەڵکی پاکستانو جیهانی پیٚ گۆش بکرێت.

3- هێشتا هەلومەرجەکە ئاڵۆزەو پێویستی بەهۆشیارییە، زانیاری تەواوی ئێوە جێگەی ڕێزی ئێمە دەبێتو ئەبیٚ بەزوترین کات بۆمان بنێرن.

**ئیمزا**

**لەجیاتی بەڕێوەبەری گشتی هەواڵگری**

**محمد ئیرشاد چووری**



هەرچەند (نەجیب) سەرۆکی کابولٚ لەتەلەفزیۆن، لەبارەی ئەو بەڵگەنامەو دەستێوەردانەی پاکستان لەکاروباری ئەفغانستان بەدوورو درێژی قسەی کرد، بەڵام کەشو هەوای ئەو سەردەمە کەلەژێر کاریگەری چوونە دەرەوەی لەشکری سوور لەئەفغانستانو شکستی روسەکان بوو، بووە هۆی ئەوەی کەبڵاوبونەوەی ئەم بەڵگەنامە، بەشێك لەشەڕی راگەیاندنی رژێمی کابولٚ لەگەلٚ پاکستان لەقەڵەم بدریٚ، نەبێتە هۆی بایەخ پێدان دوای بڵاوبونەوەی ئەم بەڵگەنامە لە(کابول تایمز)، یەکێك لەگۆڤارە رەسمیەکانی پاکستان بەناوی (تەکبیر)، ئەم بەڵگەنامەی لە(کابولٚ تایمز)ەوە وەرگرتووەو بڵاوی کردەوە تەکبیر نووسی کەرژێمی کابولٚ ئەو توانایەی نییە کەبتوانیٚ لەبەرێوەبەرایەتیە گرنگە سەربازیەکانی ئێمە، وەیا لەباڵوێزخانەکانی ئێمە لەدەرەوە دزە بکاتو بەڵگەیەکی وای دەست بکەوێت، بەبیٚ شك ئەم کارە لەرێگەی (ڕا) دەزگای هەواڵگری هندستانەوە بووە، وە دوای ئەوە ئەم بەڵگەنامە دراوە بەدەوڵەتی کابولٚ، ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کەدوای گەیشتنی (بەنازیر بۆتۆ) بەدەسەڵات لەپاکستان، دەزگای هەواڵگری هندستان، لەدەزگا زۆر گرنگەکانی وڵاتی ئێمە دزەی کردووە، ئەوەی شایانی باس بێت کەپلەدار (محمد ارشاد چودری)، دوای ئەوەی لەخزمەتی رەسمی لەبەشی سەربازی خانەنشین بوو، دیسان لەکاروباری پەیوەست بەئەفغانستانەوە کاری دەکردو چەند رۆژ دوای دەست پێکردنی هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر تالیبان، بەتاوانی هاوکاری کردنی تالیبان،

www.pertwk.com

لەپاکستان دەستگیرکرا، ئەم خاڵە زۆر دیارو ئاشکرایە کەبۆ وڵاتێکی داگیرکەردەیەوێ، لەوڵاتێك کەدەبێ لەژێر دەسەڵاتیدا بێت، نەتەوەکان، حزبە سیاسی‌یەکان، گروپەکان، تاکەکان‌و کەسایەتیەکان، هەرگیز ناتوانن دۆستی تاهەتایی‌و هاوکارانی هەمیشەیی بن، بەڵکو ئەم دۆستایەتی‌و دوژمنایەتییە لەسەر بونیادی رێسایەکی جێگیرە کەبریتییە لە :(بەرژەوەندی گشتی) وڵاتی دەسەڵاتخواز کەدەبێتە جێگەی باس‌و هەڵسەنگاندن. کاتێك پاکستان تالیبانی بەناوبانگ کرد، ئەو لێکدانەوەی بوو کەسەرهەڵدانی هێزێکی تازە لەنێوان پەشتونەکاندا لەلایەن رژێمی رەبانییەوە، کەوتنەوەی شەڕێکە دژی دوژمنە سەرسەختەکەی ئەو واتە (حکمەتیار)، کەرەنگە لەسەرەتاوە رووبەرووی دژایەتیکردنێکی جدی نەبێتەوە لەلایەن دەوڵەتەکەی رەبانی‌و هێزەکانی غەیرە پشتۆن، وەئەم لێکدانەوەش بەتەواوی دروستە، ئوستاد رەبانی نەك تەنها دژایەتی تالیبانی نەکرد، بەڵکو بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی حیکمەتیار دژی ئەم هێزەتازە، پشتیوانی لێکرد، ئەم پشتیوانیکردنە نەك تەنها ناردنی بڕێکی زۆر پارە بوو بۆ تالیبان، بەڵکو بەفڕۆکەکانی دەوڵەتی ئیسلامی، سەنگەرەکانی نەیارەکانی تالیبانی کەبەردەوام لایەنگری حزبی ئیسلامی حیکمەتیار بوون، بۆمباران دەکرد، کاتێك کابوڵ کەوتە دەست تالیبان، هەندێ مەسئولی تالیبان کەئاگایان لەرووداوەکانی رابوردو نەبوو، لەبینینی ئەو بەڵگانەی کەیارمەتی‌و کۆمەکی زۆری رژێمی رەبانی بۆ تالیبان دەردەخست، توشی سەرسوڕمان‌و



شڵەژان دەبوون، یەکێك لەلێپرسراوە پایە بەرزەکانی تالیبان لەدانیشتنێکدا کەنوسەرێکیش ئامادەبوو، ئەوەی درکاند کەچەندین جار رەبانی بەهۆی کەسێکەوە بەناوی (قازی زادە) کەخەڵکی هیرات بوو، پارەی ناردووە بۆ تالیبان، ئوستاد سەیاف تادوا رۆژەکانی پێش روخانی کابول بەدەستی تالیبان، فەرماندەکانی خۆی رێنوێنی دەکرد کەلەشەڕو رووبەروبونەوەی تالیبان دورە پەرێز بن‌و هەوڵ بدەن بەلەیەك تێگەیشتن، وابکەن تالیبان لەچەك کردنی موجاهیدەکان وازبهێنێ. دەوڵەتی رەبانی لەکابول کەسانێکی بەمەبەستی لەیەکگەیشتن ناردە لای تالیبان، بۆ ئەوەی ئەوان دەست بەرداری شەڕ بن لەگەڵ موجاهیدەکان‌و هێرش کردنە سەر کابوڵ، دوای روخانی تالیبان، نوسەری پەرتوك لەم بارەوە لەئوستاد سەیافی پرسی، ئەو لەوەڵامدا وتی: (هەندێ لەوانەی کەبەنوێنەری رەبانی دەچوونە لای تالیبان، لەژێر کاریگەری ئەوان دەبوون‌و هەتا پەیمانیان دەدانێ، لەوانەش (جلیل الله، قازی زادە) وەتا ئەندازەیەك مەلا داد فایز..)

ڕواڵەتی سادەو بێ روپۆشی تالیبان، تاپێش دەست بەسەراگرتنی کابوڵ هەموو کەسێك لەژێر کاریگەریاندابوو، بەتایبەت زانایانی ئاینی، وە رەبانی بۆ لەیەك گەیشتن لەگەڵ تالیبان ناچار بوو زیاتر زانایانی ئاینی بنێرێ بۆ لایان، (قازی زادە) ئەو کەسەی رەبانی بەهۆی ئەوەوە پارەی بۆ تالیبان دەنارد، خۆی زانایەکی باشە، ئەو دوای روخانی تالیبان بەنوسەری وت : (من کاتێك روی ئاشکرای شەریعەتی تالیبانم بۆ یەکەمجار بینی،

www.pertwk.com

لەگەڕانەوەمدا بە ڕەبانیم وت کەئەگەر ناخی تالیبان وەکو ڕووی دەرەوەیان بێ، ئەوان موسوڵمانی ڕاستەقینەن و هیچ کەسێك ناتوانێ خۆڕاگر بێت لەبەرامبەریان، گەر وانەبوو ئەو گروپە زۆر مەترسیدارن و بوونیان چەندێ زەرەری بۆ ئەفغانستان هەیە، لەوە زیاتر زەرەرن بۆ ئیسلام)

ڕادیۆی (BBC)و دەنگی ئەمریکا، کەلەئەفغانستان گوێگری زۆریان هەیە، هەواڵی پێشڕەوی زۆر بەپەلەی تالیبانی بەجۆرێکی سەیرو سەمەرەو بەرێزەوە سەرکەوتنەکانیان و چالاکیەکانیان بڵاودەکردەوە، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەو ئومێدەیان لەلای ئەفغانەکان دروست دەکرد، کەتالیبان هێزێکن کەلەتوانایاندایە ئاشتی و ئاسایش بگەڕێننەوە بۆ ئەفغانستان، ئەو موسافرانەی سەردانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی تالیبانیان دەکرد، باسی ئاسایش و هێمنی ئەو ناوچانەیان دەکرد، کەلەناوچەکانی تری ئەفغانستان لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا نەبوو، هەرگیز بەدی نەدەکرا، ئەم ڕاستیانە تالیبانی لەلای ئەفغانەکان، بەچاوپۆشی لەوەی کەسەربەچی گەل و ناوچەیەکن، بەهێزێکی میللی دەناساندو لەسنووری ئێرانەوە تاناوچە دوورەکانی (بدخشان) هەموو ئامادەی پێشوازی کردن بوون لەتالیبان.

بۆ خەڵکی ماندوو لەشەڕو فشاری گروپە چەکدارەکان، تەنانەت ڕاستی پاڵپشتی پاکستان لەو سەردەمەدا ناکۆکیەکی دژ بەتالیبانی لێنەدەکەوتەوە، تالیبان گروپە چەکدارەکانیان چەك دەکرد، کۆسپەکانیان لەرێگای هاتووچۆدا لادەبردو ئاسایشیان دابین دەکرد ئەو کارانەی کەبۆ خەڵکی سادەو هەم بۆ بازرگانەکان



کەلەرکابەری فراوانکردنی بازرگانی خۆیان بوون، کارێکی باش بوو، تالیبان بەدابین کردنی ئاسایشی رێگاکانی گەیاندن، پارێزگاریان لەسامانی بازرگانیەکانیش دەکرد (ئیسماعیل خان) سەرەتا مەبەستی شەڕکردن نەبوو لەگەڵ تالیبان و دەیگوت ئەگەر تالیبان خوازیاری دابینکردنی رێکخستن و ئاسایش و کۆکردنەوەی چەك لەنابەرپرسەکانن، ئەم مەبەستە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەودا دابین کراوە، لەبەرئەوە هۆکارێك نییە بۆ هێرشی تالیبان بۆ ئەم ناوچانە بەڵام شەڕی تالیبان لەگەڵ ئیسماعیل خان، بەرونی دەریدەخست کەتالیبان لەسەروی بەدەست هێنانی ئامانجێکی لەوە گەورەترن کەبانگەشەی بۆ دەکەن.

لەسەفەرێکدا لەهیراتەوە تاقەندەهار بەشەقامە گشتییەکەدا، یەکێك لەلێپرسراوانی تالیبان کەخۆم هاوسەفەری بووم، هێڵەکانی شەڕگەی نیشاندا، کەپێش گرتنی هیرات، هێزەکانی ئیسماعیل خان و تالیبان بەرامبەری یەکتریان گرتبوو، ئەم لێپرسراوەی تالیبان وتی کەلەهەندێ شوێنی شەڕگەکە، ژمارەی ئەو تالیبانانەی کەبەهۆی تینوێتی و خراپی هەلومەرجی هەواوە مردن، زۆرتر بوون لەوانەی کەلەشەڕگە دەکوژران، لەخولێکی شەڕدا، ئیسماعیل خان و هێزەکەی توانی سەرکەوێت بەسەرهێڵی پێشەوەی تالیبان و شکستیان پێ بێنێ و تادەروازەی شاری قەندەهار پاشەکشەیان پێ بکات، تالیبانەکانی تر لەژێر مەترسیدا بوون، لەم قۆناغە چارەنووسسازە کەشەوانە دەیان ماشینی پیکاب پڕ لەسەربازی پاکستانی هاتن بۆ کۆمەکی

www.pertwk.com

تالیبان، کەهەموویان بەجلی سادەوە هاتبوون، هێزەکانی تالیبان بەکۆمەکی لۆجستی هێزی یارمەتیدەر، دوبارە خۆیان ڕێکخستو بەیەك دژە هێرشی هەور ئاسا، کەلایەنی بەرامبەر چاوەڕێی نەبوو، هێڵی شەڕیان تێکشکاندو، ئەم تێکشکانە ئەوەندە توندو بێ چاوەڕوانی بوو، کەهەوڵی ئیسماعیل خان بۆ دروستکردنی هێڵێکی بەرگری لە(شین دەند)و یا(ئەدرەسکن) بۆ پاراستنی هێرات فریانەکەوت. ئێستا نۆبەتی تالیبانە، تاهێزە شکست خواردوەکان هەتا هێراتو دوای ئەوەش تا سنووری ئێران ڕاو بنێت بەم شێوەیە هێرات دوبارە لە 4 سێپتمبەری 1995 کەوتە دەستی تالیبان.

خەڵکی هێرات، لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانەی کەتالیبان پێش ئەوە بەسەریاندا یاسایەکی سەختیان دەسەپاند جیاوازیان هەبوو، لێرەوە بوو بۆ یەکەمین جار دەنگی ناسازی تالیبان لەشەریعەتی ئیسلامەوە بەتایبەت دەربارەی خوێندنو کاری ژنان وەکو کێشەیەك لەگەڵ ئەم گروپە سەری هەڵدا.



## تالیبانو ژینگەی پەروەردەکردنیان

گرفتی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەدا بەشێوەی کوتوپڕ دەرناکەوێت، بەڵکو فاکتەرگەلێکی بەزەبر لەدەروونی کۆمەڵگە لەپێشدابوونی هەیەو بەئامادەکردنی فاکتەرگەلی دەرەکی، لەسەردەمێك لەناکاو لەهێزێکی دەرونی بۆ کردەوە دەگۆڕێت.

کودەتا ئوردیبە هەشتی (1357) لەئەفغانستان، ئەو کێشمەکێشەی لەناوکرۆکی کۆمەڵگەدا هەبوو، گواستەوە بۆ هەستی خەڵكو دژایەتی بیری کۆمۆنیستی لەگەڵ ئیسلام، کەزۆر دڕندانە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە دژی موسوڵمانان، شەڕی لێکەوتەوە، لەبەرامبەردا کاردانەوەی توندو دژواری ڕەواو بەپیرۆز دەزانیو سەرهەڵدانی خەڵك گەیشتە چڵەپۆپە. بەدەست درێژی سوپای سوور بۆ ئەفغانستان، ئەم رەوشە بەرەو پێشتر دەچوو، لەکاتێك کەلەکەمپەکانی ئاوارەکان لەپاکستان، گەنجەکان دەستە دەستە بۆ بەشداری جیهاد دەچوونە ئەفغانستان، لەم کەمپانە جیلێکی نوێ لەگەشەکردندا بوون، جیلێك کەخێمەوخانووە گلێنە چکۆلەکانی کەمپەکان، زێدو یا شوێنی پێگەیشتنیانە، یان وولاتی خۆیان نەدیوەو یان لەکاتی بەجێهێشتنی وولاتدا، منالێکی کاڵ فام زیاتر نەبوون.

www.pertwk.com

هەندێ لەخێزانەکان، منداڵەکانی خۆیان دەنارده خوێندنگەی کەمپەکان، کەزانستی هاوچەرخ و زانستی دینی لەوێدا دەوتراوە، بەلاّم لەنێوان هەندێ خێزانی گوندنشین، ئەم بیرە بوونی هەبوو، کەزانستی سەردەم، دەبێتە هۆی گومڕایی گەنجەکان و دوورکەوتنەوەیان لەدین، لەئەفغانستان خوێندنگەی هاوچەرخ پێیان دەگوت (مەکتەب) و لەڕوانگەی ئەم جۆرە خێزانانەوە، ئەگەر چوونە مەکتەب لەگەڵ کفردا هاوشێوەنەبێت بەلای کەمەوە جۆرێك گومڕایی و دووری لەدینەوە ئەگەیەنێت، لەبەرئەوە ئەوان کۆمۆنیزم بەزادەی ئامۆژگاریەکانی ئەم جۆرە مەکتەبانە دەزانن.

ئەم خێزانانە لەجیاتی ئەوەی منداڵەکانیان بنێرنە خوێندنگەی هاوچەرخ، کەچی دەیان ناردنە مەکتەبی دینی، منداڵەکانی خێزانە دەست کورتەکان، کەباوکەکانیان لەجیهاد کوژرابوون و توانای دابینکردنی خۆراکی پێویستیان نەبوو بۆ منداڵەکانیان، بەلایانەوە باش بوو کەمنداڵەکانی خۆیان بنێرن بۆ ئەو مەکتەبانە.

لەسەردەمی جیهاددا لایەنی زانستی دینی بەشێوەیەکی فراوان پەرەی پێدرا، زانایانی دینی دەسەلاّتێکی زۆریان بەدەستهێنا، خەڵکی بەفتوای زانایانی دینی بەرەو جیهاد دەڕۆشتن و بەم شێوەیە ئەو گروپەی کەلەڕابووردودا لەناو کۆمەڵدا لەپایەی خوارەوەی کۆمەڵ بوون، بوون بەپێشەنگ بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایەی کۆمەلاّیەتی لەلایەن زانایانی دینی لەکۆمەڵگە دوبارە بووە هۆی ئەوەی خێزانەکان منداڵەکانیان بنێرن بۆ ئەم خوێندنگەیە. هەریەکێك لەرێکخراوە جیهادیەکان لەکەمپەکانی



ئاوارەکان، لەپاکستان سەدان مەدرەسەی مەزهەبییان دروست کردو دەیانبرد بەرێوەو ولاّتانی پڕنەوتی جیهانی عەرەبی بەتایبەت عەرەبستانی سعودی، هەموو ساڵێك بڕێکی زۆر کۆمەکی ئەم مەکتەبانەیان دەکرد، زۆرترین ژمارەی خوێندنگا دینییەکان هی بزووتنەوەی شۆڕشی ئیسلامی بەرابەری مەلا (محمد نبی محمدی) و حزبی ئیسلامی بەرابەری مەلا خاڵس، بەلاّم گرنگی بوونی تالیبان بەئەندازەیەك بوو کەهەتا رێکخراوەکانی وەك حزبی ئیسلامی حیکمەتیار، کەبەناوبانگ بوو، ژمارەی مەلادینییەکان زۆر کەم دەبینرا، هەروەها، بۆ رێکخستنەوەی کارەکان، تالیبان دەزگایەکی بەناوی (رێکخراوی تەلەبە) واتە (رێکخراوی کاروباری تەلەبە)ی هەبوو. منداڵەکان لەژینگەی گەورەکاندا پەروەردە دەکران و پەیوەندییەکی زۆر کەمیان هەبوو لەگەڵ خێزان و کەسوکارەکانیانەوە، ئەوان لەنازو سۆزی کۆشی دایك و ژینگەی خێزانی بێ بەش بوون، ئەوان بەس فێردەکران گوێڕایەڵی مامۆستاو رێزی مامۆستا بگرن، هەروا کەپاشتر باسمان لێوەکرد، ئەم گوێڕایەڵییە بوو کەلەپاڵپشتی کردنی نفوزی پاکستان لەریزەکانی تالیباندا یارمەتیدەر بوو ژینگەی خوێندنگەکانی تالیبان ژینگەیەکی دووانەی بێ بەش بوون و ژیان سەختی بوو.

لەوێدا هەتا خواردنی سادە بەئەندازەی پێویست دەست نەدەکەوت، بەلاّم بۆ زۆربەی ئەوانەی کەلەژینگەیەکی هەژاری خێزانییەوە هاتونەتە ئێرە، وە هاوکێشەیەك بەبەراورد لەگەڵ کێشەکانی ناوەندی خێزان کەمترەو دەرەنجام توانای خۆڕاگرییان

زیاتره. دونیای تالیبان پێکهاتبوو لەکەسانی شێوە یەکگرتوو، گەنجە تالیبانەکان بەم ژینگەوە خۆیان دەگرت، ژینگەیەك کەئەبێ مێزەر بەسەریانەوە بێت‌و ریشیان درێژ دەکرد، ئەوان کۆششیان دەکرد وەك موسوڵمانێکی باش بناسرێن، رواڵەتێکی رێك‌و پێك بەشەریعەتیان هەبێت‌و ئەمەش رەگەزێکی بنچینەییە. لەژینگەی ئەواندا ژن بۆی نەبوو بچێتە بەرخوێندن، ژنی خوێندەوارو شاری بەکەسێکی مەترسیدار لەقەڵەم ئەدرا، ئەمە سەرەتای کاربوو، زۆر لەتالیبانەکان لەدونیای تایبەتی خۆیاندا ئارەزوویەکی لەوە زیاتریان هەبوو، هەروەك دوای گەیشتن بەکابوڵ‌و مەزارو هێرات، کەم نەبوون ئەو تالیبانانەی کەلەگەڵ کچە خوێندەواری شارەکان خێزانیان دروست دەکرد (مەلا محمود غوث) یەکێکە لەڕابەرانی تالیبان، سەردەمێك کەوەزیری دەرەوە بوو، بەگروپێکی پزیشکانی دامەزراوەی (پزیشکانی بێ سنوور) ی وتبوو: (ئەوەی کەدەڵێن تالیبان دژی ئەوەیە ژن بخوێنێ، لەڕاستییەوە دوورە، من خۆم ئارەزووم ئەوەیە کەهاوسەری ئایندەم پزیشك بێت!) دوای سەرنگوونبوونی رژێمی نەجیب‌و جێگیربوونی حکومەتی موجاهدین لەکابوڵ، یارمەتیە مالیەکان بۆ ئاوارەکان کەم بوەوەو بەردەوام شەڕەکانی گروپەکان، یارمەتی وڵاتە ئیسلامیەکان بۆ گروپە جیهادیەکان کەمتر بوەوە، خوێندنگا ئەفغانیەکان دیسان لەم کەمکردنەوەی یارمەتیانە زۆر زەرەرمەندبوون دەرەنجام هەزاران خوێندکاری ئەم خوێنگایانە بۆ تەواو کردنی خوێندن رویانکردە خوێندنگاکانی پاکستان، لەکاتێك کەپێشتر ژمارەیەکی



زۆر لەتالیبان ئەفغانەکان لەم خوێندنگایانە دەیانخوێند، لەنێوان خوێندنگاکانی پاکستان، ئەو خوێنگایانەی کەلەلایەن (کۆمەڵەی زانایانی ئیسلامی) پاکستان دەبرا بەڕێوە، بەهۆی توانا‌و ئیمکانیاتی باش‌و گرنگی پێدانی زۆرترەوە، بووە جێگەی سەرنج راکێشانی تالیبان ئەفغانەکان‌و هەر ئەم خوێندنگایانە بوون کەکاریگەری دووبەرەکی سیاسی بەجلی مەزهەبیەوە لەمێشکی تالیبان ئەفغانەکان جێگیرکرد، کۆمەڵەی زانایانی ئیسلامی پاکستان لەسەرەتای دامەزراندنی لەساڵی (1947) وەکو لقێکی خوێندنگای (دیوبەند) یەك بزووتنەوەی مەزهەبی پاك بوو، بەڵام نزیکەی بیست ساڵ دوای دامەزراندنی پاکستان، مەولانا (غولام غەوس- هەزاروی) خەڵکی ناوچەی هەزارەی پاکستان، ئەوەی وەکو سەرەڕمی سیاسی بەکارهێنا، کەدەرەنجام کۆمەڵەی زانایان دوچاری جیابوونەوە بوون.

لەگۆڕەپانی سیاسی پاکستاندا، دوو رێکخراوی مەزهەبی‌و سیاسی، واتە (کۆمەڵەی زانایانی ئیسلام)و (کۆمەڵی ئیسلامی) ساڵانێکی دووردرێژ پێکەوە دژایەتی‌و کێشمەکێشیان بوو، کەئەم دژایەتیە سروشتێکی سیاسی هەبوو، بەڵام لەو کاتەوەی کە رابەرانی نەوەی یەکەمی ئەم دوو رێکخراوە، واتە (مەولانا موفتی محمود)و (سید ابو علاء مەودودی) لەژیان بوون، خوێندنەوەی مەودودی بۆ ئیسلام دەسکەوتێکی سەردەمیانەو هاوچەرخی لێ کەوتەوە، بووە جێی گازندەو رەخنەی زانایانی دیوبەند، لەوانە موفتی مەحمود، زانایانی دییوبەند بەهۆی ئەوەی کەمەودودی

www.pertwk.com

لەمەکتەبێکی دینی دەرسی نەخوێندووە، بەزانای دینی لەقەڵەمیان نەدەدا، لەساڵی 1354 کەکۆمەڵیٚ لەئەندامانی جووڵانەوەی ئیسلامی لەئەفغانستان دژی رژێمی داودخان، دەستیان دایە راپەرینێکی بیٚهودە، پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامیدا هەبوو، هەرئەم پەیوەندییەی پێشوو بووە هۆی ئەوەی کەلەسەردەمی جیهاد دژی کۆمۆنیستەکان لەئەفغانستان، کۆمەڵی ئیسلامی پەیوەندی نزیکی خۆی لەگەڵ رێکخراوە جیهادیەکانی بەناو بونیادگەرای ئەو سەردەمەی وەك کۆمەڵی ئیسلامیو حزبی ئیسلامی حیکمەتیار پاراست، کۆمەڵەی زانایانی ئیسلام بەڕابەری مەولانا (فضل الرحمن) کوڕی موفتی محمود، دوچاری ناکۆکی بووبوو لەگەڵ رژێمی سەربازی (ضیاء الحق) ، ئەم ناکۆکییە بووە هۆی زیندانی کردنی (فضل الرحمن)، کۆمەڵەی زانایانی ئیسلامی دوورخستەوە، بەئەزمون وەرگرتن لەجیهادی ئەفغانستان بۆ سوودی خۆیان، هەرچەند لەساڵی 1357 ئەو سەردەمەی کەحزبی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامی یەکگرتنێکی ماوە کورتیان لەژێر ناوی (بزووتنەوەی شۆڕشی ئیسلامی) بەرابەری مەلا (محمد نبی محمدی) دروست کرد، وادیار بوو کەکۆمەڵەی زانایانی ئیسلامی پەیوەندیەکی نزیکتر لەگەڵ جیهادی ئەفغانستان دروست بکات، لەبەرئەوە مەلا محمدی لەخوێندنگەی کۆمەڵەی زانایانی ئیسلام دەرسی خوێند بوو، بەشکستی ئەو یەکگرتنە، مەلا محمد نبی محمدی بزووتنەوەی شۆڕشی ئیسلامی وەك رێکخراوێکی سیاسی پاراستو دەڵێن ئەم



کارەی ئەو بەهاندانی رابەرانی کۆمەڵەی زانایانی ئیسلامی پاکستان بووە، کەئەیانویست ئەم رێکخراوە وەکو لقێکی کۆمەڵەی زانایانی ئیسلام لەئەفغانستان کاربکاتو زانایانی ئەفغانستان خۆیان خاوەنی رێکخراوێکی سیاسی سەربەخۆبن.

مەلا (سەمیع الحق)، ڕابەری لقێکی تری کۆمەڵەی زانایانی ئیسلامییە، کەخوێندنگەی (حەقانیەی) ئەو لە(ئەکورەختك) جێی پەروەردەیی زۆرێك لەئەندامە بەرزەکانی تالیبان بوو، لەساڵی (1999) بە(ئەحمەد رەشید) پەیامنێری پاکستانی ووت: (ئای ئێس ئای بەردەوام پشتگیری حیکمەتیارو قازی حسین ئەحمەد، رابەری کۆمەڵی ئیسلامی دەکردو ئێمە فەرامۆش دەکراین، لەکاتێك کە(80٪) فەرماندەکانی جیهاد دژی روسیا لەناوچەکانی پەشتۆن نشینی ئەفغانستان، لەخوێندنگەی حەقانیە دەرسیان خوێندبوو.

ئەوەی کەدەبینرا، رکابەری سیاسیو جیاوازی بیری دیوبەندەکانی کۆمەڵەی زانایانی ئیسلامو کۆمەڵی ئیسلامی، لەریزی تالیبان ئەفغانەکان کەلەم خوێندنگەیە سەرگەرمی خوێندن بوون کاریگەریەکی قووڵی بەجیٚ هێشتو دوای روخانی رژێمی نەجیب، کەرێکخراوە جیهادیەکان دوچاری شەڕی ناوخۆیی بوون، پاکستان لەم لایەنەوە بەکەڵك وەرگرتن لەم رۆحیەتەی دژی رێکخراوەکانی جیهادی بونیادگەرای ناوتالیبانەکان سوودی بینی، تەواوی رابەرانی تالیبان باوەڕیان وابوو کەڕابەرانی وەك (رەبانیو سەیافو حیکمەتیار) کەلەژێر کاریگەری ئیخوانەکانو

www.pertwk.com

مەودودیەکانن گومڕابوونەو دەرەنجامی گومڕایی ئەوان، هەلومەرجێك بوو کەدوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان، ئەفغانستان ڕووبەڕووی بوەوە.

من لەدانیشتنێکدا بانگهێشت کرابووم لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعات و فەرهەنگی تالیبان بەبیانووی خۆئامادەکردن لەبارەی سانسۆری کتێبێك کەنابێ بێتە ناو ئەفغانستانەوە سازدرابوو، من گومانم ئەوە بوو کەلەلیستی ئەو کتێبانەی کەئەبێ چاودێری بکرێت، ئەو کتابانە ئەگرێتەوەو کەلەگەڵ زانستی ئیسلام ناگونجێت، بەڵام لیستی کتابی قەدەغەکراو لەچوارچێوەیەك کەمن گومانم دەکرد، بەرەو سەروتر بوو، لەهەنگاوی یەکەمدا، تەواوی کتابەکانی (ابو عەلا مودودی) و کتابەکانی ئیخوان موسلمینی گرتەوە کەهاتنە ناوەوەیان بۆ ئەفغانستان بەهەموو شێوەیەك قەدەغە بوو، من لەبارەی کتابەکانی زانایانی و نووسەرانی ئێرانەوە وەك (دکتۆر شەریعەتی و موتەهەری) پرسیارم کرد، لێپرسراوان لەوەڵامدا وتیان: هاتنە ناوەوەی ئەم کتابانە ڕێگری لێ ناکرێ، لەبەرئەوەی تەنها شیعەکانی ئەفغانستان سوود لەم کتابانە دەبینن، ڕووداوی کتێبی (حەڵاڵ و حەرام)، نوسینی (یوسف قەرەزاوی)دیسان داستانێکی سەرنج ڕاکێشە، ئەم کتابە ماوەیەکی زۆر لەکتێبخانەکانی کابوڵ دەفرۆشرا تائەو کاتەی یەکێك لەهاورێکانی (مەلا نورەدین تورابی) وەزیری داد، لەیەکێك لەلاپەڕەکانی کتابەکە، بابەتێکی دۆزیوەتەوە، کەنیشانی دەدا قەرەزاوی خۆی ئیعترافی کردبوو کەپەیڕەوی لەمەزهەبێکی



تایبەتی ناکات ئەو ئەم بابەتەی بەڕوون و ئاشکرا بۆ مەلا تورابی باس کردبوو.

تورابی فەرمانی دابوو، کەهەرچی نوسخەی کتابی حەڵاڵ و حەرام لەبازاڕ هەیە کۆبکرێتەوەو بسوتێنرێت، کار سەری گرت و کێشەکە لەئەنجومەنی وەزیران باس کرا، ئەنجومەنی وەزیران بەداوا و تکای تورابی لەسووتاندنی کتابەکە چاوپۆشی کرد، بەڵام کتابەکە چووە لیستی کتابە قەدەغەکراوەکانەوە.

www.pertwk.com

# تالیبان لەجووڵانەوە تافەرمانڕەوایی

بزووتنەوەی تالیبان لەسەرتاوە ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو، لەراستیا ئەم بزووتنەوەیە بۆ چنینەوەی هەوادارانی ڕێکخراوەکان کەبوو بوونە هۆی شەڕو خوێنڕێژی دروست بوو، ئەم بزوتنەوە هەمیشە چوارچێوەیەکی فراوانتری هەبوو بەبەراورد لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان، لەبزوتنەوەدا پێچەوانەی ڕێکخراوی سیاسی، ئەندامەکانی لەسەرهەڵدانە جۆرو جیاوازەکاندا لەیەکتر کۆدەبوونەوە تامەبەست یائامانجی هاوبەش کەلەچوارچێوەی تەنها ڕێکخستنێك بەدەست نایەت، بهێننە دی، ئەو ئامانجەی کەسەرەتا بزووتنەوەی تالیبان ناوی لێنا، بۆ زۆربەی رەهای خەڵکی سادەی ئەفغانستان بەئامانجێکی ئایدیۆلۆژی دەژمێردرا، کۆکردنەوەی چەك لەدەستی تاکەکان‌و گروپە نابەرپرسەکان، دابینکردنی ئاسایش بۆ خەڵکی، کردنەوەی ڕێگاکان‌و لەناوبردنی کۆسپ‌و لەمپەرەکان.

تالیبان تاپێش چوونە ناوکابوڵ لەمانگی 1996/9 رایاندەگەیاند، کەمەبەستیان حوکم کردن بەسەر ئەفغانستانەوەنیە، بۆ دڵنیابوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم بارەیەوە لەسەرتای کاردا، شاندێکیان بۆ ئەمریکاو ئەورووپا نارد کەپێکهاتبوو لەدوکەس ئەوانیش (مەلا محمد غەوس) کەدوای بوو



بەوەزیری دەرەوەی تالیبان‌و (شێرمحمد عباس) ستانکزی، کەدوای گرتنی کابوڵ بوو بەجێگری وەزیری کاروباری دەرووە.

ئەم دوو کەسە لەرۆژئاوا بۆ دانوسان‌و گفتوگۆکردن دانیشتن لەگەڵ کەسایەتیە سیاسیەکانی ئەو وڵاتانەو هەروەها ئاوارەکانی ئەفغان‌و هەردولا تەئکیدیان کردەوە کەنیازی دروستکردنی حکومەتیان لەئەفغانستاندا نییە، بەڵکو دەیانەوێ گروپە شەڕخوازەکان لەچەك داماڵن، ئامادەکاری بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی هەمەلایەنەو گشتگیر کەنوێنەری زۆربەی میللەت بێت فەراهەم بکەن، هەتا ئەگەر میللەت (زاهرشا) وەکو رابەر هەڵبژێرن ئەوە هیچ ڕێگریەك لەلایەن تالیبانەوە نییە، ئەوان ئەم قسەنەیان لەکۆبوونەوەی جەماوەری‌و لەکاتێکدا کەدەنگ‌و رەنگیان تۆماردەکراو دەردەخست دەکرد، شێرمحمد عباس ستانکزی بەنوسەری ئەم بابەتەی راگەیاند لەگێڕانەوەی سەفەرەکەیان کاتێك لەئەڵمانیا بووە، لەگەڵ پاشای پێشووی ئەفغانستان گفتوگۆی تەلەفۆنی ئەنجام داوە، پاشای پێشوو لەم گفتوگۆیەدا وەڵامی ئەو رەخنانەی دایەوە کەلەسەردەمی (40) ساڵی حکومەتەکەیدا، لەئەفغانستان ئاراستەی کراوە.

بەهەرحاڵ تالیبان تاپێش رۆیشتنیان بۆ کابوڵ، زۆرێك لەوتەکانی خۆیان بەکردەوە دەرخست لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان، پێچەوانەی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی موجاهیدینی پێشوو، ڕێکخستن‌و ئاسایش بەرقەرار بوو، هەربەو هۆیەوە ئەوان توانیان بەئاسانی ناوچەکانی باشووری رۆژئاوا، رۆژئاوا،

www.pertwk.com

باشوورو رۆژهەڵاتی وڵات بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، سەرەنجام لەکابوڵی پایتەخت حوکم بکەن.

بەڵام پێش هاتنە ناوەوەی تالیبان بۆ کابوڵ، کۆششێك لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەئارادا بوو (ئەبو نەفسیە نوێنەری (محمود مستیری) لە (28ی-11/1995) لەقەندەهار دانوسانی لەگەڵ رابەرانی تالیبان ئەنجامدا، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەواندا لەبارەی لیستی دیاریکراوی مەحمود مەستیری گفتوگۆ سازبدا لەبارەی حکومەتی دوای رەبانی لەکابوڵ. ئەو بەپەیامنێرانی وت کە(ئەبێ پیلانێکی عەمەلی بەدەستەوە بێت). لە 1996/1/18 مەحمود مەستیری چووە ناو کابوڵ، ئەو رایگەیاند کە(روونکردنەوەیەکی تازەی نییە، بەڵام داوای لەتالیبان کرد لەرێگەی گفتوگۆو دانوسانەوە کێشەی ئەفغانستان چارەسەر بکەن) ئەو لە30ی کانوونی دووەم دوبارە سەردانی کابوڵی کردو بەو شێوەیەی کەکەناڵەکانی میدیا بڵاویان کردەوە، ئەو لەگەڵ لێپرسراوانی کابوڵ، لەبارەی وازهێنان لەدەسەڵات و بەرقەراری حکومەتێکی بنکە فراوان گفتوگۆی سازدا، چەند رۆژ دوای فەرمانڕەوایی تالیبان لەکابوڵ، (سەلمان عومەری) باڵوێزی سعودی لەئەفغانستان ، چاوی کەوت بەمەلا (محمد حسن ئاخوند جێگری شورای سەرپەرشت (کەبەتازەیی لەسەرفەرمانی مەلا عومەر) دروست کرابوو، ئەم چاوپێ کەوتنە لەکۆشکی گوڵخانە بەرێوەچوو.



لەسەرەتا مەلا محمد حسن ئاخوند، کورتەیەکی لەو گۆڕانکاریە سەربازیانە کەسەرەنجام ئەوەی لێکەوتەوە کەکابوڵ کەوتەوە دەست تالیبان، باسکردو کوشتنی مەلا (بورجان)ی بەلەدەست چوونێکی گەورە لەقەڵەمدا، سەلمان عومەری ئەو قسانەی کەوەرگێڕەکە بۆی وەردەگێڕا بەوردی گوێی لێدەگرت، بەڵام سات بەسات نارەحەتتر دەبوو، ئاخری قسەکانی مەلا حەسەنی بڕی، لەکاتێك کەنیشانەی توڕەیی لەقسەکانی دیاربوو وتی: (مەلا حسن ئایا بڕیاری ئێمەو ئێوە ئەوەبوو کەئێوە بچنە ناوکابوڵەوە؟ ئایا بڕیار وابوو کەئێوە لەکابوڵ حکومەت دروست بکەن؟ ئایا من و تۆو مەلا محمد رەبانی و ئەوانی تر چی سازشێکمان کرد؟ ئێوە ئەو کارەی کەنەدەبوو بتانکردایە کردتان، ئێستا بەرپرسیاریەتی ئایندەی کارەکە لەئەستۆی خودی ئێوەدایە) وەدانیشتنەکە هەرلێرە کۆتایی هات. وادێتە پێشچاو کەتالیبان پێشچوونە ناو کابوڵ، هەندێ لەوڵاتان و نەتەوەیەکگرتووەکانی دڵنیاکردبوەوە کەمەبەستیان دروستکردنی حکومەت نییە. بەڵکو رێگەدەدەن تاحکومەتێکی بنکە فراوان لەوێ دروست بکرێ، ئەم مەسەلەیە یەکێك لەلایەنگرانی شای پێشوو لەگەڵ نوسەری ئەم بابەتە باسی کرد، مەلا (ئیحسان الله) بەرێوەبەری بانکی مەرکەزی تالیبان، کەلەکاتی هێرشی یەکەم بۆ مەزار شەریف کوژرا، دیداری زۆری لەم بارەیەوە لەگەڵ لایەنگرانی پاشای پێشوو ئەنجامدا ئەوەی کەتالیبان خۆی، پەیمانێکی ئاوا گرنگی شکاندبێت، جێگەی گومانە. بەبێشك لەم کارەدا هاندان و دڵ،یایی پاکستان رۆڵێکی گرنگی هەبوو، وەکو لەئەستۆ گرتنی هەرمەبەستێکی گرنگ

www.pertwk.com

لەلایەن (İSİ) (دەزگای هەواڵگری پاکستان) وەفدێکی زانایانی دینی پاکستان کەوەکو ئوستادو جێگای ڕێزی تالیبان بوون، پێشتر دیداری مەلا محمد عومەریان کردووە، ئەویان هاندابوو بەدامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی کەسێك کەدوایی (İSİ) لەناوچەیەکی گرنگ، هەوڵیدا سوودی لێ ببینێ.

(مەلا محمد غوس)یەکەمین وەزیری دەرەوەی تالیبان تۆزێك دوای گەیشتنی تالیبان بەکابوڵ، لەدیداری جێگری ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی، کاتێك کە مەسەلەی شکاندنی بەڵێنەکانی پێشوو لەلایەن تالیبانەوە خرایەروو، وتی (بەڵام چۆن دەتوانین حکومەت بەکەسانی تر بسپێرین، لەکاتێك کەلەسەرەتای دەست پێکردنی بزووتنەوی تالیبان تاگرتنی کابوڵ، چوارهەزار تالیبان شەهید بوون؟)

بەڵام تالیبان نەیانویست یەکسەر ئەو بەڵێنە لەناچووە رابگەیەنن‌و بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کەهێشتا لەم بارەیەوە ئامادەن ئاشتی بکەن، ناوی حکومەتەکەیان بەسەرپەرشت راگەیاند، کەمەلا محمد رەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرپەرشت‌و تاکابینەکەی ژێر دەستیشی هەموو بەسەرپەرشت ناودەبران، ماوەیەکی زۆر دوای ئەوە، لەگۆڕانکارییەکی کابینەدا، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرپەرشت ناوەکەی گۆڕا بۆ سەرۆك وەزیران، کەهەمان کاری سەرۆك وەزیرانی دەکردو کابینەی سەرپەرشت هەم بەکابینەی دایمی گۆڕا.کێشەی گەورەی تالیبان لەدروستکردنی دەوڵەتدا، لەوێوە سەری هەڵدا کەئەوان خەڵکانێك بوون لەدێهاتەکانەوە بەدەرکەوتن‌و نامۆ بوون بەژیانی شارو مەدەنیەت، ئەوان



بەپەیوەندیان لەگەڵ گوندەکاندا، توشی کێشە نەدەبوون، بەئەندازەیەك شارە پەشتۆن نشینەکانی وڵاتی ئێمە، زۆربەیان لەباری کۆمەڵایەتی‌یەوە رەنگ‌و بۆنی لادێیان گرتووە.

بەڵام ئەوان هەر لەسەرەتای هاتنە ناو کابوڵەوە، بەهەمان کێشە رووبەروبونەوە، کەپێشتر دوای گرتنی هیڕات دوچاری بووبوون، ئەوەش پێکدادان بوو لەگەڵ بەهاکان.. دیاردەکان..و پێویستیەکانی سیستمی شاری، لەشارێك کەئەوان گرتیان، تارۆژێکی پێش هاتنی ئەوان، ژنان مافی خوێندن‌و کارکردنیان هەبوو، نەمۆسیقا قەدەغە بوو، نەلەبەرکردنی جل‌وبەرگ بەشێوەی رۆژئاوایی، مەگەر کارەبای شار نەبوایا، ئەگینا تەماشاکردنی تەلەفزیۆن ئازادبوو، ئەو پارچەیەی کەسەراپای ژنی دادەپۆشی وەکو روپۆشێکی رەسمی هەڵبژێردرابوو، ژنان‌و کچان لەمافی کارکردن‌و خوێندن بێ بەش کران، هەرچەند تاماوەیەك مووچەی ئەو ژنانەی لەبەرێوەبەرایەتیەکانی دەوڵەت بوون، دەدرا، باوەڕیان وابوو بەهاکانی ژیانی لادێ ئەگوێزرێتەوە بۆ شار، نەفرەت لەشار- بەتایبەت شاری کابوڵ، لەوێرانی کابوڵ لەسەردەمی دەسەڵاتی موجاهیدەکان کاریگەر بوو، ئێستاش جارێکی تر نەفرەت لەشار، خۆی بەشێوەیەکی تر نیشان دەدا، جارێکی تر لادێ تۆڵەی لەشار دەکردەوە، بەگوزەشتی رۆژگار روون بوەوە کەشتێکی گشتگیرتر هەیە لەگواستنەوەی بەهاکانی لادێ بۆ شارەکانی جێی بایەخی تالیبان، فشار بۆ سەر گوندنشینەکان، بەشێوەیەك کەلەشارەکاندا بەتایبەت شاری کابوڵ دەبینرێت نەبوو، بۆ نموونە ژنان لەلادێکان بەهەمان روپۆشی کەلەبەریان

www.pertwk.com

دەکرد، دەیانتوانی هاتووچۆ بکەن، پیاوان حەقیان نەبوو مقەست لەریشیان بدەن‌و ئەم کارە بەتاوان دەژمێردرا، لەدەزگاکانی دەوڵەت‌و خوێندنگاکان بەستنەوەی سەروێن ئیجباری بوو، لەم دوادوایە، شتێکی تازەیان بەدەستەوە بوو، بۆ ئەوەی کارمەندەکانی دەوڵەت، مەجبوری بکەن بەپۆشینی کراسێك کەدرێژی تاخوار ئەژنۆ بێت‌و شەرواڵێك لەبەربکەن تاقولەپێ بەدەرەوە بێت، ئەڵبەتە ئەم کارە نەگەشتە جێبەجێ کردن.

لەدەزگاکانی دەوڵەتدا خوێندنی زانستی دینی بەشێوەی قوتابخانەیی دەستی پێکرد ئەتوانین بڵێین ئەوەی کەتالیبان ئاراستەیان دەکرد، لەدروستکردنی سیستمی کۆمەڵگەو دەوڵەت هاوشێوەی سیستمی خوێندنگە بوو، هەمان ئەو خوێندنگەیانەی کەرابەرانی تالیبان تیایدا خوێندویانەو زۆربەیان بەبێ ئەوەی خوێندن تەواو بکەن، تەرکیان دەکرد سیستمی بڕیاردان لە(دامەزراندن، بەدەستهێنانی پلەوپایە) لەدەزگاکانی دەوڵەتی تالیباندا سەیر بوو، زۆربەی ئەندامانی ئەم حکومەتە، پێکهاتبوو لەکەسانێك کەلەقەبی مەلایان هەبوو هەتا لەو جێگایانەی کەپێویستی بەکەسێکی پسپۆر هەبوایە بۆ بەرێوەچوونی کارەکان زۆربەی تالیبانەکان خوێندەواریان کەم بوو، کەلەقەبی مەلایان پێ درا بوو خاوەن بڕیار بوون.

بڕیاردان لەپۆستە هەستیارەکان، پێویستی بەناسینی مەلا محەمەدعومەر یان دەوروبەرەکەی هەبوو، نامە ڕێنمایەکانی مەلا فەزل الرحمن‌و مەلا سمیع الحق‌و تەواوی زانایانی ئاینی



بەناوبانگی پاکستان کەپەیوەندی باشیان لەگەڵ تالیبان هەبوو، هەروەها زۆر کاریگەر بوو، لەقۆناغی دواییدا، نامەکانی مەلا محمد نبی محمدی‌و مەولوی خالّس دیسان تائەندازەیەك دەیتوانی سوودی هەبێت، ناردنی نامەکانی فەرماندە سەربازیەکانی تالیبان دیسان بەگرنگی‌یەوە وەردەگیرا، لەوەزارەتێکی گرنگ وەك وەزارەتی دەرەوە، لەکەسانی کەخوێندنی زانکۆیان تەواوکردووە بۆ وەرگرتن تاقیکردنەوە دەکران‌و دوای تەواوکردنی تاقیکردنەوەکە بەسەرکەوتوویی، لەکاتی پێویست کاریان پێدەدرا، لەکاتێك کەتالیبان راستەخۆ وەردەگیران. هەندێجار کەتاقیکردنەوەشیان بۆ دەکرا، زۆربەئاسایی، بۆ نموونە مەلا محمد حسن ئاخوند لەخوێندکاری دەپرسی کەلەخوێندنگە چ کتابێکی خوێندوە، تەنها ناوهێنانی پەرتوکەکان بەس بوو، رۆژێك کەسێك هاتە لای مەلا محمد حسن وتی: ئەمەوێ دابمەزرێم لەوەزارەتی دەرەوەو ئایەتێکی بەئاوازێکی خۆش خوێندەوە، ئەو بەلێپرسراوی بەشێکی سیاسی دامەزرا، خوێندنەوەی قورئان لەجێی خۆی بەڵام لێرەدا ئەم کەسە تاچی ئەندازەیەك بۆ بەرێوەبردنی کاری بەشێکی سیاسی توانای هەبوو، مەسەلەیەکی گرنگ بوو، ئەڵبەتە بایەخی پێنەدرا، موچەی تالیبان دیسان لەگەڵ کارمەندە سادەکان جیاوازی هەیە، لەکاتێکدا کەکارمەندەکانی تر، هیچ کاتێك لەرۆژی خۆی مووچەیان وەرنەدەگرت‌و زۆربەیان موچەکانیان چەندین مانگ دوادەکەوت، تالیبان هەر پانزە رۆژ جارێك موچەیان وەردەگرت، تاماوەیەك تەنها تالیبان موستەحەقی

www.pertwk.com

ئەم مووچەیە بوونو زۆر جار ئەگەر کەسێك بەدەر لەتالیبان لەپۆستێکی بالاّ دامەزرابوو، لەم مافە بیٚبەشدەکرا، بەلاّم لەدوو ساڵی کۆتایی حکومەتی تالیبان ئەم پارەیە لەسەر بنچینەی پلەی کار دەدرا کەغەیری تالیبانیشی دەگرتەوە، بەلاّم ئەوەی کەرژێمی حکومەتی تالیبانی لەهەر رژێمێکی تری جیهان جیادەکردەوە، بایەخی بابەتی (ئەندیوالی) لەم رژێمە بوو، وشەی (ئەندیوال) لەزمانی پەشتۆنو دەری، مانایەکی فراوانتر لەدۆست یاهاوریٚ ئەگرێتەوە، ئەتوانین بلّێین کەسانێك کەلەیەك گروپ یاتیمدا کاردەکەن، پێکەوە هەوادار یان ئەندیوالی پێدەوترا، رابەری گروپ دەیتوانی وەزیر یاوالی یافەرماندەی سەربازی بێت، هەروەها لەبەشی سەربازیدا ناسینو پەیوەندی کەسەکان بەتیم یا، دەستە یاکەرتو..هیتر پیادەنەدەکرا، بەڵکو ئەوکەسانە بەوە دەناسرێنەوە کەسەربەچی کەسێکن. ئەم جۆرە دابەشکردنە دەتوانین بەجۆریٚ ئاسانکاری ناسینی کەسەکان ناوی بەرین. وەزیرەکانو تەواوی کەسانی پلەبەرز لەگەلٚ یەکتردا ئاشنایەتیان هەبوو. کاتێك کەسێك لەریزی خوارەوە سەردانی کەسێکی پلەبەرزی سەرەوەی دەکرد، کەلەگەلٚ ئەودا ئاشنایەتی پێشووتری نەبوو رووبەرووی ئەم پرسیارە دەبوەوە کە(هەواداری چی کەسێکیت؟) لەم رێگەیەوە نەك تەنها دەردەکەوت کەئەم کەسە سەربەچ کەسێکەو لەژێر چاودێری کیٚ کاردەکات، بەڵکو وابەستەیی ئەو بەبەشی سەربازی یا پاشایی دەردەکەوت.



وابەستەیی بەرابەری گروپەوە، هەندیٚ جار تادوای مردنیشی بەردەوام بوو، لایەنگران ناوی کەسەکانیان لەسەر ئۆتۆمبیلەکان یاماڵەکانیان دەنووسی، بۆ نموونە (ئۆتۆمبێلی جیهادی هەوادارانی شەهید مەلا بورجان ئاخوند)و یا( ژووری جیهادی هەوادارانی شەهید مەلا محمد ئاخوند)، بۆ ئەوەی دەرکەوێت کەئەوان لەتالیبانەکانی سەرەتای بزووتنەوەکەن. کاتێك کەسێك وەکو وەزیر یاوالی یاسەرۆکی خێلٚ.. لەجێگەی کەسێکی تر دادەنرا، هەموو هەوادارانی خۆی لەگەلٚ خۆی بۆ پۆستە تازەکەی دەگواستەوە بەم شێوەیە جێگۆڕکییەکی تەواو دروست دەبوو، کاریگەری نەگەتیڤی ئەم کارە لەوەدابوو کەکەسانێك کەپێشتر ماوەیەك لەم دەزگایە کاریان کردووە تائەندازەیەك شارەزا بوو بوون هەموو ئەبیٚ واز لەکارەکەیان بهێننو بۆ کارێکی تازە کەهەرگیز ئاشناییان لەگەڵی نییە بگوێزرێنەوەو کەسانێك کەئەزموونیان لەکارە تازەکەدا نییە شوێنیان بگرنەوە، هەتا گروپی هەوادارانی تازە کەمێك شارەزا دەبوون لەکارەکەدا، جارێکی تر بۆ شوێنێکی تر دەگوازرانەوە. رژێمی حکومەتی تالیبان هیچ جۆرە خۆگونجانێکی لەگەلٚ پێویستیەکانی حکومەتیو دروست کردنی دەوڵەتێك بەشێوەیەکی ئاسایی نەبووەو ئەمەش خۆی بەروونی نیشانی دەدات کەتالیبان پێشنیهادێکی ئاشکرای بۆ دروستکردنی شێوەی حکومەتێك لەبیردا نەبووە، ئەوان لەماوەی پێنج ساڵی دەسەلاّتی خۆیان،

www.pertwk.com

لەبەشێکی زۆری وڵات هیچ هەوڵێکیان بۆ چارەسەرکردنی هەلومەرجەکە نەدا، چەندین جار مەسەلەی پێویست بوونی جل‌وبەرگی نیزامیی و سەربازی لەئەنجوومەنی وەزیران دەخرایەروو، بەتایبەت ناسینی کەسانێك کەکاری پۆلیسیان لەئەستۆ بوو، کەبەبێ جل‌وبەرگ نەدەکراو هەرئەم مەسەلەیە بووە هۆی ئەوەی کەکەسانێکی نابەرپرسیارو سەرەڕۆ لەژێرناوی تالیبان، دەستیان دەدایە کاری بێ بەرپرسیارانەو دەبونە هۆی ئەزیەتو ئازاری خەڵکی، بەڵام تاکۆتایی دەسەڵاتی تالیبان، ئەوان سەرکەوتوو نەبوون لەرازی کردنی ئەندامەکانیان بەوەرگرتنی جلی تایبەت. مەلا محمد حسن ئاخوند، لەسەردەمی لەئەستۆ گرتنی پۆستی وەزارەتی دەرەوە، بەنیازی پەروەردەکردنی کادرەکان، ئەنستیتۆی دیبلۆماسی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کاراتر کردو ژمارەیەك مامۆستای زانکۆی تەرخان کرد بۆ وانە وتنەوە، کەژمارەیەکی زۆر لەتالیبانەکان بەمەبەستی خوێندن ناونوسیان کرد، ماوەی خوێندن سێ خولی (6) شەش مانگە بوو واتە ساڵو نیوێك دیاریکراوبوو، بەڵام کێشەی گەورە لەوەدا بوو کەزۆربەی بەشداربوانی کۆرسی دیبلۆماسی خوێندنو نوسینیان بەباشی نەدەزانیو بۆ ئەوان بەدواچوونەوەی چۆنیەتی دەرسەکان کەدەبوو لەلایەن کۆلیژێکی یاسایی سەروتر بکرایە، گونجاو نەبوو بکرێت، کەسانێك کەکورسیە دیپلۆماسیەکانیان بۆ خۆمسۆگەر کردبوو، زیاتر ئەو تالیبانانە بوون کەلەدەزگاکانی حکومەت



لەپۆستە سەرەکیەکان کاریان دەکردو ئامانجی پێکهێنانی کۆرسەکە، دیسان ئاشناکردنی ئەوان بوو بەرێسایەك کەهەر دەوڵەتێك بەرپرسو پابەندە بەو رێسایەوە کۆششی مامۆستاکانی ئەو دامەزراوە لەم پێناوەدا بوو، بەڵام زۆربەی بەشداربوانی کۆرسەکە ئامادەی وانەکان نەدەبوون، لەبەرئەوە لەرژێمی تالیباندا سنووری نێوان کەسانی سەربازیو پاشایی کەمتر هەبوو، بەپێی پێویست ئەو کەسانە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بۆ شەڕگەکان دەنێردران، بۆ ئەوەی ژمارەیەك لەم تاقیکردنەوەیە بەسەرکەوتوویی بێنەدەرەوە، رادەی ئاستی وانەکان زۆر دابەزیو لەهەمان کاتدا کەسانێك کەهەتا 10٪ ئامادەی دەرسەکان نەبوون، تاقیکردنەوە دەیگرتنەوە کێشەیەکی گەورەی تر کەدەستو پای رژێمی دەوڵەتی تالیبانی بەستبوو، دوری نێوان قەندەهارو کابوڵ بوو، هەرچەند ئەم مەسەلەیە بەرەسمی رانەگەیەنرا بوو، بەڵام بەپراکتیك پایتەخت لەقەندەهار بوو، لەکاتێك کەناوەندی بڕیار دەرو دادوەری لەکابوڵ جێگیر بووبوو بۆ کارە گرنگەکان وەرگرتنی فەرمان لەخودی مەلا محمد عومەرەوە پێویست بوو بەبێ ئەمە، ئەو مەترسی‌یە هەبوو کەکارێك پێچەوانەی رەئی مەلا محمد عومەر ئەنجام بدرێو دوایی بۆ وەزیرەکان یاوەزارەت کێشە دروست بکات، نەبوونی پەیوەندییو دووری ماوەکە دەبوە هۆی ئەوەی تابڕیاری کۆتایی لەکارە گرنگەکان ماوەیەکی زۆر دوا بخرێت. پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ دەرەوە، سەرەتا هەرنەبوو، بەڵام دوایی

www.pertwk.com

پاکستان چەند ژمارەیەکی تەلەفۆنی لەپیشاوەرو کۆێتەوە دابەکابوڵو قەندەهارو بەم جۆرە سیستەمی پەیوەندی کردن باشتر بوو، هێدی هێدی تەلەفۆنە ئاسمانیەکان بۆ دابینکردنی پەیوەندی نێوان کابوڵو قەندەهار بەکارهێنرا، بەڵام ئەم شێوازی پەیوەندیکردنە بەتەلەفۆنو فاکس لەئاشکرا بوون نەدەپارێزرا.

ئەگەر لەبارەی داواکاریو مۆڵەت پێدان لەمەسەلەیەکی گرنگو نهێنی بهاتایەتە پێشەوە یادەستورێکی نهێنی دەربکرابا، بەلەبەرچاو گرتنی خراپی رێگەوبانی نێوان کابوڵو قەندەهار ماوەیەکی زۆری دەویست تائەو بڕیارە رایی بکرێت. ئەم کێشانەو هەروەها زەرورەتی سەربازی بەتایبەت لەبارەی باکووری وڵاتەوە، بووە هۆی ئەوەی کەتالیبان گرنگییەکی جدی بدەنە پەیوەندییە ئاسمانیەکان، جگە لەسێ فڕۆکەی (بوئینگ) کەپێشتر هەرهەبوون، فڕۆکەکانی روسی لەجۆری (AN32)و هەروەها فڕۆکەی چوار مەکینەی (AN12)ی سەربازی بەرەنگی فڕۆکەکانی ئاریانا بۆیاغ کرابوون کەبۆ کاری سەربازی سوودی لێ دەبینرا، فڕۆکەی بوئینگو هەروەها فڕۆکەی بارو گواستنەوە لەجۆری (AN12) پێش راگەیاندنی سزاکانی ئەنجومەنی ئاسایش، لەبەشی سەربازی شتومەکی بازرگانی لەشارجە بۆ قەندەهارو جەلال ئابادو کابوڵ، سوود لەم فرۆکانە دەبینرا، هەوڵەکانی ماندوونەناسی ئەندازیارانی فڕۆکە، چ لەبەشی مەلیکیو چی لەناوەندە سەربازییەکان، لەکاراتر کردنی ئەم فڕۆکانە بەڕاستی سەرسوڕهێنەر بوو، ئەوان لەکاتی پێویستدا، بەسوود وەرگرتن لە(ئامێرە یەدەکەکان) لەفڕۆکە تێکشکاوەکان کەلەهەر گۆڕەپانێکی



هەوایدا، ژمارەیەك بەرچاو دەکەوتن، فڕۆکە روسیەکانیان چاکدەکردو ئامادەیان دەکرد بۆ هەڵسان، فڕۆکەکانی روسی بەکارهێنراو، هەروەها لەهەندێ وڵاتی سەربەخۆی هاوبەرژەوەند، لەرێگەی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبییەوە دەکڕرا، تالیبان سیستمی بەرێوەبردنی دەوڵەتیان بەخاوەنی پێکهاتەیەکی زیادو بێ بەرهەم دەزانیو لەسەرەتای چوونە ناوکابوڵ کەژنانیان لەکارکردنی دەزگای دەوڵەتی بێ بەش کرد، لەراستیا ژمارەیەکی زۆر کادری ئیداری لەدەست چوون، بەڵام دەزگای بەرێوەبردن بەهۆی کردەوەکانی تالیبانەوە، بەشێوەیەك دوچاری دواکەوتوویی بوو تەنانەت کەسانی خاوەنکار لەزۆر لەدەزگاکانی دەوڵەتی کارێکی وایان نەبوو ئەنجامی بدەن، لەهەنگاوێکی تردا ئەو کارمەندانەی کەلەرژێمی کۆمۆنیستیدا، ئەندامێتی رابوردویان هەبوو یاپاداشت کرابوون، لەکارەکانیان لابران کێشەی ئابوری رۆژانە بووە هۆی ئەوەی کەژمارەیەکی زۆر لەکارمەندەکانی دەوڵەت بەهۆی ئەوەی کەمووچەی مانگانەیان بەشی نەدەکردن، کارەکانیان بەجێهێشت بەم شێوەیە رژێمی ئیداری وڵات لەبەریەك هەڵدەوەشایەوە.

لەو کاتەوە کەتالیبان هاتنە ناوکابوڵو حکومەتیان دروست کرد تارۆژی رووخاندنیان لەکابینەی حکومەتەکەیان گۆڕانێکی بەرچاو بەدی نەدەکراو ئەگەر گۆڕانێکیش هەبوبێت لەگواستنەوەی وەزیرێك بووە لەوەزارەتێکەوە بۆ وەزارەتێکی تر، ئەتوانین بڵێین تەنها گۆڕانێك کەلەماوەی پێنج ساڵی حکومەتی تالیباندا روویدا، دامەزراندنی مەلا ( احمد متوکل) لەجێگەی مەلا

www.pertwk.com

محمــد حەســەن ئاخونــد، وەكــو وەزيــرى دەرەوە، واديــاربوو كەمتەوەكل بەهۆى پەيوەندى نزيكى بەمەلا محمد عومەر، لەبارەى ئاســتى نائاســايى ولآتو بەتايبــەت كــابولْ، دەتــوانىْ زانيــارى بــداتىْو رەنگــە بەشــدارى كردنــى ئــەو ببێتــە هــۆى گــۆڕانى هەلومەرجەكە، بەلآم لەدوايدا روون بوەوە كەدامەزراندنى متەوەكل بەوەزيرى دەرەوە، لەراستيا بەماناى دوورخستنەوەى ئەو بوو لەناوەندى دەسەلآت لەقەندەهار.

بزووتنــەوەى تاليبــان لەســەرەتادا، خــاوەنى سيســتمێكى راوێــژكارى بوو كەمەلا محمد عومەر بەرپرسى يەكەم بوو، بەلآم دواى گرتنــى كــابولْ، كــەزۆر لەئەنــدامانى ئەنجومــەن بــوون بــە بەرپرســى پلەبــەرزى دەولْــەتى لــەكابولْ، ئــيتر ئەنجومــەن هەلْوەشايەوە.

هەلْوەشــانەوەى بــىْ دەنگــى ئــەم ئەنجومەنــە توانايــەكى بەرفراوانىدا بەمەلا عومەر وەكو (امير المؤمنين)، تائەو ڕادەيەى كەدەيويست بەهۆى فەرمان بەسەر ولآتەوە حوكم بكات.



## تاليبان، شەريعەتو سياسەت

كێشــەى گــەورەى گروپێكــى خــوود مەزهــەبى لەوەدايــە كەبهێنرێتە ناو بازنەى سياسەتەوەو ئەگەر وەها گروپێك نەتوانێت خــۆى لەبازنــەى تــەنگى دەمــارگيرى چينايەتى دەربــاز بكــاتو لەبەرامبــەر پرســيارە تازەكــانى كەدەخرێتــە ڕوو، هــەمان وەلآمــە كۆنــەكان دوبــارە بكاتــەوەو لەوەلآمدانــەوەى خواســتى ســەردەمدا سەرپێچى بكات، هەم بۆ مەزهەبو هەم بۆ كۆمەلْگە كارەساتبار دەبێت.

بزووتنــەوەى تاليبــان، گروپێكــى سياســى تايبــەت نــەبوو، وەڕابــەرەكانى ئــەم گروپــە توندڕەو بــوون، كەلــەنێوان هەنــدێكيان لەوانە مەلا محمد عومەر مەيلێكى بەلاى تەسەوفدا هەبوو زانيارى زۆرێـك لـەوان لەبازنـەى چـەند پـەرتوكێكى مەزهـەبى دياريكراوى سنووردار تێپەڕى نەدەكرد، جيهانبينى ئەوان لەچوارچێوەيەكى تەنگى يەك دوو ويلايەتى ئەفغانستان كۆتايى دەهات تێگەيشتنى ئەوان لەمەسەلە سياسىيەكان، بيستن بوو يابەهۆى هەوالْى راديۆ يابــەهۆى كەســانێكەوە كەلەگــەلْ ئــەوان لەپەيوەنديــدا بــوون وەزۆربەى ئەم رابەرانە بەخوێندنەوەى شتێك جگە لەقورئانو كتابە دەرسىيەكانى خوێندنگاى دينى خەريك نەدەبوون، مەلا حەسەن ئاخوند، وەكو جێگرى سەرۆك وەزيرانى تاليبان لەوەى كەپارچەى

www.pertwk.com

لاپەرەکانی رۆژنامەکانی دەبینی لەسەر زەوی کەوتبون‌و دەبوونە مایەی بیٚ ریٚزی زۆر دڵگران دەبوو لەو باوەڕەدا بوو کەئەم کارە دەبێتە هۆی گەندەڵی وڵات، لەیەکێك لەجەژنەکاندا کەمن بۆ بینینی چووم، ئەو لەوە دڵگران بوو کەلەکاتی دروستکردنی کێکدا لەپارچەی رۆژنامەکانی (هیوادو ئەنیس) یان بەکاردەهێنا، ئەو وتی لەدوای جەژن کەتەواو بوو، دەڕۆم بۆ قەندەهارو لەگەڵ مەلا محمد عمر سەبارەت بەقەدەغە کردنی چاپی رۆژنامەکان قسە دەکەم لەبەرئەوەی بەگوتەی ئەو زۆربەی خەڵکی ئەفغانستان لەخوێندن بیٚبەری بوون‌و بۆ ئەوان تەنها رادیۆی (دەنگی شەریعەت) بەسە، ئەو هەروەها وتی کەمن خۆم لەژیانمدا هەرگیز یەك بابەتم لەرۆژنامەیەك نەخوێندوەتەوە، لەبەرئەوەی لەجیاتی ئەوەی کاتی خۆم بەم کارەوە بەهەدەر بدەم، چەند لاپەرەیەك لەقورئان دەخوێنمەوە، لەهەمان دانیشتندا یەکێك لەئامادەبوان بەراشکاوانە وتی لەکتابێك خوێندومەتەوە کەبیٚ ریٚزی بەرامبەر بەپیتەکانی (ئەلف باء) لەراستیا بیٚ حورمەتیە بەرامبەر بەقورئان، چونکە ئایەتەکانی لەئەلف باء پێکهاتووەو ئەمە بەمانای پشتگیری کردن بوو لەقسەکەی مەلا حەسەن.

فاکتەرە دەرەکی‌و ناوخۆیی‌یەکانی وڵات یەکانگیر بوون تابووە هۆی ئەوەی کەتالیبان بێنێتە ناو کایەی سیاسی‌یەوەو رابەرەکانیان زۆر بەسادەیی ئەوەیان درکاند کەبزووتنەوەکەی ئەوان کاردانەوەیەك بوو لەسەربونیادی شەریعەت لەبەرامبەر خراپەکاری‌و گەندەڵی گروپەچەکدارەکان‌و ئامانجێکی دیاریکراو بەڵام زۆر گرنگیان هەڵگرتبوو، کۆکردنەوەی چەك کردنەوەی رێگاکان‌و دابینکردنی ئاسایش، کەهەموو ئەمانە لەرێگەی



بڵاوبونەوەی شەریعەتەوە بەئەنجام دەگەشت، بەڵام گرفتەکە لەوەدا بوو کەئەوان لەپراکتیزەکردن‌و بڵاوبونەوەی شەرعدا، فۆرمێکی گشتگیرو دیار کەشایانی رژێمێکی ئیسلامی بێت نەیانبوو وەکو نموونە، ئەوانەی کەلەدەسپێکی کارەوە پەیمانیان بەمەلا محمد عومەردا، ئەم پەیمانانەیان نەدەکردە مەرجێك بۆ راوێژی مەلا محمد عومەر لەگەڵ شورادا، بەڵکو ئەم بەیعەتە تەنها مەرجێك بوو بۆ پەیڕەوکردنی بنەماکانی شەرعەوە لەلایەن مەلا محمد عومەرەوە، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا بەمانای بەخشینی دەسەڵاتی فراوان‌و رەهایە بەیەك کەس.

لەوانەیە هیچ یەکێك لەرابەرەکانی تالیبان لەو بڕوایەدا نەبوون کەسەردەمێك بێت ئەوان فەرمانڕەوای دەوڵەت‌و حکومەت بن لەئەفغانستان‌و زیاتر لەهەوڵی شەڕو چەك دامالێنی گروپە چەکدارەکان بوونە. ئەو کاتەی کەلەقەبی (ئەمیر المومنین)یان بەخشیە مەلا محمد عومەر، لەنوێکردنەوەی وەعددا دوبارە بەدامەزراندنی (شورا) لەیەك رژێمی ئیسلامی گرنگی نەدرا، لەکاتێکدا کەهەموو دەیانزانی کەمەلا محمد عومەر کەسێتی زۆر سەرسەختەو تاك رەئی‌و سەرەڕۆیی لای هەمووان ئاشکرا بوو.

رابەرەکانی تری تالیبان بەم وەعدە، خۆیان‌و بزووتنەوەکەیان رووبەرووی کێشەیەکی گەورە بوونەوە، ئەوان مەلا محمد عومەریان لەئاستێکدا دانابوو، کەهەر هەڵەیەکی سیاسی لەلایەن ئەوەوە بەپەیماندان بەئەوی لەئەستۆی کەسانی تری بەتاڵ نەدەکردەوە، بەس تەنها لادان لەشەریعەت ئەتوانیٚ بەیعەت بەتاڵکاتەوە، بۆ نموونە ئەمیر تاوانبارکرا بەکارێك کەدادوەر سزای حەد (لێدانی دار) و سەرزەنشتی بۆ دەرکات یائەمیر دوچاری

لەدەستدانی هەست ببێ کەنەتوانێ ئیش و کارببات بەڕێوە، یابمرێت، یائەوەی خۆی دەست لەکاربکێشێتەوە....هتد.

لەبەرئەم هۆیە بوو کەدەسەڵاتدارانی تالیبان، لەکاتێك کەدەیانزانی بزوتنەوەکەیان بەرەو ئینحراف و سەرنگونی دەڕوات، بەئاشکرا دەنگی ناڕەزاییان بەرزنەکردەوە، لەکاتێك کەبەتوندی لەو هەلومەرجە ناڕازی بوون، لەڕووی مەزهەبییەوە، لەکاتێك کەتالیبان خۆیان بەکەسانێکی سەرکزو بیروباوەڕقایم دەزانی، بەڵام کاتێ لەئاستی فەرمانڕەوایی وڵات ناچار بوون بۆ چارەسەری کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی، ڕێگاچارەی شەرعی بدۆزنەوە زۆر هاوشێوەی (خەواریجەکان) بوون کەنیشاندەری لادان بوون نەك چاکسازی، هەروەك سەرهەڵدانی ئەوان، بووە هۆی دژایەتی و خوێنرێژی لەنێوان موسوڵمانەکان.

دوبەرەکی نێوان یارانی پێغەمبەر (د.خ) لەسەردەمی ئیسلامدا، بووە هۆی کەوتنەوەی فیتنەی خەواریج، گروپێك کەلەچین گەرێتی و دەمارگیری بەناوبانگ بوون سەریان هەڵدا ئەمانە جگە لەخۆیان هەموو موسوڵمانانیان دەکردە دەرەوەی بازنەی ئیسلام، کرداره ناڕەواکانی ئەوان دژ بەموسوڵمانان گەیشتە ئەوەی کەئەوانەی کەئیسلام نین لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئەوان لەئیسلامەکان پارێزراوتر بوون.

نوێژی (نەفل)و نوێژی شەویان بەزۆری دەکردو بەنێوچاوانیان نیشانەی سوجدە لەدورەوە دیاربوو، ئەژنۆیان بەهۆی زۆر نوێژکردن وەك ئەژنۆی حوشتر هاتبووە دەرەوە، بەڵام هەر ئەم



مرۆڤە بەندەو لەخوارترسانە لەکوشتنی زاواو ئامۆزای پێغەمبەر سڵیان نەدەکردەوەو ئەوان لەپێناوی بەڕێوەبردنی بۆچونەکانی خۆیان لەئیسلام بوونە هۆی خوێن رشتنێکی زۆر.

گەورەترین لادانی خەواریجەکان لە(ئەمر بەچاکەو دوری لەخراپە) بوو، لەفەرمان بەچاکەو دوری لەخراپە دوو بنەما هەیە، بەو مانایە کەکەسانێك کەپێشوازی لەکاری چاکە دەکەن، ئەبێت ئاگاییان لەدین هەبێت و هەم لەتێڕوانین لەکاردا، واتە کەسێك کەبەرپرسێتی فەرمان بەچاکەو دوری لەخراپە قبوڵ دەکات، ئەبێ هەم شارەزا بێت لەدین و هەمیش لەم بیری ڕۆشنەی سەردەمدا شارەزا بێت، بۆ ئەوەی بزانێت دوائەنجامی پراکتیکی ئەو کارەی ئەنجامی داوە لەبەرژەوەندی دین و سوڵتەو کۆمەڵگەیە یان بەزەرەری یان خەوارج ئەم دووبنەمایان رەت دەکردەوەو بەم هۆیەوە ئەوەی کەبەناوی فەرمان بەچاکەو دوری لەخراپە ئەنجامیان دەدا بۆچونی زەینی و چینایەتی ئەوان بوو لەدین کەدەخرایە ئەستۆی کۆمەڵگە، بەئەندازەیەك کەحەزرەتی عەلییان بەڕازی بوون بەدادوەری تەکفیر دەکردو بەڵگەیان ئەوەبو کەخواوەند لەقورئاندا دەفەرموێ:

" واتە دەسەڵات بەس بۆ خواوەندە" کەواتە چۆن دەتوانرێت فەرمانێك کەتایبەت بەخواوەند بدرێت بەبەندەیەك؟

لەرابوردودا هەندێ لەگروپە بونیاد گەریە ئیسلامیەکان، لەبەر هەندێ لەکاردانەوەکانیان بەلایەنگری لەخەواریج تاوانبار کرابوون، کە(ئیخوان موسلمین) یەکێك بوو لەو گروپانە_ هەرچەند

www.pertwk.com

کاتی خۆی ئیخوانەکان ئەم تۆمەتەیان رەتکردەوە، بەڵام بەنیسبەت تالیبانەوە ئەم هاوشێوەیی‌یە دیارترو بەرجەستەترە.

لێرەدا نابێ گومانمان لەوەبێت کەتالیبان بەتەنها خۆیان باری ئەم مەسئولیەتەیان لەئەستۆدایە، کاتێك کەهەزار کەس لەزانایانی ئاینی لەقەندەهار کۆبونەوە تابەیعەت بەمەلا محمد عومەر بدەن وەکو ئەمیریموسوڵمانان، مەلا ئیحسان الله بەدەنگی بەرز فەتوای داو لەبارەی رەوابوونی شەڕ دژی بەرەی باکوور بۆ ئەوان قسەی کرد، هەموو زانایانی ئاینی بەیەك هەڵوێست ئەم شەڕەیان بە(جیهاد لەدژی گەندەڵی) ناوبردو پشتگیریان لێکردو لەنێوانی ئەواندا یەك کەس جورئەتی نەکرد کەبڵێت، ڕشتنی خوێنی برای موسوڵمانت لەشەرعدا ناڕەوایەو ئەبێت رێگای ئاشتی و لێك گەیشتن بگرینەبەر.

لەمەسەلەی فەرمان بەچاکەو دوری لەخراپە، تالیبان هەروەکو خەواریج نەك هەردوو بنەمای (ئاگایی لەدین)و (ئاگایی لەکار) دا قبولّ ناکەن، بەڵکو ئەم دوو رێسایە، کەبابەتێك پێچەوانەی یادژی بوونی، رەزامەندی زانایانی دینی لەسەرنەبێت، لەناوبازنەی کاری خراپ نابێ بژمێردرێت و خەڵکی لەسەرئەوە ئازارو ئەزیەت بدرێن. دیسان قبوڵیان نەبوو، بۆ نموونە سەربەستنەوە بۆ کارمەندی دەوڵەت و خوێندکاران زۆرەملێ بوو، داواکاری و وتەی کەسێك کەڕیشی لەئەندازەی دیاریکراو کورت تر بوایە گوێی لێ نەدەگیرا، هەرچەند ئەو کەسە ستەمی لێ کرابێ و بەمەبەستی سکاڵا کردن برۆشتایە بۆ وەزارەتی داد، (مەلا نورالدین تورابی) وەزیری داد، لەژێر سکاڵانامەکەی، بەهۆی کورتی ڕیشی خاوەن سکاڵا،



دەینوسی، کەداواکار یەك مانگی تر سەر بداتەوە، وەئەم فەرمانە بەو مانایەیە کەسکاڵای کابرا تایەك مانگ دوا ئەکەوێت زۆر لەو کەسانەی فەرمانیان دەدا بەچاکەو نەك تەنها زانیاری دینییان بەئەندازەی پێویست نەبوو، بەڵکو بەتەواوی بێگانە بوون بەخەڵك و کۆمەڵگە، بەرپرسی بڵاوکردنەوەی فەرمان بەچاکە، لەدانیشتنێکدا، داستانێکی دەگێڕایەوە کەهەمان بابەت پشت راستدەکاتەوە، ئەو وتی: (رۆژێ شەقامێك کەنزیکی مزگەوتێك بوو بەستمان تاهاتووچۆکاران بۆ نوێژی جەماعەت ناچار بکەین، لەوکاتەدا کەسێك لەئێمە بەردەمی کەسێکی (سیك_سیغ)ی گرتوو پێی وت: کاکە بۆچی ناچیتە مزگەوت؟ ئەو لەوەڵامدا وتی : من سیکم! فەرمانبەرەکە وتی: سیکیت، هەرچی هەیت پەیوەندی بەمنەوە نییە، ئیسلامیت و ئەبێت بچیتە مزگەوت!!)

وەزارەتی فەرمان بەچاکە لەماوەی (5) ساڵی دەسەڵاتی تالیباندا نەیهێشت کەکاری ئەم وەزارەتە لەچوارچێوەی یاسایەکی رێك و پێکدا رێکبخرێت، یەکجار لەئەنجومەنی وەزیران باسێکی سەرەتایی لەم بارەوە کرا، بەڵام هەرلەدەستپێکی کارەکەدا وەزیری فەرمان بەچاکە بەرەنگاری بووەوەو بەبن بەست گەیشت کارەکە، لەم باسە سەرەتایی‌یەدا ئەو پرسیارە خرایەڕوو کەئایا کەسانی پەیوەند بەفەرمان بەچاکە، رەوایە بەبێ فەرمانی دادگاو بەبێ یارمەتی خاوەن ماڵ، بەنهێنی و لەسەردیوارەوە بچنە ماڵی خەڵکەوە؟ زۆربەیان بەپشت بەستن بەو هەلومەرجەی لەسەردەمی خەلافەتی عومەر هاتبوە کایەوە بەزۆرینە بڕیاریاندا کەلێپرسراوانی فەرمان بەچاکە مافیان نیە بەنهێنی بچنە نێو ماڵی

www.pertwk.com

خەڵك بەهانەی پشكنین، بەڵام وەزیری فەرمان لەولاتدا وتی : (خەڵكی سەرەتای ئیسلام لەگەڵ ئەم سەردەمە بەراورد نەكەن، ئەم خەڵكە زۆر خراپكارو گەندەڵن، زۆربەی خراپەكاریو گەندەڵیەكان لەماڵەكاندایە، خەڵكی گوێ لەمۆسیقا دەگرنو لەماڵەكانیاندا تەلەفزیۆنو ڤیدیۆ هەیە) نەبوونی یاسایەكی گونجاو كەبتوانێ كارە عەمەلیەكانی ئەم وەزارەتە رێك بخات، دەرفەتی بێسنوری بەبەرپرسەكانی ئەم وەزارەتەدابوو، كەهەرچەند یەكجار بیریان لەكۆبوونەوە دەكردەوەو بەهۆی دوودڵی خۆیانەوە، زشتییەكی تازەیان لەكۆمەڵگە دەرئەكردو فەرمانبەرەكانی خۆیان بۆ ئامادەكردن، یەكجار لەكۆبوونەوەیەكدا قسە لەسەر ناڕەوایی ئارایشتی ئاڵتون بۆ پیاوان كرا، بۆ رۆژی داهاتوو كەسانی فەرمان بەچاكە لەشاردا كەوتنە گیانی خەڵكیو نەك تەنها ئەنگوستیلە ئاڵتونیەكانیان لەدەستی پیاوان دەرهێنا بەڵكو هەندێجار كاتژمێرە بەبەهاكانی خەڵكیان دەبرد!

جارێكی تر بەبیانوی ئەوەی وێنەی گیانلەبەران لەسەر ڕووی جلوبەرگ قەدەغە بوو لەشاردا كەوتنە گیانی خەڵكیو چوون ئەم شتانەیان كەمتر دەسكەوت، لیباسە بەچەرم دروستكراوەكانیان لەبەرخەڵكیدا پارچەپارچە دەكرد، چوارچێوەی ئەم كارە ناشیرینە گەشتە ئاستێك سەرەنجام ناچار بوون ڕەتی بكەنەوەو وتیان كەئەم كارە لەرێگەی ئەندامەكانی (حزبی ئیسلامی)یەوە كراوە.

شكی تێدا نییە كەرژێمێكی ئیسلامی بەبێ (فەرمان بەچاكەو نەهی لەخراپە) ناتوانێ بوونی هەبێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە كەكۆمەڵێك بەناوی فەرمان بەچاكەو نەهی لەخراپە ئەوەی



كەخۆیان ئەیانەوێ بەسەر كۆمەڵگەدا بیسەپێننو گوێ لەسەروی خۆیان نەگرنو هیچ كەسێكیش مافی رەخنەگرتنی لەوانی نەبێ، مەلا محمد عومەر لەم دوایەدا لەبڕیارێكدا فەرمانی دابوو كەهیچ كەسێك مافی رەخنەگرتنی نییە لەفەرمان بەچاكە لەكاتێك كەلێپرسراوەكانی لەوێ نەبن، فەرمان بەچاكە ئەتوانێت لەتەواوی دەزگاكانی دەوڵەتی، ئامادەبوونی فەرمانبەران كۆنترۆڵو لەگەڵ كەسانێك كەبەشێوەیەكی رێكوپێك لەكارەكانیان ئامادەنابن هەڵوسكەوتی یاساییان لەگەڵدا بكات.

دەسەلاتی فەرمان بەچاكە بەئەندازەیەك بوو كەهەتا وەزیرێكی بەتوانای وەك (متەوەكل) لێی دەترسا، متەوەكل ئەو كاتەی وەكو وەزیری دەرەوە پۆستی وەرگرت، فەرمانیدا كەئانتینی رایەڵە ئاسمانیەكان لەسەربینای وەزارەتی دەرەوە دابنێن، ئەم كەناڵی رایەڵە ئاسمانییە كاك (بەهرامی)، یەكێك لەلێپرسراوانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بەدیاری دابووی بەئەو دیارە مەبەست لەم كارە گوێ بیستنی هەواڵەكان بوو لەرێگەی كەناڵەكانی تەلەفزیۆن، بەتایبەت كەناڵی (الجزیرە) ئەو تەئكیدی دەكردەوە كەنابێ كەس بەم كارە بزانێت، لەكاتێك كەتەلەفزیۆنەكەی لەژێر زەمینی وەزارەتی دەرەوە دانابوو، كاتێ تەماشاكردنی تەلەفزیۆن دەرگای هاتنە ژوورەوەی دادەخستو یەك چاودێری لەدەرەوەش دادەنا: هەموو ئەم كارانەش لەترسی فەرمان بەچاكە بوو، ئەڵبەتە (عبدالرحمن زاهد) جێگیری وەزیری دەرەوە هەرگیز جورئەتی نەدەكرد بەتەنها بڕواتە ئەو ژوورەوەو ئەگەر هەندێ جاربڕۆشتایە لەگەڵ متەوەكل دەچووە ئەو ژوورەوە. كاتێك وەفدێكی

www.pertwk.com

چیچانیەکان بەسەرۆکایەتی جێگری وەزیری دەرەوە لەسەردانێکدا بۆ ئەفغانستان ئامانج لەم سەردانەشدا نیشاندانی ڕەزامەندی لێپرسراوانی پایە بەرزی تالیبان بوو بۆ بەرەسمی ناساندنی کۆماری چیچان، ئەندامانی وەفدەکە داوایان کرد چاویان بکەوێت بەلێپرسراوانی وەزارەتی فەرمان بەچاکە، تاچەند پرسیارێ لەبارەی جێبەجێکردنی یاساکانی ئیسلامییەوە لەوان بکەن، لەم دیدارەدا ژمارەیك لەلێپرسراوانی ئەو وەزارەتە بەسەرپەرشتی مەلا (ئەفسەر) بەشداربوون، لەسەرەتادا جێگیری وەزیری دەرەوەی چیچان کورتەیەکی لەبارەی کۆماری چیچان و دامەزراندنی ئەو وڵاتە باسکرد، لەوانەش ئەوەی کەدوای شەهید بوونی دامەزرێنەری ئەو کۆمارە (جەوهەر دودایف) سەرەنجام لەهەڵبژاردنێکی سەرتاسەریدا (ئەسلان مەسخادۆف) بۆ ماوەی (5) ساڵ بەسەرۆکی کۆمار هەڵبژێردرا.

مەلا ئەفسەر قسەی ئەوی بڕی و وتی : (ئەم کارەی ئێوە پێچەوانەی ئیسلام بووە!) ئەندامانی وەفدی چیچانیەکان بەسەرسوڕمانەوە سەیری یەکتریان کردو دوای چەند چرکەیەك سەرۆکی وەفدی

فەرمان بەچاکە بێ دەنگی شکاندو ڕونیکردەوە کەلەئیسلامدا دانانی سەرۆك یائەمیر، لەپێشدا دیاری ناکرێت و کات و دامەزراندنی ئەمیر لەسەرەتادا پێچەوانەی ئەو بنەمایەیە کەخەلیفەکانی ڕاشدین و حەزرەتی عومەر عەبدولعەزیزی لەسەرهەڵبژێردراوە. پاشان ئەو باسی ئەو هەلومەرجەی کرد کەئەمیر (خەلیفە) یا پاشای ئیسلام تیایدا بەدەسەڵات دەگات، ئەو



ڕوونکردنەوانە لەبارەی گەیشتن بەدەسەڵات (لەرێگەی زۆرو سەرکوتکردنەوە) بۆ وەفدەکەی چیچان شتێکی تازەبوو.

وەفدەکەی چیچان هێمنانە ئەو پرسیارەیان کرد کەبەچی بەڵگەیەك تالیبان لەفەرماندان بەچاکەو دورکەوتنەوە لەخراپە زیاتر گرنگیان بەمەسەلەی جیاوازی و سونەت و چاکەداوە؟ لەوەڵامدا مەلا دەستی خۆی بەرزکردەوەو کراسەکەی کەمێك بۆ سەرەوە بەرزکردەوەو وتی: "لەکاتی نوێژکردندا، کراسەکەت ئەوەندە هەڵکشێ نوێژەکەت بەتاڵ دەبێتەوە، کەنوێژیش بەتاڵ بووەوە، بنچینەیەکی گرنگ کەکۆڵەکەی دینە، ئەکەوێتە مەترسی یەوە.

لەراستیا ڕوون نەبوو کەمەبەستی مەلا ئەفسەر لەم نمونەیەدا چی بوو، بەڵام تێگەیشتنی وەفدەکەی چیچان لەقسەکانی ئەودا ئەوەبو کەلەجێبەجێکردنی شەریعەت لەناو کۆمەڵگەدا، توندوتیژی نواندن لەو مەسەلانەی کەپێویست نین بەئەندازەی فەرزە دینیەکان گرنگی هەیە.

www.pertwk.com

# خۆبەخشە دەرەکیەکان

لەسەردەمی جیهاددا، یەکەم گروپگەلی ئامادەبوو لەوڵاتە عەرەبییە جیاجیاکان بەمەبەستی شەڕکردن لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی روسیا هاتن بۆ ئەفغانستان، ئەو توانا مادیە زۆرەی ئەم عەرەبانە لەگەڵ خۆیاندا دەیان هێنان وایکرد کەرێکخراوە جیهادیەکان گرنگی باشیان پێبدەن، بەم شێوە ئەم عەرەبانە توانیان چالاکیەکانی خۆیان و ئامادەیی خۆیان لەسەنگەرەکانی نەبەردیو هەروەها لەپاکستان فراوان بکەن.

لەو سەردەمەدا نەبونیادگەرای ئیسلامی مەترسییەك بوو بۆ رۆژئاواو نەهەست کردن بەمەترسی تیرۆریزم لەئارادا بوو، رۆژئاوا دەیویست لەهەلێکدا کەبۆ لێدانی یەکگرتوویی روسیا هاتبوە پێشەوە، پشکی شێری بەرکەوێت و ئەمریکا دەیویست تۆڵەی شکستەکەی خۆی لەڤێتنام لەروسەکان بکاتەوە، جالەبەرئەوە هەموو ئەو فاکتەرانەی کەئیمڕۆ بەناوی مەترسی جیهانی ئیسلامی لەلایەن ئەمریکاو رۆژئاواوە باسیان لێوەدەکرێ لەو سەردەمەدا پشت گوێ دەخراو وێڕای پارێزگاری کردن لێیان بەهێزدەکران.



وەك چۆن بونیادگەراترین رێکخراوی جیهادی موجاهدینی ئەفغانی، لەزۆری ئەم یارمەتیانەپشکیان بەردەکەوت.

خۆبەخشە عەرەبەکان کەدەهاتن بۆ ئەفغانستان هێدی..هێدی دەکەوتنە ژێر کاریگەری گروپ چێتی موجاهدینەوەو هەرکامەیان یەکێك لەرێکخراوەکان پشتگیری دەکرد لەم نێوەندەدا یەکیتی ئیسلامی بەهۆی سەرنج راکێشانی رابەرەکەیەوە لەلای عەرەبەکان خۆشەویستی زیادی پەیداکرد، حزبی ئیسلامی بەرابەری (حیکمەتیار)و کۆمەڵەی ئیسلامی لەپلەی دووەمدا بوون، دیارترین کەسایەتی لەناوخۆبەخشە عەرەبەکان لەجیهادی ئەفغانستان (عبدالله عزام) بوو، کەبەپێشەوای موجاهدینی عەرەب لەئەفغانستان ناودەبرا.

www.pertwk.com

# دکتۆر عەبدوڵڵا عەزامو نوسینگەی خزمەتگوزاری

عەبدوڵڵا عەزام بەسەرداری موجاهیدە عەرەبەکان لەئەفغانستان ناودەبرا، ئەو لەساڵی 1941 ی زایینی لەناحیەی (جنین)لەفەلەستینی داگیرکراو لەدایك بووەو هێشتا منداڵ بوو کەلەنیشتمانی دایکی وەدەرنراو بەرەو ئوردون کۆچی کردو ئاشنای تاموچێژی ئاوارەیی بوو.

عەزام قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لەعومانی پایتەختی ئوردن تەواوکردو پاشان بەمەبەستی خوێندنی باڵا رۆیشت بۆ سوریا، لەساڵێ 1964 لەکۆلێژی ئەنجومەنی زانکۆی دیمەشق ماستەری وەرگرتو هەرلەوساڵانەدا پەیوەندی کرد بەرێکخراوی (ئیخوان موسلمین) لەشەڕی 1967ی عەرەبو ئیسرائیل بەشداریکردو دوایی بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا گەیشتە میسر.

عەزام لەساڵی 1973 لەزانکۆی ئەزهەر دکتۆرای وەرگرتو گەڕایەوە بۆ ئوردن، ئەو ماوەی حەوت ساڵ لەئوردن وانەی دەووتەوەو دوایی وەکو مامۆستا لەزانکۆی مەلیك عەبدولعەزیز رۆیشتوە بۆ (جەدە) بەڵام بەهۆی پەیوەندی بەجیهادەوە، لەساڵی 1980 رۆیشتە زانکۆی ئیسلامی (ئیسلام ئاباد)ی پاکستان تا



لەنزیکەوە لەگۆڕانکاری جوڵانەوەکانی ئەفغانستان ئاشنا ببێت، هێدی هێدی وەها بەرەو لای جیهاد کێش کرا، کەلەدەرس وتنەوە دەستی کێشایەوە، لەسەرەتادا لەگەڵ (یەکگرتووی جیهانی ئیسلامی) هاتە خزمەتی ئاوارەکانو موجاهیدەکان، بەڵام دوایی خۆی (نوسینگەی خزمەتگوزاری موجاهیدین)ی دامەزراند، بەمەبەستی یارمەتیدانی زیاتری جیهاد لەئەفغانستان، گۆڤاری (جیهاد)و کتابەکانی عەزام لەناساندنی شۆڕشی ئەفغانستان، لەجیهانی عەرەبیدا دەورێکی کاریگەری هەبوو.

عەزام وتاربێژێکی بەتواناو نووسەرێکی زەبر دەست بوو، گەنجینەیەکی فراوانی لەشیعری حەماسی عەرەبی لەبەربوو، دەیزانی چۆن بەهۆی ئەو شیعرانەوە هەستی لاوانی عەرەب جۆش بدات، سیحری قسەکانی ئەوبوو کەهەزاران گەنجی عەرەبی بەمەبەستی جیهاد کردن بۆ ئەفغانستان هێناو عەزام بوو کەبنەڕەتی تۆڕەکانی جیهادی لەجیهانی ئیسلامی بەسوود وەرگرتن لەتوانا مادییەکانی جیهادی ئەفغانستان رێکخست. ئەو لەکتابی (بەگری لەسەرزەمینی ئیسلام گرنگترین فەرزە لەسەرپیاوانی گەورە)دا باس لەباری ناسکی موسوڵمانان لەیوگوسلافی، بولگاریا، ئوگەنداو فلیپین دەکاتو بۆ بەرگری کردن لەوان، موسوڵمانانی جیهانی وریاکردەوە، تەواوی کەسانێك کەئەمڕۆ وەکو تیرۆریست لەجیهاندا لەژێر چاودێریدانو ئەوانەش کەدەستگیرکراون، پەروەردەی عەبدوڵڵا عەزامن، (ئوسامە بن لادن، ئەیمەن زەهراوی، ئەبو حەفس، خەتاب (فەرماندەی عەرەبە چیچانیەکان)، ئەبو سەیاف (رابەری کۆمەڵەی ئیسلامی)و جێگری

www.pertwk.com

جەوهەر دۆدایف لەچیچان، ئەبو سەیاف لەفلیپین، ئەبوهانی (لەموجاهیدە عەرەبەکانی کەلەگەڵ ژەنراڵ فەرەح عیدید دژی ئەمریکیەکان لەسۆماڵ جەنگی و هەر ئەویش دەوری کاریگەری بینی لەتیرۆر کردنی ئەحمەد شا مسعود، ئەبوهاجەر لەهاوڕێ نزیکەکانی عەبدوڵلا عزام کەئێستا لەئەمریکا زیندانییەو زۆری تر.

ئەو دەمەی کەگۆرباتچۆڤ ئارەزووی خۆی بۆچوونە دەرەوەی هێزەکانی روسیا لەئەفغانستان ئاشکرا کرد، ئەو عەرەبانەی کەلەجیهادی ئەفغانستان کارابوون لەکەناڵەکانی میدیاکانی رۆژئاواوە، وەکو (تیرۆریست) بوونە ئامانجی هێرشی میدیاکان عەبدوڵلا عەزام بەوتە حەماسییەکانی خۆی، تیرۆر یا ئیرهابی بەم شێوەیە ئاراستە کرد: "باکمان نییە لەوەی کەیەهودو نەسارا، ئێمە بەئیرهابی (تیرۆریست) ناوببەن، چونکە قورئان دەڵێ دوژمنی خۆتان و خوای پێ دەترسێنن، کەواتە تیرۆر ئەرکی سەرشانمانە" عەبدولا عەزام بەسوود وەرگرتن لەجیهادی ئەفغانستان، ژمارەیەکی زۆری لاوانی عەرەبی بەشێوەی سەربازی و فیکری پەروەردەکردو پێیانی دەگوت کەدوای ئەفغانستان نۆبەی فەلەستینە، لەراستیا عەزام لەم کارەیدا بووە پێشڕەوی رێبازێك کەپاشان ئوسامە بن لادن ئەوەی لەرژێمی تالیباندا درێژە پێدا، واتە ئەفغانستان شوێنێك بوو کەدەبوو لاوانی عەرەب لەوێدا پەروەردەی سەربازی ببینن و دوای ئەوە رەوانەی وڵاتانی تر بکرێن. هەندێ لەفەلەستینیەکان، عەزامیان بەهۆی راکێشانی لاوانی عەرەب بۆ جیهاد لەئەفغانستان و دورخستنەوەیان لەجیهاد



دژی ئیسرائیل سەرزەنشتیان دەکرد، بەڵام عەزام لەکتابەکانی و نوسینەکانی خۆی، لەم روەوە تەئکیدی کردەوە کەبەبێ بوونی بیروباوەڕێکی  بەهێز، ناتوانرێت جیهاد بەسەرکەوتن بگەیەنرێت. عەبدولا عەزام لەدامەزرێنەرانی رێکخراوی حەماس لەفەلەستین بوو، حەماس هەلێك بوو کەعەزام دەیویست کارەکانی تری لەوێوە دەست پێ بکات، وەلێ پێش ئەوەی لەم رێگایە هەنگاوێ هەڵگری، لەساڵی (1368) واتە (1989) لەگەڵ دوو کوڕی خۆی، (محمد 24 ساڵەو ئیبراهیم 13 ساڵە) لەپیشاوەر لەکاتێك کوژرا کەدەیویست نوێژی جومعە بکات.

عەبدولا عەزام بەهۆی شێوازی فکری توندڕەوی و شەڕئەنگێزیەوە، ئارامی بەخشی هەموو لاوە سەرەڕۆو بێ ئومێدەکانی جیهانی عەرەب بوو پاش مەرگی ئەو ئەلقاعیدە رێگاکەی ئەویان گرتەبەر.

دوای کوژرانی عەبدولا عەزام، کۆششێك لەلایەن عەرەبەکانەوە لەپیشاوەر رێکخرا، تا (شێخ عەبدولمەجید زندانی) یەکێك لەزانایانی ناوداری جیهانی عەرەب، بەجێگری ئەو، بەرێوەبەری (نوسینگەی خزمەتگوزاری) بگرێتە ئەستۆ، بەڵام شێخ زیندانی لەم کارەدا داوای لێبوردنی کرد، لەپاش ئەوەدا لەسەرچۆنێتی بەرێوەبردنی نوسینگەی خزمەتگوزاری، لەنێوان کارمەندانی ئەم نوسینگەیە کەزۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی ئەو بوون، ناکۆکی کەوتەوە، پاکستان دیسان موجاهیدە عەرەبەکانی خستبووە ژێر فشارەوە تائەو وڵاتە تەرك کەن، خێزانەکەی عەزام لەپاکستان دەر چوون و بەم شێوەیە نوسینگەی خزمەتگوزاری لەناوچوو،

www.pertwk.com

بەڵام فکری عەبدوڵا عەزام وەکو کەسێتیەکی توندڕەو شەڕانی وەك ژێرخانی باوەڕی سیاسی ئەلقاعیدە بەردەوام بوو.

لەگەڵ روخانی رژێمی (نەجیب)و جێگیربوونی دەوڵەتی موجاهدین، حکومەتی تازە ناچار بوو ملکەچی داواکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بێت‌و رێگاچارەیەك بۆ کێشەی زۆر ئاڵۆزی هەزاران موجاهیدی عەرەب کەبەتەواوبوونی شەڕ لەئەفغانستان مابونەوە لەوێ، بدۆزێتەوە، لەبەرئەوەی ئەم خەڵکانە وەکو (عەرەب ئەفغان) لەوڵاتەکانی خۆیاندا لەژێرچاودێریدا بوون، بەهەندێکیان هاونیشتمانی ئەفغانی‌و بەهەندێکی تریان پاساپۆرتی ئەفغانی بەمەبەستی سەفەرکردن بەخشرا، دەوڵەتی موجاهدین داوای لەزۆر لەوانەکرد کەخاکی ئەفغانستان بەجێ بێڵن، بەڵام بەهۆی ئەو پشێویەی کەکەوتەوە لەجەنگەکانی لایەنەکان هەلی رەخساند بۆ عەرەبەکان تالەناوچە ئازادەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن‌و هەندێکی تریان دیسان لەشەڕی لایەنەکان بەسوودی گروپە شەڕکەرەکان بەهرەمەندبوون‌و بەم شێوەیە ئەوان زۆربەی پایەگاو پێگەکانی خۆیان، کەلەسەردەمی شەڕدا دروستیان کردبوو بپارێزن. یەکێك لەئەندامەکانی ئەلقاعیدە لەبارەی ئەو سەردەمەوە بەنوسەری وت: (دوای بەدەسەڵات گەیشتنی موجاهیدین لەکابوڵدا، ئێمە عەربەکان لەژێرگوشاردا بووین کەئەبێ ئەفغانستان بەجێ بێڵین، لەپاکستانیش هەروەها عەرەبەکانیان دەستگیر دەکردو تەسلیم بەوڵاتە عەرەبیەکان دەکرانەوەو ئوستاد رەبانی دیسان لەبارەی



دانەوەی ئێمە بەوڵاتە عەرەبیەکان، پەیماننامەیەکی لەگەڵ میسردا بەست، ئێمە چەند کەسێکمان وەکو نمایندە ناردە لای (سیاف)و پێمان وت: ئیمە هاوسەنگەرانی سەردەمی جیهادین لەگەڵتاندا، هەمان هاوسەرنگەرانێك کەرۆژێك خودی تۆ دەتگوت دوای رزگاری ئەفغانستان لەگەڵ ئێمە پێکەوە هەموو دەڕۆین بۆ جیهاد کردن لەفەلەستین، لەکاتێك کەئەمڕۆ ئێمە تەسلیم بەدوژمنانمان دەکرێینەوەو ئێوە بێ دەنگن).

سەیاف لەوەڵامدا بەدورودرێژی قسەی کردو وتی: "ئەفغانستان وڵاتێکە لەماوەی 14 ساڵی شەڕ بەتەواوی وێران بووەو خەڵکی رووبەرووی زۆر کێشەو گیروگرفت بوونەوە خەڵکی چاوەڕوانن کەحکومەتی تازە بۆ چارەسەری کێشەکانیان ئاوڕیان لێ بداتەوە، ئەمە لەکاتێك کەبەبێ یاری‌و کۆمەکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناکرێت، دوێنێ کەئێوە لەگەڵ ئێمەدا بوون ئێمە دەوڵەت نەبووین، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوەڕوانی ئەوەن لەدەوڵەتی ئیسلامی کەلەهەر هەلومەرجێکدا مەسئولانە کاربکات، بەپێچەوانەی ئەو شێوەیە، هەر ئەم دەوڵەتە ئیسلامییەی کەبەرهەمی جیهادی ئێمەو ئێوەیە لەناودەچێت، کۆمەڵگەی جیهانی لەئێمە دەخوازن کەعەرەبەکان لەئەفغانستان وەدەرنرێن‌و ئێمەش هاوکاریتان دەکەین تابگەرێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆتان، پاشان هەرکاتێك کەویستتان بەشێوەیەکی یاسایی دەتوانن سەردانی ئەفغانستان بکەن، تابۆ دەوڵەتی ئەفغانستانیش کێشە دروست نەبێت. بەڵام بوونی ئێوە بەشێوەی گروپی چەکدارو

www.pertwk.com

دەرگیربوونی ئێوە لەگەڵ باری ڕێکخراوەیی و کێشمەکێشی گروپەکانی ئەفغانی نەبەقازانجی ئێوەو نەبەقازانجی میللەتی ئەفغانستانە"

ئەگەر وتەکانی سەرەوە لەقسەی ئوستاد سەیاف وەرگیرابێت، بەراستی بەوشێوەیە گێڕرابێتەوە، نیشانەی هەست بەمەسئولیەتی یەك سەرکردەی ڕێکخراوەێکە لەبەرامبەر خەڵکی ئەفغانستان. بەڵام لەهەمانکاتدا موجاهدینی عەرەب دیسان گرفتیان هەبوو کەئەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەوەدا بەرخوردێکی واقع بینی هەبێت. نابێت بەبێ هۆو تەنها لەبەرئەوەی کەلەجیهادی ئەفغانستان بەشداربوون بکەونە ژێر چاودێریو ئازار بدرێن. بەڵام وادەهاتە پێشچاو کەهیچ کەسێك ئاوڕی نەدەدایەوە لەچارەسەری کێشەی بوونی عەرەبەکان لەئەفغانستان. چونکە عەرەبەکان بەئامادەبونیان لەجیهادی ئەفغانستان، پێشەنگی جۆرێ (پان ئیسلامیزم) بوونو ئەم تەجروبە ئەبێت لەئەفغانستان شکست بێنێو بۆ هیچ گۆشەیەکی تری جیهانی ئیسلام گشتگیر نەبێت .



## ئوسامە بن لادنو ئەلقاعیدە

لەم کۆڕاڵەدا (گەدایەكو شایەك هاوتان)! ئەگەر عەبدوڵا عەزامی ئاوارەی فەلەستینی ڕزگاری بووە لەکوشتاری بەکۆمەڵی سێپتمبەری ڕەش (ئەیلولی رەش) لەئوردن، ئوسامە بن لادن ملیۆنێرزادەیەکە کەپێش هاتنە دونیاش هەر ملیۆنێر بووە! بەڵام ئەو ئەمڕۆ سەربەهیچ وڵاتیك نییە لەدونیادا، ئەو لەفەلەستینێکان بێ جێگەو لانەترە.

ئوسامە کوڕی محمد کوڕی لادن لەساڵێ 1957ز لەشاری ڕیازی عەرەبستانی سعودی هاتوەتە دونیاوە. خێزانەکەی بەئەسڵ خەڵکی یەمەنن کەدوایی هاتونەتە عەرەبستانی سعودی، باوکی ئوسامە یەکێك بووە لەهاورێ نزیکەکانی (شا فەیسەڵ)ی پادشای پێشووی عەرەبستانی سعودی، ئەمڕۆ (کۆمپانیای گەورەی تەلارسازی) موڵکی ئەم خێزانەیە.

باوکی ئوسامە (25) کوڕێ هەبووە، بەوتەی ئوسامە : "باوکم چل ساڵ چاوەڕوانی پەیدا بوونی (مەهدی) بوو، ئەو (12) ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد بوو بۆ مەهدی، چونکە باوکم کۆچی کردو جیهادیش لەئەفغانستان دەستی پێکرد، خێزانەکەمان دوای

www.pertwk.com

راویژکردنێك گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی كەچونكە سەرهەڵدانی مەهدی هێشتا دیار نییەو جیهاد لەئەفغانستاندا لەبەر ئەوەی لەپێناوی سەرفرازی ئیسلامدایە، باشتر وایە ئەم پارەیە لەرێگای جیهاددا خەرج بكرێت"

ئوسامە خوێندنی سەرەتایی خۆی لەمەدینەی منەوەرەو خوێندنی باڵای لەكۆلێژی (بەرێوەبردن و ئابوری) لەزانكۆی شاعەبدولعەزیز تەواوكردو دوایی وەكو براكانی تری لەكۆمپانیای بن لادن سەرگەرمی كاركردن بوو، سەرمایەی شەخسی ئوسامە لەوكاتەدا نزیكەی سێ سەد ملیۆن دۆلار زیاتر بوو.

ئەو كاتەی كەئوسامە بۆ یارمەتیدانی جیهادی ئەفغانستان هاتە پیشاوەر، كەوتە ژێر كاریگەری دكتۆر (عەبدوڵا عەزام)ەوە، لەو سەردەمەدا عەبدوڵا عەزام بەمەبەستی ئیش و كاری سەربەخۆ، بەتازەیی (نوسینگەی خزمەتگوزاری) دامەزراند بوو، كەئامانج لەوكارەدا یارمەتیدانی موجاهیدین بوو لەجیهاددا.

ئوسامە بەهۆی عەبدوڵا عەزامەوە ئاشنایەتی لەگەڵ رابەرانی موجاهدینی ئەفغان پەیدا كردو بەتایبەتی پەیوەندی نزیكی لەگەڵ ئوستاد سەیافدا بەست و هاوكاری ماددی ئوسامە كەبووە هۆی لەسەرپێ وەستانی نوسینگەی خزمەتگوزاری دەوری گرنگی هەبوو. لەو كاتەوەی كەیارمەتی زۆری مادی لەسەرانسەری جیهانی ئیسلامییەوە دەدرا بە موجاهیدینی ئەفغانی، هەندێ یارمەتی خەڵكی وڵاتانی عەرەبی دەدرا بەنوسینگەی خزمەتگوزاری ئەم توانا مادیە هەلێكی باشی بۆ عەبدوڵا عەزام



هێنایە پێشەوە تابیر بكاتەوە لەچوارچێوەیەكی فراوانتر لەسنورەكانی ئەفغانستان ئەو داوای لەسەرجەم لاوانی ئیسلام لەدونیاو بەتایبەتی جیهانی عەرەبی كرد كەبێن بۆ ئەفغانستان و بەبەشداری كردن لەجیهاد ئەركی دینی خۆیان جێبەجێ بكەن.

ئامانجی عەزام پەروەردەكردنی سەربازی بۆ لاوانی موسوڵمان بوو تالەئایندەدا لەوڵاتانی تر لەكاتی پێویستدا سوود لەتوانای ئەوان وەربگیرێت.. ژمارەی ئەم خۆبەخشانە لەزیادبووندا بوو. ئامادەباشی و رێكخستنی ئەمانە كەوتە ئەستۆی ئوسامە بن لادن. تائیش و كاری موجاهیدین و ئاوارەكانی ئەفغان و موجاهیدینی غەیرە ئەفغان بەتایبەت عەرەبەكان بەشێوەی جیاجیا رێك بخرێت.

ئوسامە بۆ ئەم مەبەستە تەشكیلاتێكی بچوكی دروست كرد بەناوی (قاعیدەی ئەنسار)ەوە كەتەنها چەند تەلارێكی نیشتەجێ بوون كەلەپیشاوەر لەبەردەستیاندا بوو، كەهەریەك بەناوی تایبەتی خۆیەوە دەناسرا، وەكو (ماڵی عیراقیەكان)، (ماڵی یەمەنیەكان)و...هتدو لاوە تازە پێشگەیشتووەكانیان دەنارده (ماڵی لاوان).

ئەم گەنجانە بەشێوەیەكی رێك وپێك لەدەرسەكانی تەفسیرو وەرگێڕانی قورئاندا بەتایبەت دەرسەكانی عەبدوڵا عەزام بەشداریان دەكردو بەشێوەیەكی سەرەتایی بەهەلومەرجی ناوخۆی ئەفغانستان ئاشنا دەبوون و دوای ماوەیەك بۆ پێگەسەربازیەكانی ناوئەفغانستان دەنێردران. قاعیدەی ئەنسار لەناوچەی (جاجی) لە(پەكتیا) پێگەیەكی سەربازیان بەناوی (ماصدە الانصار) دروستكردو پێبەپێ لەناوچە جیاجیاكانی

www.pertwk.com

ئەفغانستان، پێگەی سەربەخۆی سەربازی، لەلایەن موجاهیدە عەربەکانەوە دروستدەکرا، هەر لاوێکی عەرەب بەمەبەستی پەروەردەی سەربازی دەهاتو بۆ ئەفغانستان، خەرجی سەفەرەکەی (نوسینگەی خزمەتگوزاری) یاقاعیدەی ئەنسار دەیدا.

موجاهیدینی عەرەب چەکدار بوون هاوشێوەی چەکدارەکانی موجاهیدینی ئەفغانی، کاتێك لەساڵی 1996 یەکەمین وەجبەی چەکی دژە هەوایی (ئستینگەر) هات بۆ پاکستان، هەروەکو رێکخراوە جیهادیەکانی ئەفغان، ژمارەیەك لەم چەکانە درا بەموجاهیدینی عەرەب.

پاش دەربڕینی ئامادەی روسەکان بۆ ئیمزا کردنی پەیماننامەی (ژنێف) کەبەدەرچوونی هێزەکانی روسیا لەئەفغانستان کۆتایی هات، دەزگای (c.i.A) ئەمریکا بودجەیەکی بۆ کڕینی (ئستینگەر) لەموجاهیدین تەرخانکرد، ئامانجی ئەمریکا لەم کارەدا رێگری بوو لەگەیشتنی ئیستنگەر بەدەستی فەلەستینییەکانو باقی رێکخراوە پارتیزانیەکان لەدونیادا ئوسامە دیسان لەبەرامبەردا دەستی کرد بەکڕینی ئستینگەر لەموجاهیدین.

ترسی لێپرسراوانی ئەمریکا لەکردەوەکانی ئوسامە، ئەوکاتەی بەتوندی دەرکەوت کەلەرۆژی سەربەخۆیی میرنشینی قەتەر، سەربازەکانی ئەم وڵاتە، لەکاتی دەست پێکردنی مانۆڕی سەربازیدا، چەند دەزگایەکی چەکی ئستینگەریان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو، ئەمریکاییەکان بەتوندی توڕەبوونو قەتەریان خستەژێر گوشارەوەو ئەو چەکانەیان لەو وڵاتەوەرگرتەوە بەگوێرەی ئەو ژمارانەی لەسەرچەکەکان هەڵکۆڵرا بوون دەرکەوت



کەئەم چەکانە هەمان ئەو چەکانەیەکە دەدرا بەموجاهیدینی ئەفغان، ئەمە یەکەمین زەنگی لێدانی هەست کردن بوو بەمەترسی ئوسامە، کەلەرۆژنامەکانی جیهانی رۆژئاوادا رەنگیدایەوە دوای راگەیاندنی ئامادەی روسیا بۆ چوونەدەرەوە لەئەفغانستان، پیشاوەرو کوێتە بوونە ناوەندی کڕینی (ئستینگەر)و دیاردەی تیرۆری نهێنی لەم قۆناغەدا سەری هەڵدا، وەکو کوشتنی (عەبدوڵا عەزام).

پاش چەند ساڵێك (خان عەبدولوەلی خان) رابەری (پارتی گشتی میللی پاکستان) لەگفتوگۆیەکدا ئاشکرای کرد کەکوشتنی زانا (عارف حوسەینی ئەلحوسەینی) کەیەکێکە لەرابەرانی شیعەی پاکستان، لەپیشاوەر پەیوەستە بەرووداوی ئستینگەرەوە بەوتەی وەلی خان ئەلحوسەینی لەمامەڵەی کڕینی ئستینگەر بۆ ئێران دەستی هەبووە.

دوای کوشتنی عەبدوڵا عەزام، ئوسامە ژیانی لەپاکستان زۆردژوار بوو.

لەلایەکی ترەوە پاکستان دیسان کەوتە ژێرفشاری ئەمریکاو دەستی بەدەستگیرکردنو دەرکردنی عەرەبەکان لەپاکستان کرد.

دوای لەناوچوونی رژێمی کۆمۆنیستیو دەست پیٚکردنی شەڕوپێکدادان لەنێو رێکخراوە جیهادیەکان عەرەبەکان لەدامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی بیٚ هیوا بوونو ئوسامەش دیسان گەڕایەوە بۆ عەرەبستانی سعودیو لەویٚ بەهەست کردن بەو مەترسییەی رژێمی عێراق کەرووبەرووی کوەیتو سعودییە بوو، پێشنیارێکی دابەدەوڵەتی سعودی کەمۆڵەتی بدەن

www.pertwk.com

لەشکرێکی موجاهیدینی موسوڵمان لەسەرانسەری جیهانی ئیسلامی لەعەرەبستانی سعودی جێگیربکاتو خەرجی ئەم لەشکرەش خۆی دابینی بکات.

دەوڵەتی سعودیە ئەم داوایەی ئوسامەی رەتکردەوەو ئوسامەش بەنیازی سودان بەریٚ کەوتو لەو وڵاتە سەرگەرمی سەرمایەگوزاری بوو لەپرۆژەکانی تەلارسازیو لەوانەش چاککردنەوەی جادەیەك بەدرێژی هەشت سەد کیلۆمەتر.

ئەو عەرەبانەی کەلەئەفغانستانو پاکستان مابونەوە، لەلایەکەوە بەهۆی جەنگەکانی ناوخۆوە تووشی بیٚ ئومێدی بوونو لەلایەکی ترەوە لەژێر گوشاردا بوون تاپاکستان بەجیٚ بێڵن. لەکاتێکدا کەوڵاتەکانی خۆیان وەریانی نەدەگرتن، گروپێکی بچوکیان هەستان بەنیازی دامەزراندنی خەلافەتێکی ئیسلامی ئەوان بۆ ئەم کارە دکتۆرێکی خەڵکی ئوردنیان کەلەخێزانی هاشمیەکان بوو، وەلەنەخۆشخانەی (ئەلفوزان) لەپیشاوەر بەپزیشکییەوە مەشغول بوو وەکو خەلیفە هەڵبژارد، لەبەر ئەوەی رەچەڵەکی هاشمی بەمەرجێکی خەلافەتیان دەزانیو لەناوچەیەکی دوورە دەستی خەیبەر پێکهاتەیەکی رەگەزی، سەرسنوری پاکستان (ئۆجنسی سۆبە) بەهاوکاری خانی قەبیلەیەك، ئەنجومەنێکی بچوکی خەلافەتی ئیسلامیان دروستکرد، هێشتا ماوەیەکی کەم بەسەردامەزراندنی خەلافەت تێنەپەڕی بوو کەلەشکرێك لەخێڵەکان یەکیان گرت بۆ هێرش کردنە سەریانو لەنەبەرێکدا کەروویدا خانی قەبیلەو چەند کەسێك لەعەرەبەکان



کوژرانو ئەوانی تر پەنایان بردە رۆژهەڵاتی ئەفغانستانو فەرماندەیەکی موجاهیدین بەناوی (سازنور) لەیەکێتی ئیسلامی پارێزگاری لێکردنو بەمشێوەیە یەکەمین هەوڵی عەرەبەکان بۆ دروستکردنی خەلافەتێکی ئیسلامی سەرەنجامێکی تاڵی هەبوو.

لەساڵی 1996، سیٚ کەس لەفەرماندەکانی شورای ئەو کاتەی جەلال ئاباد، ئەندازیار (مەحمود) لەحزبی ئیسلامی، بەندە، (فەزڵ ئەلحەق) موجاهد لەحزبی ئیسلامی حیکمەتیارو سازنور لەیەکێتی ئیسلامی ئەفغانستان بەرابەری ئوستاد سەیاف، بۆ بەشداری کردن لەئاهەنگی شۆڕشی سودان بۆئەو وڵاتە بانگهێشت کراین، ئەوان لەسودانو چاویان بەئوسامە کەوتو لەو کاتەدا سودان لەژێر فشاری ئەمریکادا بوو تائوسامەی لەو وڵاتە وەدەرنا، وادیار بوو کەهەر لەو سەردانەدا، سیٚ فەرماندەی پلەبەرز، ئامادەیی خۆیان بۆ پەنادانی ئوسامە لەرۆژهەڵاتی ئەفغانستان دەربڕی. بەرنامەی گەڕانەوەی ئوسامە لەسودانەوە بۆ ئەفغانستان بەوردی رێکخرا، دوو فڕۆکەی (بوئینگ– ئاریانا) لەکابوڵەوە بەمەبەستی شێخ نشینی (شارجە) هەڵسان، دوای نیشتنەوە لەفڕۆکەخانەی شارجە، یەکێك لەفڕۆکەکان دوای ئەوەی سووتەمەنی کرد دوبارە هەڵساو ئەمجارە بەنیازی فڕۆکەخانەی خەرتوم پایتەختی سودان بوو، فڕۆکەکە دوای نیشتنەوەی لەفڕۆکەخانە بەپەلەسووتەمەنی هەڵگرتو لەو کاتەدا ئوسامەو هاورێکانی سوار فڕۆکەکە بوون، فڕینی دوایی بەنیازی شارجە بوو.خێزانەکانی ئەوان پێشتر نێردرابوون بۆ شارجەو سوار فڕۆکەیەك بوون کەلەفڕۆکەخانەی

www.pertwk.com

شارجه دابەزین، فڕۆکەی دووەمی دوای نیشتنەوە بەرەو لای فڕۆکەی یەکەم ڕێنمایی کرا، ئوسامەو هاوڕێکانی چوونە ناو ئەو تەیارەی کەخێزانەکانیانی تیابوو، تەیارەکە بەنیازی جەلال ئاباد لەرۆژهەلاتی ئەفغانستان هەڵسا، ئەو فڕۆکەی کەلەسودانەوەی هاتبوو بۆ شارجە، دوای ماوەیەك بەمەبەستی کابوڵ هەڵسا.

بێشك لەگەڕانەوەی ئوسامە بەشێوەیەکی وارێکوپێك، خەڵکانێکی بەدەسەلات لەدەوڵەتەکەی ڕەبانی دەورێکی بالایان هەبوو، دەزگا هەواڵگریەکانی رۆژئاوا، کاتێك بەم ڕووداوەیان زانی کەفڕۆکەیەك لەفڕۆکەخانەی جەلال ئاباد نیشتوەتەوە.

ئوسامە هات بۆ جەلال ئاباد و لەلایەن سێ فەرماندەی پایەبەرزو بەندەوە پارێزگاری لێ دەکرا، ئالەم کاتەدا تالیبان وەکو هێزێکی تازە نەفەس لەناوچە پەشتۆن نیشنەکان بەخێرایی لەپێشرەویدا بوون، ئەمریکا هەوڵی دەدا بەیاری هەندێ سەرانی موجاهیدین لەرۆژهەلاتی ئەفغانستان، ئوسامە دەستگیر بکات، بەلام هەرزوو ئەم ناوچانە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی تالیبانەوەو ئوسامەش پاڵیدا بەتالیبانەوە.

ڕابەرانی تالیبان بەپێچەوانەی ڕابەرانی موجاهیدین ئەزموونی کارکردنیان لەگەڵ عەرەبەکاندا نەبوو، لەکاتێك کەئوسامەو هەوادارانی بەسوود وەرگرتن لەئەزموونی کاری پێشووتریان لەگەڵ ڕەهبەرانی موجاهیدین، بەباشی دەیانزانی کەچۆن لەریزەکانی تالیبان نفوز پەیدا بکەن، کڕینی مۆلیدەی بەنرخ بۆ مەلا محمد عومەرو لایەنگرانی هەنگاوی یەکەم بوو لەم ڕێگایەدا،



کۆمەکی دارایی لەشەڕ دژی نەیارانی تالیباندا، بەتایبەت لەرێگای کڕینی فەرماندەکانی نەیارەکان، هۆکارێکی کاریگەر لەبەرەوپێشچوونی تالیبان جێگیربوو بەم شێوەیە ئوسامە دەورێکی کاریگەرتری لەیەك میوان گێڕاو لەپاڵ تالیباندا جێگەی خۆی کردەوە.

بوونی ئوسامە لەپاڵ تالیباندا دیسان بەسوودی پاکستان بوو، چونکە پاکستان لە لایەك ئەیویست هەندێ لەخەرجی قورسی شەڕ لەئەفغانستاندا، ئوسامە لەرێگای بەدەستهێنانی کۆمەك لەجیهانی ئیسلامی بیدات و لەلایەکی ترەوە بوونی ئوسامەو ئەلقاعیدە لەئەفغانستان، دەیتوانی بەڵگەیەکی باش بێت بۆ پاکستان کەتەنها پاکستانیەکان هێزی خۆبەخشی بێگانە نین لەناو تالیباندا و بوونی ئەوان لەئەنجامی ئارەزووی بیروباوەڕی ئەوانە، هەروەك ئەمە فاکتەرێك بوو بۆ ئەو خۆبەخشانەی کەلەولاتانی ترەوە بۆ ئەفغانستان پەلکێش دەکران، لەبەرئەوە پاکستان بەشێوەی سەربازی نەدەهاتە ناوخاکی ئەفغانستانەوە، هەروەها پاکستان فەرمانیدا بەگروپە چەکدارەکانی کەشمیر کەدژی دەوڵەتی هند دەجەنگان بڕۆن بۆ ئەفغانستان و بچنە پاڵ ئوسامەو تالیبان تالەلایەکەوە لەئەفغانستان ڕابهێنرێن و لەلایەکی دیەوە لەنێوان گروپە جۆراوجۆرە جودایی خوازەکان کەلەئەفغانستان پەنادرابوون، ئەوانیش وەکو (میوان)ی ولاتێکی بێ بایەخ بەپێی بنەمای پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان بژمێردرێن و لێپرسراوێتی کاردانەوەکانی ئەوان نەدرێتە پاڵ پاکستان.

www.pertwk.com

بەلاَم ڕووداوەکان بەحەزو خواستی پاکستان نەدەچووە پێشیّ، بەرنامەی پاکستان ئەوە بوو کەهێزە نیزامیەکانی ئەفغانستان بخاتە ژێر کۆنترۆلّی خۆیەوە، بەلاَم لەبەرامبەردا هەرکاتیّ تالیبان سەرکەوتنێکی سەربازیان بەدەست هێنابا، بەگویّ نەگرتنیان لەپاکستانیەکان ئەوانیان نیگەران دەکرد، ئەتوانین بلّێین دوای گرتنی کابولّ، تالیبان خۆیان لەبارودۆخێکدا دەبینیەوە کەفەرمانەکانی پاکستان بەچاو بەستراوی وەرنەگرن، زۆربوونی ژمارەی عەرەبەکان لەریزی تالیبانو بەپالّپشتی رۆژانەی یارمەتیە دارایی و نیزامییەکانیان، کەم کەم بووە هۆی نیگەرانی پاکستان. هەر ئەم هۆکارە وایکرد کەپاکستان رێگربێت لەبەردەم رۆیشتنی عەرەبەکان لەخاکی پاکستانەوە بۆ ئەفغانستانو دەرەنجام ئەوان ناچار بوون کەخاکی ئێران هەلّبژێرن بۆ سەفەر کردن بۆ ئەفغانستان. کاتێك کەجەنرالّ (مەلك) دژی دۆستم راپەڕیو داوای لەتالیبان کرد کەبچنە ناو مەزارشەریفەوە، (عەزیز ئەحمەد خان) سەفیری پاکستان لەکابولّ تالیبانی دلّنیا کردەوە کەهیچ کێشەیەك نابێتو ئەوان دەتوانن بەبیّ چەك بچنە ناو مەزارشەریف، ئەلّبەتە لەم بارەیەوە پێشووتر پەیوەندی لەنێوان جەنرالّ (مەلك)و مەلا(محمد غەوس) وەزیری دەرەوە بەنیونجی دەزگای هەوالّگری سەربازی پاکستان (ISI) دروست ببوو، بەم شێوەیە هەزاران تالیبانی بیّ چەك لەرێگەی ئاسمانەوە نێردران بۆ مەزار شەریف، عەزیز خان بۆ زیاتر دلّنیابوونی تالیبان، خۆشی هات بۆ ئەو شارە، عەزیز ئەحمەد خان، تالیبانی برد بۆ مەزار شەریف، بەلاَم



بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، بەرەنگاربوونەوەی توند لەمەزار شەریف بووە هۆی شکست هێنانو کوشتنی هەزاران تالیبان لەو شارەدا، کەلەدەشتی لەیلا بەخاك سپێردران، ئەژماری زانراوی ئەم کوژراوانە هەرگیز دەرناکەوێت، چونکە هیچ کەسێك ناونووس نەدەکرا لەوانەی کەدەهاتن بۆ مەزار شەریفو هەرکەسیّ بیویستایە سوار فرۆکە دەبوو، وەدەرۆیشت بۆ مەزار شەریف، لەم شێوە بەربلاَوییە لەریزەکانی سەربازی تالیباندا، هەمیشە کێشەی بۆ ئەوان دروست دەکرد.

عەزیز ئەحمەدخانی پەشتۆن، لەکەسە نزیکەکانی (بیگم نەسیم وەلی خان) هاوسەری خان عەبدولوەلی خانە، سەردەمێك کەهێشتا رژێمی نەجیب لەکابولّ لەسەردەسەلاَت بوو، عەزیز ئەحمەدخان، سەفیری پاکستان بوو لەترکیا، نوێنەری سیاسی رژێمی نەجیب لە(دهلی) هەرلەو کاتەدا هەوالّیدا بەوەزارەتی کاروباری دەرەوە کەعەزیز خان سەفیری پاکستان بەراشکاوانە رەخنە لەرابەرانی موجاهیدین دەگرێتو گوتویەتی کە: (جێگەی سەیافو رەبانیو حیکمەتیارو رابەرانی تری موجاهیدین گۆشەی مزگەوتەکانە، ئەمانە نەسیاسەتمەدارنو نەمافی ئەوەیان هەیە لەئەفغانستاندا دەسەلاَتی سیاسی بگرنە دەست).

نوێنەری سیاسی رژێمی نەجیب پرسیاری لەوەزارەتی دەرەوە کردبوو کەئایا دەتوانیّ لەگەلّ عەزیزخان پەیوەندی ببەستیّ یانە؟ لەوەلاَمدا وەزارەتی دەرەوە دیارە دوای لێکۆلّینەوە لەشوناسی عەزیز خان، فەرمانیان پیّدابوو کەلەگەلّیدا پەیوەندییەکی نزیك

www.pertwk.com

ببەستیٚ، عەزیزخان لەکاتی نووسینی ئەم دێڕەدا، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی پاکستانە.

دوای ڕووداوەکەی مەزار شەریف، عەزیزخان و یاوەرانی لەرێگای ئاسیای ناوەراستەوە گەڕانەوە بۆ پاکستان، مەلا محەمەد غەوس و کۆمەڵێکی تر لەفەرماندەکانی تالیبانی توانیان هەڵبێن، بەڵام مەلا (ئیحسان الله) سەرۆکی بانکی مەرکەزی کوژرا، دیارە گوناهی ئەم هەڵەیە کەوتە ئەستۆی مەلا محەمەد غەوس، ئەو لەجموجۆڵ و لەدەسەڵات وەها دوور خرایەوە کەپاشان هیچ دەنگێك لە ئەوەوە نەدەبیسترا، هەندیٚ دەیانگوت کەئەو لەکوێتە لەژێرچاودێریدایە، ئەو بەپێچەوانەی چاوەڕوانی پاکستان لەم ڕووداوە بەسەلامەتی دەرباز بوو، ئەگەر رۆژێك قسە بکات رەنگە نهێنی زۆر لەم بارەیەوە ئاشکرا ببێت.

دوای ئەم ڕووداوە بوو کەمن بۆ یەکەمجار بەئاشکرا نیشانەی دژایەتیکردنی پاکستانم لەقسەو کردەوەکانی هەندێك لەرابەرانی تالیبان بینی و هەرئەم خراپ تێگەیشتنە سەبارەت بەئامانجی پاکستان وای کرد کەتالیبان زیاتر بۆ لای ئوسامەو ئەلقاعیدە راکێشرێن. ئەوان لەمەزار شەریفدا ژمارەیەك لەهێزە راهێنراو رچەشکێنەکانی خۆیان لەدەستداو پێشتر لەناوچەیەکی باکووری کابولیٚ زیانێکی زۆریان بەرکەوتبوو، هەر کاتێك گوشاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ سەر تالیبان زیاتر دەبوو، ئەلقاعیدە لەوەدا بەقازانجی نفوزو فراوانبوونی دەسەڵاتی خۆی



لەئەفغانستان سوودمەند دەبوو، ئوسامە خۆی لەئامانجی گەورەی، یانی دروستکردنی لەشکرێکی موجاهیدینی موسوڵمان لەسەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا نزیکتر هەست پیٚ دەکرد.

ئوسامە بن لادن وەکو رابەری (قاعیدەی ئەنسار) بەکەڵك وەرگرتن لەتوانا ماددیەکانی خۆی، توانی شوێنی خۆی بکاتەوە لەریزەکانی تالیباندا ئەو لەدوایدا لەگەڵ (ئەیمەن ئەلزەواهری)دا، جێگری (کۆمەڵەی جیهادی میسر) لەبارەی دروستکردنی رێکخراوێکی هاوبەشدا گفتوگۆی سازدا، رابەری (کۆمەڵەی جیهاد) (شێخ عومەر عەبدولرەحمان) بەتاوانی دەست تێکەڵ بوون لەتەقینەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی لەچەند ساڵی رابووردو لەئەمریکا، لەزینداندا بەسەرئەبات، بەڵام کوڕەکانی و هاوسەرەکەی هاتن بۆ ئەفغانستان دایك و (شەوقی ئەستەنبوڵی) برای (خالیدی ئەستەنبولی) بکوژی ئەنوەر سادات.

سەرۆك کۆماری پێشووی میسر دیسان لەئەفغانستان ژیان بەسەردەبەن، کەهەموو گرێدراوی (کۆمەڵەی جیهاد)و خوازیاری یەکگرتنی هەردوو رێکخراون.

سەرەنجام قاعیدەی ئەنسارو کۆمەڵەی جیهاد، یەکگرتنی خۆیان بەرەسمی راگەیاند، کەرێکخراوە نوێکەیان ناونا (قاعیدەی جیهاد) ئوسامە بەرابەرو ئەیمەن زەواهری بەجێگیری ئەم رێکخراوە دامەزراو لێپرسراوێتی سەربازی ئەم رێکخراوە کەوتە ئەستۆی (ئەبو حەفسی گەورە) ئەبو حەفس بەو هۆیەوە بەگەورە

www.pertwk.com

ناویان دەبرد تالەئەبو حەفسی بچوکی مۆریتانی کەیەکیکە لەسەرکردەکانی ئەلقاعیدە جیابکرێتەوە.

نزیکەی 95٪ی خۆبەخشە عەرەبەکان لەرێگای ئێرانەوە دەهاتن بۆ ئەفغانستانو هەرلەو رێگایەشەوە لەئەفغانستان دەهاتنە دەرەوە، ئەوانە بەشێوەی قاچاغ لەمەرزی عیراقو یابەهۆی بەڵگەی رەسمی سەفەرکردن بۆ ئێران، سەفرەیان ئەکردو دوایی بەهۆی تۆڕەکانی قاچاخچی لەبەرامبەر پارەیەکی گونجاو بەشێوەی نایاسایی لەسنورەکانی رۆژهەڵاتی ئێرانەوە دەهاتنە ناوئەفغانستانەوە. ئەلقاعیدە هەرکەسێکی بەبێ ئامادەیی لەریزەکانی خۆی وەرنەدەگرت، بەڵکو ئەو کەسانە لەدەرەوە بەنیشانەیەکی تایبەتی خۆیان دەناساند، هەتا هەر ئەم کەسانە پێش ئەوەی باوەڕپێکراوبن، لەلایەن کەسانی هەواڵگری ئەلقاعیدەوە زۆر بەوردی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکراو بۆ ماوەیەکیش لەژێر چاودێریدا دەبوون، هەر ئەم تۆڕی هەواڵگرییە بوو کەتوانی کەسانێك کەبەمەبەستی تیرۆری ئوسامە بن لادن دەهاتن بۆ ئەفغانستان بخاتە داوەوە.

تائەو کاتانەی کەفرۆکەکانی ئاریانا گەشتی دەکرد بۆ میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی، هەندێ لەو کەسانە لەمیرنشینی یەکگرتووەوە دیسان دەهاتن بۆ ئەفغانستان، ئەوانەی کەپاسەپۆرت یاڤیزەکانیان ون دەکرد، تەسلیم بەدەزگای هەواڵگری ئەلقاعیدە دەکران تارەگەزنامەی راستیو ئامانجی سەفەرەکەیان بۆ ئەفغانستان روونبکرێتەوە، ئەڵبەتە لەنێوانی ئەوانەدا، کەسانێك هەبوون کەئامانجیان لەسەفەر کردن بۆ ئەفغانستان ئەوە بوو



کەلەرێگەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە (UNHCR) وەکو پەناهەندە بۆ وڵاتێکی رۆژئاوایی بنێردرێن.

بەڵام نابێ واتێبگەین کەئەلقاعیدە لەئەفغانستان رێکخراویکی یەکگرتوویەك دەست بووە، یائەوەی هەرخۆبەخشێکی عەرەب کەهاتبوە ئەفغانستان، حەتمەن سەربەئەلقاعیدەی بزانین، کاریگەری مەعنەوی ئوسامە بەئەندازەیەك نەبوو کەهەمووان بەبێ چونو چەرا هەموو جۆرە فەرمانێکی جێبەجێ بکەن. بۆ نموونە لەنێوان ئەلقاعیدەو رێکخراوێکی خێرخوازیی عەرەبی بەناوی (رێکخراوی وەفا) بەئاشکرا ناکۆکی هەبوو، رێکخراوی وەفا بەو توانا دارایی‌یەی کەهەیبوو دەیویست کەلایەنگرانی مەلا محەمەد عومەر لەرێگەی تەماعەوە بەرەو لای خۆیان راکێشنو ئەلقاعیدە ئەم رێکخراوەی بەگرێدراوی دەزگای هەواڵگری عەرەبستانی سعودی دەزانی، کەهەوڵ دەدات باڵێك لەئەلقاعیدە جیابکاتەوە.

(ئەبو عەبدولعەزیز) سەرۆکی ئەم رێکخراوە، ئەو عەرەبانەی کەلەگەڵ ئەلقاعیدەدا ناکۆکیان هەبوو، لەدەوری خۆی کۆکردەوە.

(ئەبو مەسعەبی سوری) ئەتوانین بەیەکێکی تر لەڕکابەرەکانی ئوسامە ناوببەین، ئەبو مەسعەب کەناسنامەی بەریتانی هەبوو، لەسەردەمی جیهاد دژی یەکێتی شورەوی هاتبوو بۆ ئەفغانستان، ئەو هەمیشە رێنمایی تالیبانی دەکرد کەڕێگری لەکارەکانی ئوسامە بکەن، چونکە ئەم پیاوە نازانێت چی دەکات.

ناکۆکی نێوان ئەبو مەسعەبو ئوسامە بەجێگایە گەیشت، کەجارێکیان لەدیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی (ئەلجەزیرە) پەیامنێرەکە لەبارەی ئەو ناکۆکییە لەئەبو مەسعەبی پرسیو ئەو لەوەڵامدا وتی: ئەم ناکۆکییە ئێستا کۆتایی هاتووە.

www.pertwk.com

لێرەدا کەهەریەك لەکەسایەتیە ناودارەکانی موجاهیدە عەرەبەکان خۆیان بەڕابەر یاسەرکردە لەقەڵەم دەدا، لەساڵی 2001 زاینی مەلا محەمەد عومەر رابەری تالیبان سەرکردەکانی هەموو رێکخراوەکانی دەرەوە کەلەئەفغانستان کاروچالاکیان دەنواند، بانگهێشتی کردن بۆ دانیشتنێك لەقەندەهار ئەم دانیشتنە سێ رۆژ بەردەوام بوو، لەکۆتاییدا گەیشتنە بەرەنجامێك کە:

1. رابەری هەموو گروپە عەرەبیەکان کەلەئەفغانستان بوون، لەئەستۆی ئوسامەدابوو.
2. قاری (تاهر جان)،سەرکردایەتی ئاسیای ناوەڕاست، تورکستانی رۆژهەڵاتو چینی لەئەستۆ بوو.
3. رابەری (پاکستان، کەشمیر، بەنگلادیش، بۆرما) لەئەستۆی مەلا(مەسعود ئەزهەر) دەبێ.
4. فەرماندەی سەربازی موجاهیدینی دەرەکی لەئەفغانستان لەئەستۆی (جومعە بای نمنگانی) دەبێت.

چەندین جار لەئوسامە بیسترا بوو کەدەیگوت، من داوام لەلاوانی موسوڵمان لەسەرانسەری جیهان کرد کەبێن بۆ ئەفغانستانو ماوەیەك لەم وڵاتە بەسەربەرن، بەگوزەران لەئەفغانستان، ئینسان هەست بەنزیکتربوون بەخودی خۆی دەکات.

ئەم وتەیەی ئوسامە، نیشانەیەك بوو بۆ رۆڵی ئەفغانستان لەو هێڵە جیهانییە، رێکخراوە نیمچە سەربازیەکان لەسەرانسەری جیهانی ئیسلامدا، ئەندامەکانی خۆیان بەمەبەستی فێربوون (راهێنان)، هەم راهێنانی سەربازیو هەم خولی فیکری، بۆ ئەفغانستان دەیان ناردن، کەپێش هێرشە موشەکیەکانی ئەمریکا،



چەندین ناوەند بۆ ئەو مەبەستە لەچەندین ویلایەتی ئەفغانستان لەچالاکیدا بوون، ناوەندی (ئەلمعاویە) لەناوچەی (ژورە) لەخوست لەسەردەمی جیهاد، ناوەندی موجاهیدە عەرەبەکان بوو کەلەسەردەمی تالیباندا، لقێکی لەویلایەتی (پەکتیکا)و لقێکی تری ئەو لە(ڕیشخور)ی نزیکی کابوڵ بوو، ناوەندی (ئەلبەدر) لەشاخەکانی (تۆرابۆرا) لەرۆژهەڵاتی ئەفغانستان، ناوەندێکی سەختی موجاهیدین بوو لەسەردەمی جیهاددا کەلەدوایدا ئەلقاعیدە بەهێزتری کرد، لقەکانی ناوەندی (ئەلبەدر) لە(لوغمان)و هەروەها لە(دەرونتە) چالاك بوون، دوای هێرشی موشەکی ئەمریکا، پایەگای (ژۆرە) تەرك کراو لەدوایدا ئەلقاعیدە ناچار بەچۆڵکردنی فرقەی ڕیشخور بوو، لقێکی بنکەی (ئەلخالد) لەدەرونتە بەهۆی دژواری هاتوچۆوە کەڵکی لێ نەبینرا، بەڵام بنکەی مەرکەزی لەدامێنی شاخی سپی (تۆرابۆرا) هەرچالاکەو ئوسامە زیاتر لێرە دەژیا، ناوەندی (ئەلخالد) لەتاشەبەردەکانی قەندەهار بوو، بنکەیەکی بچوکتر دیسان لەناوچەی (خانەنشین) ولایەتی هلمەند هەبوو، پاشان لەباشووری قەندەهار ئوسامە ناوەندێکی گەورەی سەربازی بۆ راهێنانی شەڕکەرانی خۆی دروستکرد کەناوی سەربازگەی (ئەلفاروق) بوو.

سەربازەکان نەك تەنها لەبارەی شێوازی بەکارهێنانی چەکە جۆراوجۆرەکان فێردەکران، بەڵکو فێرکردن لەدروستکردنی مادەی تەقینەوە بەشێکی گرنگی ئەم راهێنانانە بوو، ئەو کەسانە فێردەکران کەچۆن لەو مادە بێ زیانەی کەلەهەموو شوێنێکی بازاڕ دەست دەکەوێت، بەسوود وەرگرتن لەفۆرمەڵە کیمیاویەکان، مەوادی تەقینەوەی لێ دروستبکەن (بۆ نموونە لەتۆپی هاکی)و

www.pertwk.com

یابەچی شێوەیەک لەسەوزە، زەهری کوشندە دروست بکەن، بۆ نمونە (لەمادەیەک کەلەبەشێک لەخەیاردا هەیە، ئەتوانرێت زەهری کوشندە دروست بکرێت، مادەی بەدەست هاتوو لەبیست خەیار بۆ کوشتنی یەک کەس بەسە) دیارە کەسانێک کەراهێنەری ئەم زانیاریانە بوون، خۆیان پسپۆڕ بوون لەم بەشەداو جارێکیان تەقینەوەیەک کەلەیەکێک لەبنکەکانی ئەوان لەنزیکی (دار الامان) روویدا، بووە هۆی کوژرانی چەند کەسێک لەوان، دەڵێن ئەم تەقینەوەیە لەکاتی کارکردن بەمادەی کیمیاوی روویداوە.

پەروەردە کردنی ئەو کەسانە لەم ناوچانە، هەم پەیوەست بوو بەوەرزی ساڵەوە، هەم بەشێوەی خاکی ئەو وڵاتە کەخۆبەخشەکان بەمەبەستی راهێنان بۆی هاتبوون، راهێنانی کەسانێک کەزەوی وڵاتەکانیان زیاتر بیابانی بوو، لەپایەگای (ئەلبەدر) دەکرا. بەڵام شوێنی راهێنانی عەمەلی، سەنگەرەکانی شەڕی تالیبان بوو لەگەڵ نەیارەکانیان لەزۆربەی ناوچەکانی ئەفغانستان.

لەبەرئەوە ئەفغانستان جێگایەک بوو، ئەو کەسانە لەوێ پاکدەکرانەوە (دەسوان)و راهێنانی سەربازیان دەبینیو دوای ئەوەی ئامادەیی تەواویان بۆ ئەنجامدانی چالاکی وەردەگرت، دوبارە بەرەو وڵاتەکانیان یان هەر وڵاتێک کەبەرنامەی کارەکانیانی تیایە دەگەڕانەوە.

یەکێک لەئەندامانی ئەلقاعیدە دەیگێڕایەوە کەلەسەرەتای ساڵی 2001 زاینی، رابەری ئەلقاعیدە فەرمانیدا، تالیستێک لەناوی ئەو کەسانەی کەئامادەن چالاکی خۆکوژی ئەنجام بدەن ئامادە بکرێت. تەنها لەقەندەهارو کابوڵو رۆژهەڵاتی ئەفغانستان 122 کەس رەزامەندیان نیشاندا بۆ ئەم کارە، ئەگەر لەو کەسانەی کەلەباکوور



بوون ناونووسی بکرایە، رەنگەی چەند بەرابەری ئەو ژمارەیە زیاتر بوایە.

ئەندامانی ئەلقاعیدە زۆربەسادەیی لەبارەی شەهیدانی چالاکی خۆکوژی قسەیان دەکردو نەیاندەویست ئەو کارە بشارنەوەو باسی نەکەن. چەند مانگ پێش کارەساتی 11ی سێپتمبەر لەئەمریکا، ئەندامانی ئەلقاعیدە لەئەفغانستاندا لەهەر کۆڕو کۆمەڵێکدا باسیان لەچالاکیەکی زۆر گەورە دەکرد لەدژی ئەمریکا، هەتا باسیان دەکرد، کەئێمە تا(سێ هەزار کیلۆگرام) مادەی تەقینەوەمان لەشوێنێکدا داناوە، کەلەگەڵ تەقینەوەیدا گورزێکی کەمەرشکێن بەر دوژمن دەکەوێت، هەرلێرەوە بوو کەلەسەرەتای هێرشکردن بۆ سەر نیویۆرکو واشنتۆن، ئەلقاعیدە وەکو تاوانباری یەکەم لەم هێرشەدا ناوبرا.

www.pertwk.com

# جووڵانەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان

(تاهر یولداش)گەنجێکە، باڵایەکی بەرزو روخسارێکی سەرنج راکێش، شێوەی روخساری کەمتر لە ئۆزبەکیەکان دەچوو سەرکردەی جوڵانەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان بوو، کەگەورەترین گروپی نەیاری رژێمی ئیسلامی کریمۆف لەقەڵەم دەدرێت، تاهر بەزمانەکانی ئۆزبەکی، روسی، دەری (فارسی)، عەرەبی قسەدەکات‌و هەروەها بەزمانی پەشتۆن دیسان ئاشنایەتی هەیە کەلەسەردەمی پەیوەندی ئەو لەگەڵ تالیباندایە بەچەندین ناو دەناسن(تاهر یۆلداشۆف، تاهرجان، تاهر نمنگانی، محەمەد تاهر فاروق).

ناوەندی دەسەڵاتی ئەو لە(تایمەنی) کابوڵ، شوێنی گردبوونەوەی کەسانێك لەئاسیای ناوەڕاست هەتا قەفقاز بوو، (ئۆزبەکییەکان- تاجیکەکان- چیچانیەکان- قرغیزەکان- قوزاقەکان)و هەتا هەندێ جار کەسانێك لەخێڵی (ئیگۆر) لەسین کیانگی چین.

تاهر یوڵداش پڕوپاگەندەی ئەوەی دەکرد، کەئەو زیاترە لەوەی کەرێبەرایەتی جووڵانەوەیەك بکات لەئۆزبەکستان، لەسەرەتای ساڵی 2001 جوڵانەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان لەنامەیەکیدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی کابوڵ رایگەیاند، چونکە (ئەمیری موسوڵمانان مەلا عومەری تێکۆشەر) فەرمانی داوە ئیمارەتی (پشتی



رووبارەکان) هەتا قەفقاز بدرێت بە(محەمەد تاهیر فاروق)، جالەبەر ئەوە، وەزارەتی کاروباری دەرەوە لەهەر پەیوەندیەك لەگەڵ ئەم ناوچانەدا، ئەبێت لەگەڵ ئەو راوێژ بکات.

ئەم بەرز فڕینەی (تاهر یۆڵداش) مایەی نیگەرانی تاجیکەکانی کەپێشینەی تێکۆشانیان لەئاسیای ناوەڕاستدا هەیە بوو، راپەڕینی ئیسلامی تاجیکستان، نوێنەرێکیان لەکابوڵدا هەبوو، بەڵام تالیبانە ئۆزبەکیەکان، کەلەناو تالیباندا دوای پەشتۆنەکان دەسەڵاتی دووەمیان لەناو ئەو بزووتنەوەیەدا هەبوو، پارێزەری تاهر یوڵداش‌و بزووتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان بوون، لەکاتێك کە(جیمۆن) نوێنەری راپەڕینی ئیسلامی تاجیکستان، جەوری شەرێکی دەکێشا کەتالیبان لەگەڵ زۆربەی نەیارە تاجیکەکانی خۆی هەیبوو، ئەو هەرکاتێ دەکەوتە ژێر گوشاری تاهر یۆڵداش، سەردانی وەزارەتی دەرەوەو شەخسی خۆمی دەکرد، تاکاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ وەزیر یاجێگری وەزارەتی بۆ رێکبخەم‌و هەندێجار لای من دەردی دڵی خۆی باس دەکرد.

جارێکیان ئەم ناکۆکیانە گەیشتنە قۆناغێکی مەترسیدار کەسێك بەناوی (مەلا ئەیامەدین) کەیەکێکە لەسەرکردەکانی راپەڕینی ئیسلامی تاجیکستان، هات بۆ کابوڵ، تالەو رێگەیەوە بڕوات بۆ پاکستان، لایەنگرانی تاهر یوڵداش ئەویان دەستگیرکرد، ئەو هۆی مەلا عەبدولرەحمان زاهید جێگیری وەزارەتی دەرەوە، دوای چەند کاتژمێرێك ئازادکرا، بەڵام ناکۆکی هەردوولا هەردرێژەی هەبوو، چونکە تاهر بەعەبدولرەحمان زاهیدی گوتبوو، کەمەلا ئەیامەدین بەخیانەتی دارایی تاوانبارە، چەند رۆژێك بەسەر ئەو روداوە تێنەپەڕیبوو کەهەواڵێك راگەیەنرا

www.pertwk.com

کەشەڕکەرانی ئۆزبەکی کەلەسنوری قەرقیزستان لەشەڕدابوون لەگەڵ هێزەکانی قەرقیز بەمەبەستی چوونە ناو خاکی ئۆزبەکستان، لەئەنجامی گوشاری روسەکان و بەناوبژی (سەید عەبدولڵا نوری) لەوێ چوونە دەرەوە، هەلیکۆپتەرەکانی وەزارەتی نائاسایی تاجیکستان، ئەم کەسانە بەسەرکردایەتی (جومعە نەمنگانی) لەگەڵ خێزانەکانیان گواسترانەوە سنووری ئەفغانستان و لەوێوە بەسواری پاپۆڕ بەرەو (شیرخان بەندەر) هاتن. لەکاتێك کەهێزەکانی روسیای جێگیر لەسنووری ئەفغانستان، شاهێدی ئەم گواستنەوەو جێگۆڕکیێیە بوون.

جیحون هەواڵی دا بەوەزارەتی دەرەوە کەژمارەی ئەو کەسانە چوارسەدو دەکەسە، کەلە نێوانیاندا کەسانی چەکدار دەبینرێت، من لەوم پرسی کەبۆچی ئەم کەسانە لەکاتێك کەبەچەکەوە هاتنە سەرسنوورەکان لەگەڵ هێزەکانی روسیای سنورپارێز رووبەروونەبونەوەو نەجەنگان، ئەو لەوەڵامدا وتی کەلەم بارەیەوە رێکەوتن ئەنجام دراوە، وەزارەتی کاروباری نائاسایی تاجیکستان لەپێشدا بەراپەڕینی ئیسلامی تاجیکستان سپێردرا کەوەزیرەکەی (میرزا زییائۆف) ئەندامی راپەڕینی ئیسلامی بوو، گواستنەوە بەهۆی (هەلیکۆپتەرەکانی) ئەم وەزارەتە ئەنجام دەدرا.

هەربەگەیشتنی (جمعە بای نەمنگانی) بەقەندوز، ئەو مەلا ئەیامەدینی بانگهێشت کرد بۆ قەندوز، کاتێك ئەو گەیشتە لای جمعەبای، دەستگیرکرا، جارێکی تر جیحۆن هاتە لای من و منیش پێم گوت: ئێوە ئەبێ ئەم کێشەیە لەرێگەی دانوسانەوە چارەسەر بکەن، ئەگەر ئەندامانی ئێوە پارەیان لەئۆزبەکییەکان وەرگرتبێ، ئەبێ بۆیان بگەڕێننەوە، لێرەدا نهێنیەکی سەیر پەردەی



لەسەرلادرا، جیحۆن وتی لەبەرامبەر ئازادکردنی ئەندازیارە یابانیەکان کەلەمەرزی قەرغیزستان هێزەکانمان گرتبونیان نزیکەی یەك ملیۆن دۆلار درا، بەڵام راپەرینی ئیسلامی تاجیکستان پەیوەندی نەبوو لەگەڵ ئەم کێشەدا، لەوانەیە چەکدارەکان ئەم پارەیان لەنێوان خۆیان دابەشکردبێت، وەهەروەها بڕێك پارە نێردرا بۆ تاهرجان لەکابولْ، بەڵام تاهرجان ئەڵێت نەگەیشتوەتە دەستم و ئێستا ئەو مەلا ئەیامەدینی بەبارمتە گرتووە، بەرێککەوت لەو ڕۆژانە متەوەکل لەکابولْ بوو، من رۆیشتم بۆلای و روداوەکەم بۆ باسکردو وتم هێشتا کێشەی ئوسامە تەواو نەبووە، کەتاهرجان بەم کردەوانە ئەیەوێ ڕای گەلانی دونیا وەك ئوسامە بۆ لای خۆی رابکێشێت، ئەو خۆی بەئەمیری ئەودیوی دەریاکان ناوبات، متەوەکل لەوەڵامدا وتی : (مەلا صاحب) ئەوی بەئەمیری ئەودیوی دەریاکان دانەمەزراندوە،ئەگەر سەرزارەکی شتێکی وای وتبێ من ئاگام لێ نییە، ئەگەر ئێمە بەهەرکەسێك مۆڵەت بدەین لەئەفغانستان ئەمارەتی سەربەخۆی خۆدابمەزرێنێ، ئێمە ناگەینە هیچ ئامانجێك، متەوەکل کاتێ ئەم قسانەی دەکرد توڕەیی و نارەحەتی بەسیمایەوە ئاشکرا بوو پاشان فەرمانی دا بەمن تاشەخسی خۆم بڕۆم بۆ لای تاهرجان بیهێنم بۆ وەزارەتی دەرەوە.

لەکاتی گفتوگۆی متەوەکل لەگەڵ تاهر یولْداش من لەوێ نەبووم، بەڵام رووداوەکە منی بەبۆچوونەکانی ئەو سەبارەت بەئاسیای ناوەڕاست ئاشنا کرد، بزووتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان لەو بڕوایەدا بوون کەموجاهیدینی تاجیکستان هەروەکو موجاهیدینی ئەفغانستان هۆکاری خراپەکاری و فەسادن،

www.pertwk.com

چونکە ئەوان خۆیان بەهێزەکانی روسیاو غەرب فرۆشتوە، ئێمە بۆ جیهاد کردن لەئاسیای میانەدا پێویستمان بەم وردە گروپانە نییەو ئێمە چاوەڕوانین کەلەگەڵ تەواوکردنی خوێندنی ئەندامانی تالیبان لەپاکستان جیهاد لەسەرانسەری ئاسیای ناوەڕاست فراوانتر بکەین، جالەبەر ئەوە ئێمە لەئایندەدا دەبێت پشت بەست بین بەهێزەکانی تالیبان، جمعە بای نەمنگانی سەردارێکی بەناوبانگی بزووتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان دوای هاتنی بۆ ئەفغانستان دەستی کرد بەرێکخستنەوەی هێزەکانی ئۆزبەکی، کەپێکهاتبوون لەئەفغانیەکان و ئۆزبەکستانیەکان.

مەلا عومەر ئەیویست ئەم هێزە نوێیە دەسەڵاتی خۆی لەنێوان ئۆزبەکیەکان و تورکەکانی ئەفغانستان زیاتر بکات، بۆ ئەوەی پارێزگاری کردن لەدۆستم لەنێوان ئۆزبەکیەکانی باکووری ئەفغانستان بۆ هەمیشە لەناوبچێت، جمعە نەمنگانی لەدوایدا وەکو فەرماندەی گشتی هێزەکانی دەرەوە لەئەفغانستان دامەزراو لەرووداوی هێرشە ئاسمانیەکانی ئەمریکا بۆ سەر باکووری ئەفغانستان لەناوچەی چەشمەی شفا لەمەزاری شەریف لەگەڵ چەند هاورێیەکی کوژران.



## "چالاکیەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان لەبواری کەلتوریەوە"

لەگەڵ مەلا محەمەد سەبور بوخاری کەیەکێکە لەزانایانی تاجیکستان، سالانی پێشوو ئەو کاتەی لەنوسینگەی خزمەتگوزاری سەرگەرمی کاربووم ئاشنابووم، لەو ساڵەدا هەزاران خێزانی تاجیکی بەهۆی شەڕی ناوخۆیی تاجیکستان پەناهەندەی باکوری ئەفغانستان بوون، مەلا محەمەد دیسان یەکێك لەوانە بوو کەدواتر هات بۆ پیشاوەر.

مەلا لەبارەی رەوشی زۆر ئاڵۆزی فێرکردنی ئاینی لەکاتی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت لەتاجیکستان دەدواو کاتێك من ئەوم برد بۆ بینینی پەرتوکخانەی بازاڕی چیرۆك خوێندنەوە لەپیشاوەر، کەلەناویاندا سەدان ناوی کتێب لەبابەتەکانی جۆراوجۆری دینی دەبینرا، تووشی سەرسوڕمان بوو، ئەو تا ئەو ساتەیش ناوی هەندێك لەپەرتوکەکانی بەرگوێ نەکەوتبوو.

مەلا چاوەڕوانی شتی باشی لەرابەرانی راپەڕینی ئیسلامی تاجیکستان نەدەکردو ئەوانی هەروەك رابەرانی موجاهیدینی ئەفغان بەکەسانێك دەزانی کەلەپێناو گەشتن بەدەسەڵات، ئامادەن

www.pertwk.com

مامەڵە بەئامانجەکانی میللەت بکەن و دڵخۆش نین بەسەقامگیربوونی رژێمی ئیسلامی.

مەلا دوو بەرگ کتێبی لەشیعرەکانی خۆی بەزمانی تاجیکی و بەشێوە نوسینی ڕوسی و لەسەر ئەرکی نوسینگەی خزمەتگوزاری بەچاپ گەیاندو لەرێگەی باکووری ئەفغانستانەوە بەنهێنی ناردی بۆ تاجیکستان و دوای ئەوە من کەمتر کاتی دیداری ئەوم بۆ رەخسا، سالآنێك تێپەڕی، لەسەردەمی حکومەتی تالیباندا، مەلا لەوەزارەتی دەرەوە هات بۆ لام، دەرکەوت کەمەلا لەم ماوەیەدا لەیەکێ لەخوێندنگاکان لەپاکستان خەریکی تەواوکردنی ئەو وانانە بوو کەنەیخوێندبوون، هەروەها سەفەری کردووە بۆ عەرەبستانی سعودی و میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی، مەلا چەند کتێبێکی بەدیاری بۆ هێنابووم کەهەمووی بەزمانی عەرەبی نووسرابوون، لەپشتی هەر یەکێك لەو کتێبانە ناوی (ناوەندی رۆشنبیری بوخاری)دەبینرا، مەلا رونیکردەوە کەلێپرسراوێتی ئەم ناوەندە رۆشنبیرییە خۆیەتی و بودجەی ئەم ناوەندە بزووتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان دابینی دەکات.

ئەم کتێبانە هەموو بەزمانی عەرەبی و کتێبی باوەڕپێکراوی رێبازی ئاینین لەباوەڕی مەزهەبی حەنەفی پێکهاتووە وەك (جامع العقاید) پێکهاتووە لەفیقهی گەورەو باسێك لەسەری، (عقیدة الطحاویة)، روونکردنەوەی مەلا (محەمەد یونس خالس)لەسەری نوسیوە، کتێبی (شرح مسند ابو حنیفە)و بەرگی یەکەم لەکتێبی (هدایە) کەمەلا بەهاوکاری کەسانی تر بەشێوەیەکی نوێتر



دایڕشتووەو ناوی (تیسیر الهدایە)ی لێناوەو کتێبی (الملحقات) باسێك کەمەلا (عەلی القاری) لەسەر فیقهە گەورە نوسیویەتی. مەلا وتی، ئەم کتێبانە بۆ زانایانی دینی ئاسیای ناوین بەچاپ دەگەیەنرێت. ئەرکی ناوەندی رۆشنبیری بوخارا ئەوەیە کەبەهەنگاوی یەکەم زانستی ئاینی زانایانی دین لەئاسایی ناوەڕاستدا پێش بخات، کاتێك کەمەلای مزگەوتێك بەباشی لەراستی مەزهەبەکەی خۆی تێگەیشت، ئەو سەدان کەس فێر دەکات، ئەمڕۆ لەئاسیای ناڤین (وەهابیەکان و "بریلویەکان" و گروپە سونەتیەکان) هەریەکەیان، کۆشش دەکەن تازانایانی دینی بۆ رای خۆیان راکێشن ئێمە بەبێ رێگە لەو جیاوازییەی نێوان زانایان بگرین بۆ ئەوەی رێکخراوی تالیبان کەئەم زانایانە پەروەردە دەکات لەگەڵ یەکدا هاوبیروباوەڕبن، لەئایندەدا تالیبان رۆڵی چارەنووسسازی دەبێت لەدیاریکردنی چارەنوسی ئاسیای ناوەڕاست شۆڕشگێڕترین رێباز بۆهێنانی گۆڕانکاری بەسەر ئاسیای ناوەراست، مەزهەبی حەنەفییەو یەکگرتوویی مەزهەبی موسوڵمانانی ئاسیای ناوەڕاست دوبارە پێکدەخاتەوە.لەنێوان ئەم کتێبانەدا (الملحقات) سەرنجی منی زیاتر راکێشا، چونکە ئەم کتێبە بەدەر لەوەی کەلە (جامع العقاید)ەوە هاتووە، بەشێوەی کتابێکی سەربەخۆ بەچاپ گەیەنرا بوو کەنیشانەی گرنگی تایبەتی ئەوەبوو بۆ لایەنی بڵاوکەرەوە نوسەری کتێبەکە مەلا (عەلی القاری هروی) کۆچکردوی ساڵی 1635ز، لەو فەقێ حەنەفیانەیە کەبەناوبانگە بەفتوای توندوتیژی و لەوانەیە بەم

www.pertwk.com

هۆیەوە کتابی (الملحقات)ی ئەو لەلای زۆر لەزانایانی ئەفغانستان نەناسراوە، بۆ نموونە لەبەشی چواردەهەمی کتێبەکە، چەند بابەتێك هاتووە کەئەبێتە هۆی لەرێگا لادانی موسڵمانێك.

لێرەدا بەکورتی ئاماژە دەدەینە هەندێك لەم فتوایانە:

لەژێر ناوی (تۆمەت بەزانستو زانایان کفرە) هاتووە، کەهەرکەسێك کەبەڕیشو عەمامەی زانای دینی گاڵتە بکات کافرە، چونکە زانایان میراتگری پێغەمبەرانن‌و تۆمەت بەزانای دینی بەمانای تۆمەتبارکردنی پایەی پێغەمبەرانە، لەفتوایەکی تردا هاتوە کەئەگەر کەسێك بەشێوەی لاسایی کردنەوەی زانای دینیو بەگاڵتەکردنەوە دارێك بەدەستەوە بگرێتو هەڕەشەی لەمنداڵان پێ بکات کافرە.

ئەگەر کەسێك بڵێت سەربەرزی لەسەرمایەدایە، نەك لەزانست کافرە، چونکە ئەم قسەیە پێچەوانەی وتەی خوایە کەدەفەرمووێ (گەورەیی بۆ خواوەندو پێغەمبەرانی خوداو موسڵمانانە)

ئەگەر کەسێك روخساری خۆی هاوشێوەی کافرەکان بکات، کافر دەبێت، بۆ نموونە کڵاوی کافر بکاتە سەر یا دەمو چاوی وەکو کافر لێبکات، یاجل‌و بەرگی کافر لەبەر بکات.

سەبارەت بە(جەژنی نەورۆز) بەدوورودرێژی هاتووە کەئەگەر کەسێ رێز لەجەژنی کافرەکان بگرێ، کافرە، ئەگەر کەسێك لەنەورۆزدا چێشتی تایبەتی دروست بکات کەتایبەت بێ بۆ ئەو رۆژە، یالەیادکردنەوەی ئەو رۆژە دیارییەك بدات بەکەسێك یادیارییەك وەربگرێ، کافرە، ئەگەر کەسێك حەفتا ساڵ عیبادەتی



کردبێتو جەژنی نەورۆز پیرۆز راگرێ کافرەو حەفتا ساڵ خودا پەرستی ئەو بەتاڵ دەبێتەوە لەشیعرەکانی حافز وشەی کفر هەیە.

ئافەرین کردنی گوناه کفرە( ئەم حوکمە مۆسیقاش دەگرێتەوە)

ئەگەر کەسێك لەگەورەیی خودا، شەریکی بۆ پەیدا بکات، کافرو موشرکە، بۆ نموونە (بەناوی خواو خالقی خودا).

ئەگەر کەسێك سوێند بەغەیری خودا بڵێت ، کافردەبێ (بۆ نموونە بڵێت، قەسەم بەگیانی خۆم یابەگیانی تۆ)

یەکەم پرسیار کەلەم بارەیەوە لەلای من دروست بوو، ئەوەبوو کەجێبەجێ کردنی ئەم حوکمانە لەئاسیای ناوەڕاستدا، سەرزەمینێك کەحەفتا ساڵ لەژێر دەسەڵاتی کۆمۆنیست بووە، ئایا کێشەی کۆمەڵایەتی لێ ناکەویتەوەو خەڵکی لەجووڵانەوەی ئیسلامی وەرناگێڕێ؟ ئەگەر کەسێك لەتێکۆشانی سیاسی لەبەرامبەر جوڵانەوەی ئیسلامی بوەستێت، ئایا لەسەر بنەمای ئەم فتوانە کافرو کوشتنی حەڵاڵ نییە؟ کاتێك لەبارەی گرفتی عەمەلی ئەم مەسەلانە لەگەڵ هەندێ لەزانایانی تالیبان قسەم کرد، ئەوانە وتیان لەسەر بنەمای فەرمانی قورئان (ادخلوا فی السلم کافە) موسوڵمانان ئەبێت بەتەواوی حوکمەکانی دین پیادە بکەن‌و بەپێی شەرع ناکرێت هەندێك لەم دینە لەکۆمەڵگا بچەسپێتو هەندیکی تری واز لێ بهێنرێت.

www.pertwk.com

## ئەفغانستان، سەرزەمینی پەیکەرشکێنان

ڕستەی سەرەوە، ناونیشانی بابەتێك بوو کەدوای وێران کردنی پەیکەرە مێژووییەکانی بامیان لەبڵاوکراوەی ئۆردو زمانەکانی "گورزی موسوڵمان" کەلەراستیا ئۆرگانی بڵاوکراوەکانی تالیبانە لەپاکستان بەچاپگەیەنرا، هیچ بڵاوکراوەیەك تەنانەت ئەفغانستان کەلەلایەن تالیبانەوە بەرێوەدەبرا، ئەم کارە چاوەڕوان نەکراوە ناڕەوایە بەئەندازەی گورزی ئیسلام بەرگری نەکرد ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی تالیبان سەرکەون بەسەر بامیان، (مەلا عەبدولواحید) یەکێك لەفەرماندەکانی تالیبان لەگەڵ هێزەکەیدا کەلەنزیك هێڵی بامیان جێگیر بووبوون رایگەیاند، کەلەکاتێك سەرکەوتن بەسەر بامیان پەیکەرەکانی بامیان دەڕوخێنێت، لەکاتی هێرشکردن بۆسەر بامیان گوللە تۆپێك بەریەك پەیکەر کەوت و ژمارەیەك لەتالیبانەکان تایەی ئۆتۆمبیلەکەیان خستەسەر پەیکەرێك و ئاگریان تیٚبەردا، کەبوە هۆی رەشبوونی سەری پەیکەرەکە، بەڵام تالیبان تاماوەیەك نەتەوەیەکگرتووەکانی دڵنیادەکردەوە کەئەم پەیکەرانە دەپارێزێت، کاتێك کە(مەلا ئەمیرخان موتەقی) وەزیری بڵاوکردنەوەو کلتور بوو، کێشەیەکی ئەوتۆ لەم بارەیەوە ڕووینەدا، ئەوەی لەم بارەیەوە تاچەندێ کاریگەری موتەقی و تاچەندێ دەستی قەدەری تێدابووە، ناتوانین بەدڵنیایی و یەقینەوە حوکمی



لەسەربدەین، بەڵام ئەبێت لەراستی لانەدەین، کەبەپێچەوانەی زۆر لەئەندامانی کابینە، مەلا موتەقی گوێی لەراوبۆچوونە باشەکانی هاوکارانی خۆی دەگرت، جێگری وەزارەتی بڵاوکردنەوەو کلتور (عەبدولرەحمان "ئەحمەد هوتك") لەگەڵ ئەوەی گرفتی مالی بوونی هەبوو، هەوڵی  دەدا تاسەرچاوەی مادی لەدەرەوە دابین بکات و بەکۆمەکی ژمارەیەکی کەم لەخەڵك بەو رێگەیەی کەلەبەردەستدا بوو، بەرنامەی پاراستنی شوێنەوارو سەرمایە مێژووییەکان پێشبخات، هەروەك بەهاوکاری (ئەسپك) بەشێك لەبینای مۆزەخانەی کابوڵ چاککرایەوە، ئەم بیانایە لەئەنجامی شەڕی گروپەکان بەسەختی بەرکەوتبوو بەشێکی سوتێنرا بوو، شوێنەوارێك کەدەستی چەپاوڵ پێی نەگەیشتبوو، لەژێردارو پەردوی پاشماوەی وێرانی دەرهێنراو کۆمیتەیەکی هەماهەنگی پێکهێنرا بۆ پاراستنی شوێنەوارە مێژوویی‌یەکان کەمن وەکو نوێنەری وەزارەتی کاروباری دەرەوە لەو کۆمیتەدا ئەندام بووم.

کۆمیتەی راوێژکاری پێشنیاری کرد کەلەگەڵ رێکخراوی یونسکۆ پەیوەندی ببەستریٚ و یونسکۆ لەروداوەکان ئاگادار بێت، بەڵام بەداخەوە یونسکۆ بەشێوەیەکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵدا کردو وەڵامی نەبوو، بەگومانی ئەوەی لەگەڵ دامەزراندنی رژێمی تالیبان، شوێنەوارە مێژووییەکانی ئەفغانستان دیسان پەیوەست بوون بەتالیبانەوە، بەو گۆڕانکارییەی کەمەلا محەمەد عومەر لەکابینەکەیدا کردی، مەلا (قودرەت الله جەمال) لەجێگەی مەلا (ئەمیرخانی موتەقی) دامەزرا، ئەم کەسە نەئاگای لەگرنگی

www.pertwk.com

شوێنەوارە کلتورییەکان هەبوو، وەنە لەتوانای تێگەیشتن و سەلماندنی پێویست بەهرەمەند بوو تالەئەنجومەنی وەزیران بەرگری لەمەسەلەیەك بکات.

ئەو بەپێشنیاری مەلا (عەبدول کەبیر) کەپۆستی جێگیری وەزارەتی ئابوری هەبوو، هاتە ناو ئەو کابینەیەوە، ئامانجی مەلا عەبدول کەبیر لەهێنانی ئەم کەسە بۆ ناو کابینەی دەسەڵات، بەهێزکردنی لایەنگرانی خۆی بوو لەئەنجوومەنی وەزیران.

لەساڵی 1379، واتا 2000 شوێنەوارێکی مێژوویی کەپەیوەست بوو بەسەردەمی (کەنیشکای گەورە) کەپێشتر لە(بەغلان) دۆزرابووەوە گواستیانەوە بۆ کابوڵ، چونکە ئەم بەڵگەنامە مێژوویی‌یە لەناوچەی (رەباتك) لەبەغلان دۆزرایەوە، شوێنەواری ناوی یەکێك لەباپیرانی (کەنشکای) بەناوی (ڤیماتکتو)ی لەسەر دۆزرایەوە، کەپێشتر پێیان نەزانیبوو، بەمجۆرە خاڵێکی نادیار لەمێژوو، سەبارەت بەزنجیرەی (کوشانیەکان) کەهەبوو، لەناوچوو. ئەمە خۆی دۆزینەوەیەکی گرنگی لەمێژووی ئەفغانستان بەدەست خست، وابڕیار بوو ئەم بەرهەمە مێژووییە لەڕێورەسمێکدا بەخەڵکی نیشان بدرێت.

لەئاهەنگێکدا لەمۆزەخانەی کابوڵ، پەردە لەسەر ئەم شوێنەوارە مێژووییە هەڵدرایەوەو هەندێ بەرهەمی مێژوویی مۆزەخانەکە نیشاندرا، لەوانە پەیکەرێکی بودا، مەبەست ئەوەبوو کەتالیبان بەبایەخ و گرنگی ئەو شوێنەوارانە بزانن و کەم کەم



رابێن و ئەو حەساسیەتە کەم بێتەوە، لەم ئاهەنگەدا خاتوو (نانسی دوپری) لەلێکۆڵەرەوانی شوێنەوارناسی کەبەتایبەت لەلایەن مێردەکەی (لیڤی دوپری)یەوە رێکخرابوو، وتی: بۆ زۆر لەو تالیبانانەی کەلێرە ئامادەن زۆر سەیرە کەبیستیان ئەم شوێنەوارە دۆزراوە لەئەفغانستان، پێشینەی (50) هەزار ساڵی ژیانی مرۆڤ نیشان دەدات لەم خاکەدا.

زۆر لەلێپرسراوانی پایەبەرز لەوانە مەلا (وەکیل ئەحمەد متەوەکل) وەزیری دەرەوە لەگەڵ خولیای بۆ شوێنەوار، هاتەسەردانی ئەم پێشانگایە، وەکەس قسەیەکی نەکرد کەنیشانەی دژایەتی کردن بێت، لێپرسراوانی مۆزەخانەو شوێنەوارناسان هەندێجار دەنگی ناڕەزایی تالیبانەکان بۆ ناڕەوایی پاراستنی پەیکەرەکانیان ئەوانی نیگەران دەکرد، خۆشحاڵ بوون بەوەی کەبەئامادەکردنی ئەم ئاهەنگ و پیشانگایەی شوێنەوارانە تائەندازەیەك لەرەواندنەوەی دەمارگرژی سەرکەوتوو بوون و بەم شێوەیە ترس کەم بویەوە، بەڵام چەند رۆژێك بەسەر ئەم ئاهەنگە تێنەپەریبوو، کەبەسەرهاتی پێشانگای پەیکەری بوداو نیشاندانی کەوتەبەرگوێی مەلا (محەمەد حەسەن و مەلا تورابی) و لەوەزارەتی (ئەمر بەمەعروف) دەنگە دەنگ بەرزبوەوە.

کاتێك لەئەنجومەنی وەزیران، لەسەر ئەم مەسەلە پرسیار لەمەلا (قودرە تولاّ جمال) کرا، ئەو لەجیاتی ئەوەی وەکو کەسێکی پایەبەرزو وەزیر لەم کارە بەرگری بکات کەچی کارێکی کرد،

www.pertwk.com

کەهەرکەسێکی بێ توانا لەجێگەیەکی وادا ئەنجامی دەدات، ئەوەش بێ خەتا کردنی خۆی‌و تاوان بارکردنی کەسانی تر.

(عەبدول رەحمان ئەحمەد هوتك) جێگری وەزارەتی کلتور بووە تیری بەلاوە، دوای ئەمە وەزارەتی ئەمر بەمەعرووف، ئەم مەسەلەیەی بەشەخسی مەلا محەمەد عومەر راگەیاندو نیگەرانی لەزیادبوندا بوو، لەقەندەهارەوە فەرماندرا کەژمارەیەك لەشوێنەوارە مێژوویی‌یەکان کەبەتازەیی لەئەنجامی هەڵکەندنی نایاساییانەی زەوی دۆزرابونەوەو دواتر کەوتبوونە دەست تالیبان تابنێردرێت بۆ قەندەهار.

پروپاگەندەکان وابوو کەئەم شوێنەوارانە دەگوێزرێنەوە بۆ قەندەهار، تا ئەوەی کەوێنای گیانلەبەر بکات تێك بشکێنرێت، بەلام دوای ماوەیەك لەگواستنەوەی ئەم شوێنەوارانە بۆ قەندەهار، جەنراڵ (رەحمەتولا سافی) نوێنەری تالیبان لەلەندەن، لەگفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ (عەبدولرەحمان زاهد) جێگری وەزارەتی دەرەوە پێی راگەیاند، کەسانێك کەخۆیان بەدۆستی (ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان) ناوزەد دەکەن‌و نامەی رەسمیان پێیە، لەرێگەی دوبەیەوە هاتوون بۆ لەندەن، ئەم کەسانە شوێنەواری دێرینیان هێناوە بۆ لەندەن بەمەبەستی فرۆشتن.

زاهد ئەم مەسەلەی بەمن وت‌و منیش کۆمیتەی راوێژکاریم لێ ئاگادارکردەوە لەهەلومەرجێکی وا کەدەربڕی نائومێدی بوو چەخماخەیەکی کز دەیتوانی ئومێد ببەخشێ لەو کاتەشدا ئومێدێکی کەم دروست بوو، کەئەگەر لێپرسراوانی تالیبان لەسوودو بایەخی زانستی شوێنەوار ئاگادارنین، بەلای کەمەوە



دەرکیان بەبایەخی مادی شوێنەوارکردووەو لەوانەیە هەر ئەم مەسەلە بووبێتە رێگر لەشکاندن‌و وێرانکردنی ئەم شوێنەوارانە لەرووی دەمارگرژی وشکی مەزهەبی‌یەوە، بەڵام ڕوداوێکی تر ئەم ئومێدەی گۆڕی بەبێزاری‌و بێ ئومێدی.

ئەو تالیبانە جێگیرانەی سەرسنووری تورخم دەستیانگرت بەسەر تابلۆیەکی شێوەکاری، کەبەشێوەیەکی قاچاخ دەبرا بۆ پاکستان دەرنەکەوت کەئەم تابلۆ کەکاری یەکێك لەشێوەکارانی سەدەی (18و19)ی ئەوروپا بوو، چۆن هێنراوە بۆ ئەفغانستان لێپرسراوانی گومرگی (تورخم) تابلۆکەیان گواستەوە بۆ وەزارەتی مالیە، خاوەنی تابلۆکە لەرێگەی هەندێ لەچەکدارەکانی تالیبانەوە فشاری بۆ وەزارەتی مالیە هێنا تاتابلۆکەی بۆ بگەڕێننەوە، وەزیری مالیە بۆ ئەوەی خۆی لەم گرفتاربوونە رزگار بکات، تابلۆکەی نارد بۆ جێگیری سەرۆك وەزیران مەلا (حەسەنی ئاخوند)، کەدوایی گەڕاندیانەوە بۆ مۆزەخانەی کابوڵ، خاوەنی تابلۆکە کەئامادەنەبوو لەتابلۆکەی خۆی کەدەوترا نرخەکەی دەیان هەزار دۆلارە دەستهەڵگرێت، درێژەی بەهەوڵی خۆیدا بۆ بەدەست هێنانی، تاکارگەیشتە ئەوەی مەلا حەسەن ئاخوند لەژێر نوسراوەکەی ئەو فەرمانی‌دا تالیژنەیەکی هاوبەش لەلێپرسراوانی ئەمر بەمەعروف‌و وەزارەتی دادو راگەیاندن‌و کلتور تائەم تابلۆیە بپشکنن، لەکاتێك کەئەم تابلۆ پێچەوانەی یادژی شەریعەت نەبێت بگەڕێنرێتەوە بۆ خاوەنەکەی، گەر دژی شەریعەت بوو لەناو

ببرێت، ئێستا ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیری و کلتورە کەتابلۆکە لەبەردەم لیژنەکە دابنێت، مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەو فەرمانە، تابلۆکە شێوەی راوکردنێکی نیشاندەداو بەراستی بەگوێرەی بنەماکانی تالیبان ئەبێ لەناوببرێت، هوتك جێگیری کلتوری وەزارەت چەند رۆژێك بەبەهانەی جیاجیا لەسپاردنی تابلۆکە بەلیژنەکە خۆی گێل دەکرد چونکە دەیزانی لەو ساتەدا رێگەخۆش دەبێت بۆ وێرانکردنی باقی شوێنەوارەکانی مۆزەخانەی میللی و هەروەها تابلۆکانی باڵەخانەی میللی، کەپێکهاتووە لەتابلۆ گرانبەهاکانی شێوەکارانی خۆماڵی، بەڵام لێپرسراوانی وەزارەتی ئەمر بەمەعروف فەرمانێکیان بەئیمزای مەلا محەمەد عومەر نیشانی ئەودا، کەتیایدا بەراشکاوانە فەرمانی دابوو کەتەواوی پەیکەرەکان و ئەو شتانەی کەوێنای گیانلەبەر نیشاندەدات وێرانبکرێت، ئەم فەرمانە پەیکەرەکانی مۆزەخانەیشی دەگرتەوە.

کۆمیتەی راوێژکاری ئەرکیان پێ سپاردم تالەگەڵ مەلا (عەبدولحەی موتمەئین) کەئاشنایەتیم هەبوو لەگەڵیدا، پەیوەندی پێوە بکەم و مەسەلەی تابلۆکەی لەگەڵ باس بکەم، عەبدولحەی موتمەئین، هەرچەند بەرپرسی رۆشنبیری و کلتوری قەندەهار بوو، بەڵام لەکارکردندا توانای لەوەزیرەکانی کابوڵ زیاتر بوو، من بەتەلەفۆن مەسەلەکەم بۆ باسکرد، ئەو لەوەڵامدا وتی: "لێرەدا هەڵەی خراپ تێگەیشتن رویداوە، فەرمانی خاوەن بڕیار پەیکەرەکان و بتەکان دەگرێتەوە، نەك رەسم و وێنەکان، ئەگەر ئێمە



بمانەوێت رەسم و وێنەکان لەناوبەرین، ئەبێت بەشێکی گەورەی کتێبخانەکان لەناو بچێت".

وتەکانی موتمەئین ئەو خاڵەی دووپاتدەکردەوە کەفەرمانی مەلا عومەر لەبارەی لەناوبردنی پەیکەرەکان حەتمییە، دەبێت هەوڵ بدرێت کەئەم کارە بەنهێنی ئەنجام بدرێت، تالەئاستی نێودەوڵەتی کاردانەوەی زۆری نەبێت، بەڵام لەبارەی تابلۆ شێوەکارییەکە، چونکە فەرمانی راشکاوانەی مەلا محەمەد حەسەن هەبوو لەسەری، ئەم تابلۆ گرانبەهایە لەناوبرا.

بەتێپەربوونی رۆژگار مەترسییەکی گەورە هەبوو، بەتایبەت کەئەمر بەمەعروف فشاری زیاتری دەخستە سەر (عەبدولرەحمان هوتك)و هەتا جارێکیان ئوتۆمبێلەکەیان بەبیانووی بوونی کاسێتی مۆسیقا تیایدا پشکنیبویان لەکۆمیتەی بەدواداچوون پێداگری کرا، تاهەریەك لەئەندامان بەسوود وەرگرتن لەتواناکان و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی نێودەوڵەتی و لایەنی بەرپرسیارێتی لەئاستی جیهان، لەم مەترسییە ئاگادار بکەنەوە، کاردانەوەی ئەم مەسەلە لەئاستی نێودەوڵەتی لەوانەیە گوشاری زیاتر بخاتە سەر تالیبان و ببێتە رێگر لەبەردەم جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی مەلا عومەردا.

من لەرێگەی دۆستەکانم، کەلەرێکخراوی (NCA (هاوکاری کلیسای ولاتی نەیروبی) بوون، مەسەلەکەم گەیاندە (نانسی دوپری) لەئیسلام ئاباد، نانسی لەوەڵامدا وتبوی کەمنیش ئەم پروپاگەندانەم بیستووە، بەڵام لەمبارەیەوە بەتەلەفۆن لەهوتك

www.pertwk.com

جێگیری کلتوری پرسیارم کرد، ئەو تەئکیدی نەکردەوە لەم پروپاگەندانە.

نانسی بەسادەیی گومانیکرد کەهوتك لەرێگەی خەتی تەلەفۆنەوە، کەپاکستان بەتالیبانی دابوو، ئەیتوانی راستیەکانی پێ ڕابگەیەنێ.

لایەنی تر کەنزیك بوو لێمانەوەو دەبوو ئەم مەسەلەیان لەگەڵدا باس بکەین کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، لەو کاتەدا (غولام ڕەزا بەهرامی) لێپرسراوێکی پایەبەرزی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران بوو لەکابوڵ، من بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمیتەی بەدواداچوون، لێپرسراوەکەی ئێرانم لەرووداوی وێرانکردنی پەیکەرەکان ئاگادارکردەوەو داوام لێکرد بەهەر ڕێگەیەك کەدەکرێت، ئەم بابەتە بەناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی ئێرانی بگەیەنێت و هەروەها ئەگەر بکرێت ئێران لەپێگەی خۆی لەرێکخراوی یونسکۆ سوود وەرگرێت، چونکە یونسکۆ لەبارەی ئەم مەترسییەوە بێ باکە.

هەوڵەکان هیچی سەوز نەبوون و لەسەرئاستی جیهانیش جوڵانەوەیەك بەدی نەدەکرا، تا(عەبدولرەحمان ئەحمەد هۆتك) لەبەر دژایەتی کردنی ئەم بڕیارە، لەجێگیری وەزارەتی ڕۆشنبیری و کلتور لابراو مەلا (عبدولباقی حەقانی) لەجێگەی ئەو دانرا، مەلا حەقانی کەسێکی زۆر دەمارگیرو بەرچاوتەنگ بوو، لەهەمان کاتدا پاراستنی ئەو پلەیەی کەبەدەستی هێنابوو، لەهەموو شتێك بەلایەوە گرنگتر بوو، بەمشێوەیە هەموو هیواکان بۆ پاراستنی شوێنەوار لەناوچوو لەدووەم یاسێیەم ڕۆژی دەست بەکاربوونی



جێگری تازە، ئەو داوای کرد لەتورابی و لێپرسراوانی ئەمر بەچاکە، بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکان سەردانی مۆزەخانە بکەن، دەرگای مۆزەخانەیان کردەوەو ئەم گروپە لەکاتێك کە هەریەك شتێکی بەدەستەوە بوو، بەهۆتافی (الله اکبر) کەوتنە شکاندنی پەیکەرەکان یەکەم گورز لەبەردەرگای مۆزەخانەکەوە بەرپەیکەری نیوە لاشەی (کنشکا) کەوت، کەوێنەی لەکەمەر بۆ خوارەوەی نیشاندەدا، هەرگیز لەشێوەی گیاندار ژمارە نەدەکرا، پەیکەرەکانی تریش هەمان شێوە تێکشکێنرا،ژمارەیەك لەشوێنەواری تر کەساڵانی پێشوو لەکاتی شەڕی گروپەکان لەسندوقە ئاسنینەکان هەڵگیرا بوون و لەمیوانخانەی کابوڵ پارێزرابوون.

لەکاتی نوێکردنەوەی میوانخانەی کابوڵ گوێزرایەوە بۆ ژێرزەمینی وەزارەتی ڕۆشنبیری و کلتور، نیگەرانی لەبارەی ئەم شوێنەوارانەوە، بەدەر لەشکاندنی پەیکەرەکان، ئەوەبوو کەهەریەك لەم سندوقانە لەپاڵ پەیکەرەکان شوێنەوارێکی بچووکتر دانرابوو کەلەشێوەی گیاندار نەبوو، وەنەدەبوو بشکێنرایە جوانی ئەم شوێنەوارانە (پەیکەرانە) پێویستی بەوە بوو کەبەوریاییەوە لەسندوقەکان دەربهێنرایەن، بەلام بۆ دەستەی پەیکەرتاشین، هیچ شتێك بەقەد کارەکەی خۆیان گرنگتر نەبوو، ئەو شوێنەوارانەش لەناوبرا، بەلام ماوەیەکی کەم دوای ئەم ڕووداوە هەندێ لەرۆژنامەکانی پاکستان، باسیان لەهەندێ لەو شوێنەوارانە دەکرد کەبەمەبەستی فرۆشتن هێنرابوون بۆ پیشاوەر، کەدیاربوو

www.pertwk.com

پەیکەرشکێنەکان جگە لەکاری پەیکەرشکاندن، غافڵ نەبوون لەکاری تردا.

ئەم هەواڵە دزەی کرد بۆ دەرەوەو ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە بەئاگابونەوە لێی بەڵام وەزیری رۆشنبیری و کلتور لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان بێ دەنگی کرد، ئیتر بەبوونی کۆمیتەی بەدواداچوون مەبەستێك بەدی‌نەدەکراو دوای ئەوەش کۆبوونەوەیەك رێکنەخرا، بەڵام نیگەرانیەکی گەورەتر هەبوو، هەموو لەو بڕوایەدا بوون کەئێستاش زۆر شوێنەواری مێژووی لەئەفغانستان لەژێر دارو پەردودایە کەدەتوانرێت بەوانە دوبارە مۆزەخانەی کابوڵ دەوڵەمەند بکرێت(لەکاتێك کەسەرکێشی و کاری تێکدەرانە بوونی نەبێت)، بەڵام ئەگەر ئەمکارە سەبارەت بەپەیکەرەکانی بامیان ئەم کارە بەعەمەلی بکرێت، ئەو کاتە ناتوانرێت قەرەبووی زیانەکان بکرێتەوە.

فەرمانی مەلا محەمەد عومەر بەخێرایی لەبارەی وێرانکردنی پەیکەرەکانی بامیان راگەیەنرا لەم کاتەدا مەلا متەوەکل وەزیری دەرەوە لەکابوڵ بوو، من سەرلەبەیانی ئەو رۆژەی بڕیارەکە دەرچوو، چووم بۆ لای، بەغەمباری و بێزاری ئەوم لەنوسینگەکەی خۆیدا بینی، ئەو وتی: پاش نیوەڕۆی دوێنێ ئاگاداری بریارەکە بووەو لەگەڵ مەلا محەمەد عومەر بەتەلەفۆن قسەی کردووە، هەرلەساتی دەرچوونی بڕیارەکە، کەسانێك لەنوسینگەی تایبەتی مەلا عومەر، مەسەلەکەیان گەیاندبووە کەناڵێکی میدیای جیهانی، کاتێك متەوەکل ویستوویەتی لەبارەی بەرەنجامی سلبی دەرچونی بڕیارەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەگەڵ مەلا محەمەد عومەر



قسە بکات، وەڵامی ئەو ئەوە بووە کەهەر ئێستا مەسەلەکە بەکەناڵەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتی گەیەنراوەو ناکرێ بڕیارەکە بوەستێنرێت، متەوەکل ناوی ئەو کەسە یا ئەو کەسانەی نەهێنا کەبێ‌درەنگ هەواڵەکەیان بەکەناڵەکانی میدیا راگەیاندبوو، بەڵام دیاربوو کەئەم کارە (تەیب ئاغا) لاوێکی کەم تەمەن کەهاوکارێکی نوسینگەی تایبەت و هەروەها راوێژکاری مەلا عومەر بوو کراوە، دوای من مەلا (عەبدولرەحمان ئەحمەد هۆتك) کەئێستا وەکو بەرپرسی سەفارەتی وەزارەتی دەرەوە دامەزراوە هاتەژوورەوە، باسەکەمان لەسەر کاریگەری سلبی وێرانکردنی پەیکەرەکان بۆ هاوڵاتیانی ئەفغانستان و هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەرووی تێڕوانینی گشتییەوە لەبارەی رژێمی تالیبان بوو، متەوەکل گوێی لەقسەکانی ئێمە دەگرت، بەڵام وەزعی ئاسایی نەبوو وەکو رۆژەکانی تر، هەندێ‌جار سەرنجی شتێکی نادیاری دەدا، وەك بڵێی بۆ بڕیاردانێکی گرنگ لەنێوان دوو رێیانێکدایە، متەوەکل بەبەراورد لەگەڵ زۆر لەو کەسانەی کەلەئاستی سەرەوەی تالیبانداں بەرچاو رونتر بوو، ئەو چەندین جار، کاتی گفتوگۆ کردنمان دژایەتی خۆی بۆ بیروڕاو رەفتارە زیادەڕەوییە بێ ئەنجامەکانی هەندێ لەکەسایەتییەکان بەتایبەت مەلا تورابی و لێپرسراوانی ئەمر بەچاکە دەردەبڕی. کەجگە لەنانەوەی کێشە بۆ ئیمارەتی ئیسلامی، بەرەنجامێکی نەبووە، بەو پێیەی کەمتەوەکل مەلا عومەر دەناسێت، دەیزانی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێت و هەوڵەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ وریاکردنەوەی ئەو لەوازهێنان لەم بڕیارە سەرکەوتوو نەبوو، تادواسات ئومێدێکی کەم هەبوو، لەوانەیە مەبەستی مەلا عومەر تەنها هەڕەشەکردن بێت، بەڵام ئێمە

www.pertwk.com

لەکابولْ دەمانزانی ئەم ئومێدەوارییە هیچ سەوز ناکات، چەند رۆژێك پێش تەقاندنەوەی پەیکەرەکان هەرلەکاتی دەرچوونی بڕیارەکە، جێگیری وەزارەتی دەرەوە (عەبدولرەحمان زاهید) بەمنی وت: (هەموو هەوڵەکان بێ سوودە، چونکە لەقەندەهارەوە هەواڵیان پێ راگەیاندم کەسەرلەبەیانی رۆژی دەرچوونی بڕیارەکە، مەلا محەمەد عومەر (شێخی) بانگهێشت کردووە بۆ لای خۆیو فەرمانی پێداوە شێخ کەسێك بوو کەکۆگای هەبوو، مادە تەقینەوەییەکان، لەقەندەهار لەژێر چاودێری ئەودا بوو، وەلەبەکارهێنانی مادەی تەقینەوە خاوەنی ئەزموون بوو ئامادەبوونی ئەم کەسە یانی ناردنی مادەی تەقینەوە بۆ بامیان بووە. لەبەرئەوە هەرکارێك بۆ رێگری کردن لەوێرانکردنی پەیکەرەکان بێ سوودە مەگەر ئەوەی کە(حزبی وەحدەت) هیمەتێ بکاتو ئەم گروپە دواکەوتوە لەوێ وەدەرنا، ناوبرا زاراوەی (سەری بێ هۆشی) لەزمانی پەشتۆنی بەکارهێناوە، کەمانای دواکەوتوو دەگەیەنێت.

بەهەرحالْ ئەوەی کەنەدەبوو رووبدا، روویدا، وێرانکردنی پەیکەرەکانی بامیان نەفرەتو بێزاری زۆری لەنێوەندە نێو دەوڵەتیەکان لەدژی تالیبان بەرپاکرد، لەکاتێك کەتالیبان بانگەشەیان دەکرد کەفتوای ئەم کارە لەلایەن سەرۆکی دادگای وڵاتەوە دەرچووە، مەلا (نور محەمەد ساقب) سەرۆکی دادوەران لەپشت راستکردنەوەی ئەم مەسەلە خۆی بوارد، وەزارەتی فەرمان بەچاکە وەڵامی پرسیارەکانی پەیامنێرانی نەدایەوە، چونکە لێرەدا هیچ بەڵگەیەکی ڕەوای باوەڕپێکراو نەبوو، کارەساتێکی گەورە کەوتەوە، کەیونسکۆ بە(سامناکی کەلتوری) ناوی هێنا، بەڵام



هۆکاری ئەم کردارە نەك مەزهەبی بەڵکو سیاسی بوو، بەو هۆیەوە ئەرکی بەرگری کردن لەو کارە بە(موتمەئینو متەوەکل) سپێردرا، لەکاتێك کەئەو کەسانەی ئەم کارەیان رێکخستو پیادەکرد هیچیان نەوت، بەتایبەت وەزارەتەکانی فەرمان بەچاکەو رۆشنبیریو کلتور.

رادیۆی (BBC) رایگەیاند کەسبەی شەو (وەکیل ئەحمەد متەوەکل) لەمێزگردێکدا وەڵامی پرسیارەکانی گوێگرەکان دەداتەوەو لەم بارەوە، رۆژێ پێش ئەم مێزگردە منو هۆتكو عەبدوڵا گوڵڕەیان، چوارەم سەرۆکی کاری سیاسی وەزارەتی دەرەوە رۆشتین بۆ لای متەوەکل، بۆ ئەوەی بەشداری نەکات لەم مێزگردە، باسەکەمان لێرەدا کرایەوە، کەلەو کارەی روویداوە، نەلەوەزارەتی دەرەوە کەسێك بانگهێشت کراوە بۆ بەشداری کردن، وەنەئەم وەزارەتە دەستی هەبووە لەم کارەدا، ئەو کەسانەی کەفتوایان داوەو ئەو کەسانەی کارەکەیان پیادەکردووە، ئەبێت ئێستا جورئەتی بەرگری لەخۆکردنیان هەبێت، ئەگەر ئەوان لەم بارەیەوە بەڵگەی سەلمێنراوی باوەڕپێکراویان هەیە، بۆچی لەپرسیارەکانی پەیامنێران رادەکەن؟ بۆچی (قودرەتوڵا جەمال) قسە ناکات؟ متەوەکل لەوەڵامدا وتی کەهەر کەسێك ئەم کارەی کردبێت، سەرەئەنجام لێپرسراوێتی لەئەستۆی هەمواندایەو منیش جگە لەبەرگری کردن چارەیەکم نییە، من لەوەڵامدا وتم: ئێمە هیوایەکی گەورەمان بەتۆ هەیەو ئەبێ ئەوەت لەبیر بێت کەئایندەی تۆ تەنها بەئیمارەتی ئیسلامیو تالیبانەوە وابەستە نییە. چی کەسێ گرەنتی ئەوە ئەدا کەهەلومەرجی ئەفغانستان تائەبەد

www.pertwk.com

بەمشێوە ئەمێنێتەوە؟ ئێوە ئەبێ بۆ داهاتوویەکی دوورتر لەئێستا بیربکەنەوە.. تۆ لاویتو کاتی زۆرت لەبەردەمدایە بۆ کارکردن لەئایندەدا شەخسیەتی تۆ بەبەرگری کردن لەم کردەوەیە ئەکەوێتە بەرپرسیار.

ئەم جاری یەکەم نەبوو کەمن بەم شێوەیە قسە لەگەڵ متەوەکل دا بکەم، بەڵام یەکەمجار بوو کەقسەی وای پێ بڵێم لەبەرچاوی خەڵك، هەربۆیە ئەو بەتوڕەییەوە لەسەر کورسییەکە دانیشت، کاتێ هۆتكو ڕەیان جەختیان کردەوە لەسەر قسەکانی من، ئەو هەستی کرد کەلەنێو خەڵکانێکی هاوبیروباوەڕ دانیشتووە دوای کەمێك بیرکردنەوە وتی من لەم مێزگردەدا بەشداری ناکەمو داوای لەموتمەئین کرد کەلەجێگەی ئەو لەم بەرنامەیە بەشداری بکات.

شەو کەگوێم لەرادیۆکە گرت، بەدبەختانە بەپێچەوانەی بەڵێنەکەی کەدابووی، بەشداری لەبەرنامەکەدا کردو بەو قسانەی کەکردی رووبەرووی توڕەیی گوێکرەکان بوەوەو سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە گەیشتە قەندەهار، تابزانرێت ئەو لەژێر چی گوشارێك ناچار بووە ئەم کارە بکات، روون نەبوەوەو لەدیدارەکانی دوای ئەوە نەمویست لەبارەی ئەو کارە قسەی لەگەڵدا بکەم.



## بۆچی پەیکەرەکانی بودا لەناوبرا؟

بۆ کەسانێك کەلەدەرەوە ئاگایان لەرووداوەکانی پەیوەندیدار لەم مەسەلەیە هەبوو، کرداری مەلا محمد عومەر لەم مەسەلەیەدا بێجگە لەشێتی هیچی تر نەبووە چونکە بەڕواڵەت ئەم کارە نەك تەنها هیچ سوودێکی بۆ تالیبان نەبوو، بەڵکو ئەوانی زۆر لەوە زیاتر قێزەون کرد لەبەرچاوی نەتەوەیەکگرتوەکانو لەبیروڕای گشتی خەڵکی ئەو وڵاتە، لەریزەکانی تالیباندا کەسانێکی زۆر ناڕازی بوون لەم کردەوە بەڵام گرفتی گەورە لەبارەی تالیبانەوە، ئەوەبوو کەزۆربەی وەزیرەکان، جێگری وەزیرەکانو کەسایەتیە ناودارەکان، بەپێی بیرکردنەوەی شەخسی خۆیان لەهەلومەرجی ئێستا ناڕازی بوونو دانیان بەوەشدانا کەزۆر لەکردارەکانی رابەری تالیبان پێویستی بەپێداچوونەوەیە، بەشێوەی تاکەکەسی، زۆر لەو کەسانە توندڕەو نەبوون، بەڵام کاتێك لەئەنجومەن لەدەوری یەك کۆدەبوونەوە کەسێکی دیکەیان دەبینیەوەو توانای رەخنەگرتن لەتوندڕەوی لەوان قۆرغ دەکرا، لەوانەیە رووداوی (شێر محمد عباس ئستانکزی) لەبەرچاوی ئەوان بێت کەلەبەر رەخنەگرتنی بوێرانەی خۆی لەئەنجومەنی وەزیران، سەرەنجام کەوتەبەر رەخنەی مەلا محەمەد عومەر، لەئەنجومەندا بەرژەوەندی میللەتو وڵات بەپلەی یەکەم گرنگی پێ نەدەدرا، بەڵکو

www.pertwk.com

بەخستنەڕووی هەر پێشنیارێك لەئەنجومەندا، پرسیاری یەکەم ئەوەبوو کەئەگەر (مەلای خاوەن شکۆی گەورە لەم کۆبونەوەدا ئامادەبوایە، لەم بارەیەوە چی هەڵویستێکی دەبوو، گیانی مەلا عومەر فەرمانڕەوای دانیشتنەکانی ئەوان بوو.

بەلاّم هێزە دەرەکیەکان وەك (عەرەبەکان‌و جەنگیدەکانی ئاسیای ناوەڕاست لەپێش تالیبانەوە لەوێرانکردنی پەیکەرەکانی بودا دەستیان هەبوو، بەندە چەند هەفتەیەك دوای وێرانکردنی پەیکەرەکان سەردانی (تاهر یولْداش) ڕابەری ڕاپەڕینی ئیسلامی ئۆزبەکستانم کرد، تاهر گوتی: (هەندێ لەهاوڕێیان لەبارەی بۆچوونی من سەبارەت بەوێرانکردنی پەیکەرەکانی بامیان پرسیاریان کرد، من لەوەلاّمدا وتم کەئەم کارە زۆرباشەو لەگەڵ شەریعەتدا رێکە، هەندێك کەس پرسیاریان کرد کە ئەگەر ئەم کارە لەگەڵ شەرعدا رێکە، باشە بۆچی گەورە کەسانێك کەئیسلامیان هێنا بۆ ئەفغانستان، ئەم کارەیان نەکرد؟ بۆچی (مەحمود غەزنەوی) کەلەهندستان بت خانەکانی لەناوبرد ئەم پەیکەرانەی دەستکاری نەکرد؟ من لەوەلاّمیاندا وتم کەلەوسەردەمەدا مادەی تەقینەوە نەبووە، ئەگەرنا ئەوانیش ئەم کارەیان دەکرد، لەناوبردن‌و وێرانکردنی ئەم پەیکەرانە بەو شتانەی کەلەو سەردەمەدا لەبەردەستا بووە نەدەکرا! عەربەکان هەرلەو باوەڕەدا بوون، تەنها بیروڕای (ئەبو مونزر ئەلساعدی) رابەری کۆمەڵەی جەنگاوەرانی لیبیا، کەمێك جیاواز بوو، ئەو دەیگوت تالیبان پێویستیان بەوێرانکردنی پەیکەرەکانی بۆدا نەبوو، چونکە ئەوانە بۆ پەرستن نەبوو، لەکاتێك کەزیارەتگاکان (ئیمامەکان)بەو شێوەی



کەلەئەفغانستان بوونەتە جێگەی پەرستن، پێچەوانەی شەریعەت بوون‌و لەهەنگاوی یەکەمدا دەبوو ئەمانە لەناو ببرایە.

جەنگاوەرانی پاکستانی لەوبارەیەوە هەمان ئەو قسانەیان دوبارە دەکردەوە کەلەبابەتەکانی بلاّوکراوەی (ضرب مؤمن) لەبەرگری کردن لەو کارە بلاّودەبوەوە، هەندێ لەکەسایەتیە مەزهەبیەکان لەجیهانی عەرەبی هەمان ئەو کارەیان پشت ڕاست دەکردەوە، ئەمانە مەلاکانی هەندێ لەمزگەوتەکان بوون لەچەند ولاّتێکی عەرەبی بەتایبەت عەرەبستانی سعودی، لەکۆڕی نوێژ کردندا کارەکانی تالیبانیان تەئید دەکرد، یەکێك لەو کەسانەی کەهەستا بەبەرگری کردن لەکارەکانی تالیبان، شێخ (محمود عەقلا) رۆحانیەکی نابینای سعودی بوو، ئەم کابرایە یەکێکە لەکەسایەتیە رۆحیەکانی سعودی، هەتا بەجێ نشینی (ئیبن باز) ناوزەد دەکرێت (هەر ئەم کەسە بوو کە کارەساتی 11ی سێپتێمبەری وەکو کارێکی تۆڵە کردنەوەی موسوڵمانان تەئید کردو دەستخۆشی لەئەنجامدەرانی کرد.)

سەیرەکە لەوەدا بوو کەزۆرینە لەلایەن سەلەفیەکانەوە بوو هەمان ئەو گروپەی کەتالیبان ناویانی نابوو (وەهابییە گومڕاکان)و تاوانباریانی دەکرد! ژمارەیەکی زۆر لەکاسێتی وتارەکانی ئەوان نێردرا بۆ قەندەهارو بەم شێوەیە مەلا عومەر لەبەر ئەم کارەی نەك تەنها ستایش کرا بەڵکو ئەو پرسیارەکرا کەبۆچی لەوێرانکردنی پەیکەرەکان درەنگیان کردوە؟ لەوەلاّمدا مەلا عومەر فەرمانیدا بۆ لێخۆشبوون لەدواکەوتنی وێرانکردنی پەیکەرەکان‌و بتەکان، سەد سەر گامێش لەسەرانسەری

www.pertwk.com

ئەفغانستان بکرێتە قوربانی و گۆشتەکەی بەسەر کەسانی نەدار دابەش بکرێت، لەوەی کەبۆچی گامێش بکرێتە قوربانی مانای سیاسی تایبەتی هەبوو، لەکاتێك بەوێرانکردنی پەیکەرەکانی بودایی، پەیڕەوانی مەزهەبی بودایی لەسەرانسەری جیهاندا ئەم کارەیان پرۆتستۆ کرد، راگەیاندنی سەربڕینی (100) سەر گامێش، هندیەکانی لەرادەبەدەر لەدژی تالیبان وروژاند، واراگەیەنرا کەپارەی نرخی گامێشەکان (ئەلڕەشید ترست) کەکۆمپانیایەکی بەناو خێرخوازبوو دابینی کرد، وێرانکردنی پەیکەرەکان کارێکی بێ بەرنامە نەبوو، ئەم کارە بەشێك بوو لەو بەرنامە دارێژراوەی کەتالیبان هەرماوەیەك جارێك بەشێکی پیادە دەکات، تالیبان بەیاوەری هاوکارانی دەرەکییان ماوە ماوە دەستیان لەچەند کارێك لەئەفغانستان وەردەدا، کەلەگەڵ بنەمای باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتی نەدەگونجا، ئەم کارە خراپانە لەراستیا گورزێك بوو کەبەرجیهانی ئیسلامی دەکەوت هەندێ لەموسوڵمانان کەلەبارو هەلومەرجی وڵاتەکانیان ناڕازی بوون، گوێنەدانی تالیبان بەخواستی جیهانی جۆرێك سەرکێشی دژی ئاسایشی جیهانی بەرابەری ئەمریکاو رۆژئاوای لێ کەوتوەتەوەو بەژێر بەژێریش هاوخەمیان دەردەبڕی، زۆریان ئەم هاودەردییەیان ئاشکرا نەدەکرد، بەڵام بڕێکی زۆر پارە دەگەیشتە ئەفغانستان، لەگەڵ ئەوەدا هەزاران لاوی بێزارو نائومێد لەزروفی ئیسلام، ئەفغانستانیان بەوچاوەوە سەیر دەکرد کەسەنگەرێکە دژی رۆژئاواو لەوێوە دەتوانرێت تۆڵە لەرۆژئاوابکرێتەوە، تۆڵەی فەلەستین، چیچان، کەشمیری ژێر چەپۆکی هند..و هەر بەم



هۆیەوە رەوانەی ئەفغانستان دەکران لەو گۆڕەپانەدا هەر کەس بەدوای ئامانجی خۆیدا دەڕۆیشت و تالیبان بەپارەو هێزی شەڕکەر پێویستی هەبوو بۆ تێکشکاندنی دوژمنەکانی لەپێناو گەیشتن بەو ئامانجە باوەشی کراوە بوو بۆ پێشوازی کردن لەوانە.

ئەلقاعیدە بەدوای ئامانجێکی گەورەوە بوو، بەڵام بۆ گەیشتن بەئامانج لێدەگەڕا تا تالیبان وەکو ئامرازێك سوود لەم رێکخراوە ببینێ، لەراستیا کەرەستەی جێگیربوون بۆ ئەلقاعیدە یان هەر گروپێکی تر، یارمەتیانی دەدا بۆ گەیشتن بەئامانج لەهەمانکاتدا هێزە دەرەکیەکان ئەو راستییەیان باش دەزانی، کەئەو دەستی ئازادییەی کەتالیبان بۆ ئەوانی درێژ دەکرد، لەبەر هەبوونی نەیارەکانی تالیبان بووە، ترسی کۆتایی شەڕ لەئەفغانستان لەبیری ئەوانیشدا هەبوو،بزوتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان هێزێك بوو کەلەکاتی کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ، دەبوو ئەم شەڕە بباتە دەرەوەی سنوری ئەفغانستان و بەوەها بیرکردنەوەیەك بڕوایان بەکۆتایی هاتنی شەڕی ئەفغانستان نەدەکرد.

تالیبان بەدوبەرەکی لەگەڵ رۆژئاواو گوێنەدان بەداواکاریەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان خەڵاتی وەردەگرت، هەروەك من لەزمانی هەندێك لەجەنگاوەرانی عەرەب و هەتا لێپرسراوانی تالیبان بیستم کەلەماوەی مانگێك دوای شکاندنی پەیکەرەکانی بامیان، ژمارەی خۆبەخشە عەرەبەکان کەبەنیازی چوونە ناو ریزەکانی ئەلقاعیدەو تالیبان روویاندەکردە ئەفغانستان دەبەرابەری مانگەکانی پێشوو بووە.

www.pertwk.com

فەرمانی مەلا عومەر لەبارەی ئەشکەنجەدانی هەڵگەڕاوەکان تەنانەت لەچاو زۆرێك لەلێپرسراوانی تالیبانەوە ناپێویستو زۆر سەیر بوو، لەو بڕیارەدا هاتووە "هەر موسوڵمانێك واز لەدینەکەی خۆی بێنێت، حوکمی مەرگ دەدرێت" لێرەدا سەیر لەوەدایە، کەلەشەریعەتی ئیسلامدا حوکمی هەڵگەراوە لەسەدەکانی رابوردوو دیاربووەو جێبەجێکردنیشی چەند مەرجێکی هەیە کەلەکتابە ئاینییەکاندا هاتووە، ئەم بڕیارە دەکرا پێچەوانەی بۆچونی ئیمام ئەبو حەنیفە دەرببڕدرێت کەئیمام دەڵێت لەگەڵ کەسێکی هەڵگەراوەدا، یەکەمجار قسەی لەگەڵ دەکرێتو بەبەڵگە رازی دەکرێت، نەك ئەوەی کەهەرکەسێك بەهەڵە بەسەرهەڵگەرانەوەدا ببرێت دەستگیر بکرێتو بکوژرێت.

دەستگیرکردنی کارمەندەکانی ناوخۆو دەرەوەی رێکخراوی (شێلتر ناو) بەتاوانی پروپاگەندە بۆ مەسیحیەت، کارێك بوو کەبووە هۆی وروژاندنی هەڵوێستی رۆژئاواو یان هێرشکردنە سەر نەخۆشخانەی (ئیمیرجنسی) لەلایەن کەسانێکی سەر بەئەمر بەمەعروفو چەندین کاری لەمجۆرە، کەبەرواڵەت هیچ سودێکی بۆ تالیبان نەبوو، بەڵام ئامانجی سەرەکی لەم کارانە راکێشانی سەرنجی کەسانی رادیکاڵی لەجیهانی ئیسلامی بوو، کەماشینی جەنگی تالیبان بەهۆی ئەوانەوە دەسوڕایەوە.



## لەبەشی سەربازیدا

تالیبان لەسەرەتای کاریدا لەرووی سەربازییەوە لەگەڵ بەرەنگاریەکی لاوازووبەروو بوەوە، کۆمەڵەو یەکێتی ئیسلامی فەرمانیان بەئەندامانی خۆیاندا، کەلەبەرامبەر تالیبان نەوەستن خۆراگری موجاهیدینی حزبی ئیسلامیش زۆر بەرچاووگرفت خۆشکەر نەبوو، ئەکریّ بڵێین کەلەناوچەکانی رۆژئاواو باشووری رۆژئاوا، تالیبان تەنها رووبەرووی خۆراگری توندی هێزەکانی ئیسماعیل خان بوونەوە.

یەکەمین فەرماندەی سەربازی تالیبان ناوی (مەلا محەمەد ئاخوند) بوو کەلەشەڕەکانی سەرەتای بزووتنەوە کوژرا، دەڵێن کابرایەکی زۆر پاكو دلێر بووە، دوای ئەو سەرکردەی دەرکەوتوی تالیبان (مەلا بورجان) باس دەکرێت، دوا مەئموریەتی ئەو، سەرکردایەتی نەبەردێك بووە کەرزگارکردنی کابوڵی بەدواوە بوو بەلام ئەو ئەم سەرکەوتنەی بەچاوی خۆی نەدی، چونکە پێش چوونە ناو کابولّ لەنزیك ئەو شارە بەشێوەیەکی نادیار لەپشتەوە لێدراو کوژرا، هەندیّ لەسەرانی تالیبان لەقسەکردنەکانیاندا لەکوشتنی مەلا بورجان ئەڵێن دەستی هەواڵگری سەربازی پاکستان (ISI)ی تیابووە، ئەگەر ئەم پروپاگەندەیە راست بێت،

www.pertwk.com

ئەگەری ئەوە هەیە کەمەلا بورجان لایەنگری تالیبان نەبووە لەدروستکردنی حکومەتداو دەیتوانی ببێتە لەمپەرێك لەرێگەی ئەم ئامانجەدا لەهەمانکاتدا دەوترێت زۆر نهێنی پەردەپۆش لەناو بزووتنەوەی تالیبان لەبارەی ولاٌتانی دەرەوە لەوانە پاکستان هەبووە کەتەنها چەند شەخسێك لێی ئاگادار بووە (مەلا رەبانی، مەلا محەمەد غەوس، مەلا ئیحسان اللە، مەلا بورجان) ئەگەر کەسێك کەلەم لیستەدا مابێتەوە، لەوانەیە تەنها مەلا عومەر بێت.

تالیبان هیچ کۆششێکی نەکرد بۆ رێکخستنەوەی خۆی لەبەشی سەربازیداو لەم بەشەدا دیسان دەسەلاٌتی تاك بەتەواوی حاکم بووە، لەدەست پیٚ کردنی بزووتنەوەکەدا بەرگری بیٚ هێزی نەیارەکانیان بووە هۆی ئاسانکاری بۆ ئەوان لەقۆناغەکانی داهاتوودا، بەتایبەت لەشەڕ لەبەرامبەر هێزەکانی (شورای نظار) کەزیانێکی زۆریان لێدان.

هەرچەند رووبەرووبونەوەی هێزەکانی ئسماعیل خان لەرۆژئاواو هێزەکاتنی (ئەحمەد شا مسعود) لەکابولٚ، دەبووە ئەزموونێکی نویٚ بۆ تالیبان، بەلاٌم کێشەی تالیبان ئەوە بوو کەهەرگیز پەندی لەئەزموونی ئەوانی ترو هەتا لەتەجروبەی خۆشیان لەمەیدانی شەڕدا وەرنەدەگرت، ئەوان بەبەکارهێنانی یەك شێوازی تاکتیك لەشەڕدا، دەیانجار لەناوچە جیاجیاکان بەتایبەت لەباکووری کابولٚ زیانێکی زۆریان بەردەکەوت، بەلاٌم تاکتیکەکانی شەڕەکانی ئەوان گۆڕانکارییەکی وای بەسەردا نەهات، ئەگەر بلٚێین لەجیهاندا هیچ فەرماندەیەکی سەربازی بەقەد فەرماندە سەربازیەکانی تالیبان بێبایەخ نەبوون بەرامبەر سەربازەکانی ژێر



دەستییان، لەوانەیە هەلٚەمان نەکردبێت، ئەوان هەرگیز لەهەولٚی ئەوەدا نەبوون تابەرێکخستنی ریزەکانیان لەخەسارەتیان کەم بکەنەوە هەر ئەم کێشەیە چەندین جار دەبووە هۆی ناکۆکی لەنێوان ئەوانو جەنگاوەرانی دەرەکی (عەرەبەکانو پاکستانیەکان) هەروەها شکستی یەك لەدوای یەکی ئەوانی لێکەوتەوە، تالیبان لەسەرەتادا گرنگیان بەدروستکردنی سەنگەر نەدەدا، هێرشەکانیان لەناوچە پەشتۆن نیشنەکان کەبەهۆی پیکابە یابانیەکانەوە بوو، لەباکوری کابولٚ کاری پێنەدەکرا، هەروەکو سەربازەکانی جەنگیز کەسەنگەریان زینی ئەسپەکانیان بوو، هەموو تێشوی سەفەریان بەئەسپەکانیان دەگواستەوە، پیکابە داتسۆنەکانی تالیبانیش هەر ئەو کارەیان دەکرد.

تالیبان خەلٚکانێك بوون کەسەریان نەیدەدا لەبەردو بشکێت، باوەڕیان بەسەختی بەرد نەدەکرد، ئەوان سەرەتا گوێیان بەخەلٚکی شوێنەکانی خۆیان نەدەدا بۆ بەرگری کردن لەناوچەکانیان موجاهیدەکانی پێشوویان بەخراپو فاسد دەزانیو باوەڕیان پێیان نەبوو، بەلاٌم دوای ئەوەی شکستیان هێناو زیانیان بەرکەوت، بەناچاری روویانکردە موجاهیدە پێشینەکانو خەلٚکی ناوچەکە، لەکاتێك کەهەر ئەوان بوون پێشتر ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەی تالیبانیان تەحەمول کرد داوای چەکیان لێکردن، سەرکردە محەلیەکان کەخزمەتی تالیبانیان دەکرد، سوودو بەرهەمی سەردەمی رابوردویان وەکو کێلاٌنی زەوییە کشتوکالٚیەکانو باجی رێگاوبانیان نەبوو، خەرجی ئەوان تەنها مووچەیەك بوو کەتالیبان بەناوی معاشەوە بەو چەکدارانەی دەدا

www.pertwk.com

کەلەژێر فەرمانی خۆیاندا بوون (بەپێی ژمارەی ئەو کەسانە) زۆر لەو سەرکردانە بۆ پارەی زیاتر، ژمارەی چەکدارەکانی خۆی زۆرتر لەژمارەی راستی دەردەخستو کاتێك لەشەڕدا پێویستیان بەچەکداری ئەوان دەبوو، گەنجەکانی گەڕەکیان بەزۆر بیٚ ئەوەی راهێنانو مەشقیان بینیبیٚ راپێچی گۆڕەپانی شەڕدەکرد، تەنها ئەو گەنجانە بانگ نەدەکران بۆ سەربازی کەپارەیەکی زۆریان بەسەرکردەکان دەدا.

رابەری تالیبان هیچ ڕێگایەکیان نەبوو جگە لەشەڕکردن لەبەرئەوە سەرکردە سەربازیەکان خاوەنی توانایەکی ئەوتۆ نەبوون.

دوای سەرکردە سەربازیەکان، لێپرسراوانی بەشەکان کەسانی خاوەن توانای ئەو رژێمە بوونو والیەکان لەپاش ئەمان، لەم دوایەدا تەشکیلاتی هەرێمەکان راستەوخۆ پەیوەست بوو بەخودی ئەمارەت لەقەندەهار، لەکاتێك کەئەم تەشکیلەیە پێشتر پەیوەست بوو بەوەزارەتی ناوخۆوە، شتێکی ئاشکرا بوو کەمەلا عومەر لەدەستنیشانکردنی وەزیرو جێگیرەکەی کێشەی نەبوو، کێشەی ئەو دەست نیشانکردنی والیو سەرۆك بەشەکانو سەرکردە سەربازیەکان بوو.

تالیبان لەدەسپێکی بزوتنەوەکەیاندا، لەگەڵ دیلەکاندا رەفتارێکی مرۆڤانەیان ئەنجام ئەدا، لەزۆر جێگا فەرماندەکانیان دوای چەکداماڵینی دیلەکان، ئەوانیان ئازاد دەکرد، بەڵام چەند تێکشکانێکی ئەوان لەباکووری کابولٚ، دڵڕەقی فەرماندەکانیانی زیاتر کرد، جارێك مەلا محەمەد عومەر، سەرکردەی بەتوانای خۆی



(مەلا دادولاّ)ی بەهۆی بیٚ رەحمی لەبەرامبەر خەڵکی مەدەنیو دیلەکانی شەڕ، چەککرد بوو، کەماوەیەك لەکار دوورخرایەوە، بەلاّم ئەو دلّرەقیو بیٚ بەزەییەی کەشەڕخوازی لەگەلّدا بوو، لەمیانی تالیباندا ئاسایی بوو، لەئەنجامدا (مەلا دادولاّ) دوبارە بەخشراو چەکی هەڵگرتو دیسان چووە بەرەکانی جەنگ، تالیبان لەسەرەتادا هەولّیان دەدا تابەتەنها گروپێکی نەناسرێنو لەکوشتنی دکتۆر (نەجیب) لەسەرەتای هاتنە ناوەوەیان بۆ کابولٚ بەئاماژەکردن بۆ ئەوەی کەدۆستیو دوژمنی ئەوان لەپێناوی خودایە نەك لەپێناوی نەتەوەو زمان باسیان دەکرد، بەلاّم شەڕەکانی دوای گرتنی کابولٚ تالیبان لەحالّەتی بزووتنەوەیەکی غەیری وابەستە بەگروپێکی تایفیو قەومی دەرهێناو وابەستەیی تایفەییان بەپەشتۆن بەهێز بوو، هەروەها پێشکەوتنی ئەوان لەباکوری ولاّتدا دیسان بەهۆی پارێزگاری کردنی پەشتۆنەکانی ئەوناوچانەوە بوو، بەلاّم بۆچونە بەرتەسکەکانی تالیبان ئیجازەی بەوان نەدا، هەتا بتوانن بەم هۆیەوە بەشێوەیەکی کاریگەر سوودی لیٚ وەرگرن.

تالیبان نەیانتوانی پشتیوانی تەواو هەمە لایەنەی هەموو تایفەی پەشتۆن بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، تەنانەت لەناوەندی دەسەلاّتی ئەوان لە(قەندەهار) نەیاریان هەبوو، سەبارەت بەتایفەکانی رۆژهەلاّتو باشووری ئەفغانستان ئەوان نەیانتوانی کەشێکی لێك گەیشتن دروست بکەن، لەدروستکردنی دەسەلاّتی دەولەتدا، پۆستەکانی خوارەوە زیاتر بەخەڵکی قەندەهارو ئەو شارە دەدراو ئەمانە لەگەڵ خەڵکی تر هەتا پەشتۆنەکانی

www.pertwk.com

ناوچەکانی تر، رەفتارێکی ئەرباب گونەیان هەبوو، تالیبان لەزۆربەی ناوچەکانی ولاتدا، تەنانەت لەناوچە پەشتۆن نشینەکانی باشوور، هەروەکو هێزێکی داگیرکەر هەڵسوکەوتیان دەکردو هەرگیز هەوڵیان نەدا لەنێوان خۆیان و خەڵکی پەیوەندییەکی لەیەك تێگەیشتن دروست بکەن، ئەوان لەناوچەکانی باشووردا خەتەری سەرهەڵدانیان لەبەرامبەر خۆیان بەجدی وەردەگرت و ئەوەی جێگەی متمانەی ئەوان بوو، بوونی هێزە چەکدارە دەرەکییەکان بوو، کەلە کاتی پێویستدا دەیانتوانی بەمەبەستی دامرکاندنی و سەرکوتی نەیاران سودیان لێ ببینن فەرماندە سەربازیەکانی تالیبان تەنها لەبەرامبەر مەلا محەمەد عومەر بەرپرسیار بوون و تەنانەت مەلا محەمەد رەبانی کەکەسی دووەمی بزووتنەوە بوو دوای مەلا عومەر، کەمافی لێپرسینەوەی ئەوانی نەبوو، سەرکردە سەربازیەکان لەبەرامبەر پارەیەك کەدەستیان دەکەوت گوێرایەڵی هیچ سەرچاوەیەك نەبوون، ئاساییە کەکەسانێك کەبەم دەسەلات و توانایە قەرزاری جەنگ بوون، هەرگیز نەیاندەویست ئاشتی لەئەفغانستان بەرقەرار بێت، وەهەر هەنگاوێك بەرەو ئاشتی بنرایە، لەگامی یەکەمدا رووبەرووی دژایەتی کردنی چەکدارەکان دەبووەوە.

جارێکیان مەلا متەوەکل لەدانیشتنێك لەگەڵ نەیاراندا رازی بوو لەسەر ئەوەی کەئەوانیش لەدروستکردنی دەسەلاتدا بەشدار بن، ئەم کارە هێشتا دوایی نەهاتووەو تەنها لەدانیشتنێك خرایە روو، هەرکە رۆژنامەکان ئەم هەواڵەیان بلاوکردەوە، کەسانێك کەیەکەمجار ناڕازی بوون لەم کارەو خۆیان گەیاندە لای مەلا



محەمەد عومەر سەرکردە سەربازیەکان بوون، ئەوان دەیانگوت ناحەزانی ئیمارەتی ئیسلامی هەڵگەڕاوەن و لەبەرئەوە شەڕکردن لەگەڵیان ئەرکێکی شەرعیە، ئەوەی کەباس دەکرێ کەئەوان لەئیمارەت بەشداربن، بەو مانایەیە کەئەوان لادەرو هەڵگەڕاوە نین.

ئالەو کاتەدا شەڕ لەگەڵ ئەواندا لەروانگەی شەرعەوە چۆن بووە؟ کوژراوەکانی ئێمە بەدەستی  ئەوان شەهیدن یان نەء؟ مەلا عومەر لەبەرامبەر پرسیارەکانیان وەلامێکی نەبوو، ناچار ئەم باسە فەرامۆش کرا.

وەزارەتی بەرگری تالیبان پێویستی بەکارمەندانی زانستە نوێیەکان هەبوو، بۆ رایی کردنی ئامێرەکانی پێشکەوتنی تەکنیکی، وەك (فڕۆکە تانك)..هی تر،

پێویستیان بەو کارمەندە تەکنیکییە هەبوو، کەتالیبان نەیبوو پاکستان لەسەرەتای دەستپێکردنی بزووتنەوەی تالیبان کۆمەڵێکی لەم کەسانەی کەزیاتر لایەنگری (خەڵك) بوون نارد بۆ ناو ریزەکانی تالیبان، تا هاوکاری ئەوان بکەن، ئەم کەسانە کەبەوریاییەوە هەڵبژێردرابوون، لەسەرەتادا دەورێکی کاریگەریان لەسەرکەوتنەکانی تالیباندا بینی، لەبەرئەوەی تالیبان زانیاری لەسەر رابوردوی ئەم کەسانە نەدەزانی، دوای گرتنی کابول ئەم کەسانەی لەپۆستە گرنگەکانی وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ئاسایش و ئیتلاعات کەسەرەتا بەوەزارەتی لێپرسینەوە ناونرا بوو دامەزراند، بەلام دوایی لیستی ناوی ئەم جۆرە کەسانە لەلایەن هەندێ لەموجاهیدە پێشوەکانی تالیبانەوە ئامادەکراو درا بەمەلا رەبانی، ئەمجۆرە کەسانە پاشان کەم کەم لەریزەکانی تالیبان

www.pertwk.com

وەدەرنران، لیستی ئەو کەسانە کەئامادەکرابوو ئەمانەی خوارەوەیە (محەمەد زاهر(سولەمل) جێگیری وەزیری بەرگری، غولام جیلانی سەرکردەی هێزی هەوایی و بەرگری هەوایی، محەمەد عیسا، جێگری سەرکردەی هەوایی و بەرگری هەوایی شێر ئاغا، سەرئینجنێری (322) هێزی هەوایی، عەبدولرەحمان ولد عەبدولکەریم سەرئینجنێری هێزی هەوایی، خان محەمەد پێژندوال وەزارەتی بەرگری و ئەندامی کۆمیتەی پێکهێنان د. گروال شەفەق، بەرپرسی دارایی وەزارەتی بەرگری، شێر محەمەدی کەریمی، سەرۆکی پێکهێنانی وەزارەتی دیفاع، تورن جەنراڵ، مسباح ولا ولد محەمەد واسڵ، فەرماندەی مەیدانی هەوایی کابوڵ، محەمەد هاشم، ئەندامی کۆمیتەی پێکهێنان، فەدا محەمەد (تەنی) سەرۆکی ئەرکانی سەرکۆماری، زاڵمای دلاوەر زادە، فەرماندەی ناوەندی زانستی وەزارەتی لێپرسینەوە، نەسیر ئەحمەد، جێگری تەکنیکی ناوەندی زانستی وەزارەتی لێپرسینەوە، کەریم بەرێوەبەری بەڵگەنامەکان و پەیوەندی ناوەندی زانستی وەزارەتی لێپرسینەوە، عەبدولغەنی، جێگری وەزارەتی لێپرسینەوە، عەبدولعەزیز ولد کومیدان، فەرماندەی تەکنیکی قۆڵی ئۆردوی ژمارە (1)ی وەزارەتی بەرگری، عەبدول عەزیز، فەرماندەی قۆڵی ئۆردوی ناوەندی، فاروق، فەرماندەی لوجستی و فەرماندەی لۆجستیکی قۆڵی ئۆردوی ناوەندی، نەواز خان، خاڵۆزای شەهنەواز تەنی، نوێنەری وەزارەتی لێپرسینەوە ئادەم خان، سەرپەرشتیاری دارایی (12)ی لێپرسینەوە، حامد، سەرۆکی پەیوەندیەکانی وەزارەتی لێپرسینەوە (پێشووتر بەرپرسی نووسینگەی ولایەتی



قەندەهار) عەبدولغەنی کوهی، سەرۆکی لۆجستیکی هێزی هەوایی و بەرگری هەوایی"

تالیبان هێزیکی هەوایی بچوکیان هەبوو کەلەچاو نەیارەکانیان باشتربوون لەسەرەتادا فڕۆکەکان دوچاری کێشەی کەمی (پارچەی یەدەکی) بوون کەپاشان نوێنەری ئاریانا لەمیرنشینی یەکگرتووی عەرەبی لەپەیوەندییان لەگەڵ تۆڕی مافیا لەفدراسیۆنی روسیا، توانی لەسەرەتادا تایەری پێویست بۆ فڕۆکە جەنگیەکان و بۆمب هاوێژەکان بکڕن، وە دوایی هەندێ پارچەی یەدەکی تر کڕرا، پێویستە بوترێ کەتۆڕەکانی مافیا لەولاتەکانی بازاڕی هاوبەش، دەتوانن لەگوللەیەکی کلاشینکۆفەوە تافڕۆکە جەنگیەکان بۆ کڕیاران ئامادە بکەن.

لەسەفەرێکدا کەمن بەهاوبەشی تیمێکی تالیبان کەبۆ کۆماری ئۆکرانیا رۆیشتین لیستێك لەپێویستییەکانی سەربازی تالیبان و هەروەها کڕینی فڕۆکەیەك جۆری (AN24) لەلایەن نوێنەری ئاریاناوە درا بەنوێنەری مافیا، بڕیار وابوو کەئەم پێویستیانە لەمیرنشینی یەکگرتووی عەرەبی بدرێت بەتالیبان، نوێنەری ئاریانا لەبارەی پێدانی پارەی نرخی ئەم پێویستیانە وتی: کرێی ئەم شتانە لەیەکێك لەبانکەکانی میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی وەردەگیرێت، پاشان من لەنوێنەری ئاریانام پرسی کەئایا بڕێکی پارەی وازۆر نرخی ئەم پێویستیانە لەبەردەستدا هەیە ئەو لەوەلامدا وتی: ئێستا بڕی یەك ملیۆن دۆلار لەحسابی بانکی ئێمە بەتەواوی هەیەو لەکاتی پێویستیشدا یەك ملیۆن دۆلاری تر لەماوەی هەفتەیەك ئامادە دەکرێ، روون نەبوەوە کەئەم پارە زۆرە لەکوێوە دێت.

www.pertwk.com

بەلاّم دەسەلاّتی ناڕێکی سەربازی تالیبان‌و جەنگاوەرەکانیان بەئەندازەیەك بوو کەهەر ولاّتێکی دراوسێی هەراسان دەکرد، ئەگەر کارەساتی 11ی سێپتێمبەرو هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان روینەدایە، نەك تەنها هیچ هێزێك لەناوەوە توانای رووبەروبونەوەی ئەوانی نەبوو، بەڵکو خەتەرێکی گەورە بەرەو رووی ولاّتانی ئاسیای ناوەڕاست‌و بەتایبەت ئۆزبەکستان دەبوەوە.

تالیبان لەخۆبایی‌و ئاژاوەگێڕبوون‌و ئەم دوهۆکارە وای کرد کەئەوان لەبەدەستهێنانی شوێنی خۆیان لەدوای رووداوی یازدەی سێپتمبەر دوچاری لێپرسینەوە بن، ئەوان توانای نەیارانی ناوەوەیان بەهەند وەرنەگرت‌و لەهەمان کاتدا گومانی ئەوەیان دەکرد کەبەشێوەی جەنگە کلاسیکیەکان لەگەلّ ئەمریکا رووبەرودەبنەوە، کاتیٚ کەهەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ هێرش کردنە سەرئەفغانستان دەستی پێکرد، تالیبان‌و عەرەب ئەفغانەکان بۆ گەلاّڵە کردنی ستراتیژی جەنگی هاوبەش دەستیان کرد بەگفتوگۆو کۆبونەوە، تالەسەر ئەوخاڵە پێکبێن کەکام هێز بۆ بەرگری لەهێڵەکانی پێشەوە لەبەرامبەر هاوپەیمانی باکوردابنێن‌و کام هێز لەسنورەکان بۆ بەرەنگاری مەترسی هێرشی زەمینی ئەمریکا جێگیر بکرێن.

لێرەوە کەتالیبان تاڕادەیەکی زۆرو بەیارمەتی تایفەکانی ئەودیوی سنوری  پاکستان پشتیان بەستبوو بەرگری کردن لەسنوریان لەبەرامبەر هێزە رۆژئاواییەکانیان خستوەتە ئەستۆی خۆیان‌و پارێزگاری لەهێڵەکانی بەرگری لەبەرامبەر هاوپەیمانی باکوریان بەخۆبەخشە پاکستانی‌و هاوردە عەرەب‌و



ئۆزبەکستانیەکان سپێردرا بوو کەلەپالّ ئەواندا هێزەکانی تالیبانیش هەبوون، ئەم کارە کاریگەرییەکی تری هەبوو کەئەوەش ئەوەبوو لەهەلومەرجێکی وادا تەسلیم بوونی تالیبان بەدوژمنەکانی ئاسان نیە لەکاتێك کەهەر لەسەرەتادا دیار بوو کەئەمریکا لەبەرامبەر تالیبان زیاتر هێزی هەوایی بەکاردەهێنیٚ، خۆراگری لەبەرامبەر توانای بەهێزی جەنگی وا پێویستی دەکرد کەتالیبان زیاتر بیربکەنەوە سەبارەت بەدەرەنجامی خۆڕاگرییان وەبیریان بکردایەوە لەئەزموونەکانی رابووردو وەدەرسیان وەربگرتایە، کەلەباکووردا تاچەندیٚ زەرەرمەندن، بەتایبەت لەناوچونی توانای گواستنەوەو هەڵگرتنی ئاسمانی، دەبوو بەبیریانی بهێنایە کەئەگەری گەمارۆدانیان لەباکوردا زۆر بەهێزبووە، هەرچەند چۆڵکردنی باکوور لەسەرەتادا جێگای سەرنجیان بووە.

تالیبان تادواین ساتەکانی خۆراگرییان دەرکیان بەو راستییە نەکرد، کەلە جەنگێکدا کەدوچار بوون، زۆری چەکدار چارەنوسی شەڕ دیاری ناکات هەربەو هۆیەوە، گردبونەوەی هەزاران شەڕکەری خێڵەکی لەسنووری پاکستان‌و راگەیاندنی جیهادی رێکخراوە ئوسوڵیەکانی پاکستان دژ بەئەمریکا، ئەگەری غافڵگیربوونی زیاتری تالیبانی فەراهم کردو ئەوانی لەخۆڕاگری کردن دژی ئەمریکا پێداگرتوو تر کرد.

www.pertwk.com

## دادو ئاسایش

گەورەترین شانازی تالیبان. جێگیربونی ئاسایشی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بوو ئەم ئاسایشە لەئەنجامی هەبونی هێزی فراوانی پۆلیس یان چەکدارەکانیان بەدەست نەهاتبو، بەڵکو دەرەنجامی پراکتیکی کردنی یاسا شەرعیەکان هەرچەند بەشێوەیەکی ناتەواو دەستی دزیان دەبڕی، دەستوپای ڕێگرەکانیان دەبڕی، بکوژیان دەخستە بەردەست خێزانی کوژراو کەیادەبەخشرا یان تۆڵەی لێ دەکرایەوە. لەوڵاتی جەنگ بەرکەوتوی هەژارو نائاسایشی وەك ئەفغانستان کەنزیکەی دوو دەیەیە خەڵکەکەی بەبێ یاسایی راهاتوون، پراکتیکی کردنی ئەم یاسایە زۆر کاریگەری هەبوو، خەڵکیش نەیاندەتوانی ناڕەزایی بەرامبەری دەربڕن چونکە فەرمانی دینەکەیان وەهابوو.

بێ شك لەرژێمێکی ئیسلامیدا، جێبەجێ کردنی یاسا شەرعیەکان ئەبێت لەژێر چاودێری زاناکاراکانەوە کەوردە کاریەکانی یاسا شەرعیەکان دەرك پێ بکات ڕایی کرێت بۆ نموونە دزی کردن لەهەلومەرجێکی تایبەت ئەبێتە هۆی بڕینی دەستو ناتوانرێ هەرکەسێك کەلەبەر ئەوەی شتێکی دزیە ئەم حوکمە بیگرێتەوەو فەرمان دەربکرێ بەبڕینی دەستی و یائەندامە



بڕاوەکان لەسەر شەقامەکان نیشان بدرێن تالیبان فەرمانی سزاو تۆڵەکردنەوە یان دوای دەست بەسەراگرتنی کابولێ بەدادگای سەربازی سپاردو ئەم کارەیان هەڵەبوو، چونکە لەسەرووی ئەم دادگایەوە کەسێك بەناوی (مەلا سەید عەبدولرەحمان ئاغا) هەبوو کەدوربوو لەشایستەیی پێویست بۆ بەدەست هێنانی پلەیەکی واگرنگ، دەربارەی بەمەلا بوونیەوە شكو گومان هەبوو لایەنگرانو هەوادارانی ئەو دیسان کەسانی نەخوێندەوار بوون کەلەتۆقاندنی خەڵك لەدادگا سوودیان وەردەگرت، لەبارەی ئەنجامدانی کاری نامەسئولانەی دادگای سەربازی، سکاڵای زۆرو جۆراوجۆر گەیشتبوە مەلا عومەر، بەڵام ئەو لەم بارەیەوە دیسان وەکو هەرکارێکی تر، زۆر درەنگ کاردانەوەی هەبوو یەکێك لەسکاڵاکان نەك تەنها لەبارەی ئەم دادگایەوە، بەڵکو لەبارەی ئۆرگانەکانی ئاسایشی تالیبانەوە گشتی بوو، خستنەژێر ئەشکەنجەی کەسان بەمەبەستی ناچار کردنیان بۆ دانپیانان بوو.

تالیبان ئەشکەنجەدەرانی بێ بەزەیی بوونو سادەترینو دیارترین ئازاردانی ئەوان، لێدانی زیندانی بو بەهۆی کێبڵی کارەباوە ئازاردان بەهۆی کێبڵەوە لەلایەن تالیبان بەئەندازەیەك ناوبانگی دەرکرد کەجارێك مەلا (حەمەد رەبانی) لەکۆبونەوەیەکی لەگەڵ لێپرسراوانی ئاسایشی تالیبان، ئاماژەی بەهەندێ لەفەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)کرد کەتیایدا هاتووە لە"ئاخر زەماندا تایفەیەك پەیدادەبن کەشەلاقی شێوەی کلکی گایان پێیەو خەڵکی بەوە ئەشکەنجە دەدەن. ئەم کەسە ئازار دەرانە لەبۆن

کردنی بەهەشت بیٚبەرین" مەلا رەبانی بەپشت بەستن بەم فەرمودەیە، هۆشداری دابەتالیبان لەبەکارهێنانی ئەم کێبڵەو ئەوانی بانگهێشت کرد بۆ نەرمی نواندن لەبەرامبەر خەڵکی، کارێك کەتالیبان هەرگیز جیٚبەجێی نەکرد.

لەئۆرگانەکانی ئاسایشی تالیبان دوبارە سیستمی تەواو بالاٚ دەست بوون کاتێك بەرپرسێکی ئاسایش لەشوێنێك دەست بەکاربوایە، دەبوو ژمارەیەك لایەنگری‌لەگەڵ خۆیدا ببردایە. لەویلایە بچوکەکان کەسانی سەربەوالی یان سەربەلێپرسراوەکە دەیانتوانی کۆنترۆڵی هەموو هەرێمەکە بگرنە دەست، بەڵام لەهەرێمە گەورەکان‌و لەپایتەخت (کابوڵ) ئەم کارە ئاسان نەبوو، سەرەنجام گروپە هەوادارەکان کەپێشتر یەکتریان نەدەناسی، دەیانتوانی هاوکاری یەکتر بکەن بۆ نمونە لەکابوڵ بەرپرسی ئاسایش، ناوەندەکانی ئاسایشی بەو گروپانە دەسپارد کەلەنزیکەوە ئاشنایەتی نەبوو لەگەڵیان، بەڵام بەلای کەمەوە لەلایەن سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە دەستنیشان دەکران. لەهەندیٚ کاتدا دەبینرا کەژمارەیەك پێکەوە کۆدەبونەوەو بەسەر گرفتەکاندا زاڵ دەبوون‌و بۆ ئەوەی ناوەندێك یا بنکەیەکی پۆلیس بۆ خۆیان تەرخان بکەن، زۆرجارئەم کەسانە بەدروستی نەدەناسران‌و ئەمەش وایدەکرد کەهەوڵ بدریٚ کەسانی ناوەندەکان‌و تەتەرەکان زۆر لەجێگایەك نەمێننەوە نەبادا بەرێککەوتن لەگەڵ کەسانی نەناسراو کێشە دروست بکەن.



بەڵام خەڵکانی نەناسراو توانیان لەهەندیٚ کاتدا خۆیان لەگەڵ سیستمی ئاسایشی تالیبان هەماهەنگ بکەن‌و بەدروستکردنی گروپەکانی هەواداری توانیان خۆیان بخزێننە ناوریزەکانی تالیبانەوە.

نەك تەنها دزی چەکدارانە لەشارەکان‌و دێهاتەکان کاریان بوو، بەڵکو لەشاری کابوڵ، لەیەك کاتدا  تەواوی کارمەندە تەتەرەکانی پۆلیسی ئەو شارە، دوای دزینی دوکانەکانی بازاڕی ئەسعاری شەهزادە، هەموو پێکەوە خۆیان ون کرد، بەبیٚ ئەوەی روون بێتەوە کەئەم جۆرە کەسانە چۆن‌و بەدەستنیشانکردنی چ کەسێك یا کەسانێك لەو کارەدا دامەزرابون.

لەخاڵە نادیارەکان بگەڕێین، ئەبیٚ ئەوە بڵێین کەتالیبان بەبەراورد لەگەڵ دوو دەوری پێش خۆیان. لەدابین کردنی ئاسایش لەناوچەکانی ژێر دەسەلاٚتی خۆیان سەرکەوتوو بون‌و ئاسایشی رێگاکان دابین کرابوو، بەندە جارێکیان لەگەڵ وەفدێکی ئێرانی لە(هیڕات) بۆ قەندەهارو لەوێوە بۆ "ئەرزگان" هاورێیەتیانم کرد کاتی زۆری ئەم سەفەرەمان لەناو کێوەکان‌و ڕێگا زۆر سەختەکان‌و لەشەودا بوو، ئەندامانی وەفدی ئێرانی لەگەڵ ئەوەی کەلەبارەی ئەفغانستانەوە بیستبویان دەترسان لەئەمنیەتی رێگاکان بەڵام لەگەڕانەوەمان بۆ قەندەهار، دانیان بەوەدانا کەتالیبان لەبەرقەرارکردنی ئاسایشی رێگاکان زۆر سەرکەوتووبوون. لەماوەی ڕێگاکەدا خاڵێکی پاسگاکانی ئاسایشی نەدەبینرا، بەڵام

www.pertwk.com

هیچ کاتێك گرفتی ئاسایشی پێش نەدەهات، لەکاتێك کەتەنها چەکدارێکی پاسەوان، لەگەڵ کاروانەکەدا بوو.

گرنگیدان بەکۆکردنەوەی چەك‌و هەروەها پیادەکردنی فەرمانی سزادان، وایکرد کەسوودوەرگرتن لەچەك لەشەڕەکانی شەخسی‌و خێزانی زۆر کەم بوەوە.

دەیانجار دەبینرا کەکاتێك دوو تالیبانی چەکدار، لەسەرشتێك ناکۆکیان دەبوو تفەنگەکانیان فڕێ دەداو بەمشت‌و زللە لەیەکتریان دەدا دەهاتن، کارێك کەپێشتر خەڵکانی چەکدار پێی رانەهاتبوون.

لەم سێ ساڵەی دوایی حکومەتی تالیبان دانیشتوانی کابوڵ خەتەرێکی تر هەراسانی کردبون، ئەویش رفاندنی منداڵ بوو، لەو منداڵانەی کەلەم ماوەیەدا بێ سەرو شوێنکران سەرژمێرێکی دروست لەبەردەستدا نییە، بەڵام تەرمی هەندێ منداڵ کاتێك دۆزرایەوە کە(گورچیلەکان)یان‌و چاویان دەرهێنرا بوون، پروپاگەندەکان  واباس دەکرا. کەئەم کارە لەلایەن پاکستانیەکان‌و خەڵکانی ناوداری ناوریزەکانی تالیبان دەکری‌و ئەندامی منداڵەکان بەمەبەستی فرۆشتن بۆ پاکستان دەگوێزرێنەوە، بەڵام لەم بارەیەوە زۆر خاڵی نادیار هەبوو، چونکە دەرهێنانی ئەندامێکی لەش بەهۆی نەشتەرگەریەوە بەمەبەستی لکاندنی لەلەشی کەسێکی تر، پێویستی بەکەسانی پسپۆڕو هەلومەرجی تایبەتی هەیە، گواستنەوی ئەندامی لەش هەروەها بەوماوە دوورەو بەئامێری ئاسایی ناکرێ، لەم بارەیەوە کەسانێك دەستگیرکراو هەتا لەرۆژنامەکاندا ئەم بابەتە دەنگدانەوەی هەبوو،



بەڵام ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان هیچ شتێکی ئاشکرانەکرد کەمەبەست چی بوو لەکوشتنی ئەم قوربانیە پاکانە؟

رژێمی دادوەری تالیبان لەهەژاری خەڵکیدا بەهای هەبوو، هەژاری‌و گرفتی ئابوری لەراستیا گەڵێ پەیامی نەخوازراوی کۆمەڵایەتی خۆی هەبوو لەوانەش سەردانی خەڵکی بۆ دادگاکان‌و تۆمارکردنی شکایەتی ناراست لەزۆر بۆنەدا بوو، لەسەردەمی تالیباندا سەرچاوەکانی دادوەری  سەرقاڵترین ئۆرگان بوون، لەکاتێك کەزۆر لەوەزارەتەکان تووشی بێ کاری‌و شەلەل بوون.

لەهەموو رژێمێکدا، دەسەڵاتی داد لەپێناوی دابینکردنی دادوەری‌و راستی لەکۆمەڵگەدا رۆڵی پێشڕەوایەتی لەئەستۆیە، بەڵام دەسەڵاتی دادی تالیبان بەزوویی بەرەو گەندەڵی رۆیشت. ئەم بارە لەدیدی هیچ کەسێك پەردەپۆش نەبوو، بەم هۆیەوە مووچەی دادوەران چەند بەرابەری مووچەی فرەمانبەرانی دەوڵەت خرایە سەری، بۆ ئەوەی پشتگیری لە رەشوە خواردن بکرێت. بەڵام لەم بارەیەوە گۆڕانکاریەك نەدەبینرا، پاشان بەپێی فەرمانی مەلا عومەر، رەشوە خۆران بەپێنج ساڵ زیندانی حوکم دران.

بەڵام بێجگە لەیەك دوو حاڵەتی تۆمارکراو کەئەوەش تالیبان نەبوون ئەم فەرمانەیان بەسەردا سەپێنرا، هیچ شتێکی تر لەجێبەجێکردنی ئەم فەرمانەنەبینرا، هەتا مەلا عومەر خۆی رایگەیاند کەپروپاگەندەی گەندەڵی دارایی لەناو دەسەڵاتی داد، لەلایەن کەسانێکەوە باس دەکرێ کەسکاڵای ناحەقیان هەبووە،

www.pertwk.com

وەفەرمانی دادگا پێچەوانەی ئەوان دەرچووە ئەمە خۆی جۆرێك پاكانەكردنە لەكارمەندە گەندەڵەكان لەدەزگای دادگەری .

"مەلا نور محەمەد ساقب" سەرۆكی دادوەران و سەرۆكی دادگای بەرزی وڵات، زۆر ئارەزوی لەوەبوو كەناوی لەرێگەی رادیۆ بەشۆرەت و ناونیشانی دورودرێژ باس بكرێت و نوسینەكانی ئەو كەزۆرجار لەسەرەتای دانیشتنی ئەنجومەنی بەرزی دادگا لە(دیوانی بەرزی وڵات) هەر هەفتەیەك رەخنەی دەگرت، لەسەرەتای هەواڵەكان بەگەرم و گوڕی بڵاوبكرێتەوە، تاوای لێهات كەلەقەندەهارەوە بەرادیۆ دەستوردرا تاناوی ئەو كورت بكەنەوە، ناونیشانی وەك دكتۆر، پرساو دادپرس لابەرن، ئەوەی كەدادوەررانی پلەی یەكەمی ئەم دادگایە تاچەندێ توانای زانستیان هەبووە، ناتوانرێت بەشێوەیەكی رەها دیاری بكرێت، بەڵام من لەم بارەیەوە شایەتی روداوێك بووم كەنیشاندانی، بێ هۆ نییە.

رۆژێك بەهۆی كارێكەوە رۆیشتم بۆ نوسینگەی سەرۆكی دادوەران، هاوڵاتیەك، لەكاتێك كەنوسراوێك بەدەستییەوە بوو بەماستاو كردن داوای لەسكرتێرەكە كرد كەنوسراوەكەی بباتە لای سەرۆكی دادگا، داواكار خوازیاری دەركردنی بریارێك بوو بۆ پڕكردنەوەی ددانەكان، ئەو وتی: "من لەزانایەكی زۆرزان لەبارەی پڕكردنەوەی ددانەكانم داوای فتوام كرد، ئەو وتی كەئەم كارە نادروست نییە، بەڵام دوایی ئیمامی مزگەوتی گەڕەكەكەمان كەتالیبانە، بەمنی گوت، لەكاتێك كەكەسێك ددانی خۆی پڕكاتەوە



دەستنوێژشوشتنی دروست نییە، من رۆیشتم بۆلای پزیشك تاددانە پڕكراوەكانم هەڵبكێشێ، پزیشكەكە وتی لەكاتێك ئەم كارەت بۆ دەكەم كەلەستافی دادگاوە بڕیارم بۆ بێنی"

سكرتێرەكە پرسیاری لێكرد: " چی كەسێك فتوای بەتۆدا كەددانەكانت پڕبكەیتەوە؟" داواكار لەوەڵامدا وتی "ئەو كەسە لەهاورێیانی پزیشكی ددانەو زانای دینییەو پێشووتر دادوەربووەو لەمیسر خوێندویەتی"

سكرتێر وتی: "تۆ بەفتوای كەسێكی وەهابی یائیخوانی، ئەم كارەت كردووەو خۆت گوناهبارکردووە"، پاشان روی كردە دوو مەلا كەلەوێ ئامادە بون و ویستی رای ئەوان بزانێ، ئەو دوو كەسەش هەر ئەو بۆچونەیان تەئكید كردەوە داواكار بە ماستاوكردن و كەساسی وتی: "من ئەمەوێ ئەم بڕیارە لەخوارەوەی نوسراوەكەی من بنوسیت تاكێشەكەم چارەسەر كەم و بتوانم ئەو پارەی كەسەرفم كرد بۆ پڕكردنەوەی ددانم لەپزیشكەكە وەربگرم" ئەوان لەوەڵامدا وتیان " ئەم بڕیارە ناتوانرێ لەسەر كاغەز بنوسرێ، چونكە ئەم مەسەلە جیاوازی هەیە!"

www.pertwk.com

# پەروەردەو فێرکردن

زۆرترین رەخنەکان لەتالیبان لەبواری زانستو پەروەردە رەوایە تالیبان نەك تەنیا دەرگاکانی خوێندنیان بەڕووی کچاندا داخست، بەڵکو بۆ خوێندنی کوڕانیش هەلومەرجێکیان هێنایە پێشەوە کەبەمانای بەستنی نهێنی دەرگای خوێندنگاکانی کوڕانە بو.

فێرخواز یازانستخواز بەمانای کەسێك کەدەخوێنێت، لەبەرئەوە دەبوو تالیبان پێش هەموو کەسێك بەگرنگی فێربوونو خوێندنی زانست ئاگادار ببوایە، بەڵام ئەم تالیبانە لەبەرگێکی تردا بوون.

پێشتر ئاماژە کرا کەتالیبان هەڵقوڵاوی ژینگەی ناوچەکانی لادێ نشینی ولات بونو لەنێوان دانیشتوانی لادێ جۆرێك رەشبینی بەرامبەر بەشار هەبوو زۆر کەس لەو باوەڕەدا بوون کەریتمی ژیانی شار دەبێتە هۆی بێ دینی، کەکودەتای کۆمۆنیستەکان هێزێکی زیاتری بەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەخشی، ئەم کۆمەڵە خەڵکەی گوندەکان بەدیدێکی خراپ لەخوێندەوارانی خوێندنگە غەیرە دینییەکانیان دەڕوانی لەگوندە دورە دەستەکان



نیشانەیەك لەقوتابخانەی کچانە نەبوو، تالیبان بەم بیرکردنەوەیە هاتنەشارو لەنێوانیاندا کەسانێك کەدیدێکی گەشبینتریان هەبوو لەژێر کاریگەری زۆرینە بوون، زۆرینەیەك کەنەیاندەتوانی پەلکێشی ژینگەی شاربنو سوودمەندیەکانی رەوشی شارقبوڵ بکەن، کۆشان تاشار بگۆڕن بەلادێ، چەند هەفتەیەك دوای گرتنی کابوڵ بەدەستی تالیبان کەهەڵوێستەکانی تالیبان لەبارەی خوێندنو کارکردنی ژنان بەتوندی بووە جێگای رەخنەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مەلا موحەمەد غەوس وەزیری دەرەوەی تالیبان لەدیدارێکدا لەگەڵ وەفدێکی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کێشەو ناکۆکیەکانی تالیبانی لەم بارەیەوە ئاوا باس دەکرد " ئێمە لەگەڵ ئەندامەکانی خۆماندا بەڵێنێکمان هەیە لەوانە، رێگەنەدان لەکارکردنو خوێندنی ژنانە، ئەگەر ئێمە ئەم بەڵێنە نەبەینە سەر، چەکدارەکانمان هێڵی پێشەوەی سەنگەرەکان چۆڵ دەکەنو ئەگەڕێنەوە بۆ دێهاتەکانی خۆیان، لەبەرئەوە هەتا ئەو کاتەی کەدوژمنەکانمان لەبەرامبەرمانو بۆشەڕکردنیان پێویستمان بەشەڕکەری دێهاتو خێڵەکان هەیە، ئێمە ناچارین بەدرێژەدان بەم سیاسەتە، گۆڕینی ئەم سیاسەتە کاتێك واردە کەشەڕ کۆتایی پێ بێت"

لەو کاتەدا بەو وتانە کەلەراستیا دارێژەری بنچینەی سیاسەتی تالیبانی بەرجەستە دەکرد گرنگی پێ نەدراو هەروەك بینیمان کەچۆن تالیبان تاکۆتایی کار، دەستی لەم سیاسەتە هەڵنەگرت هەرچەند لەشوێنە جیاجیاکاندا، بەڕستەی گاڵتە جاڕانە هەوڵیاندا

www.pertwk.com

تائومێدێکی ساختە بێننە کایەوە، بەڵام ئەوان ئامادەنەبوون کەبۆ پەروەردەوفێرکردن لەخوێندنگەی هاوچەرخی کوڕانە دیسان پارەخەرج بکەن، چ جای خوێندنگەی کچانە، بەخانەنشین کردنی مامۆسایانی ژن لەکارەکانیان کەزۆرینەی مامۆستایانی وڵاتیان پێکهێنا، لەراستیا رەوشی پەروەردەیی هاوچەرخی شەلەل کرد، تالیبان لەسەرەتادا رایاندەگەیاند بەهۆی روبەروبونەوەی گرفتی ئابووری، ناتوانن بۆ ژنان هەلومەرجێکی پارێزاو هاوشێوەی شەریعەت لەخوێندندا دابین بکەن، نەتەوە یەکگرتووەکان کەئەم بەهانانەی تالیبانی قبوڵ نەدەکرد، لەزۆر رێگاوە هەوڵیدا تاتالیبان هانبدا بەگۆڕینی سیاسەتەکەی، لەوانە کۆمەڵەی وڵاتانی ئەوروپا ئامادە بوون تاخەرجی پێنج قوتابخانەی کچان لەکابوڵ بەشێوەیەك کەتالیبان دەیانەوێ لەئەستۆ بگرن، جێگری وەزارەتی دەرەوەی نەرویج لەدیدارێك لەگەڵ ئستانکزی جێگری وەزیری دەرەوەی تالیبان پێشنیاری کرد کە کەکۆمەڵەی وڵاتانی ئەوروپا ئامادەیە کەدەقوتابخانەی گەورە لەکابوڵ نوێسازی بکاتەوە بەمەرجێك پێنج قوتابخانەی تایبەت بێ بەکچان‌و لەبەشی هەڵگرتن‌و گواستنەوەی پارێزراو..و شەرعی، خوێندکارانی کچیش رێوشوێنی پێویست لەبەرچاو دەگیرێت، ئستانکزی لەوەڵامدا وتی کەئیمارەتی ئیسلامی هیچ کێشەیەك نابینێ لەم کارەدا، بەڵام لەسەرەتادا دەبێت کۆمیتەیەك لەهەردوولا ئەم باسە بەوردی تاوتوێ بکەن. جێگری وەزیری دەرەوەی نەرویژ ئەم رەزامەندیەی تالیبانی وەکو هەنگاوێکی گرنگ لەکۆنفراسێکی رۆژنامەوانی لەکابوڵ باسکرد، بەڵام ئەم چارەسەرە هەرگیز شێوازێکی گونجاو نەبو، هەربەراگەیاندنی ئەم رێگەچارە لەرێگەی



ناوەندەکانی راگەیاندنەوە لەقەندەهار رەتکرایەوە ئاشکرا بوو کەژن مسەلەیەکی هەستیار بو لای تالیبان‌و بنکەی سەرەکی تالیبان (قەندەهار) راپەڕینی خوێناویان بەهۆی مەسەلەی حیجابەوە تاقیکردبوەوە لەسەردەمی دەسەڵاتی زاهیرشادا.

نوێنەرانی رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی لەقەندەهار لەگەڵ کاربەدەستانی پایەبڵندی تالیبان ئەم باسەیان خستبوەڕوو کەئەگەر تالیبان لەبارەی خوێندنی ژنانەوە رێگەپێنەدانی شەرعی دەبینن، ئامادەن لەم بارەیەوە لەگەڵ تالیبان وتوێژ بکەن، کەئایا کێشەی تالیبان شەرعییە، سیاسییە، یاکۆمەڵایەتییەو دەرهاویشتەی پێکهاتەی دەسەڵاتی خێڵەکی ئەفغانستانە؟ تالیبان وەڵامێکی روونی ئەم پرسیارانەی نەدایەوەو لەکابوڵ ئستانکزی جێگری وەزیری دەرەوەی تالیبان ناچاربوو کەوەڵامی ئەم پرسیارانەی نەتەوەیەکگرتوەکان بداتەوە ئەو ئەیویست نەتەوەیەکگرتووەکان واتێبگەیەنێ کەرێگەنەدان بەخوێندن‌و کارکردنی ژنان دەست ئەنقەستی تالیبان نەبووە، کارێکی کاتی بووە، بەڵام وتەکانی ئەو لەم بارەیەوە کەلەدیدارە رەسمییەکان بڵاودەکرایەوە، کاتێ بۆ ئاژانسەکانی رۆژئاوا دەنێردرا بۆ بڵاوکردنەوە سانسۆر دەخرایە سەری.

من وەکو سەرپەرشتیاری راگەیاندن‌و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە، کاتێك پەیوەندیم کرد بەئاژانسی دەنگوباسی رۆژئاوا، جێگری ئاژانسی رۆژئاوا لەوەڵامدا وتی لەقەندەهارەوە دەستوردراوە کەهیچ بەڵێنێك لەبارەی کارکردن‌و خوێندنی ژنان نابێ بدرێت ئەو لەوباوەڕەدا بوو کەئەم کارە بەشێکە لەو رێسایەی

www.pertwk.com

کەبزووتنەوە لەسەرەتای دامەزرانیەوە قبوڵی کردووەو نابێ لێی لابدرێت.

لەوڵاتێکی ئیسلامی پێویست بوونی دامەزراندنی قوتابخانەی ئاینی لەهیچ کەس شاراوە نەبوو، بەڵام ئەوەی کەتالیبان دەیانویست کەقوتابخانەی ئاینی بکەنە ئەلتەرناتیڤی قوتابخانەی هاوچەرخ، بەهیچ شێوەیەك شایانی باوەڕپێ کردن نەبو، بۆ نموونە لەکابوڵ ناوەندی زەرغونە کەپێشتر ناوەندێکی کچانەبوو، گۆڕا بۆ ناوەندی خوێندن و لەبەرکردنی قورئان بۆ کوڕان.

کاتێك مەلا ئەمیرخان موتەقی وەزیری ڕاگەیاندن و کلتور بوو، ڕۆژێ ڕۆیشتم بۆ لای باسەکەمان لەسەر گرنگی پەروەردەو فێرکردن بوو، مەلا موتەقی لەم بارەیەوە بیرەوەرییەکی سەفەری حەجی گێڕایەوە، ئەو وتی: "لەسەفەری حەجدا چاوم کەوت بەیەکێك لەرابەرە موسوڵمانەکانی هیندستان، پیرەمێردێکی بەساڵاچوو بوو، بەمنی وت: تالیبان ئەگەر ئەیانەوێ حکومەتەکەیان بەهێز بکەن و لەبەلا بەدووربن، ئەبێ پەرەبەخوێندنی زانستی دینی بدەن لەپێش هەموو شتێکدا بۆ ئەم کارە پیویستە ژمارەی قوتابخانە دینیەکان زیاتر بکەن)

بەبێ شك مەبەستی ئەو رابەرە موسوڵمانە ئەوەبووە کەقوتابخانەی دینی بکەنە جێگرەوەی قوتابخانەی سەردەم، بەڵام تالیبان لەبواری پەروەردەو فێرکردن هەمان بەرنامەی پەیڕەودەکرد، دانانی کەسێکی کورت بین وەکو مەلا سەید غیاسەدین بۆ پۆستی وەزیری پەروەردەو فێرکردن، جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامە بووە.



کاتەکانی فێرکردن لەخوێندنگەی هاوچەرخ بەشێوەیەك دابەشکرا، کەبەشی زۆری کاتەکان لەهەفتەدا تایبەت بوو بەدەرسی ئاینییەوە، کاتێك موتەقی بووە وەزیری پەروەردەو دەست بەکار بوو، بەرنامەی بەزۆر لەبەرکردنی جبەو سەرپۆشی سەری وەکو پێویستی و بەئەرکی دەزانی نەك تەنها بۆ قوتابیانی قوتابخانە رەسمیەکان، بەڵکو بۆ ئەو خوێندکارانەی کەدەرسی تایبەتی دەخوێنن زۆر ملێ بوو.

تەنگژەی ئابووری وایکرد زۆرێك لەمامۆستایانی پیاو واز لەپیشەکانیان بێنن و بەمشێوەیە شیرازەی دەرس و خوێندن تێکچوو، ئەم بارەناتەبایەی دەرس و خوێندن،هەندێ لەرێکخراوە خێرخوازەکانی بیانی والێکرد تالەم بوارەدا پرۆگرامێك دارێژن لەوانە رێکخراوێکی خێرخوازی مەدەنی تورکیا لەزۆربەی ناوچەکانی وڵات هەڵسا بەدامەزراندنی چەند ناوەندێك لەژێرناوی ناوەندەکانی ئاریانا ئەفغان تورك، ئەم ناوەندانە کوڕانی لەپۆلی شەشەم، دوای تەواوکردنی تاقیکردنەوەی سەرتاسەری لەزانکۆ وەردەگرت و لەم ناوەندانە تەواوی توانا پەروەردەییەکان بەیەکسانی و شێوازی پێشکەوتوو بەکار دەهێنرا، ڕەوشی پەروەردەیی قوتابخانەکان بەشێوەیەك بوو، لەگەڵ وانەکانی خوێندن زانیاری دینی و زمانەکانی تورکی، ئینگلیزی و عەرەبی دیسان دەوترایەوە، مامۆستاکان لەزۆر لایەنەوە بەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر، سیستمی هاوچەرخی فێرکردنیان بەشێوازێك کەلەئەفغانستان پێشتر نەبوو، بەرەوپێشەوەبرد، کۆمەککردن بەم

www.pertwk.com

قوتابخانانە لەلایەن ڕێكخراوێكی ئیسلامی لەتوركیاو لەڕێگەی هاندانی هاوكاری موسوڵمانانەوە دەبو مامۆستایانی توركی لەم قوتابخانانە، كەسانێكی زۆر خواپەرستو شارەزا بوون لەزانستی دینی.

لەسەرتادا مۆڵەتی دامەزراندنی ئەم مەكتەبانە بەزەحمەتی زۆر لەتالیبان وەرگیراو پاشان كاركردنی ئەو ماوە بەسەركەتوویی تەواو بوو، بەڵام تالیبان هێواش هێواش دەستیان خستە ناوكاروباری ئەو قوتابخانانەو گرفتی زۆریان دروستكرد، هەلسێورێنەرانی توركی ئەم قوتابخانەیە لەبەرامبەر هەرسنوردارییەك نەرمییان پیشاندەدا لەوانە، دەست تێوەردانی وەزارەتی پەروەردەو فێركردن ئەمەبوو كەسیستمی تاقیكردنەوەی سەراسەری بۆ وەرگرتن لەم قوتابخانەیە لابرد، لەبەرئەوە لێپرسراوانی وەزارەت رایانگەیاند كەكوڕانی ئەو خێزانانەی كەتوانای داراییان هەیەو لەكۆرسە تایبەتەكان دەخوێننو توانای دەرچوونیان لەتاقیكردنەوەی سەرتاسەری بەبەراورد لەگەڵ قوتابیانێ كەبێ پارە لەقوتابخانە حكومیەكان دەخوێنن زۆرترە، چونكە لەقوتابخانە رەسمیەكان نەمامۆستا هەبوو نەئیمكانیاتی فێركردن.. تائەو جێگەی لەسەرەتای ساڵی (2000) (1380) كێشەكان بەئەندازەیەكی بێ وێنە زیادی كرد.

هەندێ لەتالیبانەكانی ناو وەزارەتی پەروەردەو فێركردن بەشێوەیەكی شەخسی فشاریان ئەخستە سەرلێپرسراوانی ئەم قوتابخانانە، داواكردنی رەشوەشیان تیابوو، لەلایەكی ترەوە



سەرهەڵدانی بێكاری لەتوركیا، گرفتی ئابووری بۆ ئەم رێكخراوە هێنایەكایەوە، (جەلالەدین ئۆزەر) لێپرسراوی قوتابخانەكانی ئەفغان تورك لەئەفغانستان چەندینجار قسەی لەگەڵ كردووم لەبارەی كێشەكانی ئەم قوتابخانانەو ئەوەی دوای دانانی موتەقی وەكو وەزیری پەروەردەوفێركردن، ئەم كێشانە زیاتربون، جارێكیان لەدیدارێك لەگەڵ ئەمیرخان موتەقی، ویستم تێڕوانینی ئەو لەبارەی ناوەندەكانی ئەفغان تورك كەبووەتە هۆی نانەوەی كێشە بزانم، لەكاتی قسەكردنماندا خۆی ئەم باسەی هێنایە ئاراوەو وتی : "ئەم ناوەندانە بۆ ئەو مەبەستە دامەزراون كەبیروباوەڕی توركخوازی" لەو ولاتانەی كەتورك نەژادی لێیە برەو پێبدەنو هەربۆیەش زمانی توركی بەقوتابیان فێردەكەن، هەڵسوڕێنەرانی ئەم قوتابخانانە لەهەروڵاتێكدا هاوشێوەی هەلومەرجی وڵاتەكەی خۆیان پیادە دەكەن، بۆ نمونە لەئەفغانستان روخساری قوتابخانەكان روخسارێكی ئیسلامییە لەكاتێك كە لەتوركمانستان كچو كوڕ بەتێكەڵی وانە دەخوێنن لەبنەمای پەروەردەییان شتێك بەناوی زانستی دینی بوونی نییەو لەهەرپۆلێكدا وێنەی كەمال ئەتاتوركو سەفەرمورا دنیازۆف بەدیوارەكاندا هەڵواسراوە!"

لەئەنجومەنی وەزیران كەئەم مەسەلە خرایە ڕوو، مەلا ئەمیرخانو موتەقیو هەندێ لەوەزیرەكان وتیان "ئەمیری موسوڵمانان" لەسەرەتا ئاگاداری ئەم مەسەلەی قوتابخانانە نەبووە ئێستا لەو بارەوە پرسیاری لێ دەكرێ، وتی كەلەتوركیادا

www.pertwk.com

دەسەڵاتی کوفر بەسەرخەڵکەوە فەرمانڕەوایەو ژنان حەقی ئەوەیان نییە کەسەرپۆش بەسەرابدەن، چۆن ئەم جۆرە کەسانە وڵاتی خۆیان واز لێهێناوەو لەئەفغانستان سەرپەرشتیاری پەروەردەو فێرکردنی لاوەکانی ئێمەیان گرتوەتەئەستۆ؟ حەتمەن ئەمانە ئامانجێکی تریان هەیە، ئەگەر نەلەتورکیا وەك ئەفغانستان لاوانی زۆر پێویستیان بەپەروەردەی ئاینی هەیە، ئەم وتەیەی مەلا عومەر بەمانای تەواوبوونی کاری قوتابخانە ئەفغان تورکەکان بو، لەکاتێك کەئەم رێکخراوە غەیرە دەوڵەتیە بەخەرجییەکی زۆرەوە، تەلارە وێران کراوەکانی لەچەندین ویلایەتی ئەفغانستان نوێکردووەتەوەو ئامێری پێشکەوتوی پەروەردەو فێرکردنیان بۆ مەبەستی پەروەردەکردنی منداڵانی ئەفغانستان بۆ ئەو وڵاتە هێناوە لەکۆتایدا هەرچیان هەبوو هەڵیان گرتو خۆشیان لەئەفغانستان وەدەرنران، رێکخراوێکی خێرخوازی تر بەناو (کوفە) ژمارەیەك مامۆستای تەرخانکرد تالەمزگەوتەکان دەرسی منداڵان بدەن، تائەو جێگایەی کەسیستەمی پەروەردەیی لەمزگەوتەکانی ئەفغانستان مۆڵەتی بەمنداڵانی کوڕوکچ دەدا بۆ فێربون، کوفە دەیویست بۆ کچانی منداڵ هەلی فێربوون فەراهەم بکات، ماوەیەك کاری ئەم رێکخراوە بەسەرکەوتوویی دەچوە پێش، بەڵام زۆری نەبرد لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوفێرکردنەوە زانستی بیرکاری قەدەغەکراو لیژنەیەکی تەرخانکراو بۆ جێبەجێ کردنی ئەم فەرمانە، شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستاکانیان خستبوە ژێرچاودێریەوە. مامۆستاکان لەژێرفشاردابوون کەتا ئەو



کوڕانەی کەمێزەر نابەستنە سەر رێگا نەدرێن بێنە ژوری خوێندنەوە، سەیدغیاسەدین وەزیری پەروەردەوفێرکردن خۆی دەچووە پۆلەکانەوە، داوای لەمناڵان دەکرد کەدەفتەرو کتابەکانی بیرکاری‌و وێنەیان پیشانی ئەو بدەن، ئەگەرشتێکی وای بدیتایە، مامۆستا کەو شاگردی هەردوو سزا ئەدا تاوای لێهات غیاسەدین داوای لەرێکخراوی کوفە کرد کەخۆیان مووچەی مامۆستاکان نەدەن، بەڵکو موچەی مامۆستاکان بدرێت بەوەزارەتی پەروەردە، تاوەزارەت خۆی لەکاتی پێویستدا مووچە بەمامۆستا بدات، رێکخراوی کوفە سەرپێچی ئەم کارەی کردو ماوەیەکی زۆر قوتابخانەکانی ئەم رێکخراوە داخرا.

مەلا ئەمیرخان موتەقی لەبینای زانستی کۆمەڵایەتی نزیك پۆلی تەکنیکی کابوڵ " قوتابخانەیەکی گەورەی بەناوی (قوتابخانەی فاروقیە) دامەزراند، وە کەسێکی پاکستانی وەکو سەرپەرشتیاری ئەو کارە دانا تاشێوازی خوێندن وێکچوی قوتابخانەکانی پاکستان پیادە بکرێ.

بەلەبەرچاوگرتنی قوتابخانە دینییەکان یابەدینی کردنی قوتابخانەکان، لەپشتی تەنها ئامانجێکەوەیەو ئەویش پەروەردەکردنی تالیبان بۆ مەبەستی شەڕبوو، کاتێك وریاکردنەوەکانی ئەمریکا بۆ هێرشکردنە سەرئەفغانستان دەستی پێکرد، داوا لەشاگردەکانی مەدرەسەی فاروقیە کرا کەبچنە سەنگەرەکان، ئەوانیش وازیان لەقوتابخانە هێناو هەموو هەڵهاتن.

www.pertwk.com

سەرەنجامی ئەم سیاسەتە نەگەتیڤە چی بوو؟ هەزاران خێزانی ئەفغانستانی ئەو وڵاتەیان بەجێ هێشتو بۆ ئەوەی منداڵەکانیان خوێندن تەواو بکەن، رویانکردە وڵاتەکانی ترو بەتایبەت پاکستان، لەهەر کۆڵانێکی شاری پیشاوەر قوتابخانەیەك بۆ خوێندنی کچانو کوڕانی ئەفغانی دروستکرا، ئەمانە خەڵکانێکی خۆشبەختی کۆمەڵگەی ئەفغانی بوون کەتوانای بژێویان لەپاکستاندا هەبوو، بەڵام زۆربەی ئەو خێزانانەی کەلەئەفغانستان مانەوەو توانای مادیان نەبوو کەسەفەر بکەن، منداڵەکانیان بێ بەهرە لەخوێندن مانەوە.



## لەبواری دیپلۆماسیدا

دکتۆر (ناربرت هۆڵ) نێردراوی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ئەفغانستان، لەیەکێك لەهۆڵەکانی وەزارەتی دەرەوە لەکابوڵ، چاوەڕوانی هاتنی مەلا محمد حەسەن ئاخوندی جێگری شورای سەرپەرشتیاری تالیبانی دەکرد، سەیرێکی کاتژمێرە لەکارکەوتوەکەی لەسەردیوارەکە کرد، ناوەندی ئەم کاتژمێرانە بەهۆی شەڕی لایەنە ناکۆکەکان هەمووی بەرگوللە کەوتبون کاریان نەدەکرد دکتۆر هۆڵ کەپێشتریش لەم هۆڵە چەند دیدارێکی لەگەڵ هەندێ لەلێپرسراوانی تالیبان وەك مەلا محەمەد غەوس ئەنجامداوە، لەکاتێك کەئاماژەی بۆ کاتژمێرە لەکارکەوتوەکە کرد، وتی : "من هەرکاتێك دێم بۆ کابوڵ، ئەم کاتژمێرە 9.45 دەقیقە نیشاندەدا، لێرە زەمەن وەستاوە!" لەراستیا وا بوو تالیبان هەرگیز دەرکیان بەگرنگی زەمەن نەدەکردو هەرلەبەرئەوە هەلی زۆر لەباریان لەدەستدا.لەسەرەتای ئابی 1995، تالیبان فڕۆکەیەکی بارهەڵگری مەنگۆلیا کەلەئەلبانیاوە کەلوپەلی سەربازی بۆ حکومەتەکەی بورهانەدین رەبانی دەهێنا لەقەندەهار بەبارمتە داینبەزاندو هەر حەوت

www.pertwk.com

سەرنشینەکەیان گرت، ئەوەی کەتالیبان چۆن زانیاری لەسەر هەڵسانی فڕۆکەکە هەبووە، رون‌و دیار نەبوو، بەڵام بێشك هاوکاری کرنی تۆڕێکی هەواڵگری دەرەکی لەگەڵ تالیبان هەبوو، کەتوانیان لەنێوان دەیان فڕۆکە، کەلەرۆژێکا بەئاسمانی ئەفغانستاندا تێدەپەڕن، شوێن‌و کاتی تەواوی هەڵسانی ئەم فڕۆکەیە دەستنیشان بکەن‌و وای لێ بکەن بنیشێتەوەو بەناچاری لەقەندەهار ئەم سەرئێشەیە ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو، تالیبان بۆ ئازاد کردنی فڕۆکەکەو سەرنشینەکانی ملی نەدەداو لەبەرامبەر ئازادکردنیان داوای ئازادکردنی شەست هەزار کەسیان دەکرد، کەلەسەردەمی داگیرکاری روسیا بێ سەروشوێن کران.

هەوڵەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئازادکردن فڕۆکەکەو سەرنشینەکانی بێ ئەنجام بوو، ئەمەیەکەمین تاقیکردنەوەی تالیبان بو لەبواری دبلۆماسیدا کەتیایدا سەرکەوتوو نەبوون‌و پەیوەندی ئەوانی لەگەڵ رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی دیسان خستە تەنگژەوە.

وەفدێکی رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی لەقەندەهار چاوی کەوت بەسەرکردەکانی تالیبان‌و داوای لێکردن لەبارەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە مۆڵەت بدەن بەرێکخراوی ناوبراو تاسەرپشك بێت رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی ڕای وابوو لەبەرامبەر ئازادکردنی فڕۆکەکەو سەرنشینەکانی گرەنتی لەروسیاوەربگرێت تادەست هەڵبگرێت لەپارێزگاری کردنی



لایەنەکانی دژ بەتالیبان، باوەڕبەخۆ بوون کەلەناو پێکهاتەی کۆنفرانسی ولاتانی ئیسلامیدا هەبوو، ئەوەی نیشان دەدا کەروسەکان لەم بارەیەوە ئەوانی دڵنیاکردبوەوە بەڵام تالیبان ئەو داوایەیان رەتکردەوە.

ئەم فڕۆکەیە دوایی بەشێوەیەکی نهێنی‌و بەهۆی فڕۆکەوان‌و سەرنشینەکانی لەفڕۆکەخانەی ئاسمانی قەندەهار هەڵهاتن‌و لەبەرامبەر ئازادبوونی ئەم فڕۆکەیە بەو شێوەیە، پارەدرابوو بەڵام ئەوەی کەهیچ کەسێك لەسەرئەم مەسەلەیە دەستگیر نەکرا، وانیشانی دەدا کەئیزنی مەلا محەمەد عومەری تێدا بووە، ئەم رووداوە گورزێکی کوشندە بوو لەسەرئاستی نێو دەوڵەتی بەرتالیبان کەوت کەپروپاگەندەیان دەکرد کەلەناوچەکانی ژێردەسەلاتی خۆیاندا، هەلومەرجی ئەوناوچانە بەپێی حەزی ئەوان پێش دەچێ، ئەو رووداوە لەقەندەهار لەبارەگای تالیبان روویدا، سەرسورهێنەرو هەژێنەر بوو، هەروەها پاش ئەوەش (ئیسماعیل خان) کەیەکێکە لەنەیارەکانی تالیبان، لەزیندانەکانی ئەوان لەقەندەهار توانی هەڵبێ تالیبان ئەو ماوەیەی کەلەکابوڵ جێگیربوون، دیپلۆماسی خۆیان بەهەڵەیەکی گەورە دەست پێکردو ئەوەش ئەوەبو کەتەواوی سەفارەتخانەکانی خۆیانیان لەدەرەوە داخست‌و بەو ولاتانەیان راگەیاند کەئیتر ئەم سەفارەتخانانە نوێنەرایەتی ئەفغانستان ناکەن.

www.pertwk.com

لەکاتی پاراستنی پارەو پولی رێگە پێدراو رێگەپێنەدراوی ئەفغانستان لەدەرەوە، داوایان لەو ولاّتانە کرد کەهاوکاری پێویستیان بکەن.

ئەم هەڵوێستە لەقەندەهارەوە وەرگیراوە لەکابولّ بەوەزارەتی دەرەوە راگەیەنرا لەئەنجامی ئەم هەڵوێستە، کۆنترۆڵی ئەم سەفارەتخانانە لەژێر دەستی رژێمی رەبانی مایەوە، لەکاتێك کەپێش ئەم کارە ژمارەیەك لەبەرپرسی ئەم سەفارەتخانانە پەیوەندیان دەکرد بەوەزارەتی دەرەوەو ئامادەیی وەفاداری خۆیان بۆ رژێمی تالیبان دەردەبڕی، رژێمی تالیبان تەنها سیّ ولاّتی (عەرەبستانی سعودیو پاکستانو میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی بەرەسمی دانیان پێدانا،ئەگەر رژێمی تالیبان دوای گرتنی کابولّ ژیرانە هەڵسوکەوتیان لەگەلّ مەسەلە ناوخۆییو دەرەکییەکاندا بکردایە ئەم گروپە زیاتر بەردەوام دەبون بەلاّم تالیبان هەڵگری بەرنامەیەك نەبوون بۆ دروستکردنی دەوڵەت، ئەوان لەو مەسەلەی کەگەلان چۆن لەبارەی ئەوان بیردەکەنەوەو ئەم تێڕوانینە تاچ ئاستێك لەچارەنوسی ئەواندا کاریگەربێت بیّ ئاگا بوون ئەوان جیهانیان بەلادیّ دواکەوتوەکانی خۆیان دەزانی، کاتێك تالیبان لەبەرەسمیەت ناسینیان لەلایەن ولاّتانی ترەوە جگەلەو ولاّتانەی سەرەوە کەباسکرا، هیوابڕاو بوونو کورسی ئەفغانستانیان لەنەتەوەیەکگرتووەکان پیّنەدرا، لەگەلّ رێکخراوی نەتەوەکان کەوتنە کێشەوە لەوەوە کەچالاکیەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەئفغانستان لەو سەردەمەدا، زیاتر لەبواری یارمەتیو هاوکاری چڕبووەوە، رایەك لەسەر ئاستی نیو دەوڵەتی



پشتگیری دەکرا کەتالیبان بۆ گەیشتن بەمەرامەکانی خۆیان خەڵکی ئەفغانستان گروپ، گروپ رێکدەخەن، تالیبان هەروا بەئاسانی وایاندەزانی کەبەفشار خستنە سەر دەزگاکانی پەیوەست بەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەئەفغانستان دەتوانن ئەم رێکخراوە ناچار بکات تاکورسی نەتەوەیەکگرتووەکانیان پیّ ببەخشن بەم شێوەیە رێگە بۆ رەسمی ناسینی رژێمی تالیبان لەلایەن ولاّتانی ترەوە کەبەرەسمی ناسینی تالیبانیان پەیوەست دەکرد بەبەرەسمی ناسینی ئەم رژێمە لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە، بەلاّم ئامانجی تالیبان هەمیشە لەگەلّ کردارەکانیان دژوار دژبوونو هەرجارێك بەنزیك بونەوەی وادەی دانیشتنی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان، رووداوێك رویدەدا، کەتالیبان زیاتر لەگەلّ نەتەوەیەکگرتووەکانو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی توشی تەنگژە دەکرد.ساڵێك وەزارەتی "فەرمان بەچاکەی" تالیبان خاتوو (بنینۆ)ی خستبوە ژێر چاودێرییەوە ساڵێکی تر تەواوی رێکخراوە خێرخوازە بێگانەکانی دەخستە ژێرفشارەوە، تانوسینگەکانی خۆیان بگوێزنەوە بۆ بینای پۆلیتکنیك! ساڵێکی تر فلاّن رێکخراو، لەبەرئەوەی ژنانیان بۆ نان خواردن بانگهێشت کردوە، لەلایەن تالیبانەوە هێرشیان دەکرایە سەر، وەك بڵێی دەستێکی ئاژاوەگێڕ لەرێکخستنی ئەم کارەدابوو، کار گەیشتە ئەوەی کەدوای هێرشی موشەکی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان لەرێپێوانێکی دژ بەئەمریکا، دوو کەسی پاکستانی چەکدار، کارمەندێکی نەتەوەیەکگرتوەکانیان کەئیتالی بوو

www.pertwk.com

کوشت و تالیبان هێرشی کردە سەر نوسوینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان و زیانی مادی زۆریان پیٚ گەیاند.

چاندنی تلیاك یەکێکی تر لەکێشەکانی تالیبان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بو تالیبان لەم بارەوە ئەوەندە پیٚ داگری کرد، کەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیشتنە ئەو رایەی کەهەرچی خەرجی جەنگ هەیە تالیبان لەقازانجی مادە سڕکەرەکان بەدەستی دێنیٚ تالیبان چاندنی هەموو مادەیەکی سڕکەری جگە لەتلیاك قەدەغە کردو لەبارەی چاندنی تلیاکەوە وایان رادەگەیاند کەئەم مادەیە لەبواری پزیشکی سوودی لیٚ دەبینریٚ، چاندنی ئەم ماددەیە بەپێی شەرع قەدەغە نییە، هەندێجار بەڵگەهێنانەوەکانی تالیبان دەنگی تۆڵەکردنەوەی دەگرتەخۆ، بۆ نموونە دەیانووت کەکاتێك وڵاتانی رۆژئاوا بەبەرنامە تەلەفزیۆنیە لەڕیٚ لادەرەکانیان لەهەوڵی گۆڕینی رەوشتی گەنجە موسوڵمانەکانی، ئێمەش حەقمان هەیە وەکو ئەوان بکەین. نزیکەی 95٪ ی چاندنی تلیاك لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تالیبان ئەکرا، کەلەساڵی 1997 بەرهەمهێنانی تلیاك لەئەفغانستان زیاتر لە 2800 تەن بوو سودێکی کەمی ئەم بەرهەمە بۆ دەمسپی دێکان بوو، بەڵام هەر ئەم سوودە کەمە بەبەراورد لەگەڵ ئاستی بەرهەم هێنان لەوڵاتێکی شەڕلێکەوتووی وەك ئەفغانستان جێگای تێڕامان بوو، وەهەربەم هۆیەوە دەمسپی دێکان ئامادە نەبوون تالەچاندنی ئەم مادە بەسوودە چاوپۆشی بکەن.

لەبەرهەمهێنانی ماددە بیٚ هۆشکەرەکان لەئەفغانستان، یەکەمجار وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست زەرەرمەند بون کەژمارەی



توشبووان لەو وڵاتانە رۆژ بەرۆژ لەزۆربوندا بوو، بەهۆی دوری ماوەی نێوان ئەفغانستان و ئەمریکا، رێژەیەکی کەم لەم ماددە بیٚ هۆشکەرە دەگەیشتە ئەمریکا، لەکاتێك کەبازاڕی گەرمی ئەم ماددەیە ئەوروپای رۆژئاوا بوو، لەچاوپێکەوتنی نێوان متەوەکل و نوێنەرانی ئەوروپا چەندین جار مەسەلەی کێشەی ماددە بیٚهۆشکەرەکانی ئەفغانستان دەخرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، لەوتەیەکدا نوێنەری یەکێك لەوڵاتە ئەوروپییەکان بەراشکاوانە وتی: ناکۆکی ئێوەو ئەمریکا لەسەر ئوسامە پەیوەندی بەئێمە ئەوروپیەکانەوە نییە، ناکۆکی سەرەکی ئێمە لەگەڵ ئێوەدا کێشەی مادە بیٚ هۆشکەرەکانە کەلەئەفغانستانەوە دێتە ئەوروپا، سەرەنجام تالیبان ناچار بوون لەبواری کەمکردنەوەی بەرهەم هێنانی مادە بیٚ هۆشکەرەکان هەنگاو بنێن و لەیەکەم هەنگاودا لەسەر فەرمانی مەلا محمد عومەر ئەو زەویانەی کەمادەی سڕکەری تیادەچێنرا کەم کرایەوە، بەڵام بەرهەمهێنانی تلیاك هیچ کەم نەکرایەوە، کەئەمەش خۆی بەمانای شکست هێنانی هەنگاوەکانی بەرنامەی کەمکردنەوەی بوو، تاوای لێهات لەساڵی 2000 زاینی، بۆ یەکەمین جار وەکیل ئەحمەد متەوەکل وەزیری دەرەوە لەدیدارێك لەگەڵ وەفدێکی ئێرانی وتی: "بەدناویەك کەبەرهەم هێنانی خەشخاش لەئەفغانستان بۆ ئێمەی پەیداکردوە، زۆر لەقازانجی بەرهەمەکەی زیاترە، ئێمە تەنها 2٪ لەسوودی بازرگانی ئەم مادەیەمان دەست دەکەوێت وەسودی گەورەکانی لادێکانیش

www.pertwk.com

دیسان زۆر کەمە، بەڵام قازانجی موفت دەچووە گیرفانی مافیاکانی مادە سڕکەرەکانەوە، جالەبەر ئەوە لەساڵی داهاتوودا ئێمە بڕیاری یەکجاریمان داوە بۆ نەهێشتنی بەرهەم هێنانی خەشخاش"راستی‌یەکەی ئەوە بوو کەبەهۆی زۆری بەرهەمهێنانی خەشخاش لەئەفغانستان نرخی تلیاك هاتبوە خوارەوە، بەفەرمانی مەلا عومەر بڕێکی زۆر تلیاك هەر لەو ساڵەدا بەهۆی دابەزینی نرخەکەیەوە، کڕراو عەمبارکراو ساڵی دوایی لەسەر فەرمانی مەلا عومەر بۆ قەدەغە کردنی چاندنی خەشخاش نرخی تلیاك بەخێرایی هەڵکشایە سەرەوە، لەراستیا تالیبان لەقەدەغەکردنی چاندنی تلیاك سوودیان چنگ دەکەوت تا لەزۆری بەرهەمهێنانی.

فەرمانی مەلا محەمەد عومەر لەبارەی قەدەغەکردنی چاندنی خەشخاش بەشێوەیەکی توندوتیژ پیادەدەکراو ئەم کارە لەمێژووی ئەفغانستاندا پێشنەیەکی نەبوو هەندێ کەس لەو باوەڕەدا بوون کەئەم بریارە مەلا عومەر، تالیبان لەبەرامبەر گەورەکانی لادێکان دەوەستێنێتەوە، بەتایبەتی کەزۆرترینی زەوی‌و زاری چاندنی خەشخاش لەناوچەیەکدایە کەزۆرینەی ژمارەی جەنگاوەرەکانی تالیبان لەو ناوچەدان بەڵام وانەبوو، گەورەکانی لادێکان بەسەبرانە، بەم بریارەی رابەری تالیبان رازی بوون ئەمە شتێك بوو کەخودی مەلا محەمەد عومەر باوەڕی نەدەکرد، ئەم راستیە مەلا عەبدولرەحمان زاهد جێگری وەزارەتی



دەرەوە باسیکرد، ئەو کەلەکاتی دەرچوونی بریاری مەلا عومەر لەبارەی قەدەغەکردنی چاندنی (کۆکنار) لەئەوروپا بوو، دوای گەڕانەوەی لەسەفەر وتی : "لەئەوروپا لەبارەی بڕیاری خاوەن دەسەڵات پرسیاری زۆرم لێکرا، من پەیوەندیم کرد بەقەندەهارەوەو پرسیم کەئایا ئەتوانم بەراشکاوانە لەبارەی قەدەغەکردنی چاندنی کۆکنار، لەسەر ئەساسی فەرمانی ئەم دواییە قسە بکەم یانە، لەقەندەهارەوە بەمنیان وت لەسەر بڕیاری رابەر، نابێت هیچ جۆرە راگەیاندنێك لەبارەی ئەم فەرمانەوە بدرێت"

لەوانەیە مەلا عومەر بیری لەوە کردبێتەوە کەئەگەر لەبەرامبەر ئەم بەرهەڵستکاریە بەربەرەکانێ بکرێت‌و گەورە نیشاندانی فەرمانەکە ئەو ئەخاتە هەڵوێستێکی یەك لایەنەوە، هەربۆیە تالیبان لەسەرەتای کاردا هەتا لەرۆژنامەکانیاندا لەم بارەیەوە بێدەنگیان نواند، لەئاستی نێودەوڵەتیش ئەم فرمانە بەهەند وەرنەگیرا.

سەرەنجام تالیبان سەرنەوکەوتن لەوەی بتوانن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی روخساری خۆیان جوانتر بکەن.

کێشەیەکی تری تالیبان لەسەر ئاستی دبلۆماسیدا روبەرووی بوەوە، کوژرانی ئەو دیبلۆمات‌و هەواڵنێرانەی ئێران بوو لەشاری مەزار شەریف، لەمانگی ئابی ساڵی 1998 تالیبان بۆ دووەمین جار هێرشیان کردە سەر شاری مەزار شەریف‌و ئەم شارەیان کۆنترۆڵ کرد، لەم هێرشەدا تالیبان بۆ تۆڵەکردنەوەی کوژراوەکانیان لەشکستەکانی پێشودا، دەستیان کرد بەکوشتنی

www.pertwk.com

خەڵکی مەدەنی گروپێك بەفەرماندەی (مەلا دوست محمد ئاخوند) لەگەڵ چەند چەکدارێکی سوپای سەحابە، لەنزیك باڵوێزخانەی ئێران لەمەزار شەریف، کەسێکیان دەستگیرکردو کەسی ناوبراو بۆ رزگارکردنی گیانی خۆی، تابەردەرگای باڵوێزخانەی ئێران چاوساغی ئەوانی کرد، لەو کاتەدا راگەیاندنەکانی رادیۆی ئێران بەتوندی مایەی نیگەرانی تالیبانەکان بوو، پاکستانیەکانی سوپای سەحابە لەم تورە بوونە بۆ بەپراکتیکی کردنی بەرنامەی نەخشە بۆ دارێژراوی پێشوویان هەلیان قۆستەوەو لەگەڵ چوونە ناو بینای باڵوێزخانەی ئێران، هەشت دیپلۆماتو یەك هەواڵنێری ئێرانیان دایە بەردەسترێژو کوشتنیان تالیبان لەبەرامبەر ئەم روداوە دەربڕینی دژو توندیان رائەگەیاند کەلەجیاتی ئەوەی بەسادەییو شەفافیەت قسە بکەن، کەچی کێشەکەیان ئاڵۆزتر دەکرد، ئێران بۆ هێرش کردنە سەرتالیبان سەدانان هەزار سەربازی لەسەرمەرز کۆکردەوە، خەتەری جەنگێکی سەربازی لەئارادا بوو، زانیارییەك کەمن هەمبوو کەلەسەرزاری کەسانی پایەبڵندی تالیبانەوە بۆ ئامادەگی ئەوان لەرووبەروبونەوەی ئێراندا بیستبووم زۆر سەیر بوو، تالیبان تەنها چەند سەد کەسێکیان لەسەرمەرز جێگیرکردبوو، وەفەرمانیان پێدابوون کەلەبەرامبەر هێزەکانی ئێران تەکتیکی شەڕو هەڵهاتن بەکاربێنن، تائێرانیەکان بەشێك لەرۆژئاوای وڵاتەکەیان داگیردەکات، لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا، ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەکان



چەند رێوشوێنو بڕیارێکی دژ بەتالیبان دەرکرد،کەدەکرا گلۆپی سەوز بێت بۆئێران کەلەکاتی شەڕکردن لەگەڵ تالیبان رووبەرووی ناڕەزایەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نابێتەوە، مەلا محەمەد حەسەن ئاخوند، وەزیری دەرەوەی تالیبان لەکابوڵ بەهەواڵنێرانی وت: کەئەو هەشت کوژراوەی ئێران بەدیپلۆمات ناناسرێن، چونکە ئەوان بەشێوەیەکی نایاسایی هاتونەتە ناو ئەفغانستانەوەو مۆڵەتیان لەئەمارەتی ئیسلامی بۆ هاتنە ژورەوە وەرنەگرتوە، ئەوان ئەگەر دیپلۆمات بن، لەلای رەبانی دەناسرانو دەبوو لەگەڵ رەبانیو هاوەڵەکانی مەزار شەریفیان بەجێ بهێشتایە وتە توندوتیژەکانی تالیبان دەیتوانی بێتە هۆی زیاتر هاندانی ئێران، بەڵام لەکاتێك کەئەگەری جەنگ گەیشتبوە ئەوپەڕی خۆی، لێپرسراواکانی باڵوێزخانەی پاکستان لەکابوڵ تالیبانی دڵنیاکردەوە کەمەبەستی ئێران تەنها هەرەشە کردنەو ئازادکردنی شۆفێرە ئێرانیەکان کەلەمەزر مەزار شەریف لەلایەن تالیبانەوە دەستگیرا کرابوونو دوایی ئازادکران، رەئی گشتی خەڵك لەئێران گۆڕاوەو خەڵکی نایانەوێ دوچاری شەڕ بن لەگەڵ دراوسێی رۆژهەڵاتیان.

هەندێ لەسەرانی تالیبان دەرکیان بەو راستییە کرد بوو کەرووداوی کوشتنی ئێرانیەکان لەمەزار شەریف بەشێك بوو لەو کێ بەرکێیەی ئێرانو پاکستان لەپێناو زیادکردنی نفوزیان لەئەفغانستان پاکستانیەکان بەم کارەیان تۆڵەی ئاگرتێ بەردانی

www.pertwk.com

باڵوێزخانەو كوشتوبڕی دیبلۆماتەكانی خۆی لەكابوڵ كردەوە كەلە(5)ی ئەیلولی ساڵی 1995 لەئەنجامی ڕێپێوانێك خەڵكی داخ لەدڵ چوونە ناو باڵوێزخانەی پاكستان لەكابوڵ و دیپلۆماتێكی پاكستانیان كوشت و ئەوانی تریان لەگەڵ باڵوێزی پاكستان بریندار كردو بینای باڵوێزخانەكەیان ئاگرتێبەردا.

لەكاتێك كەهەژمونی نێوان ئێران و تالیبان هەرلەئارادا بوو، وەفدێكی بازرگانی میللی، بەسەرپەرشتی سەرۆكی ژووری بازرگانی تالیبان سەردانی ئێرانیان كردو پاشان بڵاوبووەوە كەئێران ڕێگای ترانزێتی (ئیسلام قەڵا) كە لەساڵی 1997 لەدوای داخستنی سەفارەتی ئێران لەكابوڵ لەلایەن تالیبانەوە داخرابوو، ئەكاتەوە، ئەم كارە چاوەڕوان نەكراوەی ئێران، بوە جێگەی سەرسوڕمان و هەندێك ئەم كارەیان بەهۆكارێكی تر لەبێ بەرنامەی ئێران لەبارەی ئەفغانستانەوە دەزانی، بەڵام لەراستیا ئەم بڕیارەی ئێران گورزێكی كوشندەی ئابووری بوو لەدژی پاكستان، كەتاپێش ئەم بڕیارەی ئێران بازاڕەكانی ئەفغانستان بەشێوەیەكی تایبەتی لەخزمەتی كاڵای پاكستاندا بوو كاڵای ئێرانی بەنەوعیەتی باش و نرخێكی داشكاو بەزویی بازاڕی كاڵای پاكستانی دەشكێنێ، ئەمە لەكاتێكدا كەپاكستان واچاوەڕوان بوو بەو ڕێگە گرتنانەی ئەنجومەنی ئاسایش دژی تالیبان، ئیتر ئەوان زیاتر پشت بەپاكستان دەبەستن و بەبڕینی هێڵی هەڵسانی فڕۆكەكانی ئاریانا بەرەو میرنشینی یەكگرتووی عەرەبی، تەنها



ڕێگای ترانزێتی بەندەری كاراجی لەرووی تالیبان دەكرێتەوە، پاشان پاكستان هەوڵی دەدا پەیوەندی ئێران و تالیبان هەر بەهەڵپەسێردراوی و قەیران بمێنێتەوە تائێران ناچار بكات كەسەرمەرزەكانی خۆی دابخات، بەڵام تادواساتەكانی دەسەڵاتی تالیبان، پاكستان لەم كارەی سەركەوتوو نەبوو.

لەهەر سەردانێكی لێپرسراوانی تالیبان بۆ پاكستان، پاكستانیەكان باسی خەتەری ئێرانیان بەهاوتا تالیبانەكانیان رادەگەیاندو ئەوانیان لەنزیك بوونەوە لەئێران وریا دەكردەوە، مەلا عەبدولرەحمان زاهد دوای سەردانێك بۆ قەندەهار، كەپاش تەقینەوەی بۆمبێك لەبەردەم ماڵەكەی مەلا محەمەد عومەر كەلەو شارە روویدا بەمنی وت، پاكستانیەكان چەند رۆژێك دوای تەقینەوەكە بەڵگەنامەگەلێكیان بەمەلا عومەر نیشاندا كەبەهەبوونی دەستی ئێران لەم رووداوەدا دەسەلماند، زاهد لەو بڕوایەدا بوو كەئەم بەڵگەنامانە ساختەیەو پاكستان دەیەوێ بەم كارە قینی مەلا عومەر بەرامبەر بەئێران زیاتر بكات. لەم رووداوەدا دووبراو ژنێكی مەلا عومەر كوژران، لەكاتێك كەئێران بەیارمەتیدانی سەربازی یەكێتی باكوور، یەكێك بوو لەباشترین پارێزەرانی ئەم یەكێتییە، بەڵام لەهەمان كاتدا هەوڵی دەدا پەیوەندی لەگەڵ تالیبان هەرچەند بەشێوەیەكی رواڵەتی بپارێزێت سەرەتا ئێران بڕوای وابوو كەتالیبان بەهۆی ئەمریكاوە بۆ لێدانی ئێران دروست كرابن، بەڵام دوایی گۆڕانێك هاتە ئاراوە كەئەم

www.pertwk.com

بۆچوونەی ئێرانی گۆڕی، ئەم گۆڕانکاریە نەک تەنها لەبارەی کێشمەکێشی تالیبان‌و ئەمریکا لەسەر ئوسامە بن لادن لەگۆڕینی هەڵوێستی ئێران کاریگەر بوو، بەڵکو پەیوەندی نێوان روسیا و نەیارانی تالیبان‌و ئەو یارمەتی‌یە بەرچاوانەی کەروسەکان دایان بەیەکێتی باکوور، ئێرانی تێگەیاند کەلەکاتێک کەئیئتلافی باکوور سەرکەوتن بەدەست بهێنن، پشکی شێر بەر روسەکان دەکەوێت‌و ئێرانیش دەکەوێتە پەراوێزەوە، لەبەر ئەوە لەکۆتایدا ئێران هەوڵی دەدا تازەمینەی ناوبژی نێوان تالیبان‌و ئیئتیلافی باکوور پێکبهێنێ، بەڵام تالیبان بۆ ئەم داوایە وەڵامێکی ئیجابیان نەدایەوە.

ئێران لەگەڵ تالیباندا کێشەیەکی گەورەی هەبوو، ئەم وڵاتە لەکاتێک کەبەکردەوە تالیبانی وەکو هێزێکی سەربازی‌و سیاسی لەئەفغانستان پێ قبوڵ بوو لەبەر هەبوونی سنورێکی فراوان لەگەڵ ئەفغانستان‌و بەرژەوەندی ئابوریان لەکێبڕکێ لەگەڵ پاکستان، دەبوو لەتالیبان نزیک بێتەوە، بەڵام رابەری تالیبان ئامادەی بەخشینی بچوکترین ئیمتیازی بەئەوان نەبوو.

ئێران داوای لەتالیبان دەکرد کەبکوژانی دیپلۆماتە ئێرانیەکان رابکێشێتە سەر مێزی دادگاو تەنانەت ئامادەبوو رۆڵی تالیبان لەدادگاکردنەکەش قبوڵ بکات تابەلای کەمەوە بۆچونی گشتی لەئێران بۆ پێشوازی گۆڕینی سیاسەتی وڵات لەبارەی تالیبانەوە لەباربێت، بەڵام تالیبان تادواسات لەمبارەیەوە سەرسەختی نیشاندەدا.



کاتێک مەلا محەمەد حەسەن وەزیری دەرەوەی تالیبان بوو، رۆژێک بانگهێشتێکی چاوەڕوان نەکراو لەسەفارەتی پاکستان لەکابوڵ پێکهات، کەلەو بانگهێشتنە وەزیر لەگەڵ هەندێ لەکارمەندەکانی وەزارەت لەوانە بەندەش داوەت بوین لەم دەعوەتە یەکێک لەنوێنەرانی وەفدی پاکستان لەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کەسەرلەبەیانی ئەو رۆژە بەفڕۆکەیەکی تایبەتی هاتبوو بۆ پاکستان ئامادە بووبون ئەو بەمەلا محەمەد حەسەنی وت: "بەرێز نەواز شەریف مانگی داهاتوو بەمەبەستی بەشداری کردن لەکۆبوونەوەی گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەڕوات بۆ نیویۆرک ئەو منی ناردوە کەداواتان لێ بکەم تاپێش دەست پێکردنی دانیشتنەکانی گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، بکوژانی دیپلۆماتەکانی ئێرانی دادگای بکەن‌و سزایان بدەن تائەم کێشەیە چارەسەر بێ، مەلا حەسەن وتی: "ئێوە دەڵێن کەئێمە براکانی خۆمان لەسێدارە بدەین؟" عەزیز خان باڵوێزی کاتی پاکستان کەکاری تەرجومەی لەئەستۆ بوو، وتی: "مەبەستی بەرێزتان ئەوەیە، کەئێوە دەبێ بکوژانی راستەقینە لەسێدارە بدەن، کارێک بکەن کەدڵی ئێران رازی بکەن‌و ئەم کێشەیە، چارەسەر بکرێت‌و کەس زۆر دەست لەم کێشەیە وەرنەدات".

ئەمە شتێکی سەرنج راکێش بوو کەپاکستاندەیویست گرفتێک کەیەکێک بوو لەکۆسپەکانی سەر رێگەی پەیوەندی نێوان ئێران‌و تالیبان لەناو بەرێت، بەڵام ئەمە سیاسەتی وەزارەتی دەرەوە بوو

www.pertwk.com

نەك خواستی (ISI) كاتێك مەلا حەسەن ئەم مەسەلەی بەقەندەهار راگەیاند، لەم بارەیەوە هیچ هەنگاوێك نەنراو ئەم باسەش فەرامۆشكرا، ئەو دەمەی متەوەكل بەوەزیری دەرەوە دانرا، دەیویست بەپیكهێنانی پەیوەندی نزیك لەگەڵ ئێران كۆتایی بەهەڵوێستی تایبەتی پاكستان بهێنێ، ناوبراو منی كەبەرپرسی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەراست و فدراسیۆنی روسیا و قەفقاز وەهەروەها منی كرد بەبەرپرسی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفریقیا، كەئێران بەشێك بوو لەكارە نوێكەم من راشكاوانە پێم وت كەتاكێشەی بكوژانی دیپلۆماتە ئێرانیەكان چارەسەر نەكرێت ناتوانرێت بەباشتر بوونی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا دڵخۆشكەربین، وەلەدانیشتنەكانی وەزارەت، ئەندامان دەیانجار گرنگیان بەچارەسەركردنی ئەم كێشەیەداوە، بەڵام متەوەكل كەدەیزانی چارەسەری ئەم كێشەیە لەتوانای ئەو بەدەرە، هەوڵیدا تالەرێگەی ترەوە كار بكات بۆ باشتر كردنی پەیوەندی لەگەڵ ئێران، مەسەلەی وشكەساڵی و وشكبوونی ئاوی روباری (هیرمەند) لەسەرسنوری ئێران، زەمینەی كارێكی هاوبەشی لەگەڵ ئێران سازكرد.

بەكەمبونەوەی ئاوی روباری هیرمەند، ئاوی ئەو روبارە تاشارۆچكەی دەروێشان بڕی دەكرد لەئێران پروپاگەندەی ئەوەدەكرا كەتالیبان لەبەرچاندنی كوكنار ئاوی هیرمەندیان بەستوە، پێویست بوو كەلەم بارەیەوە نیگەرانی ئێران بڕەوێتەوە.

ئێران داوای كرد وەفدێك بنێرێ بۆ ئەفغانستان بۆ ئەوەی بڕۆنە (دەهراود) لەدەهراورد جۆگەكانی هیرمەند یەكدەگرنەوەو روبارەكە لەوێوە دەست پێ دەكات كەبەشێك لەم ئاوە دەرژێتە بەنداوی



گەورەی (كجكی)یەوە، سەیركردنی بەنداوی كجكی دیسان داوایەكی تری ئێران بوو، ئێرانیەكان دەیانویست تەماشای ئاوەڕۆی روبارەكە هەتا سەرسنووری ئێران بكەن.

كاتێك مەسەلەی سەفەری ئەو وەفدە لەئەنجومەنی وەزیران خرایەڕوو، زۆربەی وەزیرەكان لەبوونی رێككەوتننامەیەك لەنێوان ئێران و ئەفغانستان لەبارەی ئاوی هیرمەندەوە بێ ئاگا بوون و لەو بارەیەوە سەرسوڕمانیان نیشان دەدا كەچۆن ئێران لەئاوی روبارێك بەشی هەیە كەلەخاكی ئەفغانستانەوەسەرچاوە دەگرێ و هەر لەخاكی ئەفغانستان كۆتایی دێ، مەلا عەبدول جەلیل ئاخون جێگیری وەزارەتی دەرەوە داوای لێكردم كەبەڵگەنامەیەك كەلەرێگەی زاهیرشا یاداود خانەوە كەروونكەرەوەی ئەم رێككەوتننامەیە بێ پێیان بدەم، وەزیری ئاووكارەبا دوای خوێندنەوەی بڕیار نامەكەی ئاوی هیرمەند ئەو تێبینییەی هەبو كەلەبڕیارنامەكە ئاماژە بەبەنداوی كجكی نەدراوەو ئێرانیەكان بۆیان نیە داوای سەیركردنی بەنداوی كجكی بكەن، مەلا غیاسەدین وەزیری حەج و ئەوقاف بەراشكاوانە وتی كەئێرانیەكان مزگەوتی شێخ فەیزیان لەشاری مەشهەد وێرانكرد، لەبەرئەوە ئێمە نابێ ئەوانە ببەین بۆ سەیركردنی بەنداوی كجكی!!

بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو كۆسپەدا، متەوەكل توانی قسەی خۆی زاڵ كات من رۆیشتم بۆ هیرات و لەوێ لەگەڵ وەفدەكەی ئێران بەرەو قەندەهار بەرێ كەوتین كاتێك لەسەر رێگاكە گەیشتینە گرشەك،شوێنەواری وشكەساڵی ئەو بڕە ئاوەی كەلەبەستی هیرمەندەوە بەم ناوچەیەدا دەڕۆیشت. دیاربوو، بەمشێوەیە وەفدەكەی ئێران بەو دەرەنجامە گەیشتن كە رەهەندیوشكە ساڵی

www.pertwk.com

لەوە فراوانترە کەگومان دەکرێت و هەرلەبەر ئەوە لەسەیرکردنی ڕێرەوی ڕوبارەکە تاسنوری ئێران وازیان لێهێنا کارەکەیان تایبەت کرد بەبینینی دەهراودو کجکیەوە.

ئەو کاتەی سەفەری وەفدەکەی ئێران هەمو پێیان زانی، نیگەرانی متەوەکل لەوەدابوو، لەپاراستنی گیانی ئەندامانی ئەم وەفدە کەبەرپێرەوێکی شاخاوی و دژوار بەرەو دەهراود سەفەر دەکەن، بەڵام تالیبان کەسێکی بەتوانایان وەکو سەرپەرشتیاری گشتی دۆڵی هیرمەندو ئەرغنداب دانابوو، متەوەکل لێپرسراوێتی ئەم کارەی بەو سپارد، ئەم کەسە ناوی مەلا (عەبدول سەمەد خوجەندی)یە خێزانەکەی دەیان ساڵ پێش لەبوخارا کۆچیان کردوە بۆ ئەفغانستان و لەباشوری ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە نیشتەجێ بوون، خوجەندی لەئەفغانستان لەدایك بووەو بەڵام بەپێچەوانەی کۆچکردوانی تری بخارا کەبەزمانی دەری قسە دەکەن، ئەو جگە لەزمانی پەشتۆنی بەزمانێکی تر توانای قسەکردنی نەبوو خوجەندی شەخسی خۆی چاوساغی وەفدەکەی لەئەستۆ بوو، ئێرانیەکان سەرەتا بەنداوی (دەهلە) کەبەتەواوی وشکی کردبو تەماشایان کرد، سەفەرێکی بێ ڕوداوو دژواریان بەکجکی و دەهراود بەرێکرد، بڕی ئەو ئاوەی کەلە دەهراود دەهات کەمتر بوو لەو بڕە ئاوەی کەلەبڕیار نامەکەی هیرمەند باسکرا بوو لەماوەی ساڵێکدا، ئیتر ئێرانیەکان بڕوایان کرد کەوشکبوونی ئاوی هیرمەند، جگە لەوشکەساڵی هۆکارێکی تری نییە، متەوەکل حەزی دەکرد دوای ئەم دیدارەی وەفدی ئێرانی، زەمینە بۆ دیداری ئەو



لەگەڵ لایەنی کەم، بەرپرسی بەشی ئەفغانستان لەوەزارەتی دەرەوەی ئێران بڕەخسێ، ئەو دەیویست داوا لەئێرانیەکان بکات تامەسەلەی بکوژانی دیپلۆماتەکان، لەسەروی کێشەکانیان لەگەڵ ئەفغانستان بەکاتی وەلاوە بنێین، تاتالیبان بەهاوکاری ئێران بتوانێ هەڵوێستی خۆی لەبەرامبەر پاکستان بەهێزتر بکات، ئەم کارە دەکرا ببێتە هۆی ئەوەی کەکەسانی نەیاری پاکستان لەریزەکانی تالیبان لەئاستێکی بەهێزتر جێ بگرن و لەبەرامبەردا، تالیبانی توندڕەو بێ هێز بکەن، بەڵام وانەبوو.

لەگەڕانەوە لەسەفەری دەهراود بۆ قەندەهار، غولام رەزا بەهرامی، سەرۆکی وەفدی ئێرانی، لەدیدارێك لەگەڵ متەوەکل داوای کرد کەتالیبان هیچ نەبێ بۆ ماوەیەکی کورت، ئاو بنێرێ بۆ پارێزگای زابڵی ئێرانی، هەرچەند هەوا زۆر گەرم بوو کەبڕی بەهەڵم بون و هەڵکشانی ئاوەکەی بەتوندی زیاددەکرد، رابوونی ئاوەکە بەدرێژی سەدان کیلۆمەتر لەو دەشتە تینوانە، یانی بەتاڵ کردنی بەنداوی کجکی بوو هەرلەبەر ئەوە تالیبان لەتوانایان نەبوو، ئاو بگەیەنن بەخەڵکی زرنج، متەوەکل بەمنی وت: "ئێمە دەستمان بۆ لایان درێژکرد، بەڵام ئەوان ئەیانەوێ دەستمان بەبازووەوە دەبڕن"

لەدیدارێکی تردا، بەهرامی دوبارە ئاماژەی بەمەسەلەی کوشتنی دیپلۆماتەکان کرد نیشانی دەدا ئەم مەسەلە هێشتا لەپێش هەموو بڕیارێکە، متەوەکل بەبەهرامی وت، کوشتنی دیپلۆماتەکانی ئێوە، بەهۆی کەسانێکەوە بوو کەلەناو ریزەکانی

www.pertwk.com

ئێمەدا بوون بەڵام لەئێمە نەبون، ئەو دوایی روونی کردەوە کەمەبەستی من ئەوە نییە کەئەوانە پاکستانی بوون، بەڵکو ئەفغانی بون.

ئێران چەند پێشنیاریکی تری لەتالیبان داواکرد کەتالیبان رەتیانکردەوە، بۆ نمونە لەبارەی بازاڕی سەرمەزری لەمەرزی ئیسلام قەلا، چوون بۆ چوونی ئێران و ئەفغانستان لەخاڵی سفر لەم ناوچەیە جیاوازی هەبوو، تالیبان بازاڕی ئێرانی بەرەسمی نەدەناسی و لەبارەی نوێکردنەوەی پردێك لەسەر ئاوی هیرمەند لەناوچەیەك کەپارێزگای زابڵی ئێرانی بەزرنجی ئەفغانستان ئەگەیاند، دیسان تالیبان وەڵامی نەگەتیڤانەی هەبوو، چونکە ئێران بەو هۆیەوە کەهەردوو ولات لەگەڵ یەکتردا پەیوەندی سیاسیان نییە، ئەیانویست بڕیارنامەی چاککردنی ئەو پردەو گومرگی نوێ لەم ناوچەیەدا بەوالی زرنج واژۆ بکەن، بەڵام والی تالیبان لە زرنج لەوەڵامدا گوتی: (ئیمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان دەسەڵاتی ناوەندیەو سیستمی سەرۆك هۆزی لەم وڵاتەدا لەناوچووە، جالەبەر ئەوە رێککەوتن ئەبێ لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی بکرێت) و بەم شێوەیە ئەو پردەش چاك نەکرایەوە.

لەوسێ وڵاتەی کەتالیبان بەرەسمی ناساند، یەکێکیان عەرەبستانی سعودی بوو، کەپاشان ئەم پەیوەندییە بەهۆی مەسەلەی ئوسامە بن لادنەوە سارد بۆیەوە، سەرەتا پەیوەندی گەرمی نێوان تالیبان و عەرەبستانی سعودی، پشتیوانێك بوو بۆ ئەو ئەگەرەی کەئەگەر رۆژێك تالیبان لەژێر فشاری نێودەوڵەتی



ناچار بوو کەئوسامە بن لادن بگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتێکی تر، ئەوە ئەو وڵاتە عەرەبستانی سعودی دەبێت، بەڵام گەڕانەوەی ئوسامە بۆ سعودیە ئەبێتە دەردە سەر بۆ بنەماڵەی پاشایەتی لەسعودیە، چونکە ئوسامە لەناو رەوتە توندڕەوەکان لەجیهانی عەرەبیدا، نفوزێکی زۆری هەیە، لەلایەکی ترەوە ئەمریکا دیسان داوای لەعەرەبستانی سعودی دەکرد تالەقەڵەمڕەوی خۆی بۆ دەستگیرکردنی ئوسامە سوودوەربگریٚ و تالیبان بخاتە ژێرگوشارەوە، جالەبەر ئەوە سعودیە دەبوو خۆی لەم بەندو داوە قوتار بکات.

سەلمان عومەر بالۆێزی عەرەبستانی سعودی لەکابولْ، کەزۆرتر کاتی خۆی لەئیسلام ئاباد ئەبردەسەر، سەردانێکی کابولی کرد تایادداشتێکی گرنگ لەگەڵ مەلا محەمەد حەسەن وەزیری دەرەوەی تالیبان ئەنجام دا، سەلمان لەم دیدارەدا بەزمانێکی توند بەمەلا محەمەد حەسەنی وت، هەرچی زووە دەبێ مەسەلەی ئوسامە چارەسەر بکرێت یائەبێ ئێوە لەناوی بەرن، یان بیدەن بەئەمریکا تابەسزای خۆی بگەینێت، یاتەسلیم بەئێمەی بکەن، لەقسەکانی سەلمان ئەوەدەردەکەوت کەلەکاتێکدا کەتالیبان ئوسامە تەسلیم بەسعودیە بکات، سعودیەکان یان ئەو لەسێدارە دەدەن، یان تەسلیم بەئەمریکای دەکەن، مەلا حەسەن لەوەڵامدا بەتوڕەییەوە وتی" ئێمە لەبەر ئەوە رێز لەئێوە دەگرین کەقیبلەی ئێمە لەسەرزەمینی پیرۆزی عەرەبستانی سعودیدایە، ئەگەر ناغیرەت و مەردی ئێوە لەمێژە ئاشکرایە!!"

www.pertwk.com

ئەم قسەیەی مەلا حەسەن، نەك تەنها جوێن بوو بەسەلمان عومەری، بەڵكو تۆمەت بوو بۆ شانشینی سعودیو دوای ئەم دانیشتنە بوو كەسعودیە پەیوەندی دیپلۆماتی خۆی لەگەڵ تالیبان لەئاستی دەرەوەدا دابەزاندو كەمكردەوە. تالیبانیش خەیاڵی تەسلیم كردنی ئوسامەی بەعەرەبستان لەبیری خۆی دەرهێنا.

هەندێ لەكارەكانی تالیبان لەسەر ئاستی دیپلۆماتی، بۆ رژێمێك كەلەسەر ئاستی جیهانی لەپەراوێز بوو ژیرانە نەدەهاتە پێش چاو، بەلاّم ئەم هەڵوێست گرتنەی تالیبان پشت بەستوو بوو بەبنەمایەك كەتالیبان ئامادە نەبو هەرگیز مامەڵەی لەسەر بكات، كەرەتكردنەوەی داخوازی روسەكان لەوانە بو، ئەڵبەتە روسەكان جارجار لەگەڵ كاربەدەستانی دیپلۆماتی تالیبان لەپاكستان دیداریان ئەنجامدەدا، هەواڵەكانی ئەم دانیشتنانە پاشان دەنێردرا بۆ وەزارەتی دەرەوە، لەو دیدارانەدا روسەكان لەدەستێوەردانی تالیبان لەچیچان نیگەران بوون، باڵوێزی تالیبان لەئیسلام ئاباد لە28ی ئۆكتۆبەری 1997 لەگەڵ (یۆری ئەكسینۆف) وەزیری دەستنیشانكراوو كەسی دووەم لەباڵوێزخانەی روسیە لەئیسلام ئاباد چاویان بەیەكتر كەوت، كەلەو دیدارەدا گفتوگۆكرا لەسەر هەلومەرجی هەمەلایەنەی ئەفغانستانو لایەنی روسی بەتالیبانی راسپارد كەلەگەڵ نەیارەكانیدا گفتوگۆساز بكات، لەم دیدارەدا روسیا نیگەرانی خۆی دەربڕی لەسەردانی وەفدێكی كۆماری چیچان بۆ كابوڵو قەندەهارو دیپلۆماتەكەی روسیا داوای



لەتالیبان كرد كەرێز لەیەكپارچەیی خاكی روسیا بگرێت. دوو رۆژ دواتر یەكەمین هێرشی موشەكی ئەمریكا بۆسەر ئامانجەكانی لەئەفغانستان، باڵوێزخانەی ئەفغانستان لەمیرنشینی یەكگرتووی عەرەبی بەناردنی فاكسێك، بابەتێكی سەیری راگەیاند، روسەكان دەیانەوێ وەفدێك بەسەرپەرشتی (ئەلكساندەر ئوبلۆف) بنێرن بۆ كابوڵ، ئەم سەردانە لەرواڵەتدا نارەسمییەو ئەبلوف وەفدێكی ئینگلیزی یاوەری دەكات، ئەم وەفدە توانای كردنەوەی باڵوێزخانەی روسیای لەكابوڵ تاوتوێ دەكاتو لەبارەی ناساندنی رژێمی تالیبان بەرەسمی لەگەڵ هاوتا ئەفغانیەكەیان گفتوگۆ دەكەن.

دوای ئەوە لەئیسلام ئابادەوە هەواڵ گەیشت كەبەرواری (1419/4/26) كۆچی (خوستی تیندوف) وەزیری دانراوی باڵوێزخانەی روسیا لەئیسلام ئاباد، داوای لەباڵوێزی تالیبان كردوە كەچاوی پێ بكەوێت، باڵوێزخانە بابەتەكەی ئاوا راگەیاند: "بریكاری وەزارەتی روسیا، سەرەتا ئومێدی خواست كەپەیوەندی نێوان هەردوو وڵات ئاسایی بێتەوە، دوبارە دەست پێشخەری پۆزەتیڤی دەست پێ بكات روسیا لەم بارەیەوە ئامادەیی تەواوی هەبوو.

نوێنەرێكی ئێمە دەیەوێ بەم زووانە سەردانی ئیسلام ئاباد بكاتو لەگەڵ نوێنەری ئێوە لەئیسلام ئاباد یالەعیشق ئاباد دانیشتن ئەنجامبدا، دیاریكردنی شوێنەكە لەلای ئێوەیە.

www.pertwk.com

ئەندامێکی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوەی ئێمە ئەیەوێ سەردانی کابوڵ بکاتو لەگەڵ لێپرسراوانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە دیدار ئەنجامبدا، ئومێدەوارین لەباری ئاسایشەوە رێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر، ئەو وتی: من خۆم بەنیازم سەردانی کابوڵ بکەم کەکەسێکی ئینگلیزی لەم سەفەرەدا هاورێیەتیم دەکا (بۆ ئەویش داوای ڤیزای کرد) بریکاری ناوبراو پێشنیاری کرد کەئیمارەتی ئیسلامی نیاز پاکیەك نیشانبدا تاکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەسەندی بکاتو بەم شێوەیە رێگا بۆ بەرەسمی ناسینی تالیبان لەلای وڵاتانی تر لەبار دەبێت.

باڵوێخانەی تالیبان لەئیسلام ئاباد، دوا مانگێك لەبەرواری 1419/5/27 کۆچی دوبارە رایگەیاند.

دیدار لەگەڵ (رەئوف عەلی) سەرپەرشتیاری باڵوێزخانەی روسیا لەئیسلام ئاباد، کەراوێژکاری باڵوێزخانە لەم دیدارەدا ئامادەبو، لەباڵوێزخانەی ئیمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان ئەنجامدرا، ئەوان وتیان کەوەفدێکی پایەبەرزی روسی بەسەرۆکایەتی ئەلکساندەر ئۆبلۆف نوێنەری تایبەتی روسیا بۆ ئەفغانستان لە25 تا28 ی دیسەمبەری 1998، سەردانی پاکستان دەکەن، کەلەلایەن وەزارەتی دەرەوەی پاکستان پیشوازیان لێ دەکرێت، ئەم وەفدە بەنیازن چاوپێکەوتن لەگەڵ نوینەری ئیمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان سازبدەن.

ئەو شتانەی کەباسی لێوەکرا:



1. روسیا دەیەوێ پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ ئەفغانستان دەست پێ بکاتو لەرابوردو پەشیمان بوەتەوە.
2. وەفدێکی ئێمە ئەیەوێ سەردانی ئەفغانستان بکاتو چاوی بکەوێت بەباڵوێزخانە.
3. وەفدێکی بڵند پایەی روسیا دەیانەوێ لەگەڵ نوێنەرانی ئیمارەتی ئیسلامی لەئیسلام ئاباد یالەعشق ئاباد، دانیشتنێك ساز بکەن.

من وەکو بەرپرسی فدراسیۆی روسیەو ئاسیای ناوەراست لەوەزارەتی دەرەوە، ئەم هەواڵانەم بەمەلا محەمەد حەسن وەزیری دەرەوە ئەگەیاند، وەڵامی ئەو ئەوە بوو کەبنووسە بۆ سەفارەت کەبەهیچ کەسێکی روسیایی ڤیزای هاتنە ناوەوەی بۆ ئەفغانستانی نەدەن، لەکاتێك کەباڵوێزخانەی ئیسلام ئاباد خوازیاری وەڵامێکی رەزامەندی کردن بوو، دەرەنجام من ناچار بووم کەتەواوی هەواڵەکان بخەمە بەردەست مەلا محەمەد حەسەن ئاخوندو دوا وەڵامی لێ وەربگرم.

مەلا محەمەد حەسەن فاکسو هەواڵەکانی جارێکی تر چاوپیاخشاندو ئینجا گوتی: "لەوەڵامدا بنوسە کەهیچ روسی‌یەك حەقی نییە سەردانی ئەفغانستان بکات، ئەفغانستان روسەکان ویرانیان کردو هەموو نەهامەتیەکانی بەهۆی دەستتێوەردانی روسەکانەوە بوو، من وەکو وەزیری دەرەوە ئەگەر مۆڵەت بدەم کەیەك کەسی روسی بەمەبەستی دانوسان بێتە ناو ئەفغانستان

www.pertwk.com

لەبەرامبەر خوێنی شەهیدەکان خیانەتم کردووەو ڕۆژی قیامەت باری ئەم گوناهە گەورەیە هەڵناگرم، روسەکان سەرەتا ئەبێ قەرەبووی ئەم جەنگ بدەنەوە، ئەوان وا خەیاڵ دەکەن کەلەدوژمنی ئیمە بۆ ئەمریکا سوود وەردەگرن، بەلاّم روسیاو ئەمریکا هەردوکیان کافرن‌و بۆ ئێمە جیاوازییان نییە " من لەوەلاّمدا وتم کەڕەتکردنەوی خواستی روسەکان ئەبێ بەشێوازێکی نەرمتر وەلاّم بدرێتەوە ئەو وتی: "وەلاّم بەهەر شێوازێ دەینوسی، بینوسە، بەلاّم دەبێت ماناکەی رەتکردنەوەی داوای روسەکان بێت"و وەلاّمەکە ئاوا بوو:

**ژمارە 216**

**ڕۆژ 1419/5/5**

بگات بەباڵوێزخانەی ئەمارەتی ئیسلامی لەئیسلام ئاباد

لەوەتەی کەلەسەرەتای دەست پێکردنی بزووتنەوەی ئیسلامی تالیبان تائێستا هەڵوێستی دەوڵەتی روسیا لەبەرامبەر ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان دوژمنانەو لەپێناو پارێزگاری کردنی هەمەلایەنەی ئۆپۆزسیۆن بووە، لەناوبردنی هەوو کۆسپ‌و لێک نەگەیشتنێك لەپەیوەندی نێوان هەردولا پێویست بەکاتی زۆر دەکات‌و ئەوەش کەلایەنی روسیا تاچەندێ راستگۆن لەقسەکانیان.

ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان خوازیاری بەرقەرار کردنی پەیوەندی دۆسانەیە لەگەڵ هەموو ولاّتانی جیهان، لەوانە فدراسیۆنی روسیا، بەلاّم دانوسانی نێوان هەردوولا دەبێت لەسەر ئاستی باڵوێزانی دوو ولاّت‌و لەئیسلام ئاباد بکرێت ئەڵبەتە ئەگەر



روسیا، کەسانێك بەمەبەستی دانوستان دەنێرێت بەرپرسی باڵوێزخانەی ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان بەنوێنەرایەتی لەلایەن وەزارەتی دەرەوە لەگەڵیاندا دیدارو دانوستانی ئەنجام دەدا، پێشوازی کردن لەلێپرسراوانی روسیا لەئەفغانستان‌و یان ناردنی وەفد لەلاین ئەمارەتی ئیسلامی‌یەوە بۆروسیا، کاتێك دیاری دەکرێت کەدەرەنجامی دیارو دڵنیاکەرەوە لەدانوستانی ئیسلام ئاباد بەدەست بێت‌و دڵنیابین لەوەی کەروسیا بەراستی لەم بانگهێشتەی خۆی راستگۆیەو مەبەستی دابینکردنی پەیوەندی دۆستانەیە لەگەڵ ولاّتی ئێمەدا.

تائەو کاتە، پێدانی ڤیزای هاتن بۆ ئەفغانستان بەو کەسانەی کەباستان کردووە دەبێ دوابخرێت.

حاجی مەلا محەمەد حەسەن ئاخوند

سەرپەرشتی وەزارەتی دەرەوە

ماوەیەکی کورت‌و پاش ئەم وەلاّمە شەمەنەفەرێکی بارهەڵگر کەلەرێگای قەرغیزستانەوە بەرەو تاجیکستان دەڕۆشت، لەشاری (ئوش)ی قیرغیزستان، پشکنراو دەرکەوت کەئەم شەمەندەفەرە بڕێکی زۆر چەك‌و تەقەمەنی جەنگی هەڵگرتبوو، بەرەو باکووری ئەفغانستان کەلەلایەن ئێرانەوە نێردرا بوو.

راگەیاندنی ئەم باسە لەرێگەی میدیای جیهانیەوە ئاماژەیەکی ئاشکرابوو لە دەستێوەردانەکانی ولاّتانی ئیران‌و ئۆزبەکستان‌و تاجیکستان لەکاروباری ناوخۆی ئەفغانستان، لەراستیا ئەمە زانیاریەك بوو کەروسەکان دایان بەتالیبان‌و ئێستا نۆبەتی تالیبانە

www.pertwk.com

کەهەنگاوی دوەم هەڵگرێت‌و چرای سەوز هەڵبکات بۆ روسەکان، من بەمەلا حەسەنم وت: "ئێستا روسەکان ئەم هەنگاوەیان ناو بەئاماژە تێمان دەگەیەنن کەئامادەن رێگربن لەبەردەم ناردنی چەك‌و تەقەمەنی بۆ ئۆپۆزسیۆن، ئایا ئەمارەتی ئیسلامی ئامادەیە لەگەڵ روسیا دانوستان بکات؟" مەلا حەسەن کەمێك بێدەنگ بو پاشان وتی: "ئەمە خەیاڵی شەیتانە، کەهەندێجار ئەکەوێتە دڵمان، کەشایەد هاوکاری کافر ئێمە بەهێز بکات لەبەرامبەر نەیارانمان، بەڵام ئەگەر دەستی یارمەتی بۆلای کافر درێژ بکەین، لەکۆمەکی خواوەند بێ بەش‌و ریسوا دەبین"

هەرلەگەڵ ئەم رووداوانەدا مەسەلەیەکی تر هاتە ئاراوە کەلەوانەیە لەحەزکردنی روسەکان بۆ نزیکبونەوە لەتالیبان کاریگەرتر بێ‌و ئەوەش سەفەری وەفدێکی چیچان بوو بۆ ئەفغانستان، هەر کاتێك کەوەفدێکی چیچانیەکان بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەبارەی بەرەسمی ناسینی ئەم کۆمارە لەلایەن تالیبانەوە سەردانی ئەفغانستانی دەکرد، روسەکان لەگەڵ تالیبان‌دا لەپەیوەندیدا بوون، هەروەك لەنێوان روسەکان‌و سەرکردایەتی تالیبان لەقەندەهار نامەگۆڕینەوە هەبووە.

داواکاری چیچانیەکان بۆ دروستکردنی پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ تالیبان‌دا ماوەیەك دوای دەست بەسەراگرتنی کابوڵ بوو کەوەفدێك بەسەرۆکایەتی جێگیری وەزیری دەرەوەی ئەو کۆمارە (عەبدولاّیف یاراگی محەمەد دویچ) بەیاوەری (عەبدولواحید) یەکێك لەراوێژکارانی سەربازی جەوهەر دۆدایف، سەرۆك کۆماری



پێشووی چیچان‌و هەرەها سەرلەشکری تیپی شەریعەتی ئەو وڵاتە هاتن بۆ کابوڵ وەفدەکە نامەیەکی شێخ (ابو

سەیاف) یەکێك لەجێگرەکانی جەوهەر دۆدایف‌و ئەمیری (کۆمەڵی ئیسلامی) چیچانیەکانیان پێ بوو، ئەبو سەیاف لەسەردەمی جیهادی ئەفغانستان، لەهاوڕێیانی مامۆستا سەیاف‌و خۆی ئەندازیاری کارەبایی بوو، لەکامپی یەکێتی ئیسلامی لە(جلوزەری) پیشاوەر پەیمانگایەکی بەناوی (پەیمانگای تەکنۆلۆژی) دامەزراند، باوکی ئەبو سەیاف چیچانی‌و دایکی ئوردونی بوو، دوای جوڵانەوەکەی جەوهەر دۆدایف لەدژی روسیا، ئەبو سەیاف رۆیشت بۆ چیچان‌و لەوێ لەشکرێکی لەموجاهیدە عەرەبەکانی رابەری دەکرد لەجەنگ دژی روسەکان کەلەشەڕی یەکەمی چیچانیەکان دژی روسیا، شکستێکی گەورەی بۆ هێزەکانی روسیا بەدوادابوو ئەبو سەیاف پارتێکی سیاسی بەناوی (کۆمەڵی ئیسلامی) لەچیچان پایەگوزاری کرد ئەبو سەیاف لەنامەکەیدا جگە لەناساندنی جێگری وەزیر دەرەوەی چیچان داوای لەتالیبان کرد بوو کەهاوکار وەفدە کە بکەن، (شێر محەمەد عەبباس ئەستانکزی) جێگری وەزیری دەرەوەی تالیبان کەخۆی لەموجاهیدەکان بوو وەئاشنایەتی لەگەڵ ئەبو سەیاف هەبوو، خوازیار بوو کەتالیبان کۆماری چیچان بەرەسمی بناسێ‌و دانی پیادابنێ، ئەو لەگەڵ یەکەیەکەی وەزیرەکانی کابینەکەیان لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەی کردووەو رەزامەندی ئەوانیشی وەرگرتوە، وەفدەکەی چیچان رایاندەگەیاند کەئەم کۆمارە لەلایەن روسیای

www.pertwk.com

فیدراڵەوە وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانییپیادانراوەو ئەم مەسەلەیە دیارە چەند رێککەوتننامەیەك بووە کەلەنێوان کۆماری چیچانو روسیای فیدراڵدا واژۆکراوە، ئەم رێککەوتن نامانە، کەیەکێکیان بەواژۆی بۆریس یەڵسنو ئەسلان مەسخادۆفو ئەوی تریان بەواژۆی سەرۆك وەزیرانی روسیا "چەرنۆمەردین"و ئەسلان مەسخادۆف بووە، لەچیچانەوە بەفاکس نێردرا بۆ کابوڵ.

لەئەنجومەنی وەزیران، لەبارەی بەرەسمی ناساندنی کۆماری چیچان رەزامەندی وەرگیراو مەسەلەکەش بەقەندەهار ڕاگەیەنرا، لەقەندەهارەوە فەرمان درا کەوەفدی چیچان سبەی زوو بەفڕۆکەی ئاریانا بگەنە قەندەهار، وەفدەکە گەیشتە قەندەهارو چاویان بەمەلا محەمەد عومەر کەوت، بەڵام زۆری نەبرد راگەیەنرا کەبەهۆی کێشەو گیروگرفتی تالیبان لەگەڵ کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی مەسەلەی داننان بەسەروەری کۆماری چیچان ئێستا لەمپەری هاتووەتەڕێ، بەم شێوەیە وەفدی چیچانیەکان بەنائومێدانە گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەیان.

بەو جۆرەی کەئستانکزی زانیاری دەستکەوتبوو، لەم بڕیاردانەی مەلا عومەر، رەئی مەلا عبدولجەلیل ئاخوند، جێگیری کاروباری سیاسی وەزارەتی دەرەوە، کەپەیوەندی نزیکی لەگەڵ پاکستان هەبوو، کاریگەری زۆری هەبووە.

هاوکات لەگەڵ سەردانەکەی وەفدی چیچان بۆ ئەفغانستان، ئۆبلۆۋ سەرگەرمی چاوپێکەوتن بوو لەپاکستان، بەڵام تالیبان کەعادەتیان وابوو کەخراپترین هەڵوێست لەخراپترین هەلومەرجدا وەربگرن، سەردەمێك کۆماری چیچانیان بەرەسمی ناساند،



کەهێرشی قورسی هێزەکانی روسیا، نزیکەی هەموو بەرەنگاری هێزەکانی چیچانیان لەناوبردبوو، وەزۆربەی وڵاتان بەبێ دەنگی لەبەرامبەر هێرشەکانی روسیا، ئەم هێرشەیان بەبەشێك لەسیاسەتی ناوخۆی روسیا لەبەرامبەر سەرهەڵدانی گروپێك لەقەڵەمدا، هەتا وەزیری دەرەوەی ئێران بەراشکاوانە ئەم هەڵوێستەی ئیرانی راگەیاند.

تالیبان لە2000/1/16دا دانیان بەسەروەری کۆماری چیچانداناو بەرەسمی ناساندیان، دوای سەردانی وەفدێکی چیچان بەسەرۆکایەتی (زەلیم خەیەندەربی) سەرۆك کۆماری پێشوی ئەو وڵاتە (ئۆدۆگف) وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بۆ قەندەهارو کابوڵ، ئەم بڕیارە راگەیەنراو یادداشتی رێککەوتنو راگەیاندنی هاوبەشی خوارەوە لەهەردولا بڵاوکرایەوە.

## راگەیاندنی هاوبەش

**لەبارەی دروستکردنی پەیوەندی دیبلۆماسی نێوان ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستانو کۆماری چیچان ئیچکریا.**

**بەروار 2000/1/16 بەرامبەر بە1420/10/9 کۆچی**

**بەناوی خوای گەورە**

www.pertwk.com

لەبەر بەرژەوەندی پەیوەندی دێرینی برایەتی لەنێوان گەلانی موسوڵمان‌و پێویستی بەهێزکردنی هەرچی زووتری ئەم برایەتیە، ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان‌و کۆماری چیچانی ئچکریا، دوای زنجیرەیەك کۆبونەوە، بەدامەزراندنی پەیوەندی دیبلۆماسی نێوان هەردولا رێککەوتین.

هەردوو حکومەت وەفاداری خۆیانیان بۆ بنەمای مافەنێو دەوڵەتیەکان تەئکید کردەوە لەبارەی فراوانی‌و دەسەڵاتی مەسەلەکانی ترو پەیوەندی دۆستانەو هاریکاری دوو لایەنەی سوودبەخش لەنێوان هەردولا، تەواو هاوشێوەی بڕیارە راگەیەنراوەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان رەزامەندی تەواویان وەرگرتوە، کەدروستکردنی پەیوەندی نێوان هەردو وڵات وەکو دوو وڵاتی تەواو ئازادو سەربەخۆ بەقازانجی هەردو گەلی برا فراوان بکرێت‌و بڕیاردانی مەسەلە سوود بەخشە دوولایەنەکان لەبوارەکانی (سیاسی، بازرگانی، زانستی، تەکنیکی‌و فەرهەنگی) نێوان هەردوولا بەسوودی بڕیاردانی ئاشتی‌و ئۆقرەیی لەگۆڕەپانی نێو دەوڵەتی دەبێت.

پشت بەستوو بەمانە ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان‌و کۆماری چیچانی ئیچکریا بەلەبەرچاوگرتنی بنەمای رێزگرتنی بەرامبەر لەکاتی سەربەخۆیی، دەسەڵاتی نیشتمانی، سەروەری هەموو خاك‌و دەست وەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی یەکتر، هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی هەرچی زوتری پەیوەندی دۆستانەی هەردولا، کۆششی ئیجابی ئەنجام بدرێ تاپەیوەندی دیبلۆماس خۆیان لەسەر ئاستی باڵوێزخانەکان لەبەرواری 1420/10/9 بەرامبەر بە2000/1/16 دروست بکەین. هەردوولا رەزامەندیان دەربڕی



کەراگەیاندنی دامەزراندنی ئەم پەیوەندییە لەبەروار / / بەرابەر بە / / لەپایتەختی هەردوو وڵات رابگەیەنرێ.

| | |
|---|---|
| لەلایەن ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان | لەلایەن کۆماری چیچان |
| مەلا وەکیل ئەحمەد متەوەکل | زەلیم خەیندەریی |
| وەزیری دەرەوە | نوێنەری سەرۆك کۆماری چیچان |

بەهۆی هەلومەرجی جەنگەوە لەچیچان، لەو کاتەدا مێژووی راگەیاندنی دامەزراندنی ئەو پەیوەندییە لەو راگەیاندنە هاوبەشەدا دەستنیشان نەکرا، تالیبان ئەم مەسەلەی چەند رۆژێك دوای واژۆ کردنی یادداشتی رێککەوتن‌و راگەیاندنی هاوبەش بڵاوکردەوە بەیاننامەی رێککەوتن بەدوو زمانی پەشتۆو روسی نوسراو کەوەرگێڕانی بەزمانی دەری بەم شێوەیە بوو.

## بەناوی خوای گەورە

## بەیاننامەی رێککەوتن

لەنێوان ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان‌و کۆماری چیچانی ئیچکریا نوێنەری ئەمارەی ئیسلامی ئەفغانسان مەلا وەکیل ئەحمەد (متەوەکل) وەزیری دەرەوەو نوێنەری کۆمار چیچان

www.pertwk.com

(زەلیم خەیندەربی) بەمەبەستی دامەزراندن و راگەیاندنی پەیوەندی رەسمی دۆستانەو یەکسان بەم شێوەیە رێککەوتین:

1. کۆماری ئیسلامی ئەفغانستان سەربەخۆی کۆماری چیچان بەرەسمی دەناسێت.
2. ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان سەربەخۆی کۆماری چیچان بەرەسمی دەناسێت.
3. هەردوولا لەکاتێکی گونجاودا لەپایتەختی یەکتر، نوێنەرانی سیاسی خۆیان دیاری دەکەن.
4. هەردوولا موناسەبەکانی خۆیان لەسەر بنەمای دیاریکراوی مافە نێودەوڵەتیەکان کەلەگەڵ دەستوری قورئان و سونەتی پیغەمبەر پێچەوانە نەبێت بەرقەرار دەکەن.

لەم بارەیەوە هەردوولا لەو بوارانەی کەلەرێگەی رێککەوتننامەکانی دیاریکراوەوە هاتووە لەگەڵ یەکتر هاوکاری دەکەن.

ئەم بەیاننامەی رێککەوتنە بەزمانەکانی پەشتۆو روسی لەدوو شێوازی نووسین، کەباوەڕپێکراون وەکو یەك رێکخراوەو دوای واژۆ کردن ریتمی یاسایی وەردەگرێت خاڵێکی گرنگ کەلەسەفەری وەفدی چیچان بەسەرۆکایەتی (عەبدولاّیف یاراگی محەمەد ویج) بەدی دەکرا، داواکاری وەفدی ناوبراو بوو لەتالیبان لەبارەی ئازادکردنی (ئیسماعیل خان)وە، پێش شەڕی یەکەمی چیچانیەکان، جوهر دۆدایف وەفدێکی نارد بۆ کابوڵ، بەمەبستی



وتوێژکردن لەگەڵ ئەمارەتی ئیسلامی، ئەم وەفدە لەگەڵ رەبانیدا وتوێژیان کرد، بەڵام رەبانی بەوانی وت ئەفغانستان دوای چواردە ساڵ وێران بووەو ئێمە خوازیاری بەرقەرارکردنی پەیوەندی دۆستانەین لەگەڵ هەموو وڵاتان لەوانەش روسیای فیدراڵ، لەبەر ئەوە ناتوانین لەگەڵ ئێوە هاوکاری بکەین، ئەوان چاویان بەئەحمەد شا مەسعود کەوت، هەمان وەڵامیان وەرگرت.

وەفدەکە پاشان رۆیشتن بۆ هیڕات وتوێژیان لەگەڵ اسماعیل خان کرد ئیسماعیل خان دانیشتنێکی گەورەی لەشاری هیڕات رێکخست و باسی چیچانیەکان و خەباتیانی دەکرد بەدرێژایی مێژوو لەدژی روسەکان و چوار دەزگا ئیستینگەری کردە خەڵاتیان، بەوتەی عەبدولواحد، کەیەکێك بوو لەئەندامانی وەفدەکە، هەواڵی گەیشتنی ئستینگەر بۆ چیچانیەکان بووە هۆکاری بەرزبونەوەی ورەی مجاهدین و دابەزینی ورەی روسەکان و کاریگەرییەکی دەرونی زۆر ئیجابی لەلای موجاهیدەکان دروستکرد، ئیسماعیل خان چاکەی لەگەڵ ئێمەدا کردوەو ئەگەر تالیبان، ئازاد کردنی ئەو بەمەترسی دەزانن، ئێمە ئامادەین بۆ ئەو وەکو میوان لەوڵاتەکەمان باوەش بکەینەوە، وەفدەکە داوای کرد کەسەردانی ئیسماعیل خان بکەن لەزیندانی قەندەهار، بەڵام روون نەبووەوە کەتالیبان بەم داوایەی ئەوان رەزامەندیان هەبووە یان نە، بەڵام داواکاری ئەوانیان بۆ ئازاد کردنی ئیسماعیل خان رەتکردەوە.

تالیبان ئامانجی دوورە دەستیان هەبوو، کەهەرگیز لەگەڵ تواناو شوێنی ئەوان لەنێوەندە جیهانیەکان یەکی نەدەگرتەوەو

www.pertwk.com

لەهەمان کاتدا بۆئەوەی ئەم ئامانجانە لەبەرچاوی دونیا بشارنەوە هەوڵیان نەدەدا،هەرلەبەر ئەوە لەنێو دراوسێکانیاندا بوونە مایەی بێزارییان، تەنانەت پاکستان هاوکاری نزیکیان لەم نیگەرانیە بێ بەش نەبوو دوای ئەوەی بۆجاری دووەم هێزەکانی تالیبان چوونە ناو مەزار شەریفەوە، سەر لەبەیانی، کۆبونەوەی کۆمیتەی سیاسی لەبارەگای وەزارەتی دەرەوە لەکابوڵ دەستی پێکرد، ئەندامانی کۆبونەوە پێکهاتبون لە(مەلا ئەمیرخان موتەقی) وەزیری رۆشنبیری و (مەلا نورەدین تورابی، وەزیری دادو مەلا رەحیم ولازەرمتی جێگیری وەزارەتی رۆشنبیریو سەرۆکی کۆمیتەکەش مەلا محەمەد حەسەن وەزیری دەرەوە) بوو، ئەم کۆمیتەیە منی راسپارد تاراگەیاندنێك بەمەبەستی دڵنیاکردنەوەی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بنوسم، لەبارەی وردەکاری بابەتی ئەم راگەیاندنە موتەقی بەکورتی روونیکردەوە چونکە لەگەیشتنی تالیبان بۆ سنورەکانی تاجیکستانو ئۆزبەکستان، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نیگەرانی لەم وڵاتانە، دەبێت لەلایەن وەزارەتی دەرەوە، تەواوی وڵاتانی ئاسیای میانە دڵنیابکرێتەوە کەتالیبان مەبەستی دەست تێوەردان نییە لەکاروباری ناوخۆی ئەووڵاتانە، چونکە ئەفغانستان وڵاتێکە کەلەئەنجامی شەڕێکی درێژخایەن وێران بووەو ئەم وڵاتە کەخۆی دوچاری کێشەی ئابوری بووە، ناتوانێ ببێتە مەترسییەك لەسەر ئەو وڵاتانە بەڵام لەکاتێك نامانەوێ دەست بخەینە کاروباری وڵاتانی ترەوە، بەتایبەت وڵاتانی دراوسێ، هەروەها چاوەڕوانی ئەوەش لەدراوسێکانمان دەکەین ناوەڕۆکی راگەیاندنەکەم نوسیو هەروەها ئەو چەند



دێڕەم بۆ زیاد کرد ئێمە دەمانەوێ پەیوەندیمان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، بۆ هەتا هەتایە پەیەندیەکی دۆستانەو دراوسێیەتی باش بێتو ئێمە وڵاتانی دراوسێمان دڵنیا دەکەینەوە کەلەسنورەکانی ئەفغانستانەوە هیچ مەترسییەك روبەرویان نابێتەوە.

کاتێك ناوەڕۆکی نوسینەکەم لەناو کۆبوونەوەکە خوێندەوە، هیچ کەسێك رەئی پێچەوانەی نەبوو جگە لەوەزیری داد، کەڕوی لەمەلا حەسەن کردو پرسی "حاجی مەلا : ئێمەو ئێوە بەئاگاین لەسیاسەتی ئەمارەت، ئایا سیاسەت ئەوەیە کەئێمە بەهیچ شێوەیەك لەکاروباری ئەوانی تر دەست وەرنەدەین؟"

مەلا حەسەن وتی: "ئێمە ئەگەر توانامان هەبێت، ئەبێت بچینە هانای موسوڵمانانەوە بەڵام لەهەلومەرجی ئێستادا کە رابەرانی ئاسیای ناوەڕاست دەستیان بەنوێژەوەیەو ناتوانن نوێژ بخوێنن ئەبێت ئەم قسانەیان لەگەڵدا بکەین"

تورابی وتی: "بەبڕوای من، لەڕوی شەرعەوە دروست نییە کەئێمە قسەیەك بکەینو بەڵێنێ بدەین کەئەزانین لەدوایدا کاری پێ ناکەین، چی پێویست دەکات کەئێمە بەشێوەیەکی رەها بڵێین کەهەرگیز دەست وەرنادەین، هەروەها بەو شێوەش کەبڵێین کەئێمە لەهەلومەرجێکدا نین کەببینە سەرچاوەی مەترسی بۆ دراوسێکان، بۆ دڵنیا کردنەوەی ئەوان ئەمەبەسە کە قسەکانمان ئەبێت بەشێوەیەکی گونجاو رێك بخرێت بێ باوەڕەکان لەهەر وڵاتێك بەکرێگیراوەکانی خۆیان دێننە سەردەسەڵات، تابەرژەوەندیان بپارێزنو بەوانی تر دەڵێن، دەست لەکاروباری

www.pertwk.com

ناوخۆیی وڵاتان وەرمەدەن"جارجار چەند وەفدێك لەكۆماری گەلی چینی سەردانی ئەفغانستانی دەكرد، تەوەری سەرەكی وتوێژەكانی چینییەكان لەگەڵ تالیباندا، ئەوەبوو كەچینییەكان نیگەران بوون لەراهێنانی سەربازی كەسانێك لەخێڵی (ئیغۆری) موسوڵمان لەولایەتی (سین كیانك)ی ئەو وڵاتە، لەسەرادانێكدا وەفدێكی چینی بۆ تالیبان جەختیان كردەوە كەئەوان لەویلایەتی سین كیانگ، كەسانێكیان دەستگیركردووە، كەرایدەگەیەنن لەئەفغانستان راهێنانی سەربازیان كردوە.

تالیبان لەم دیدارانەدا بەڵێنیان دەدا كەپێشی ئەم كارانە بگرن، بەڵام نیگەرانی لەم رووەوە بەردەوام بو، كەلەبەرئەوە وەفدێكی چین هاتن بۆكابوڵو لەوێوە چوونە قەندەهار، ئەمە لەكاتێكدا بو كەتالیبان بەهۆی تێكشكاندنی پەیكەرەكانی بودایی، لەلایەن كۆمەڵگەی جیهانیەوە نەفرتی لێ دەكرا، لەدیدار لەگەڵ مەلا عومەر، سەرۆكی وەفدەكەی چین، جانتایەكی كردەوەو پەیكەری وشترێك كەلەگڵی چینی دروستكرابوو دەریهێناو رووی كردە مەلا عومەر گوتی: "رۆژگارێك بەشێك لەرێگای سەرەكی ئەبریشم لەوڵاتەكەی ئێوەوە گوزەری دەكردو كاروانەكانی بازرگانی كەلوپەلیان لەم رێگاوە دەگوێزرایەوە، ئەم كاروانانە پێكهاتبوون لەقافلەی وشتر، من ئەم پەیكەرە وەكو دیارییەك پێشكەش بەتۆی دەكەم بەهیوای ئەوەی پەیوەندی نێوان هەردولامان بگەڕێتەوە دۆخی جارانی"

مەلا عومەر لەبارێكی نائاسایدا بوو نەیدەزانی چی بكات! لەو كاتەدا موتەرجمەكە، كەتالیبانی بوو، بەزمانی پەشتۆنی بەمەلا عومەری وت كەئەگەر ئەو دیارییە وەرنەگرێت میوانەكە زۆر



دڵگران دەبێت، مەلا عومەر بەناچاری پەیكەرەكەی وەرگرتو پاشان وەكو ئەوەی پشكۆیەكی ئاگری بەدەستەوە بێت، یەكسەر خستیە سەرمێزەكە، دوای كۆتایی هاتنی دیدارەكەو رۆیشتنی وەفدەی چینی میللی، مەلا عومەر پەیكەرەكەی بەرزكردەوەو بەتوندی بەزەویداداو پارچە پارچە بوو.

بەبێ شك چینییەكان هەستیان بەحەساسیەتی مەلا عومەرو تالیبان دەكرد، لەبارەی پەیكەری ئاژەڵە گیانلەبەرەكانەوە، چونكە ماوەیەكی كەم بەسەر ئەو وێران كردنەی پەیكەرەكان تێپەڕی بو، چینییەكان ئەم كارەیان بەدەست ئەنقەست ئەنجامدا، تابزانن كەئایا مەلا عومەر گرنگی ئەدا بەپەیوەندی كردن بەچینەوە، كەلەبەرئەو پەیوەندی‌یە، بنەمایەكی گرنگ رەچاو ئەكات، لەوانەیە چینییەكان ویسبێتیان كەبزانن مەلا عومەر ئەو كەسەیە مامەڵەی لەگەڵ بكرێت یانە. وە ڕون نییە كەچینییەكان چ تێگەیشتنێكیان لەكەسایەتی مەلا عومەر هەبوو كێشەی تالیبان لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی كەبەتیایی و گۆشەگیرییان تەواو بوو، بووە هۆی ئەوەی كەزیاترو زیاتر خۆیان لەپاكستان نزیكبكەنەوە بەڵام پەیوەندی پاكستان لەگەڵ تالیباندا بەشێوەیەك كەپارێزەرێك، پارێزگاری لەوانەی كەلەژێر چاودێریدان بكات نەبوو، بەتایبەت لەو بوارانەی كەمەسەلەی ئابوری لەكایەدا بێت، پاكستان سەیری بەرژەوەندی خۆی دەكرد تاكێشەی تالیبان، پاكستان دەیویست لەبواری سەربازیدا هاوكاری تالیبان بكات، بەڵام لەبوارەكانی تردا مامەڵە كردن لەئارادا بوو.

www.pertwk.com

لەمەسەلەی ترانزێتی کەلوپەلی بازرگانی ئەفغانستان، پاکستانیەکان تادواسات ئامادەنەبوون هیچ ئیمتیازێك بەتالیبان بدەن، کەلوپەلی بازرگانانی ئەفغانی لەبەندەری کەراچی کەچەند ساڵێك داخرا بوو، بەنەتیجەیەکی دڵخۆشکەر نەگەیشتن و هەرچەند (نەواز شەریف) لەکاتی دەسەڵاتی خۆیدا بەرەسمی رایگەیاند کەبازرگانیکردنی کەلوپەلی ئەفغانی ئازاد دەکات، بەڵام لێپرسراوانی پاکستانی لەئاستی خوارەوە، تەئکیدیان دەکردەوە کەترانزێتی کەلوپەلی بازرگانانی ئەفغانی، زەرەر لەئابوری پاکستان دەدا، لەلایەکی ترەوە هەندێ لەم کەلوپەلانە کەپێکهاتبوون لەدەرمان و خۆراك بەکەڵك نەدەهاتن و وەکەلوپەلەکانی تر بەهۆی چەندین ساڵ دواخستن لەبەندەری کەراچی، ئەوەندە باج و سەرانەیان لێ وەرگیرا بوو کەخاوەنی ئەو کەلوپەلانە، ئازادکردنی ئەوانەی بەقازانج نەدەزانی لەچاوپێکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی تالیبان و لێپرسراوانی وەزارەتی بازرگانی پاکستان، پاکستانیەکان زۆر لەبابەتە بازرگانیەکانی ترانزێتی ئەفغانستانیان بەو مەبەستە لەلیست دەسڕیەوە کەئەم کەلوپەلانە بابەتی زەرورەتی خەڵکی ئەفغانستان نییە لەوانە شتە ئەلکتریکیەکان، یەخچاڵ، ئێرکۆندێشن، پارچەگرانبەهاکان.. لەبەشی گەشتی فڕۆکەکانی ئاریانا بۆ پاکستان، دیسان پاکستانیەکان ئامادە نەبوون مۆڵەتیان بدەن و هەروەها هەوڵەکانی تالیبان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ سەرانی پاکستان بۆ گەڕانەوەی پارچەی شوێنەوارە مێژوویەکانی ئەفغانستان کەبەقاچاخی دەبرا بۆ پاکستان بێ سوود بوو.



ئامانجی گەورەی پاکستانیەکان کەدانپیادانانی هێڵی دیورەند بوو لەلایەن تالیبانەوە بەدی نەهات،لە رۆژەکانی یەکەمدا، دوای گرتنی کابوڵ، پاکستانیەکان چەندین جار ئەم مەسەلەیان لەکابوڵ و قەندەهار لەگەڵ تالیبان باسکرد، مەلا عومەرو سەرکردایەتی تالیبان کەلەم بارەیەوە هیچیان نەدەزانی، لەسەرەتادا رووی خۆشیان بەپاکستانیەکان نیشانداو پاشان مەلا عومەر خۆی داوای لەوەزارەتی دەرەوە کرد، کەسێ فۆتۆکۆپی لەرێککەوتننامەی ناوبراوی بۆ بنێرن تالیبان زۆر زوو دەرکیان بەهەستیاری ئەم مسەلەیە کردو زانیان کەمەسەلەی دیورەند ناکۆکیەکی سادەی مەرزی نییە، وەکو ئەوەی لەگەڵ ئێراندا هەیە. لەبەرامبەردا پاکستانیەکان لەسەر سنوری ئەفغانستان، دەستیان کرد بەجموجۆڵ بۆ ئەوەی مەسەلەی سەرسنوری لەگەڵ پاکستاندا لەلایەن تالیبانەوە گرنگی پێبدرێ و ئەم گرژیە لەلایەن تالیبانەوە بخرێتە ڕوو، ئەوەش ئەوەبوو کەلەزۆر ناوچەی سەرسنوری پایەگاو بارەگا سەرسنوریەکانی خۆیان تاچەندین کیلۆمەتر بردە ناو خاکی ئەفغانستانەوە، ئامانجێکی ئەم کارە، وروژاندنی دەنگی نارەزایی تالیبان بوو بەڵام تالیبان لەبەرامبەر خواستەکانی پاکستان وتیان، چون تالیبان بەشێکی زۆری خاکی ئەفغانستانی لەژێر دەستدایە، لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانیەوە دانی پیادا نەنراوەو بەرەسمی نەناسراوەو لەبەرئەوە واژۆ کردنی هەر رێککەوتننامەیەك لەلایەن تالیبانەوە لەگەڵ هەر وڵاتێکدا، لەدیدی یاساییەوە باوەڕپێکراو نییە وەلەلایەکی ترەوە بڕیار لەسەر مەسەلەیەکی وادا، دەبێت ئەنجومەنێك لە نوێنەرانی خەڵك بڕیاری

www.pertwk.com

لێ بدات، جالەبەر ئەوە تالەبار بوونی ئەم هەلومەرجە، ناتوانرێ لەسەر مەسەلەی دیورەند بگەن بەدەرەنجامێك.

داوایـــەکی تـــری پاکســـتنیەکان ئـــەوەبوو، کەهـــەردوو وڵات کۆمیتەیەکی هاوبەش بنێرن بۆ سەرسنور بۆ ئەوەی هێڵی دیورەند لەسـەر ڕوی نەخشـە دیـاری بکرێـت تالەهـەر شـوێنێك کەلەلایـەن پاکستانەوە سەرپێچییەك کرابێ، دیاری بکرێ‌و دیارە ئەم کارە بەشێوەیەکی نارەسمی ئەنجام دەدرێت.

تالیبـان لـەم کارەشـدا وەڵامێکـی ئیجابیـان نەدایـەوە، چـونکە دەرکیان بەو خاڵە کرد کەنەخشـەی هێڵی دیورەند کەلەسـەردەمی ئەمیر عەبدولرەحمان خـان لەسـەری ڕێککـەوتون، لـەو سـەردەمەدا بەشـێوەیەکی ڕێـك‌و پێـك بـەو زەوییانـە جێبـەجێ نـەکراو لەسـەر بەشـێکی ناوچـە سـنوریەکان، خـەڵکی سەرپێچـیان نوانـد لـەوەی کەبچـنە ژێـر دەسـەڵاتی (هنـد- بـەریتانی)و بەدرێـژی سـەدەی رابوردو، ئەم ناوچانە بەشێکن لەخاکی ئەفغانستان‌و خەڵکەکەی ئەفغانین، لەکاتێکدا کەلەسەر نەخشە، لەوانەی ئەم ناوچانە بکەونە ئـەودیوی دیـو رەنـدەوە، لەبەرئـەوە تالیبـان تەئکیـدیان کـردەوە کـەدەبێت پایـەگاکانی سەرسـنوری هـەردوو وڵات کەلـەپێش کودەتای شوباتەوە هەبوون، بەخـەتی سەرسنوری دیاری بکرێن، (مـەلا جەلالـەدین حـەقانی) وەزیـری سـنوری تالیبـان، هەرچـەند بـەنزیکی لـە دەزگـای هـەواڵگری پاکسـتانەوە (ISI) دەناسـرا، لەهەمبـەر گوشـاری پاکسـتان لـەو بارەیـەوە، بـەباش ململانێـی دەکرد.



دوای ئـەم گیروگرفتانـە، پاکسـتان هـەوڵی دەدا کەکێشـەی زینـدوتر دروسـت بکـات‌و بـۆ ئـەو مەبەسـتە لەهەنـدێ ناوچـەی خێڵـەکی، دەسـتی کـرد بـەناکۆکی نانـەوە، بـۆ ئـەوەی خـۆی سوودمەند ببێت لێی، لەناوچەی (تروە ئۆبۆ) لە ویلایەتی پەکتیکا دوو خێـڵ بـەناوەکانی (لۆنـد)و (سـلێمان خێـل) لەمێـژبوو لـەپاڵ یەکتریدا وەکو برا دەژیان، پاکستان پارەو چەکی بەخشییە خێڵی لۆندو ئەوانی هاندا بەمەرجێك خۆیان بەپاکستانی لەقەڵەم بدەن، ئـەوە ناوچـەکەیان لـەکارەباو تەلـەفۆن‌و قوتابخانـەو نەخۆشـخانە بەهرەمەند دەبێت، خەڵکی سلێمان خێڵ لەناوچەکە دەستیان دایە ناڕەزایی لـەم کارەی پاکسـتان‌و لەئەنجامدا لـەنێوان هـەروو خێڵـی لۆنـدو سـلێمان خێـڵ شـەڕ دەسـتی پێکـرد، خێڵـی لۆنـد بەسـود وەرگــرتن لــەتوانای پاکســتان، دانیشــتوانی ســلێمان خێڵیــان لەناوچەی (تروە ئۆبۆ) دەرکردو خانوەکانیان ئاگر تێ بەردا.

تالیبـان وەفـدێکی بەسـەرۆکایەتی "مـەلا ئەرسـلا رەحمـانی" نـاردە ناوچـەکە، مـەلا رەحمـانی سـەرگەورەکانی هـەردوو خێڵـی بەئامادە بوونی بەرپرسانی سنوری پاکستان بانگ کردو داوای لێکـردن کەیـەکگرن، لـەو کاتـەدا یـەکێك لەبەرپرسـە پاکسـتانیەکان وتـی ئەگـەر ئێـوە هێڵـی دیورەنـد بەسـنوری نێـوان هـەردوو وڵات دەزانــن، ناوچــەی "تــروە ئۆبــۆ" بەشــێکە لــەخاکی پاکســتان، رەحمـانی لەوەڵامـدا وتـی "مـن وەکـو زانایـەکی ئـاینی هـاتووم بـۆ ئێرە، هەتا ڕێککەوتن‌و ئاشتی بەرقەرارکەم، دیورەند بۆ ئێمـە گرێ کوێرەیەکـە ئـەم کێشـەیەش زاهرشـاو داودو ڕژێمـە کۆمۆنیسـتەکان نەیانتوانی چارەسەری بکەن، چاوەڕوانی چارەسەر مەبن لەئێمە"

پاکستانیەکان کاغەزێك کەبەزمانی ئینگلیزی شتێك لەسەری نوسرا بوو دایان بەرەحمانی و وتیان ئێمەو ئێوە ئەم کاغەزە واژۆ دەکەین تاکێشە کەچارەسەربێت رەحمانی بەوردیەوە کاغەزەکەی ئەمدیو ئەودیو کردو خستیە گیرفانیەوەو وتی: من ئینگلیزی نازانم، ئەم کاغەزە دەبەم بۆ "ئەمیری گەورە بۆ ئەوەی ئەو بیخوێنێتەوەو ئەگەر ئەو پێی باش بوو من واژۆی دەکەمو بۆتان دەنێرم پاکستانیەکان زۆر پێیان ناخۆش بوو، روی توڕەییان کردە یەکێك لەپیاو ماقولانی سلێمان خێلۆ پێیان ووت کەئێوە قسەی ئیمەتان قبوڵ نەکردو ئێمەش بەهۆی خێلو خێلی لۆندەوە ئێوەمان لەناوچەکە دەرکرد، ئیتر ئێوە حەقتان نییە بگەڕێنەوە بۆ ئەم ناوچەیە، ئەم کێشەیە وای کرد کەمەلا جەلالەدین حەقانی، شەخسی خۆی بڕوات بۆ دیداری نەواز شەریف، ناوبراو لەبارەی گرژیو ئالۆزییەکانی سەرسنوور لەگەڵ سەرۆك وەزیری پاکستان قسەی کرد، نەواز شەریف فەرمانێکی راشکاوانەی بەوەزیری ناوخۆدا، کەلەماوەی پازدە رۆژدا تەواوی پایەگاکانی سنوری پاکستان ئەبێت بگەرێنرێتەوە شوێنەکانی پێشووی خۆیان، وەزیری ناوخۆ بەحەقانی وت: ئێوە نەخشەیەك ئامادە بکەن کەشوێنە سنوریەکانی خۆتان کەلەسەردەمی داودخان هەبووە دیاری بکەن، ئێمە لەو بارەیەوە ئامادەی هەرجۆرە هاوکاریەکین تا تالیبان خەریکی ئامادەکردنی نەخشەکە بوون حکومەتەکەی نەواز شەریف بەکودەتاکەی جەنراڵ موشەرەف روخێنراو کێشەی تالیبان وەکو خۆی مایەوە.



لەکارە سەرنج راکێشەکانی تالیبان لەبواری دیپلۆماسیدا، یەك لەوانە، ئەوە بوو کەمەلا عومەر لەسەرەتای ساڵی 1380 بەشێوەی زارەکی لەبارەی چۆنیەتی ناردنی پەیام بۆ وڵاتانی دەرەوە، فەرمانێکی تایبەتی دەرکرد، هەرچەند تالیبان لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهان پەیوەندی دیبلۆماسی نەبوو، بەڵام وەزارەتی دەرەوە بەبۆنەی رۆژە میلیەکانی ئەو وڵاتانە، هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارەکانو یامردنی سەرکردەکانی و رووداوەکانی لەو جۆرە، پەیامەکانی پیرۆزبایی یاپرسەنامەی نوسیوەو لەلایەن مەلا محەمەد رەبانی سەرۆك وەزیرانەوە بۆ وڵاتانی پەیوەندیداری ناردووە، دیارەلەبەرنەبوونی پەیوەندی دیبلۆماسی، لایەنی بەرامبەر وەڵامی ئەو پەیامانەی نەدایەوە، مەلا عومەر فەرمانیدا، کەپاش ئەمە بۆ هیچ بۆنەیەكو بۆ هیچ وڵاتێکی غەیرە ئیسلام پەیامی پیرۆزبایی نەنێرن، بۆ هیچ وڵاتێك چ ئیسلامو چ علمانی بەهۆی کارەساتی سروشتی وەکو بومەلەرزە یا لافاو.. پەیامی دڵگرانی نەنێرن، چونکە ئەم کارەساتانە بەخواستی خواوەند رودەدات.لەهیچ پەیامێکدا ئارەزووی تەندروستیو سەلامەتیو تەمەن درێژی بۆ هیچ کەسایەتیەکی علمانی نەخوازنو هەروەها بۆ هیچ کەسێکی موسوڵمانو غەیرە موسوڵمان نازناوی وەکو پایە بڵندو شکۆمەندو..نابێ بوترێت، وەسەلام بەمانای ئاشتیو سەلامەتییە بۆدەسەڵاتدارانی غەیرە موسوڵمان نابێ سڵاو بنوسرێتو لەسەرەتا لەجیاتی سڵاو ئەم رستەیە "ئاواتەخوازی چاکەتان پێشکەش دەکەین"

www.pertwk.com

## تالیبان، بریداسو یۆنیکاڵ

هەندێ لەشیکارکارانی سیاسی، دەرکەوتنی تالیبانیان لەئەفغانستان بەئامانجی کۆمپانیا فرە رەگەزە نەوتیەکان لەئاسیای ناوەڕاستدا دەبەستەوە، چونکە شەڕی ناوخۆی ئەفغانستان، بووە لەمپەرێك لەرێگەی دابینکردنی ئاسایشی نوێکردنەوەی هێڵی بۆریە نەوتیەکانی ئاسیای ناوەڕاست بۆ



باشووری ئاسیاو ئەم کۆمپانیایانە هەوڵیان دەدا بەسەر سەردارانی جەنگدا لەو وڵاتانە دەسەڵات بەدەست بێنن‌و تەنانەت لایەنگرانی ئامانجەکانی خۆیان لەم وڵاتانە بێننە سەرکار، بێشك کەبەرژەوەندی ئابوری دوو کۆمپانیای نەوتی (بریداس) لەئەرجەنتین‌و (یۆنیکاڵ) لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەندیدار بوو لەگەڵ قەیرانی ناو ئەفغانستان، بەڵام لەم رووەوە زۆر زیادە رەوی کراوە، بەتایبەت هەواڵنێران هەمیشە هەوڵیان داوە لەشتە سادەکانیشدا، هەواڵی گەرم‌و سەرسوڕهێنەر دروست بکەن.

کۆمارە تازە سەربەخۆکانی دەوروبەری وشکای ئاسیای ناوەڕاست، کەئارەزوومەندن لەوابەستەیی بەروسیاوە رزگاریان بێت، حەزیان دەکرد بەکۆتایی هێنان بەشەڕو دابینکردنی ئاسایش لەئەفغانستان، لەم وڵاتە وەکو رێگای بەستنەوە بەباشوور بەهرەمەند بن، لەنێوان رابەرانی ئەم وڵاتانە، (سەفەر موراد نیازۆف) سەرۆك کۆماری تورکمانستان، لەوانی تر زیاتر چاوی ئومێدی بڕیبووە تالیبان، تازەمینەیەکی والەئەفغانستان بێننە ئاراوە.

کۆماری تورکمانستان دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی رووبەرووی گرفتی گەورەی ئابوری بووەوە کەبەهۆی پێشێلکاریەکانی روسیاوە تووشی بوو بوو، نیازۆف ئومێدەوار بوو کەکۆمپانیا گەورەکانی نەوتی رۆژئاوا، بکەونە شوێنی سەرچاوەکانی وزە لەو وڵاتەداو بەمشێوەیە تورکمانستان زاڵ بوو

www.pertwk.com

بەسەر گرفتی ئابوری خۆیدا، بەڵام تاماوەیەکی زۆر جگە لەکۆمپانیایەکی نەوتی لەئەمریکای باشوور (بریداس) هیچ کۆمپانیایەکی تر، گرنگی بەم وڵاتە دەوروبەرگیراوە بەوشکایی ئاسیای ناوەڕاست نەدا.

"کارلوس بالگرونی" سەرۆکی چاودێری کۆمپانیای بریداس، بەقۆستنەوەی ئەم هەلە خۆی گەیاندە تورکمانستان، تورکمانە تازە سەربەخۆکان کەهیچ ئەزمونێکیان لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا نەبوو، کەوتنەژێر کاریگەری بەڵێنەکانی (بالگرۆنی)یەوە ڕێککەوتننامەیەکیان لەگەڵ ئەم کۆمپانیادا بەست کەموڵەتی بەبریداس دەدا تابەدوای سەرچاوەی نەوت و گازدا بگەڕێ، بریداس توانی لەناوچەی (یاشلەر) لەرۆژهەڵاتی تورکمانستان سەرچاوەیەکی گرنگی گازی بدۆزێتەوە لەناوچەکانی تری تورکمانستان دیسان بەرنامەی حەفرکردنی زەوی لەلایەن ئەم کۆمپانیاوە گەیشتە نەوت و گاز.

بەڵام لەکۆتایی ساڵی 1994ی میلادی هەلومەرجەکە بەزەرەری بریداس گۆڕانی بەسەرداهات و نیازۆف دەرکی کرد کەواژۆکردنی هەندێ لەبەڵێن نامەکان لەگەڵ بریداس بەزەرەری تورکمانستان بووە، دەڵێن بریداس لەسەرەتادا بەپێدانی دیاری و بەرتیل بەهەندێ لەبەرپرسە گەورەکانی تورکمانستان، ئەو بەڵێننامانەیان بەستووە، کەزیاتر بەقازانجی بریداس بووە، هەرلەبەر ئەوە نیازۆف خوازیاری دوبارە چاوخشاندن بوو بەم



بەڵێننامەیەو هەتا لەساڵی 1995 کۆمەڵێکی لەلێپرسراوانی ئەم کۆمپانیایەی لەتورکمانستان دەرکرد.

ئەو کەسە دەرکراوانە هاتن بۆ ئەفغانستان و پەیوەندییان کرد بە(عبدولرەحیم غەفوری)* جێگیری وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی ڕەبانی، ئامانجی بریداس ئەوەبوو کەدەوڵەتەکەی ڕەبانی هانبدا کەئامادە نەبێت بەدرێژکردنەوەی هێڵی لولە نەوتیەکان لەرێگەی ئەفغانستان و بەزەرەری ئەم کۆمپانیایە قبوڵ بکات، لەهەمانکاتدا بریداس لەگەڵ سەرانی تالیباندا لەپەیوەندی دابوون.

کۆمپانیای یۆنیکاڵ پەیوەندی کرد بەبەرپرسانی تورکمانستانەوەو بەم شێوەیە نیازۆف توانی بۆ بەرژەوەندی خۆی سوود لەپێشبڕکێی ئەم دوو کۆمپانیایە وەربگرێ، ئیمزا کردنی بەڵێننامە لەگەڵ یۆنیکاڵ، وای کرد کەبریداس لەدژی یونیکاڵ و شەریکەکەی (دەلتای) عەرەبستانی سعودی لەدادگا سکاڵایان لەدژ تۆمار بکات ئەم سکاڵایە، لەدادگای پێداچوونەوەی ناکۆکیەکان لەمەسەلە نەوتیەکان، کەبارەگاکەی لەویلایەتی (تکساسی) ئەمریکایە ڕەتکرایەوە، بەڵام سکاڵایەکی تری ئەم کۆمپانیایە لەدژی دەوڵەتی تورکمانستان لە(دیوانی دادی نێودەوڵەتی) لەپاریس مشت و مڕی لەسەردەکراو لەساڵی 1998 بەقازانجی بریداس بڕیاری لەسەر درا.

حکومەتی (بێ نەزیر بۆتۆ) لەپاکستان لایەنگری بریداس بوو، دەڵێن (ئاسف عەلی زرداری) هاوسەری بێ نەزیر بۆتۆ، بڕێکی زۆر پارەی لەبریداس وەرگرتووە، لەساڵی 1995 پاکستان و تورکمانستان ڕێککەوتننامەیەکیان لەگەڵ یەکدا واژۆ کرد،

www.pertwk.com

کەمۆڵەتی بەبریداس دەدا کەپێداچوونەوەی سەرەتایی لەبارەی پێشنیاری دانانی لولەی گاز لەسەر ڕێگای ئەفغانستان ئەنجام بدا، بەهۆی پەیوەندی نزیکی نێوان تالیبان‌و پاکستان کۆمپانیای بریداس هەلێکی باشی بۆ هەڵکەوت، و بەگرتنی کابوڵ لەلایەن تالیبانەوە، کارلۆس بالگرۆنی سەرۆکی کۆمپانیاو (جۆز لویس سوریدا) یەکێکی تر لەبەرپرسانی ئەم کۆمپانیایە، لەساڵی 1997 سەفەریان کرد بۆ ئەفغانستان، ئەوان چاویان کەوت بەمەلا محەمەد رەبانی سەرۆکی شورای سەرپەرشت‌و مەلا ئەحمەد جان وەزیری پیشەسازی‌و کانزاو شێر محەمەد عەباس ئستانکزی جێگیری وەزارەتی دەرەوە لەکابوڵ‌و بەرپرسانی تری تالیبان لەقەندەهارو داوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەکیان دەکرد هەرلەهەمان ساڵدا وەفدێك بەسەرۆکایەتی مەلا ئەحمەد جان سەردانی ئەرجەنتینیان کرد تاسەیری دامەزراندنی کۆمپانیای بریداس بکەن لەوێ‌و دڵنیا بن لەوەی کەبریداس توانای جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی خۆی هەیە لەئەفغانستان.

بەرپرسانی بریداس، لێپرسراوانی تالیبانیان دڵنیاکردەوە، کەدەوڵەتی ئەرجەنتین هیچ بەرنامەیەکی سیاسی لەپشتەوەی کارەکانی کۆمپانیای بریداسەوە نییەو کێشەی تالیبان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، وەکو مەسەلەی ئوسامە بن لادن‌و مافی ژنان‌و مادە بێ هۆشکەرەکان.. نابێت کاریگەری لەسەر ئەم بەرنامەیە کەبەرنامەیەکی تەواو ئابووری‌یە کاریگەری هەبێت.

یۆنیکاڵیش لەو بوارەدا چالاك بوو، ئەم کۆمپانیایە چەند کەسێکی شارەزای ئەفغانی لای خۆی دامەزراندو لەگەڵ (زاڵمای



خەلیل زادی) ئەمریکای بەرەچەڵەك ئەفغانی پرس‌و راگۆڕینەوەیان هەبوو، پرۆفیسۆر عەبدولسەلام عەزیمی‌و ئەندازیار محەمەد سدیق، کەلەسەردەمی جیهاد لەلێپرسراوانی ڕێکخراوە فریاگوزاریەکانی سەربەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەپیشاوەر بوون، هاتن بۆ کابوڵ پرۆفیسۆر عەزیمی لەدیدارێك لەگەڵ بەرپرسەکانی تالیباندا پێی راسپاردن کەلەواژۆ کردنی هەر ڕێککەوتن نامەیەك زۆر وریا بن، چونکە وشەو زاراوە گەلێك کەلەناوەڕۆکە ئینگلیزییەکەی ڕێککەوتننامەکانی هەردوولا نوسراوە، بەزۆری چەمك گەلێکی دووڕوون کاتێك لەنێوان دوولا یەنی ڕێککەوتوو کێشەیەك سەرهەڵبداو کاربگەیەتە دادگا، لایەنی بەرامبەر لەو مانایانەی کەقازانجی تیایدا شاراوەیە پێداگری دەکات.

قسەکانی عەزیمی زۆر بەجێ بوو، چونکە مەلا ئەحمەد جان وەزیری پیشەسازی‌و کانزا سەرگەرمی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکان بوو لەگەڵ پاکستاندا، بێ ئەوەی بەهرەی لەسەرنجەکانی شارەزایانی مەسەلەی مافەکانی ئەفغان وەرگرتبێت.

عەزیمی بەشێوەیەکی پێچاوپێچ‌و زۆر زیرەکانە ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ تالیباندا باسکرد کەلەپاڵ هەلومەرجێکی لەباردا، کەکۆمپانیایەك بەرنامەیەك بەبڕی ملیاردها دۆلار پێشنیار دەکات، ووردبونەوە لەتوانا مادی‌و تەکنیکی‌یەکانی ئەو کۆمپانیایە زەروریيەو مایەی سوودمەندیەکی زۆرە، بۆ ئەوەی کارەکە کۆسپی نەیەتەڕێ‌و بەنیوە چڵی نەمێنیتەوە. نێردراوەکانی

**یۆنیکاڵ لەم دیدارەدا مۆڵەتیان وەرگرت کەنوسینگەیەك لەئەفغانستان بکەنەوەو کاری راهێنانی کارمەندە تەکنیکیەکانی راکێشانی هێڵی نەوت دەست پیٚ بکەن عەزیمی وتی ئەگەرهێڵە نەوتیەکان رانەکێشرێن، راهێنانی کارمەندە تەکنیکیەکان بەقازانجی ئەفغانستانە. پێشنیاری بریداس درێژکردنەوەی هێڵی لولەیی بەدرێژی (1310)کیلۆمەتر لەتورکمانستان تا(سویی) لەبولجستانی پاکستان بوو، بەلاّم لەو نەخشەیەی کەیونیکاڵ خستیە بەردەم تالیبان، بەرنامەیەکی زۆر پێشکەوتوو بوو، پێکهاتبوو لەهێلێکی لولەیی بۆ گواستنەوەی نەوت، کەلەئاسیای ناوەڕاستەوە هەتا زەریای هندی درێژ بوو.**

**لەئەمریکا مەسەلەی نەبوونی مافی مرۆڤ لەئەفغانستان بەهۆی تالیبانەوە هەلاّیەکی نایەوە کەلەکۆبونەوەی یونیکاڵدا، هەندیٚ لەوانەی کەبەشیان هەبوو لەم کۆمپانیایە ناڕەزاییان بەرامبەر سیاسەتەکانی تالیبان دەرئەبڕی، تالیبان ڕایانگەیاند لەگەڵ هەر کۆمپانیایەك کەسەرەتای کار بەبیٚ هیچ بەندو مەرجێك دەست پیٚ بکات‌و زۆرترین ئیمتیاز بدات بەئەفغانستان، رێککەوتنی لەگەڵدا ئەکات.. هەندیٚ لەداخوازیەکانی تالیبان کەلەو رێککەوتننامەیە داوای دەکرد ئەمانە بوو:**

1. **ماوەی رێککەوتنەکە لەگەڵ ئەفغانستان دەبیٚ بەگوێرەی ماوەی ئەو رێککەوتنە بیٚ کەلەنێوان کۆمپانیاکەو دەوڵەتی تورکمانستان بەستراوە.**



2. **دوای کۆتایی هاتنی ماوەی رێککەوتنەکە، تەواوی بۆریە نەوتییەکان لەخاکی ئەفغانستان لەگەڵ تەواوی پێداویستی‌و کەلوپەلی پاراستن‌و چاودێریکردنی دەبێت ببێتە موڵکی ئەفغانستان.**
3. **بۆریە نەوتیەکان دەبێت لەکەناری جادەی تورغندی تاسپین بۆلدك بەشێوەیەکی رێك لەگەڵیا درێژ بکرێتەوە، دەبێت کۆمپانیا لەدەسپێکی کارەوە ئەم جادە چاکسازی بنەڕەتی بکرێتەوە.**
4. **کۆمپانیا دەبێت لەهەردوو شاری هێرات‌و قەندەهار، لەناوچەیەك کەلەلایەن وەزارەتی بەرژەوەندیەکانی گشتی ئەفغانستانەوە دیاری دەکرێت، چەند شارۆچکەیەك بۆ مانەوەی کارمەندەکان‌و کرێکارەکان دروست بکات.**
5. **ئەو کریٚیە کەدەدریٚ بەئەفغانستان لەبابەت گواستنەوەی غاز، ئەبێت لەگەڵ بەرزبونەوەو نزم بونەوەی بازاڕ لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی‌و نرخی نێودەوڵەتی ووزە بگونجیٚ.**
6. **لەکاتێك کە توانای تەکنیکی هەبێت‌و هەلومەرجەکە لەبار بێت، ئەبیٚ ئەفغانستان حەقی ئەوەی هەبیٚ کەبڕێك لەغازی خۆی بخاتە ناو هێڵی بۆریە نەوتیەکان لەجێگایەکی ترەوە دەری بێنیٚ.**
7. **کەم‌و کوڕی لەڕۆیشتنی غازەکە، کەئەفغانستان دەستی تیایدا نەبێت، لەکریٚ‌و حەقی ئەفغانستان کەم ناکاتەوە.**

**لێرەوە کە بەپێی بەرنامەکەی بریداس، هێڵی بۆریە نەوتیەکان ئەبیٚ لەناوچەی (بالا مورغاب) بێتە ناو ئەفغانستانەوە، بریداس**

www.pertwk.com

لەگەڵ دۆستمدا دیسان ڕێککەوتنێکی واژۆ کردبوو، چونکە ئەم ناوچانە لەژێر دەستی هێزەکانی ئەودا بوو بەڵام پاشان تالیبان توانی هێزەکانی رەشید دۆستم لەبالامورغاب دەربکاتو ئەم مەسەلەیە قازانجی تالیبانی لەلای بریداس زیاتر کرد.

لەمانگی شوباتی 1998، ئەمریکا ئەو ناوچەیەی لەئەفغانستان کەپێی دەوترا پایەگاکانی راهێنانی سەربازی ئەندامانی ئەلقاعیدە، بۆردومانی موشەکی کردو بەم شێوەیە توانای درێژکردنەوەی هێڵی لولەیی لەئەفغانستانەوە بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان، لەکاتێك کەتالیبان بەسەرعەرشی دەسەڵاتەوە بێت نەدەکرا، وە بریداس دیسان ئاگای لەوە بوو کەکارکردن لەگەڵ تالیباندا، ئەم کۆمپانیا ئەخاتە بەردەم تۆمەتی هاوکاری کردنی تیرۆریزم، هەرلەبەر ئەوە بەبێدەنگ چاوەڕوانی فرسەتێکی گونجاوی دەکردو نوسینگەکەی لەکابوڵ هێشتەوە.

لەئەنجامی ناوبژی کردنی ژنێکی ئەمریکای بەرەگەز ئەفغانی بەناوی (لەیلا هیلمز) کەپەیوەندی هەبوو بە(CIAسیاوە، بۆ دوایەمین جار نوێنەرێکی تالیبان رۆیشت بۆ ئەمریکا، ئەم شەخسە ناوی (سەید رەحمەتولڵا هاشمی) بوو، نەسەڵاحیەتی پێویستی پێ درابوو لەلایەن مەلا محەمەد عومەرەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکەی، وەنەخۆیشی لەئەزموونی دانوسانو ئەو بوارە گرنگە شارەزا بوو، جالەبەر ئەوە سەردانەکەی بەبێ ئەوەی کاریگەریەکی پۆزەتیڤ بەجێ بهێڵێ، ئەمریکای زۆر لەوە زیاتر لەبەرامبەر تالیبان رەشبین تر کرد.



## ناکۆکیەکانی ناوتالیبان

لەرابووردودا هیچ جیلێك وەکو مەلاو خوێندکار لەئەفغانستاندا پەرش بڵاونەبوونەوە، راستە کەئەوان لەگۆشەیەکی گرنگی مێژوودا، توانای چەکدارکردنی توێژەکانی کۆمەڵیان هەبووە، بەمەبەستی راپەڕین لەدژی هەندێ لەدەسەڵاتداران و رژێمە کۆنەپەرستەکانو داگیرکەرانی دەرەکی، بەڵام هیچ کاتێك توانای

www.pertwk.com

**دروستکردنی ڕێکخراوێکیان نەبوو، کەبۆ گەیشتن بەدەسەڵاتی سیاسی پیشتیوانیان بکات.**

**لەسەردەمی جیهاددا ئەوان لەسەر یەك ڕێکخراوی خوێندکاری ڕێك نەدەکەوتن و هەر ڕێکخراوێکی سیاسی لەناوخۆیدا ڕێکخراوێکی خوێندکاری جیای هەبوو، بەڵام لەناو هەریەك لەم ڕێکخراوە خوێندکاریانە دیسان ناکۆکیەکی زۆر هەبوو، هەر مەلا بوو خۆی لەوی تر بەزاناتر دەزانی و شاگردەکانیش لەم ناکۆکیانە بەدور نەبوون، مەلا محەمەد نەبی، مەلا خاڵس و مەلا نەسروڵا مەنسور، هەریەکەو ڕێکخراوێکی سیاسی جودایان هەبوو سەیر بوو کەئەم جیلە پەرش و بڵاوە هەرگیز دوو کەس کەبەرێگایەکدا دەڕۆیشتن لەگەڵ یەکدا هاوڕا نەبوون، کەسێکیان بەناوی ئەمیرو رابەر هەڵدەبژارد کەنەزانایەکی باش بوو، نەتوانای دەربڕینی هەبوو، نەئاگای لەسیاسەت بوو، نەلەکەسایەتیەکی دیاربوو لەجیهاددا، نەلەناو هۆزی، خۆی وەکو گەورە یا ڕەهبەری خێڵەکە ناسرا بوو، نەوابەستەی خێزانێك بوو کەلەرابوردودا لەدەسەڵاتی سیاسی یا مەزهەبی دەورێکی دیتبێ.**

**بەڵام لەگەڵ یەکگرتووی سەرکردەکان، تالیبان بێ بەش نەبووە لەناکۆکی ناوخۆیی، ئەم ناکۆکیە بەجێیە گەیشت کەمەلا عومەر ناچار بوو کەئەوانەی لەگەڵ یەکتر ناکۆکیان هەیە، لەو کارە ئاگاداری کردنەوە لەراسپاردەنامەکەی مەلا عومەر کەئەتوانین بڵێین نەفرەت نامە، هاتووە کەلەناو ئەم بزووتنەوەیە حاڵەتێك**



**لەئارادایە، کەدەترسم سەرەنجام ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی بزوتنەوەکە، هەرکەسێ غەیبەتی ئەوی تر دەکات و لەمانەش بەدەر، من بەسەرکردەکانی بزوتنەوە دەڵێم لەبەرخاتری خودا دەست لەم کارە هەڵبگرن ئەگەر لەم کارە دوری نەکەن، خودا ئەوانە لەدونیا شەرمەزار دەکات.**

**زۆربەی ناکۆکیەکان پەیوەندی بەکەسەکان و ڕەوشتە جیاوازەکانی ئەوانەوە هەبوو، بەڵام لەنێو ئەمانەشدا کەسانێك هەبوون کەئەم ناکۆکیە بنەڕەتیەکانیان دەردەخست، ناودارترین کەسایەتیش مەلا وەکیل ئەحمەد متەوەکل بوو، ئەو کەگەنج بوو، هەروەها بەبەراورد لەگەڵ زۆربەی سەرانی تالیبان، بەرچاوروونتر لەگەڵ کێشەکاندا بەرخوردی دەکرد، کەسێکی شایستەنەبوو لەدیدی ئەوانەی کەبۆچوونەکانیان جگە لەسەرئێشە بۆ تالیبان ئەنجامێکی تری نەبوو.**

**متەوەکل دوای ئەوەی لەجێگەی مەلا حەسەن بووە وەزیری دەرەوە، هەوڵێکی زۆریدا تاکارێکی جیاوازتر لەرابووردو ئەنجامبدا، بەڵام مەسەلەی ئوسامە بن لادن دەست و پای ئەوی بەستبوو، ناکۆکی متەوەکل لەگەڵ ئەلقاعیدە لەپێش پۆستە نوێیەکەشییەوە هەر هەبوو، ئەو لەوباوەڕەدا بوو کەئەگەر تالیبان ئەیانەوێ حکومەتێکی پەسەندکراویان هەبێ، کەلەلایەن کۆمەڵگەی گەلانەوە دان پێدانراوبێت دەبێت لەداواکانی کۆمەڵگەی گەلان خۆیان گێل نەکەن، بۆ ئەو مەبەستە، لەکاتێك کەئەو لەقەندەهار بوو فەرمانی‌دا کەئوسامە لەژێر چاودێریدا بێ و مۆڵەتی نەدرێت کەکاری سەرەڕۆیانە ئەنجام بدات، کاتێك**

www.pertwk.com

کەئوسامە بۆ یەکەمجار خۆی ون کردو ئەم مەسەلەیەش لەرێگەی میدیاکانەوە راگەیەنرا، هەر متەوەکل بوو کەبۆ یەکەمجار لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ (BBC)،وتی ئوسامە ئێستاش لەئەفغانستانەو ئەم مەسەلەیە ناکۆکی نێوان ئەو و ئەلقاعیدەی توندتر کرد.

متەوەکل حەزی دەکرد پەیوەندی تالیبانو ئەمریکا باشتر بکات، هەربۆ ئەو مەبەستە بەشیر محەمەد عەباس ئیسانکزی جێگیری وەزارەتی تەندروستی گشتی پێشنیاری کرد تالەجێگەی عەبدولحەکیم موجاهد، وەکو نوێنەری تالیبان لەنیویۆرك دەست بەکاربێت، بەڵام ئیستانکزی هەرچەند دۆستایەتیەکی نزیکی لەگەڵ متەوەکلدا هەبوو ئەم داوایەی متەوەکلی رەتکردەوە.

ئیستانکزی وتی: کێشەی تالیبان، کێشەی کەسەکان نییە، بەڵکو گرفت لەپێشێلکاری سەراپا هەڵەی ئێمەیە، تائێمە لەسەر ئوسامەو مافی ژنو مافی مرۆڤو مەسەلەکانی تر لەگەڵ کۆمەڵگەی گەلان کێشەمان هەبێت، ئەگەر دیبلۆماسیێکی زۆرزانی وەك خوالێخۆشبوو (پژواك)بنێرین بۆ نیویۆرك، ئەو کارێکی باشتر لەموجاهد ئەنجام نادات، چالەبەرئەوە ئەبێ هەنگاوی یەکەم پێداتچوونەوەیەکی گشتی بەکارەپێشێلکاریەکانی ئەمارەت بێ کەزۆر پێویستە.

متەوەکل کاتێك بووە وەزیری دەرەوە، داوای لەمەلا عومەر کرد کەزۆر لەوە زیاتر چالاکیەکانی ئوسامە بەرتەسك بکاتەوە ئوسامە



بەئاشکرا دەیگوت: "دوو لایەن دژ بەئێمەن، یەکێکیان ئەمریکاو ئەوی تریان وەزارەتی خارجی تالیبان"

لەهاوینی ساڵی 2001ی زاینی، پەیامنێری کەناڵی (MBC)ی عەرەبی کەبارەگاکەی لەلەندەنە، بەمەبەستی گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئوسامە، هات بۆ کابوڵ، ئوسامە بەهۆی ئەو فشارانەی تالیبان لەسەری، ئامادەنەبوو لەگەڵ ئەو پەیامنێرە گفتوگۆ ئەنجام بدات، بەڵام لەمیوانداریەکدا کەزۆربەی سەرانی ئەلقاعیدەو ئوسامە خۆشی ئامادەبوو، (ئەیمەن زەواهری) جێگیری ئوسامە وتی ئێمە بەم نزیکانە هێرشێکی گەورە دەکەینە سەر ئامانجەکانی ئەمریکا، ئەیمەن لەو باوەڕەدا بوو کەئەم قسەیە بەشێوەیەکی باوەڕ پێ نەکراو لەقەڵەم دەدرێتو پەیامنێرەکە تۆماری نەکردبێت نابێتە بەڵگە، پەیامنێرەکە سەرنجی ئوسامەی دەدا، کەبەروخسارێکی خەندە ئامێز گوێ لەقسەکانی ئەیمەن دەگرێ، بەبێ ئەوەی قسەیەك بکات.

پەیامنێرەکە دوای گەڕانەوەی لەفغانستان، ئەم هەواڵەی بەگەرمی بڵاوکردەوەو هەڵایەکی لەدونیا بەرپاکرد، زەواهری ناچار بوو ئەم قسانەی پەیامنێرەکە بەدرۆ بخاتەوە، بەڵام ئەو کەسانەی کەلەمیوانداری‌یەکە ئامادەبوون، تەئکیدیان دەکردەوە کەزەواهری ئەم قسانەی کردووە، بەهۆی ئەم رووداوەوە، ناکۆکی نێوان ئوسامەو متەوەکل گەیشتە چڵەپۆپە، متەوەکل دەیووت لەمەودوا هەر هێرشێك بکرێتەسەر ئامانجەکانی ئەمریکا، دونیا ئێمە تاوانبار دەکات، بەڵام مەلا عومەر دەیووت: "ئەم کارەی ئەیمەنو

www.pertwk.com

ئوسامە باش نەبووە، بەڵام تازە روویداوەو دژایەتی کردنی یەکتر سوودی نییە".

لەناو بزووتنەوەی تالیباندا، ئەم مەسەلە دوولایەنی دروستکرد، متەوەکل دەیووت ئێمە ئوسامەو لایەنگرانی وەکو میوان وەرمانگرتوون، بەڵام ئەوان خەریکن ئەو میوانخانەیە وێران دەکەن، هەندێ کەسانی تر وەکو (تەیب ئاغا) بەرپرسی نوسینگەی تایبەتی مەلا محەمەد عومەرو عەبدولحەیی موتمەئن، لایەنگری ئوسامە بوون، تامەلا ئەمیرخانی موتەقی رۆیشت بۆ قەندەهار، لەوێ هەوڵیدا کەناکۆکی نێوان ئوسامەو متەوەکل چارەسەر بکات.

لەقسەکردن لەگەڵ موتەقیدا، ئوسامە دەمیکردەوەو وتی، تالیبان چوار ساڵ تەمەنی منی بەفیڕۆ داو لەرێگەی جیهاددا کۆسپی زۆریان دروستکردووە، لەکاتێکدا کەجیهاد لەم هەلومەرجەدا لەسەر ئێمە فەرزە، من پەیمانم داوە بەئەمیری موسوڵمانان ئەو وەکو ئیمامە لامان، بەڵام کاتێك کەنوێژکەر لەپشتی ئیماوە نوێژ بکات، ئیمام ناتوانێ بڵێ لەپشتم نوێژ مەکە، ئوسامە ئاماژەی بۆ ئەو خاڵە کرد کەمتەوەکل لایەنگری مانەوەی ئەو نییە لەئەفغانستان، بەڵام موتەقی لەوەڵامدا وتی: "کاتێك کەسێك لەدوای ئیمامەوە نوێژ بکات ئایا حەقی هەیە پێچەوانەی فەرمانی ئیمام کاربکات؟ ئایا ئەتوانێ لەپێش ئیمام سەربباتە سوجدەو سەلام بداتەوە؟" ئوسامە لەوەڵامدا وتی: "نە!!" موتەقی وتی: "کێشەی ئێمە لەگەڵ تۆدا هەر ئەوەیە"



ئوسامە لەبەرامبەر قسەکانی موتەقیدا بێ دەنگ بوو، دیاربوو کەخراپ تێکەوتبوو بەڵام دوایی وتی: "پەیڕەوکاریش مافێکی لەلای ئیمام هەیە، بۆ نموونە ئەگەر ئیمام لەکۆتایی نوێژدا لەجیاتی سەلام دانەوە دوبارە هەستێت، پەیڕەوکار ئەبێ تەکبیر بڵێت‌و ئەو لەهەڵەکەی ئاگاداربکاتەوە. موتەقی بەپێکەنینەوە وتی: "یاشێخ ئەوەندە مۆڵەت بەئێمە بدە بگەینە کۆتایی، ئێمە هێشتا لەسەرەتای نوێژکردنداین! تائێستا ئێمە سەدان کێشە رووی تێکردوین، کێشەی دوژمنانی ناوخۆو کێشەی گوشارە دەرەکیەکان تۆ هیچ نەبێ گرفتمان بۆ دروست مەکە"

ئوسامە سەیرێکی ئەم لاوئەولای کرد، ویستی قسەیەکی گرنگ بکات بەڵام عادەتی موتەقی وابوو کەهەمیشە ژمارەیەك لەهەوادارانی خۆی لەگەڵدا بوو لەهەر دانیشتنێکدا بۆیە، بووە رێگر لەبەردەم ئەو قسەیەی ئوسامە، پاش کەمێك وەستان وتی: "من کێشەی ناوخۆیی ئێوە چارەسەر دەکەم، کارێکی وادەکەم کەلە بەڵای دوژمنانی ناوخۆ رزگار بن، بۆ ئەوەی نەڵێن لەکێشە دروستکردن زیاتر هیچ بەرهەمێکیان نەبووە لەوانەیە لەو کاتەدا ئوسامە نەخشەی تیرۆر کردنی "ئەحمەد شا مەسعودی"ی لەمێشکدا بوو بێت، بەڵام نەلەم دانیشتنەو نەلەهیچ دانیشتنێکی تردا، لەو بارەیەوە هیچ قسەیەکی نەدرکاند، ناکۆکی نێوان متەوەکل‌و ئوسامە هەربەردەوام بوو، متەوەکل بەنیاز بوو "ناوەندی راگەیاندن) کەدەزگایەکی ئەلقاعیدە بوو، بەڵام لە رواڵەتدا پروپاگەندەی بۆ تالیبان دەکرد، لابەرێت، لەم ناوەندەدا

www.pertwk.com

گۆڤاره عەرەبیەکان، ئوردو، ئینگلیزیو پەشتۆودەری بۆ ئەمارەتی ئیسلامی بەچاپدەگەیەنرا، لەکاتێك کەمتەوەکل هەوڵی دەدا مەلا ئەحمەد جان بەرپرسی ئەم ناوەندە وەکو نوێنەری باڵویزخانەی ئەفغانستان بنێریٚ بۆ سعودیەو دەرگای ئەم ناوەندە دابخات، رۆژیٚ کۆمەڵێك کارتۆن کەشتومەکی کۆمپیوتەری تیابوو هێنایان بۆ ئەم ناوەندە، ئەو شتو مەکانە هەمووی لەکوێتەی پاکستانەوە نێردرابوو بۆ رۆژی دوایی سیٚ کەس سەردانی ئەم ناوەندەیان کرد، یەکێك لەوانە ناوی (ئەبو هانی) بوو، کەلەسەردەمی جیهاددا هاوکاری گۆڤاری (البنیان المرصوص)ی پەیوەست بەیەکێتی ئیسلامی دەکردو دۆستایەتی نزیکی لەگەڵ (ابو سەیاف)دا هەبوو، دووەمیان ناوی (عابد) بوو، سیٚیەمیان ناوی (کەریم) بوو، ئەم دوو کەسەی دوایی تازە هاتبوون بۆ قەندەهارو خۆیان وتیان لەبەلجیکا دەژین، ئەوان کیسەیەکی گەورە کەدیاری کرابوو، جیایان کردەوەو وتیان ئەم کیسەیە کامیرای ڤیدیۆی تیایەو هی خۆیانە، کاتێك جانتاکەیان کردەوە، هەرچی ئەوانەی کەلەژورەکەدا بوون، لەوەی کەلەناو جانتایەکی تازەدا، کامیرایەکی زۆر کۆنەیان بینی، زۆر پێیان سەیر بوو، سەرسوڕمانی تالیبان بووە هۆی دەستەپاچە بوونی عابدو کەریم، دوای چەند رۆژێك، ئەم سیٚ کەسە دوبارە سەردانی ناوەندی راگەیاندنیان کردو وتیان لەگەڵ متەوەکلدا بڕیارە چاوپێکەوتن بکەین، یەکێك لەو کەسانەی کەلەکاتی کردنەوەی جانتاکاندا لەچەند رۆژی پێشوو لەویٚ بوو، وەکو وەرگێڕ (موتەرجم) لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ لای متەوەکل.



کاتێك گفتوگۆیان لەگەڵ متەوەکل کۆتایی هات، وەرگێڕەکە داوای لێکردن کۆپیەك لەو فیلمی گفتوگۆیەی پیٚ بدەن، ئەوان پێیان باش بوو، بەڵام ئەم فیلمە هەرگیز دەست نەکەوت.

رەنگە ئەو سیٚ کەسە بۆ ئەوەی شكو گومان لەبارەی کامێرا ڤیدیۆییە کۆنەکەوە نەهێڵن بەئەنقەست کامیراکەیان بردە لای متەوەکلو کابرای وەرگێڕیش یەکێك لەئامادەبوان بوو، ئەمە ئەوپەڕی ئامادەباشی ئەوان بوو، پاشان عابدو کەریم رۆیشتن بۆ کابوڵو لەوێوە چوونە باکورو تیرۆرکردنی ئەحمەد شا مەسعودیان ئەنجامدا.

لەبارەی ئەوەی کەئەم کەسانە لەراستیا لەبەلجیکاوە هاتوون بۆ ئەفغانستان شكو گومان هەیە، چونکە خێزانی یەکێك لەوان لەجەلال ئاباد دەژی، بەڵام ئەوەی کەکەمتر گومانی تیادەکرێت ئەوەیە کەئەو کامیرایە وێنەی پیٚ نەدەگیراو لەوانەیە هەڵبژاردنی کامیرایەکی کۆنە هەر بۆ ئەو مەبەستە بێت، کەلەکاتیٚ کەکەسێکی تر ئاگای لەکارنەکردنی کامیرەکە بیٚ، کۆنەیی کامیراکە بەڵگەیەکی دیاربیٚ بۆ خراپیەکەی.

(ئەبوهانی) لەمتمانەو دۆستایەتی (ئەبو سەیاف) هەلی وەرگرتو لەحاڵێکدا کەئاگای لەکارکردنی ئەبوهانی لەگەڵ ئوسامە نەبوو، هەربۆیە کاتێك ئەبوهانی لەقەندەهارەوە پەیوەندی کرد بەئەبو سەیافەوەو وتی لەبۆسنیاوە زەنگ لێدەدا ئەبو سەیاف باوەڕی بەو قسە کردو بەڵێنی پێدا کەلەگەڵ هاوڕێیانی هەواڵنێری کەئەبو هانی داوائەکرد هاوکاریان بێت، لەکۆمەك کردنیان درێغی

www.pertwk.com

نەكات  بەم شێوەیە هەڵی سەفەركردنیان بەرەو باكوری ئەفغانستان ڕەخسا.

## كوژرانی عەبدولحەق

مەلا عەبدولكەبیر سەرۆكی ڕێكخستنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتو لەهەمان كاتدا جێگیری دارایی سەرۆك وەزیرانی تالیبان، كەسێكی خۆپەرستو پلەوپایەپەرست بوو، خێزانەكەی خەڵكی پەكتیا بوو لەباكوری ئەفغانستان خەریكی كشتوكاڵ بوون، یەكێك لەو هۆكارانەی كەمەلا عومەر ناوبراوی لەپۆستێكی واگرنگ دانا بوو، ئەوەبوو كەخەڵكی پەكتیا ڕازی بكات. مەلا كەبیر لەوەزعی بزووتنەوەی تالیبان ناڕازی بوو، بەڵام ئەوەشی دەزانی كەئەگەر



مەلا عومەر پشتگیری نەكات، لەناو تالیبان جێگەی نابێتەوە، لەناو بزوتنەوەدا پروپاگەندەیەك هەبوو كەواناوبراو پەیوەندی هەیە لەگەڵ هەوادارانی شای پێشوو، نەیارەكانی لەناو بزووتنەوە هەوڵیان دەدا كەبەڵگەیەك لەسەر ئەو بەدەست بهێنن، پێش روداوی 11ی ئەیلول، هەندێ لەرۆژنامەكانی پاكستان چەند بابەتێكیان لەبارەی ئەوەی كەعەبدولحەق بەنیازە كودەتایەك سازبدات لەدژی تالیبان بڵاوكردەوە، لەلایەكی ترەوە عەبدولحەق هەروەها لەدیداری لەگەڵ ئەفغانەكان لەوڵاتانی ئەوروپایی و ئەمریكا دیسان لەبارەی هەبوونی ناكۆكی لەریزەكانی تالیبانو ئەگەری ئەوەی ئەو دەست بداتە كودەتایەكو رژێمی تالیبان سەرنگون بكات قسەی كرد بوو، هەروەها شكو گومانێكی زۆر هەبوو لەمەڕ پەیوەندی عەبدولحەقەوە بەمەلا كەبیر.

لەلایەكی ترەوە عەبدولحەق لەبوونی لایەنگرانی بەتوانا لەناو ریزەكانی تالیباندا دڵنیا بوو، وەهەر ئەو دڵنیایی بونەش وایكرد كەئەو بێت بۆ ئەفغانستان، لەكاتێك كەلەپیشاوەر زۆربەی خەڵك بەو سەفەرەی ئەویان زانی بۆ ئەفغانستان عەبدولحەق لەگەشتەكەیدا كەسانێكی زۆری بینی، وەهەروەها كەسانێكی دیاری ناو تالیبان دیداریان لەگەڵدا كرد.

لەم گەشتەدا یەكێك لەو كەسانەی كەلەگەڵیدا بوو، كاتێ عەبدولحەق گەیشتە لۆگەر، ئەو كەسە خەبەری دایە سەرۆكی هەواڵگری ئەو ویلایەتە كەوا عەبدولحەق لەكاتژمێر (2)ی شەو بەهۆی هەلیكۆپتەرەكانی ئەمریكاوە لەئەفغانستان دەردەچێتو ئەو شوێنەی كەهەلیكۆپتەرەكانی لێ دەنیشتەوە دیاری كرد.

www.pertwk.com

بەرپرسی هەواڵگری لۆگەر لەگەڵ چەکدارەکانی ئەو شوێنەیان خستە ژێرچاودێرییەوە لەشەوی دووەمدا عەبدولحەق و برازاکەی و جەنراڵ سەید حامد یان دەستگیر کرد. لەکاتی ئەو دەستگیرکردنەدا شەڕێك لەنێوان هەلیکۆپتەرەکانی ئەمریکاو تالیبان رووی داوە.

عەبدولحەق لەسەرەتای لێکۆڵینەوەدا لەلۆگەر تووشی هەڵەیەکی گەورە بوو، ئەو بەتالیبانەکانی وت، من بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئێوە هاتوم بۆ ئەفغانستان و لیستێك لەکاتی پشکنینی جەستەیدا بەئەوگیرا، وەکو بەڵگەی قسەکانی بەکاری هێنا، وتی ئەگەر بەقسەکانم باوەڕ ناکەن، پەیوەندی بکەن بەمەلا کەبیرەوە لەرێی بێ سیمەوە، کاتێك تالیبان قسەکانی عەبدولحەقیان لەرێی بێ سیمەوە نارد بۆ کابوڵ و چاوەڕوانی فەرمانی ئەوان بوون، فەرمانیان پێدرا کەسبەی زوو میوانەکان بگوێزنەوە بۆ کابوڵ.

سبەی کەماتۆرەکانی هەڵگری میوانەکان لەلۆگەرەوە بەرەو کابوڵ کەوتنە ڕێ لەلای (سەنگی نوسراو) دوپیکابی داتسۆن کەلەکابوڵەوە دەهاتن، ماتۆڕەکانیان وەستان و نامەیەکیان بە(موخبەت) بەرپرسی هەواڵگری لۆگەردا، کەتیایدا فەرمانیان پێدابوو کەمیوانەکان بدات بەهەڵگری نامەکە، (موخبەت) بەعەبدولحەقی وت: ئەرکی ئێمە تەواو بوو، ئێستا برادەرانی تر ئەرکی گواستنەوەی ئێوەیان لەئەستۆیە هەتا کابوڵ، عەبدولحەق و هاورێکانی بەماتۆڕێکی تر گواستەوە بەرەو کابوڵ، بەڵام دوای بڕینی ماوەی سەدمتر دوبارە وەستان و عەبدولحەق و سەید حامدیان لەماتۆڕەکان دابەزاندو لەنزیك سرك هەردوکیانیان



بەکلاشینکۆف کوشت و لەگەڕانەوەدا بەبەرپرسی رەبیەیەك کەلەو نزیکانە بوو وتیان ئاگاداربن تاکەسێك لاشەکانیان نەبا.

دەڵێن لەو لیستەی کەلەلای عەبدولحەق دەستکەوتوە، ناوی هەندێ لەبەرپرسە پایەبەرزەکانی تالیبانی تێدابوو، کەبووە هۆی تورەیی و نیگەرانیان و بەگومانی زۆرینە، مەلا عەبدولکەبیر فەرمانی کوشتنی عەبدولحەقی دەرکردووە. کاتێك لەمەڕ لیستەکەی لای عەبدولحەق، لەمەلا عومەر چاوەڕوانی دەستورێك بوون، پێیانی راگەیاند، کەبەکەسانێ کەلەلیستەکەدا ناویان هەبووە، پێیان بڵێن کەئەمارەت لێیان خۆشبووە، بەڵام دەبێ جارێکی تر کاری وانەکەن.

## حیکمەتیارو تالیبان

زۆربەی رابەرانی تالیبان لەروی پەیوەندیەوە، لەگەڵ رێکخستنە جیهادیەکان لەرابووردو پەیوەندیان بەسێ گروپەوە هەبوو، (حزبی ئیسلامی بەرابەری مەلا خالس، جوڵانەوەی شۆڕشی ئیسلامی بەرابەری مەلا محەمەدی و جوڵانەوەی شۆڕشی ئیسلامی لقی مەلا نەسروڵا مەسنور) کەلەویلایەتی پەکتیا تیرۆرکراو حیکمەتیار لەتیرۆرکردن و تەقاندنەوەی ئەو ماتۆڕەی نەسروڵای هەڵگرتبوو تاوانبار کرا. بزووتنەوەی تالیبان

جولانەوەیەك بوو لەدژی رێكخراوە جیهادیەكان كەدوچاری شەرێكی بێ دەرەنجام بوون لەنێوان یەكتریداو بەلام لێرەدا ئەو رێكخراوانەی كەلەشەڕەكانی ناوخۆدا بەشداریان نەكرد، لەبێ میهری تالیبان بەدەرنەبوون، تەنانەت محەمەدیو خالس كەهەندێجار بەیاننامەی پشتیوانی كردن لەتالیبان. كاردانەوەكانی ئەوانیان تەئید دەكرد، جێگەی متمانەی تالیبان نەبوون، تالیبان تەنانەت بەرامبەر بەمحەمەد ئەكبەری، كەیەكێكە لەسەرانی حزبی وەحدەت، كەپەیوەندی پێوەكردن دیسان باوەڕیان پێ نەدەكرد، رۆژێ لەماڵەكەی مەلا محەمەد حەسەن ئاخوند، ئەو پرسیارە هاتە پێشەوە كەبۆچی ئەمارەت كورسی وەزارەت نادا بەئەكبەری، تالەو رێگەیەوە نیازپاكی خۆیان نیشانی ئەهلی شیعە بدەنو پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا باشتر بكەن، لەم گفتوگۆ ئاساییەدا یەكێك لەبەرپرسە سەربازیەكانی تالیبان ئامادەبوو، ئەو قسەیەكی سەیری دركاند، كەنیشانەی بێ متمانەیی ئەوان بوو لەهەموو كەس بەرامبەر بەخۆیان، ناوبراو وتی: ئەكبەری بەفەرمانی مەسعود پەیوەندی كردووە بەئێمەوە، پاشان رونی كردەوە كەئەگەر كەریم خەلیلی سەركەوتوو بوو لەگرتنی بامیان، لەوێ پایەگایەك دروست دەبێت كەئێران راستەوخۆ یارمەتیەكانی خۆی دەنێرێ بۆ ئەوێ، لەكاتێكدا كەئەحمەد شامەسعود ئەیەوێت هەر یارمەتیەك بەدەستی خۆی بگاتو ئینجا دابەش بكرێت، تایەككگرتوویی فەرمانەدەیی لەدەستی خۆیدا بێت، هەرلەبەر ئەوە ئەو فەرمانی بەئەكبەری داوە كەپەیوەندی بەئێمەوە بكاتو نەهێلێت بامیان بكەوێتە دەست خەلیلی، ئەو شەخسە تەنانەت



رایگەیاند كەئێمە پەیوەندیی تەلەفۆنی نێوان ئەكبەریو ئەحمەد شامەسعودمان ئاشكرا كردووە.

لێرەدا پاراستنی بامیان بۆ ئێمە گرنگیەكی تایبەتی هەیە، ئێمە ئەو راستییە بەهەند وەرناگرین لەرژێمی تالیباندا رەئی كەسانی نیزامی چارەنووسسازبووە، لەراستیا مەلا عومەر دەلیلی ئەوانی لەمەڕ ئەم مەسەلانە وەردەگرت، لەكاتێك كەهیچ دەلیلو بەڵگەیەك كەبیسەلمێنێ كەئەكبەری بەدەستوری ئەحمەد شا مەسعود هاتوەتە ناو ئەوانەوە لەبەردەستدا نەبوو.

ئەتوانین بڵێین تالیبان لەگەڵ سەركردەكانی رێكخراوە جیهادیەكانی كەلەگەڵ تالیبان شەڕیان نەكردبوو، جۆرێك لەسیاسەتی دوریو دۆستی پەیڕەودەكرد، بۆ نموونە پاسەپۆرتە رامیاریەكانی سبغەتولا موجەدەدیو پیرسەید ئەحمەد گێلانی بەشێوەیەكی رێكو پێك تازەدەكرایەوە، لەوێوە كەدەستور لەسەر ئەو مەسەلە لەقەندەهارەوە دەردەچوو، ئەكرێ بڵێین ئەم دوو سەركردە لەگەڵ ناوەندی دەسەڵاتی تالیباندا لەقەندەهار پەیوەندیان هەبوو.

بەلام مەلا عومەر كەخاڵی لاوازی لەخۆیدا بەدی دەكرد، دەیزانی كەلەكاتێك كە یەكێك لەم سەركردانە بێنە پاڵ تالیبان، خەڵكانی ناڕازیو تورە كەهەتا ئێستا خۆیان بێ دەنگ كردووە، جێگایەك دەدۆزنەوە بۆ كۆبونەوە لەدەوری یەكتریو دەسەڵاتی گەمارۆ دراوی مەلا عومەرو دەستو پیوەندەكانی دەخەنە مەترسییەوە هەرچەند پاكستانیەكان لەپێش گرتنی كابوڵدا هەواڵیاندا لەنێوان تالیبانو حیكمەتیار جۆرێك یەككگرتن پێكبێنن،

www.pertwk.com

بەڵام تاليبان لەم دانوستاندنە چوونە دەرەوە، چونكە خۆيان لەبارێكدا دەبينى كەبەبێ هاوكارى حيكمەتيار دەتوانن كابوڵ بگرن حيكمەتيار لەبەرامبەر ئەمەدا پەيوەندى كرد بەدەولەتەكەى بورهانەدين رەبانييەوە نەيتوانى لەبەرامبەر تاليبان كارێك بكات.

نێوانى حيكمەتيار لەگەڵ تاليباندا لەدوژمنايەتيەكى توندەوە دەستى پێكردو پاشان هەوڵەكانى حيكمەتيار بۆ لێك گەيشتن لەگەڵ تاليباندا نەگەيشتە هيچ دەرەنجامێك هۆكارێكى بێ باوەڕى تاليبان بە حيكمەتيار ئەوەبوو هەرلەسەرەتاوە حيكمەتيار دژايەتى دەكردن، هەروەها دژايەتى نێوان "قازى حسين ئەحمەد" "ئەميرى كۆمەڵێ ئيسلامى پاكستان كەپەيوەندى نزيكى لەگەڵ حيكمەتياردا هەبوو، لەگەڵ سەرانى كۆمەڵەى زانايانى ئيسلامى پاكستان كەپشتيوانى تاليبان بوون، لەم مەسەلەيەدا كاريگەرى هەبوو هۆكارێكى تر كەتاليبانى لەنزيك بوونەوە لە حيكمەتيار وريا دەكردەوە، دەسەڵاتى لايەنگرانى مەلا مەنسور لەناو بزووتنەوەى تاليبان بوو، كەباوەڕيان وابوو حيكمەتيار بەدەستورى (ISI) مەنسورى تيرۆر كردووە، چونكە مەنسور پەيوەندى دۆستانەى لەگەڵ ئێراندا هەبوو، وەئەم كارەش مايەى نيگەرانى پاكستان بوو.

حيكمەتيار هەندێجار بەشێوەى راستەوخۆو جارى واش هەبوو بەناراستەوخۆ پەيوەندى بەتاليبانەوە دەكرد، يەكێك لەلايەنگرانى حيكمەتيار بەناوى داتاشراوى (مەلا موئمن) بوو، بەشێوەيەكى رێكوپێك لەئێرانەوە راپۆرتى بەهۆى فاكسەوە دەنارد بۆ كابوڵو قەندەهار.



هەوڵێكى ترى حيكمەتيار ئەوەبوو كەفەرماندەكانى خۆى لەسەرتاسەرى ئەفغانستان ناچار بكات كەپشتيوانى لەتاليبان بكەن لەكاتى شەڕ لەگەڵ بەرەى باكوور بەڵام تاليبان لەو بڕوايەدا بوون كە حيكمەتيار لەم كارەيدا مەبەستى كۆمەك كردنى ئەمارەتى ئيسلامى نييە، بەڵكو مەرامى راستەقينەى ئەو ئەوەيە كەلەم رێگەيەوەو بەخەرجى تاليبانو لەپاڵ ئەواندا ئاستى هێزەكانى سەربازى خۆى بزانێو لەكاتێكى گونجاوداو لەدژى تاليبان دەست بەكاربێ، هەربۆيە فەرماندە جيهاديەكانى حزبەكەى حيكمەتيار سەركەوتوو نەبوون لەوەى كەلەرێكخستنى سەربازى تاليباندا شوێنێكى گونجاويان دەست بكەوێت.

"بەشير بەغلانى" فەرماندەى بەتواناى حيكمەتيار لەباكورى ئەفغانستان گەورەترين خزمەتى بەتاليبان كرد لەگرتنو كۆنترۆڵ كردنى چەندين ويلايەتى باكور، سەرەنجام دەستگيركراو چەكيان كردو خرايە زيندانەوە.

تاليبان دەيانگوت فەرماندە بەشيرخان هەم لەگەڵ ئێمەو هەم لەگەڵ بەرى باكوور لەپەيوەندى كردندا بوو، هەوڵى دەدا لەهەردوولا بۆ زياتر قەڵەمڕەوى خۆى هەلەكە بقۆزێتەوە، ئەو گەورەترين بەربەست بوو بۆ دەست بەسەراگرتنى ويلايەتى تەخار، دواى لەسەركار لابردنى لەبەغلان، تەخار ئازادكرا.

هەرچەند كاردانەوەكانى بەشيرخان داهێنانى شەخسى خۆى بوو، لە حيكمەتيارەوە دەستورى وەرنەدەگرت، بەڵام تاليبان لەو بارەيەوە بەنەخشەى لەپێشتر داڕێژراوى حيكمەتياريان دەزانىو

www.pertwk.com

ئەم کارەبووە هۆی زیاتر بەدگومانی تالیبان بەرامبەر حیکمەتیار. هێواش، هێواش حیکمەتیاریش لەنزیکبونەوە لەتالیبان نائومێد بوو، لەهەوڵی ئەوەدا بوو کەبەسود وەرگرتن لەخاڵە لاوازەکانی تالیبان کارێك ئەنجامبدات، گەورەترین خاڵی لاوازی تالیبان پەکتیاو خوست بوو.

لەم ناوچانەدا رژێمی خێڵەکی تایبەتمەندییەکی هەبوو کەتالیبان ناچار بوو لەبەرامبەریدا چاوپۆشی لێ بکات، خەڵکەکەی چەکدار بوون‌و لەهەمان کاتدا داوای ئەوەیان دەکرد کەلەپێکهاتەی دەوڵەتی تالیباندا کاری زیاتر یان پێبدرێت لەکاتێك کەسەرانی تالیبان لەقەندەهار لەم کارە رازی نەبوون، زەمینەی ناڕازی بوونی باشوور، دەیتوانی بۆ حیکمەتیار خەیاڵێکی  خۆش بێ، ئەو لێرەوە یەکەم هەنگاوی نا، لەپێکهاتەی رێکخستنی حیکمەتیار لەپاکستان دەسەڵات سپێردرا بەکەسانێك کەخەڵکی پەکتیا بوون، هێشتا سەرەتای کاربوو کەرووداوی (11)ی ئەیلول لەئەمریکا، هەلومەرجەکەی یەکسەر گۆڕی.

حیکمەتیار پێش ئەم رووداوانە، ئامادەیی خۆی نیشاندا، کەلەکاتێك کەتالیبان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتی پاش دوو ساڵ رازی بن ئەو ئامادەیە بۆ دوو ساڵ ئەمارەتی مەلا محەمەد عومەر قبوڵ بکا، بەڵام تالیبان گرنگیان بەم داوایەی ئەو نەدا، حیکمەتیار دوای رووداوی (11)ی ئەیلول ئامادەبوو بەبێ هیچ مەرجێك لەگەڵ تالیبان بێت، بەڵام تالیبان بەشێوەیەکی



سەرسوڕمان دوبارە ئەم داوایەی ئەویات رەتکردەوەو رایانگەیاند کەبە (سۆفی محەمەد) رابەری (بزوتنەوەی جێبەجێ کردنی شەریعەتی پاکستان) متمانەیان زیاترە تا لە حیکمەتیار.

تالیبان بۆچونێکی سەیریان هەبوو، کەئاماژەی بەوە دەدا کەتاچ ئەندازە ئەوان چاوو گوێیان بەسترا بوو لەبەرامبەر ئەوەی کەلەپێشیان راوەستا بوو ئەوان دەیانگوت ئەگەر حیکمەتیار بێت بۆ ئەفغانستان‌و هێرشەکانی ئەمریکا شکست بهێنێ، لەدنیای ئیسلام حیکمەتیار وەکو قارەمانێك دەناسرێت وەئەگەر ئەمریکا لەم جەنگە سەرکەوتن بەدەست بێنێ، هاتنی حیکمەتیارو چەند هاوەڵێکی هیچ گۆرانێك لەبەرەنجامی شەڕەکە دروست ناکات، جا بۆیە باشتر وایە واز بێنین لەخێری حیکمەتیار!

هەفتەیەك پێش هێرشی ئاسمانی ئەمریکا بۆ ئەفغانستان، حیکمەتیار دواین هەوڵی خۆی ئەنجامدا بۆ دانوسان‌و گفتوگۆ لەگەڵ تالیبان، ئەو بەسوود وەرگرتن لەو پەیوەندیە شەخسیەی کەلەگەڵ هەندێ بازنە لەئێراندا هەیبوو، داوای ئەوەی کرد کەوەفدێك لەلایەن ئەمارەتی ئیسلامی‌یەوە بڕوات بۆ ئێران‌و لەگەڵ بەرپرسانی ئێران دابنیشن، ئەم وەفدە بەسەرۆکایەتی مەلا (عەبدولرەحمان زاهد) جێگری وەزارەتی دەرەوەو بەئەندامێتی مەلا (عەبدولرەقیب) وەزیری شەهیدان‌و کەمئەندامان‌و بەندە وەکو لێپرسراوی بەشی رۆژهەڵاتی ناوین‌و ئەفریقیا لەوەزارەتی دەرەوە بووین، وەفدەکە نامەیەکیان بەواژۆی مەلا محەمەد حەسەن

www.pertwk.com

جێگیری سەرۆك وەزیران، دەبوو ئاراستەی سەرۆك كۆماری ئێرانیان بكردایە، كەناوەڕۆكی نامەكە ئەمە بوو:

## برای بەرێز سەید محەمەد خاتەمی
## سەرۆك كۆماری ئیسلامی ئێران

سلاوتان لێ بێ، ڕێزی بێ پایان ئاراستەی برای بەرێزمان دەكەین تیرۆریزم بەهەر شێوەو شێوازێك و لەژێر هەرناوێكدا بێت، كارێكە زۆر نابەجێ و قێزەوەن، ئەمارەتی ئیسلامی و خەڵكی ئەفغانستان دژ بەم كارەن و لەگەڵ هەڵوێستتانن.



هەڵوێستێك كەمەقامی رابەری و لێپرسراوانی ئێران لەبارەی تیرۆریزم و ڕێگاكانی لەناوبردنی دەریانبڕی، پشت بەبنەمایەك دەبەستێ كەئێمەش تەئكیدی لەسەر ئەكەینەوە، ململانێی ریشەیی لەگەڵ ئەم دیاردە زۆر ترسناكە پێویست بەوە دەكات كەبیرە تیرۆریزم خوازەكان بناسرێن لەدونیایەك كەهاواری راستی ویستن لەگەرودا خەفە دەكرێ، لاشەی نیوە گیان، تەنها ڕێگەچارە لەلەخۆبوردویی دەبینێت، هەتا بەهەر شێوەیەك بێت بانگی چەوسانەوەی خۆی ڕابگەیەنێ، هەتا ئەم نایەكسانییە لەجیهاندا هەبێت ریشەكێش كردنی تیرۆریزم خەیاڵێكی خاوو بۆچونێكی بەتاڵە.

ئەمریكا بەبێ ئەوەی بەڵگەیەك بەهاوپەیمانەكانی خۆی بدا، ئوسامە بن لادنی لەم كارە تاوانبار كردوە، ئەكرێ كەسێك لەوڵاتێكی دابڕاوو بەوشكایی دەور دراو كارێكی وا بەوردی و گەورە لەدوری هەزاران كیلۆمەتر ڕێكبخات و ئەنجامی بدا، مایەی پرسیارێكی زۆرە كەتەنها بەپشت بەستن بەبەڵگەی سەلمێنراو دەكرێ وەڵام بدرێتەوە.

ئێمە دڵنیاین كەئوسامە لەم میانەدا بەهانەیەك زیاتر هیچی تر نیە، هاوردنی ئەو هەموو ئامێرو كەرەستە جەنگیانە بۆ كەنداوی فارس و زەریای هند، ئەوە نیشاندەدا كەئامانجێكی فراوانتر لەسنورەكانی ئەفغانستانی لەپشتەوەیە، بەڵام لەئێستادا ئەگەر ئەم هێزانە لەناوچەكە زۆر بمێننەوە، بێگومان هیچ وڵاتێكی ناوچەكە لەژێر كاریگەری نەگەتیڤی ئەم هێزانە بەدەرنابێت.

www.pertwk.com

بۆش بەراگەیاندنی شەڕی سەلیبی لەراستیا دژی هەموو جیهانی ئیسلامی، شەڕی راگەیاندو ئەمەش هەر ئەو شەڕەی شارستانیتەکانە کەپێشتر لەرۆژئاوا باسی لێوەکراوە، بەڵام ئێمە پشت ئەستور بەسەرکەوتنی خواوەند، دڵنیاین کەهێرشی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان بەئیزنی خوا، هەروەکو چارەنووسی داگیرکەرانی پێشووی روبەروو دەبێتەوەو دوائەنجامیش بەدڵی ئەوان نابێ.

بەرێز.. ئەمارەتی ئیسلامی و خەڵکی تێکۆشەری ئەفغانستان، بۆ بەرگری کردن لەحەرەمی ئیسلام و دژی داگیرکەرانی سەلیبی خۆیان بۆ جیهاد ئامادەکردووەو وەفدێك لەلایەن ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان، بەمەبەستی ڕا گۆڕینەوە لەسەر ئەو مەسەلەو ئامادەبوون لەوەرگرتنی بۆچوون و گفتوگۆی برادەرانی ئێرانی سەردانی وڵاتەکەتانی کردووە، ئومێدەوارین ئەم ڕا گۆڕینەوەیە ببێتە مایەی گەیشتن بەدەرەنجامێکی باش کەخێری هەردوو وڵات و جیهانی ئیسلام مسۆگەر بکات.

لەکۆتایدا.. تەمەنای سەلامەتی و لەش ساغی بۆ بەرێزتان و خۆشبەختی میللەتی ئێرانی برامان.. رێزی بێ پایانمان دوبارە دەکەینەوە.

ئومێدی سەرکەوتنی ئیسلام بەسەر کوفری جیهانی

**حاجی مەلا محەممەد حەسەن ئاخوند**

**جێگیری سەرۆک وەزیرانی ئەمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان**



تالیبان بۆ ئەو مەسەلەیە، چەندین رۆژ کاتیان بەفیڕۆ دا تاسەرەنجام دوو رۆژ پێش دەست پێکردنی هێرشەکان، زەمینەی سەفەرەکەیان ئامادەکرد، بەڵام کاتێك من پەیوەندیم کرد بەوەزارەتی دەرەوەی ئێران، زانیم کەوەزارەتی دەرەوەی ئێران، لەم سەفەرەدا باسی نەبوو، لەلایەکی ترەوە بەسەربردنی کات بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵەو میدیاکانی نێودەوڵەتی باسی سەفەری وەفدێکی تالیبانیان بۆ ئێران دەکرد، کەبووە هۆی ئەوەی، وەزارەتی دەرەوەی ئێران بەم سەفەرە رازی نەبوون.

## لاوازی رابەری و کۆتایی کار

چەند رۆژێك پێش هێرشە ئاسمانیەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان مەلا محەممەد عومەر بەلایەنگرانی خۆی وت: "لەوانەیە ئێوە ئەم کارەی من بەجۆرێك ترس و بێ ورەیی لەقەڵەم بدەن، بەڵام من ناچارم کەخێزانەکەم بنێرم بۆ پاکستان"

www.pertwk.com

تاپێش ئەم قسەیە تالیبان گومانیان وابوو کەمەلا عومەر ئەگەر هیچ ئیمتیازێکی تری نەبێ، بەلای کەمەوە خاوەنی دوو ئیمتیازە: ئیمانداریو زیرەکی، بەڵام مەلا عومەر بەم بڕیارەی، یەکەمین خاڵێ لاوازی لەخۆیدا بەدەرخست.

متەوەکل پێش دەست پێکردنی هێرشەکانی ئەمریکا، لەسەر سنوری ئێران لەگەڵ بەرپرسێکی ئێران کۆبوەوە، لایەنی ئێرانی بەمتەوەکلی وت: واز لەباکوور بێنن چونکە لەوێ بەسەختی گورزتان بەردەکەوێ، کاتێك متەوەکل لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵ چەکدارەکانی تالیباندا کرد، زۆربەیان رەئیان وابوو کەئێران ئەیەوێ بەرەی باکوور وەکو هێزێك بناسێنێ، لەکاتێك کەتالیبان توانای بەرگری کردنی لەباکوور هەیە، تالیبان بەرامبەر بەئێران هێشتا بێ متمانە بوون، لەکاتێك کەئەو بەرپرسە ئێرانیە لەرووی دڵسۆزیەوە ئەو قسەیەی بەمتەوەکل وتبوو کە"ئێوە لەباکوور خەڵکی پشتیوانیتان ناکات، نابێت چەکدارەکانی خۆتانو هاوڵاتیانی ئاسیای باکوور بخەنە مەترسییەوە باشتر وایە کەهێزەکانی خۆتان لەناوچەکانی پەشتۆن نشین جێگیر بکەن"

پاکستان پشتی کردە تالیبان، بەڵام هەزاران پاکستانی لەناوچە خێڵەکیەکان بۆ بەشداری کردن لەجیهاد دژی ئەمریکا، ئامادەی رۆیشتن بوون بۆ ئەفغانستان ئەوانیش هەروەکو تالیبان بیریان دەکردەوە کەلەشەڕی رووبەروو لەگەڵ سەربازەکانی ئەمریکا دوچار دەبن، تائەو کاتەی بۆمبارانی قورس دەستی پێکردو خەتی جەبهەی تالیبان لەسەرانسەری ئەفغانستان، چەندین هەفتە لەبەرامبەر ئەم بۆمبارانە خۆراگریان کرد.



لەباکور دوای چەند هەفتەیەك بۆمبارانی قورس، هەلومەرجەکە بەسەختیو نالەباری گۆڕا، هەربۆیە ژمارەیەك لەخۆبەخشەکانی پاکستانی کەبەتازەیی هاتبوون بۆ ئەفغانستان رەوانەی مەزار شەریف کران، بەڵام کێشەی ئەم شەڕکەرانە ئەوەبوو کەلەگەڵ ئەو ژینگەو جێگایانە نامۆ بوون، مەلا محەمەد عومەر ئومێدەوار بوو کەبەهێزکردنی مەزار شەریف بەهۆی ئەم کەسانەوە، کێشەکەچارەسەر دەبێت.

لەقەندەهار ئەوە دەوترا کەخۆڕاگری بەردەوام دەبێت، بەڵام بۆمبارانەکانی قەندەهار گۆڕەپانی لەمەلا عومەر تەنگ کردەوە، ئەو کەوتە ناو هەلومەرجێکەوە کەشەوەکانی لەفەزای کراوەو لەو جێگایانە کەپێشتر لەوێ نەدەبینرا بەسەردەبرد، ئەو بەبێ سیم قسەی نەدەکرد، چونکە نەیدەویست شوێنی مانەوەی بۆ ئەمریکیەکان ئاشکرا بێت.

مەلا محەمەد عومەر فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی تالیبان بوو، بەڵام لەهەلومەرجێکی وادا کەشەڕێکی گەورە دەستی پێکرد بوو، ئەو بەعەمەلی هیچ پەیوەندیەکی بەهێڵەکانی شەڕەکەوە نەمابوو، چونکە دەترسا کەبەئاشکرا بوونی شوێنی حەوانەوەکەی، ئەو جێگەیە بۆمباران بکرێت، لەکاتێکدا کەفەرماندە سەربازیەکانی تالیبان، بێجگە لەفەرمانی مەلا عومەر، بەفەرمانی هیچ کەسێك کاریان نەدەکرد، مەلا نورولڵا نوری سەرۆکی هێزی باکوور لەبێ سیمەکەیەوە هاواری دەکرد: "ئێمە لەسەرەوە بۆمباران دەکرێینو بەرەی جەنگ لەنزیکی مەزار شەریف کەوتوەتە بەرهێرشی زەمینی، لەناوشاریشدا بەرەنگار

www.pertwk.com

بونەوە دەستی پێکردوە، مەلای پایەبەرز دەبیٚ بەمن بلێت کەچی بکەم"

مەلا ئەختەر محەمەد عوسمانی فەرمانددەی هێزەکانی باشووری رۆژئـاوای تالیبـان، دوای پرسـکردن بەمـەلا عومـەر، پێـی وت: "وەزعەکـە لـەلای تـۆ باشـتر ڕوونە،ئەگـەر گرفتـان زۆرە، لەگـەڵ کەسانی تر راوێژ بکەو بڕیار بدەن "نورولاٰ نوری وتی: (من ئەبێت لەگەڵ مەلا ساحیبدا قسە بکەمو ئەبیٚ ئەم فەرمانە لەزمانی خودی خۆیەوە بیبیستم، بۆ ئەوەی وەکو مەلا محەمەد غەوس بەتاوانبارو خائن بـاس نـەکرێم" عوسمـانی وتـی: "ئێمـە نـاتوانین پەیوەنـدی بەمـەلا سـاحیبەوە بکـەین، ئێـوە دەتـوانن بـەڕا گۆڕینـەوە لەگـەڵ فەرماندە سەربازیەکان بڕیار بدەن"

فەرماندە سەربازیەکانی تریش هەروەها دەیانویست لەخودی مـەلا عومـەرەوە فـەرمانی پاشەکشـیٚ وەربگـرن، بـەلاٚم مـەلا عومـەر کەدەنگی ئەوانی لەبیٚ سیمەوە دەبیست، لەوەلاٚمدا هیچ قسـەیەکی نـەدەکرد، تائـەو کاتـەی هـەواڵیان هێنـا کەفڕۆکـەکانی ئـەمریکا (تەنگـەمی تاشـقرغانی) بۆمبـاران کـردووەو ڕێگـا کەبەسـتراوە بەستنی ئەو ڕێگایـە یـانی ئیتر نـاتوانریٚ لـەڕێگای جادەی مـەزار شەریفەوە بۆ پول خومەری، خۆت لەڕێگەی بامیانەوە بگەیەنیت بەکابوڵ.

فەرماندە سەربازیەکانی تالیبان لەمەزار شەریف لەگەڵ یەکدا کۆبونەوەو دەرەنجام بڕیارندا کەلەمەزار شەریف دەربچن، چونکە ئیتر نەیاندەتوانی لەبەرامبەر هێرشی قورسی هەوایی فڕۆکەکانی (B-52) خۆیان رابگرن، لەکاتێك کەئەگەری ڕاپـەڕینی جەماوەری



لەناوشـاردا لـەئارادا بـوو، لـەو کاتـەدا هـەواڵیان هێنـا کـەبامیانیش دەسـتی بەسـەردا گیراو ڕێگـای بـاکور بـۆ باشـوور بەسـترا، هـەواڵی گرتنی بامیان بەو مانایە بوو کەهەموو هێزەکانی تالیبان لەباکوری ولاٰت گەمارۆ دراون.

تالیبان پـێش هـەموو شـتێك ترسـیان لەجـەماوەر هـەبوو، ئـەوان هەرگیز نەیانتوانی پشتیوانی جەماوەر بۆ خۆیـان مسۆگەر بکەن‌و دەیانزانی خەڵکێك کە جگە لەئازارو ئەشکەنجە هیچ شتێکی تریان لـەوان نـەدیوە، چاوەڕێی هـەلێکن کەتۆڵـەی خۆیـان بکەنـەوە، ئەمـە چارەنووسـی حـەتمی هـەر ڕژێمێکـە کەپشـت بەپشـتیوانی جەماوەرەکـەی نەبەسـتیٚ، جـەنگاوەرە خۆبەخشـەکانی دەرەکـی کەلەگـەڵ تالیبـان بـوون، توشـی کێشـەیەکی گـەورەتر بـوون: (ئـەبو حـەفس) فەرمانـدەی سـەربازی ئەلقاعیـدە، لەسـەرەتای دەسـت پیٚکردنی بۆمبارانەکان لە(چل زینـەی) قەندەهار کوژراو، (جومعـە بـای نـەمنگانی) فەرمانـدەی گشـتی هێـزە دەرەکیـەکان لەئـەنجامی بۆمبارانی فڕۆکەکانی ئەمریکا لە(چەشمەی شفا) لەمـەزار شـەریف بەقورسـی برینـدار بـوو، پاشـان بـەهۆی سـەختی برینەکـەی لەنەخۆشخانە کۆچی کرد، ئوسامەو، ئەیمەن زەواهری‌و ئەوانی تر خۆیـان شـاردەوە، لەهەل‌ومـەرجێکی وادا، ئـەوان بێجگـە لەشـوێن کـەوتنی فەرمانـدە سـەربازیەکانی تالیبـان، هـیچ چارەیەکی تریـان نەبوو، یانی ئەو شتەی کەلەرابووردو ئەوان ڕقیان لێی بوو.

پاشەکشـیٚ کـردن لەمـەزار شـەریف بـەنیوە شـەوو بەشـێوەیەکی نارێك‌و پێك دەستی پێکرد ڕێگایـەکی تـر جگـە لـەڕێگای دەشتایی کەمەشـهور بـوو (ئێرکـنگ) نـەبوو، ئـەوان دەبـوو بـڕۆن بـۆ قەنـدوزو

www.pertwk.com

لەگەڵ هێزەکانی تری تالیبان لەوێ یەکبگرنەوە هەموو کەسێ بیری لەرزگارکردنی خۆی دەکردەوە، ژمارەیەك لەهێزە خۆبەخشەکانی پاکستانی کەتازە هاتبوونە ئەم شارەوە، بێ ئاگا بوون لەپاشەکشێ کردنەکەو لەشاری مەزار شەریف مانەوە.

لەم پاشەکشێ کردنە بوو کەتالیبان گەورەترین خەسارەتی لەتەواوی ئەو جەنگە بەرکەوت، فڕۆکەکانی ئەمریکا لەسەرلەبەیانیەوە تاخۆرئاوا بەبێ وەستان بۆمباو ڕۆکێتی بەسەر ئۆتۆمبێلەکانی تالیباندا دەباراند، لەهەر هەنگاوێکدا پارچەی ئاسنی پیکابەکانی تالیبان دەبینرا لەگەڵ لاشەی پارچە پارچە بوونی کوژراوەکان، ڕۆکێتە گەرمی بەخشەکان ماتۆڕو ئۆتۆمبێلەکانی دەکردە ئامانجو بەم شێوەیە هێزە گەورەکەی تالیبانیان لەگەڵ زەوی یەکسان کردو فراوانی ئەم کوشتارە بەشێوەیەکی وەحشیانە بوو، تەنها ژمارەیەکی کەم توانیان بگەن بەقەندوز. دەست بەسەراگرتنی مەزار شەریف سەرەتای دەست پێکردنی کەوتنی ئەوان بوو لەسەرانسەری ئەفغانستانداو هێزە نەیارەکانی تالیبان شارە چۆڵکراوەکانیان یەك لەدوای یەك دەخستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، لەقەندوز تالیبان بەرەنگاریەکی خوێناویان کرد، ئەگەر شەڕکەرە خۆبەخشەکان لەناو ئەواندا نەبوایە، ئەگەری خۆبەدەستەوەدانیان زۆربوو، بەڵام خۆبەخشەکان دەیانزانی هەرچی بکەن هەردەکوژرێن، بۆیە درێژەیان بەخۆڕاگریدا، تائەو بەرەنگاریەش کۆتایی هات لەقەندەهار مەلا



عومەر خەریکی خەڵوەتو دوعاکردن بوو، ئەو بەلایەنگرانی خۆی وت، کەخۆبەدەستەوەنەدەن، چونکە ئەمریکا لەم چەند ڕۆژەدا لەناودەچێ، بەڵام چاوەڕوانی لەناوچونی ئەمریکا درێژەی کێشاو لەبەرامبەردا قەندەهار لەبەردەم لەناوچونی تەواودا بوو، لەلایەکی ترەوە هەموو ڕۆژێ لایەنگرانی مەلا عومەر کەم دەبوەوە، تادواجار ئەو ناچار بوو دەست لەخەیاڵ کردن هەڵگبرێتو ئامادەیی خۆی بۆ خۆبەدەستەوەدانی قەندەهار ڕابگەیەنێ، ئەو کاتێ ئەو بڕیارەیدا کەهێزەکانی بۆ وەرگرتنەوەی ئەرزگان، لەرێگادا تووشی هێرشی فڕۆکەکانی ئەمریکا بوونو لەناوچوون، بەلەدەستدانی قەندەهار، ئەمارەتی ئیسلامی کەتالیبان دایمەزراندبوو، بەشێوەیەکی گشتی لەناوچوو بووە بەشێك لەمێژووی ڕابووردوی ئەو وڵاتە.

لەکەسە دیارەکانی ئەلقاعیدەو یاعەرەب ئەفغانەکان تانووسینی ئەم چەند دێڕە ئەم کەسانە دەسگیر یا کوژران.

1. ئەبو حەفس بەرپرسی سەربازی (_ئەلقاعیدەی جیهاد) لەچل زینەی قەندەهار لەگەڵ شەش هاوڕێیدا، بەهۆی بۆمبارانی فڕۆکەکانی ئەمریکایی کوژران.

2. ئەبو محەمەد میسری لەراوێژکارانی ئوسامە بن لادن لەماڵی مەلا جەلالەدین حەقانی لەناوچەی (میتاچینە) لەخۆشت، بەبۆمبارانی فڕۆکەکانی ئەمریکا کوژران

www.pertwk.com

3. ئيبن شێخ جەزائیری لەباکووری ئەفغانستان دەستگیرکراو گوازرایەوە بۆ زیندانی (گوانتانامۆ) ئەو لەرووی رێکخستنەوە سەر بەئەلقاعیدە نەبوو.

4. سەیف عەبدولرەحمان کوڕی مەلا عومەر دەستگیرکراو ناردیان بۆ (گوانتانامۆ)

# وتەیەك لەكۆتاییدا

لەدیدوبۆچوونی ئەوانەی کەفێری ئەوەن مەسەلە ئاڵۆزەکان بەسادەیی وەربگرن بزوتنەوەی تالیبان زیاتر لەوەی کەریشەی لەقولایی نەهامەتیەکانی کۆمەڵگەی ئەفغانستاندا هەبێت، دیاردەیەکی داسەپاوی دەرەکی بوو، ئەمجۆرە شیکردنەوەیەی تالیبان، تەنها دەتوانێ بەشێك لەو راستییە بێت لەحاڵێکدا



کەڕامانی بەدوور لەتێڕوانینی روکەشی، بەو ئەندازەیە ئێمە رازی ناکات، چونکە هەمیشە حەزو ئارەزووەیەك لەناوەوە هەیە کەزەمینە بۆ دەستێوەردانی دەرەکی دەڕەخسێنێ لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە، بەدەر لە رەهەندی سیاسی، ئەبێت لە رەهەندو گۆشەکانی ترەوە لەوانە ناسینی ووردی کۆمەڵگەی لادێی و خێڵەکی ئەفغانستان دیسان بایەخی پێ بدرێت، ئەم شیکردنەوەیە، پێویستی بەناسین، وەئەو نەهامەتیانەی کەبەسەر کۆمەڵگەی ئێمەداهاتووە بەدرێژایی مێژوو. لەکۆمەڵگەیەك، لەگەڵ بوونی دەسەڵاتی بەرژەوەندیەکانی رژێمی خێڵەکی ناتوانرێت بەمانای راستی لەبارەی میللەتێکەوە قسە بکرێت، بوونی بەرژەوەندی گروپ.. گروپ و تایفەیی دژ بەیەك، لەزۆر بواردا گردبوونەوە لەدەور بەرژەوەندی گشتی مەحاڵ دەکاو بەتەنیا ژیان لەچوارچێوەیەکی جوگرافیایی تەنها ناتوانرێت یەکگرتوویی یەك پێك بێنێت، برینەکان کەبەهۆی ئەو زیانانەی کەبەر هەیکەلی کۆمەڵگە کەوتووە بەشێوەیەکی کاریگەر چارەسەر بکات، زیاتر لەسەدەیەك پێش ئێستا کەپەیماننامەی دیورەند بەسەر ئەفغانستاندا سەپێنرا، گەورەترین زەرەر لەروی جوگرافی، ئابوری، سیاسی بەر ئەم ولاتە کەوت، بەڵکو گەورەترین زیانی کۆمەڵایەتیش بەهۆی راکێشانی ئەم هێڵەوە بەرئەفغانستان کەوت، ناکۆکی لەسەر ئەم هێڵە کەدوای دابەشکردنی هندو پاکستان، وەکو خاڵێکی جەوهەری ناکۆکیەکان لەنێوان ئەفغانستان و پاکستان مایەوە، هەردوو ولاتی وادارکرد کەدەسەلاتی خێڵەکی لەهەردوو دیوی دیورەند وەکو خۆی دەستی لێ نەدەن، نەوەك

www.pertwk.com

گرژییەك دروست ببێت و یەکێك لەو وڵاتانە بەزەرەری ئەوی دی سوودی لێ وەربگرێت، بەم وەزعەوە یاسایەك بەزارەکی و نەنوسراو لەنێوان خێڵەکانی هەردوو دیوی سنوری جێبەجێ کرا کەبۆ پاراستنی بەرژەوەندی هەردولا هەرکات کەخێڵێکی لایەك دیو رەند کەوتە مەترسییەوە، خێڵی دیوەکەی تر بێت بەهانایەوە.

خەڵکانی خێڵ چی سودێکیان لەم نیزامە بینی؟ هەڵگرتنی چەك بەئازادانە، لاوازی دەسەڵاتی دەوڵەت لەناوچەکانی ئەواندا، زۆر نەکردن بۆ خوێندنی منداڵەکانیان، دوژمنایەتی شەخسی و خێزانی کەهەرساڵێك دەیان کەس بەهۆی مەسەلەیەکی سادەوە دەکوژران، چاندنی ئازادانەی مادەسڕکەرەکان و قاچاخی پێکردنی.

هەتا بازرگانی رێگە پێدراوی داروتەختە بەشێوەیەك بوو کەدارستانەکانی ناوچەکانی ئەوان ریشەکێش کران و بەکورتی باری گوزەرانیان بەشێوەیەکی زۆر دواکەوتوو سەرەتایی کەبەدرێژایی سەدان ساڵ لەسەریەك شێواز چەق بەستوو بوو کەبە جۆرێکی وا تەنانەت رێگەی نەدەدا بەوەرگرتن و تێکەڵاوی کردنی تایفەکانی تریش چونکە لەدەسەڵاتی خێڵەکی. کەسانی وابەستە بەهەرخێڵێك، خۆیان بەپێشڕەوی نەوەی مرۆڤایەتی دەزانی و کەسانی غەیرە قەبیلەیان لەپلەیەکی خوارەوەی خۆیان سەیر دەکردو لەراستیا کەسانێك کەلەشەجەرەی ئەم خێڵە نەبن، کەسانێکی بێ نرخ و سوکن بەمجۆرە تێڕوانینە کۆمەڵایەتیە ئایا دەتوانی قسە لەیەکێتی میللەت بکەیت.



گومانی تێدا نییە کەئەم جۆرە دیدە، لەناوچەخێڵەکیەکانی سنوری پاکستان دیسان هەیە، کاریگەری فراوانی دەسەڵاتی خێڵەکی بەسەر کۆمەڵگەی ئەفغانی بەئەندازەیەکە، کەهەتا تایفەکانی تری ئەفغانی کەوتنە بەر ئەو کاریگەرییەو ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕان و نامۆیی زیاتر، لەکاتێك کەئەگەر بەوردی سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین، تاجیکەکان و پەشتۆنەکانی ئەفغانستان لەیەك نەژادو زمانی ئەوانیش دەچێتەوە سەریەك، لەکاتێك کەبۆ نموونە دوو گروپی گەورەی نەتەوەیی لەئێراندا، کەتورك و فارسە هەرلەرووی زمان و هەم لەروی نەژادەوە بەبەراورد لەگەڵ پەشتۆن و تاجیکەکانی ئەفغانستان. زۆر بەکەمی لەیەك ئەچن دواکەوتویی کۆمەڵایەتی بەو شێوە، کۆمەڵگا بەجۆرێك بەناخی خۆیدا دەبات کەلەبەرامبەر هەر گۆڕانکاری و پێشکەوتنێك لەدەرەوەی خۆی سەرسەختانە بەرەنگاری دەکات، هەر بیرێکی نوێ پێش ئەوەی کۆمەڵگە راکێشێت و هەموو قبوڵی بکەن، دەبێ خۆی لەگەڵ پێوەرو بەرژەوەندی رژێمی خێڵەکی بگونجێنێ.شێوە بیرکردنی نوێ لەبری ئەوە ببێتە هۆی پێشکەوتنی بیرو باوەڕەکان کەچی خۆی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو ئایدیۆلۆژیایانە کەفەرمانڕەوای کۆمەڵگە بوون و لەبۆتەی ئەواندا دەتوایەوە، کۆمەڵگەی دواکەوتووئاست نزم، بالاترین دەسکەوتەکانی دەشێواندو تائەندازەی دواکەوتویی خۆی بۆ دواوەی دەبردو دەیگەیاندە ئاستی زۆر نزم، تەنانەت دین لەم کۆمەڵگایانە تائەو جێگەیە قبوڵ دەکرێت کەنەبێتە مەترسییەك لەروی بنەماکانی

www.pertwk.com

رژێمی خێڵەکی و هەلومەرجی سەقامگیری کەسەدان ساڵە بەسەر ئەم کۆمەڵگەوە حاکم بووە نەشێوێنێت.

بەرەخنە لێ گرتنی ئەو بەشە لەکارنامەکانی تالیبان کەبەناوی دین و شەریعەت جێگەی نارەزایین، ئەبێ لەو دیدگایەوە دیقەت و بیرکردنەوە هەبێ و ئەبێ ئەوە لەبەرچاو بێت کەنەك تەنیا دین، بەڵکو زانستەکانی ترو بەکورتی هەرشتێ کەتایبەتمەندی گۆڕانی تێدابێ لەم کۆمەڵگایانە رووبەرووی کێشە دەبێتەوە.

مەلا محەمەد نەعیم ئاخوندزادە لەو زانایانە بوو کەزۆر لەکاربەدەستانی تالیبان لەمزگەوتی (پول خشتی) لەبەردەستیا دەرسیان دەخوێند هەرچەند بۆچوونەکانی ئەو لەزۆر مەسەلەدا، لەزۆربەی سەرانی تالیبان بەرچاو رونتر بوو، بەڵام ئەم زانایە، سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا بەدرۆیەکی بەتاڵ دەزانی و بەڵگەشی ئەوەبوو کە"هەر کاتێك من دەڕۆمەوە بۆ ماڵەکەم لەلۆگەر، خانووەکەم لەشوێنی خۆیدا دەبینم!"

ئەو وێرانکاریەی کەلەدو دەیەی جەنگ لەوڵاتدا کەوتەوە، تەنها لەبەشی داراییەوە نەبوو کەبتوانرێت بەسود وەرگرتن لەیارمەتیە داراییەکانی نێو دەوڵەتی، قەرەبوبکرێتەوە، وێرانکاریە نادیارەکانی سەردەمی جەنگ و گوێ پێنەدانی سەردەمانی پێش ئەوە، پێویستی بەگرنگی پێدانی زیاترو بەرنامە بۆ داڕشتنی زیاتر هەیە.

دوری نێوان شارو لادێ هەم لەروی ئابوری و هەم لەروی دیاردەی شارستانیەوە، برینی قووڵ و شوێنەواری کۆمەڵایەتی



لەرابووردودا لەوڵاتی ئێمە، وایکرد کەئێمە ئاماژە بەو گرفتانە بدەین کەلێی کەوتووەتەوە، لەبارەی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و بەرنامە داڕشتن، پێشکەوتنی هەماهەنگی نێوان شارو لادێ ئەبێ لەبەرچاوبگیرێت، بەڵام هەروەکو رابوردوو بەپێشکەوتنی رێژەیی ناوەندی شارەکان وەکو دیاریکردنی گەیشتن بەپلەی بەرزو باڵا بزانین، مەبەستی ئاوەدانکردنەوە لەگەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و دەرەنجام گۆڕانکاری فکریەکان، کاریگەری بەسودو پۆزەتیڤی بەدوی خۆیدا بەجێ ناهێڵێ.

سیستمی پەروەردەو فێرکردن لەوڵات دەبێ جۆرێك رێك بخرێت کەنەوەی نوێی نیشتمانپەروەرو خاوەن ئامانج بەباربێنێ، گرنگینەدان بەبەهاکانی دین مەترسی گەورەی بەدواوەیە، تاقیکردنەوەکان دەریانخستوە کەسادەترین ئەم مەترسییە، بێ متمانەیی زۆربەی لادێ نشینەکانە بەسیستمی پەروەردەو فێرکردنی دەوڵەت، لەکاتێك کەتەنها رێگەیەکی کاریگەری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و رزگارکردنی کۆمەڵگە لەدواکەوتوویی، پەروەردەو فێرکردنی نەوەی نوێیە.

کۆمەڵگە پێویستی بەقوتابخانە ئاینییەکانە، بەڵام سیستمی وانە وتنەوە دەبێ بەشێوەیەك لەم قوتابخانانە بوترێت کەتالیبان لەپاڵ خوێندنی ئاینی، بەزانستی تر ئاشنا بن و فێربوونی ئەم زانستە بەکوفرو دژ بەدین لەقەڵەم نەدەن.

کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بەگۆڕانێکی ریشەیی و بنچینەیی هەیە لەهەموو بوارەکاندا، بەڵام چۆن دەتوانرێت ئەو پێویستی یە

www.pertwk.com

بـۆ مێشـکی کۆمـەڵانی خـەڵك بگوێزرێتـەوە، بـۆ ئـەوەی بەتـەواوی بوونی خۆی هەست پیٚ بکات؟

داهاتوویـەکـی ڕۆشـن و پرشـنگدار پەیوەسـتە بـەوەڵامێکـی شیاوو شایستە بەم پرسە.

## وەرگێڕ لەچەند دێڕێکدا





## عەلی بیروەندی

- ناوی تەواوی ( عەلی ڕەشید ئەحمەد )ە
- لەساڵی 1972 لەکەلاری کۆن لەدایك بووە.
- قۆناغی خوێندنی دواناوەندی لەئێران و لەشاری مەریوان تەواوکردووە.
- لەزۆربـەی ڕۆژنامـەو گۆڤارەکـان بابـەتی وەرگێـڕان و نووسینی بڵاوکردۆتەوە.
- ئەم کتێبە یەکەمین بابەتی لەچاپ دراوێتی.

### زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی 2004

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | ساڵی دەرچوون | وەرگێڕ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| بیرەوەرییەکانی هەڵەبجە | کوردی | بەکر حەمە صدیق | مێژووی | 2004 | بەکرحمە صدیق/ کور<br>دلێرمیراز/ فارسی<br>م. حسن عبدالکریم/ عەرەبی<br>فوئاد تاهیر/ ئینگلیز |
| ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم | فارسی | کۆمەلیٚ نووسەر | نەتەوەیی | 2004 | ئارام جمال |
| ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە | سویدییە وە | تۆم گولبێری | سیاسی | 2004 | ئیدریس ئیبراهیم |
| شانۆی پانتۆمایم | عەرەبی | بورهان قەرەداخی | شانۆی | 2004 | بورهان قەرەداخی |
| گوڵەزەر | عەرەبی | جەنگیز ئیمتاتۆف | ڕۆمان | 2004 | جەوهەر کرماج |
| پاژنەی ئاسنین | عەرەبی | جاك لەندەن | ڕۆمان | 2004 | کەمال غەمبار |
| خەناوکەیەك بۆ سەر میناز | فارسی | ئەحمەدخان ئەبوبەکر | ڕۆمان | 2004 | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ئەندامێکی میت | تورکی | محەمەد ئە یمور | سیاسی | 2004 | ئارام عەلی عەزیز |

www.pertwk.com

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کورتترین ڕێگەی سەرکەوتن | فارسی | ڕۆبیرت ئۆریلی | دروونناسی | 2004 | سالار عەبدلرەحمان |
| کۆماری مهاباد | کوردی | عەبدوڵلاّ ئەحمەد ڕەسول | مێژوویی | 2004 | سەلمان عەلی |
| چوار وتاری شیشرۆن | فارسی | رحمەت الله مقدم مراغەی | فەلسەفی | 2004 | شۆڕش جوانڕۆی- کامل ئەحمەد بەگ |
| جوغزە گەچینە | عەرەبی | برێخت | شانۆ | 2004 | عومەر عەلی ئەمین |
| نیوەکەی تری جیهان | عەرەبی | چەند نووسەرێکی بیانی | چیرۆك | 2004 | نوری سەعید قادر |
| مافەکانی ژن لەدەتپێکەوە | فارسی | نای بن سەعدون | ڕۆشنبیری | 2004 | کارزان محەمەد |
| بەناو ئیسلامەکان | عەرەبی | د.ڕەفعت ئەلسەعید | فیکرییە | 2004 | حەسەن عبدالکریم |
| سەرچاوەکانی زانی و نەزانی | فارسی | کارل پۆپەر | فیکرییە | 2004 | ناسڕ سەلاّحی |
| دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی | فارسی | ئەنتۆنیۆ گرامشی | فیکرییە | 2004 | مامەند |
| کاریگەریی هەڵچوون | عەرەبی | هیمداد مەجید عەلی | یاساییە | 2004 | دلێر میرزا |
| خاکەکە ماچ کە | ئینگلیزی | ئەلیزابیث لایارد | ڕۆمان | 2004 | عەزیز گەردی |
| ئازارەکانی هونەرمەندێك | عەرەبی | یوسف رانسیس | هونەرییە | 2004 | ئاری بابان |
| جینۆساید لە عێراقدا | ئینگلیزیەوە | میدڵ ئیست ووچ | سیاسییە | 2004 | محەمەد حەمەساڵح تۆفیق |
| لۆکاچ | فارسییەوە | ئیمری جورج | فیکرییە | 2004 | مەنسوری تەیفووری |
| ئەلف و بیٚ کوانتەم | ئینگلیزی | ف. ریدنیك | فیزیایی | 2004 | د. بایەزید حسن عبدالله |
| قبور غیر هادئە | ئینگلیزی | هیومان رایتس | دمافی مرۆڤ | 2004 | محمد حمە صالح توفیق |
| هونەری جەنگ | عەرەبی | سۆن- تزو | عەسکەری | 2004 | رئووف حەسەن |
| لەنێو دڵی شانۆدا | | | شانۆیی | 2004 | مەحمود زامدار |
| یەکبوونی قەومی کوردو ماد | فارسی | حەبیبوڵلاّی تابانی | فارسی | 2004 | جەلیل گادانی |
| گۆڕینی ڕژێم | ئینگلیزی | کریستۆفەر هیچنس | مافی مرۆڤ | 2004 | محمد حمە ساڵح |
| ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی | ئینگلیزی | نادر ئینتیسار | نەتەوایەتی | 2004 | عەتا قەرەداخی |
| ئەخلاقی ڕۆژنامەگەریی | عەرەبی | د. حسن عماد مکاوی | لێکۆڵینەوە | 2004 | مەم بورهان قانع |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆمۆنیزمی ئەوروپایی | ئەڵمانی | ڤۆلگانگ لیۆنهارد | سیاسی | 2004 | د. کوردۆ عەلی |
| ڕێنیسانس | عەرەبی | د.کمال مەزهەر | لێکۆڵینەوە | 2004 | فوئاد مجید میسری |
| ژنانە یاری بکەو پیاوانە بیبەرەوە | فارسی | گیل ئیڤانس | دەورنناسی | 2004 | شەیدا سەلاّح |
| عیراق و بەردەوامی قەیرانی خۆرهەلاّتی ناوەراست | ئینگلیزی | د. ئەوان و. ئەندرسن د. خەلیل. ھ. ڕەشیدیان | سیاسی | 2004 | فوئادی تاهیر سادق |
| ئاسیا لەبەرامبەر خۆرئاوادا | فارسی | داریوشی شایگان | فکری | 2004 | شۆڕش جوانڕۆیی- مامەند ڕۆژە |
| بەفر | فارسی | ماکێنس فێرمین | ڕۆمان | 2004 | ئازاد بەرزنجی |
| شانۆگەری تارماییەکان | ئینگلیزی | هێنریك ئبسن | شانۆگەری | 2004 | عەتا قەرەداخی |
| مشیل ئێرانیەکان چۆن بیر ئەکەنەوە؟ | فارسی | میشیل فۆکۆ | وتار | 2005 | هەژار جوانڕۆیی |
| ڕۆسۆ کانت گۆتە | فارسی | ئێرنست کاسیرر | فەلسەفی | 2005 | نیاز محەمەد |